
ڕێکخراوی لێبوردنی نارنەتەوەیی

پەیمان شکاندن و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان



عیراق

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بزوتنەوەیەکی تەوعیی جیهانییە کە کاردەکات بۆ ڕێگەگرتن لە هەندێ لە سامناکترین پێشێلکردنی مافی بنچینەیی مرۆڤ کە دەوڵەتان دەیکەن. لە خەباتیدا، ڕێکخراو، بەشێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخاتە سەر ئەمانەی خوارەوە :

- *ئازادکردنی هەموو زندانیانی بیروباوەڕ : ئەمانە ئەوانەن کە گیراون بۆ هۆی بیروباوەڕیان، ڕەگەزی ئێتنیکییان (عرقی)، ئایینییان، جنسییان، ڕەنگیان، زمانیان، نشتمانییان، ڕەگەزی کۆمەڵایەتی و ئابورییان و یا بۆ هۆی لەدایکبوونیان لە ئاستی تری کۆمەڵ ـ کە بە هیچ شێوەیەک تووندوتیژییان بەکار نەهێناوەو بانگێشتیان بۆ نەکردووە؛*
- *مسۆگەرکردنی محاکەمەی ڕەوا بۆ زندانییانی سیاسی؛*
- *لابردنی سزای ئیعدام و ئەشکەنجەو مامەڵەی وەحشەتناکی تری گرتوان؛*
- *کۆتاییهێنان بە ئیعدامکردن لە دەرەوەی سنوری داوەری و ڕووداوی "بێسەروشوێنبوون"*

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هەروەها دژ بەو پێشێلکردنانە دەوەستێت کە گرووهانی بەرهەڵستکار دەیکەن. لەمان گرتنی بارمەتەو ئەشکەنجەدان و کوشتنی دیل و کوشتنی نادادو هەوسکارانەی تر.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەو باوەڕدایە کە مافی مرۆڤ گشتەو پارچەو بەشناکرێت، بۆیە کاردەکات بۆ پەرەپێدانی هەموو مافەکانی مرۆڤ کە لە جاری جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیمانە ناونەتەوەییەکانی تردا دانراون. ئەمەش لە ڕێگای بەرنامەی پەروەردەیی مافی مرۆڤ و حەملەکردن بۆ بەجێهێنانی ڕێکەوتنامە ناونەتەوەییەکانی سەبارەت بە مافی مرۆڤ.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بێلایەن و سەربەخۆیە لە هەموو حکومەت و بیروباوەڕی سیاسی و ئایینی ئازادە. ڕێکخراو، نە لایەنگری و نە بەرهەڵستیی هیچ حکومەتێک یا ڕژێمێکی سیاسی ناکات. بەهەمان شێوە، نە لایەنگری و نە بەرهەڵستیی بیروباوەڕی ئەو لێقەوماوانە دەکات کە هەوڵدەدات مافیان بپارێزێ. ڕێکخراو تەنها پێوەندیارە بە پاراستنی مافی مرۆڤ لە هەر حاڵەتێک کە دەگرێتە ئەستۆی، بێ ڕەچاوکردنی ئایدیۆلۆژیەی حکومەتی پێوەندیار یا هێزی بەرهەڵستکار یا بیروباوەڕی لێقەوماوان.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، دەوڵەتان بە گوێرەی پلەی تۆماریان بەرامبەر بە مافی مرۆڤ، دابەش ناکات؛ بەڵکو، لە جیاتی بەراوردکردن، ڕێکخراو هەوڵی خۆی دەخاتە سەر کۆتاییهێنان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەر حاڵەتێک کە دەگرێتە ئەستۆی.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، نزیکەی ... ۱,۱۰۰ ئەندام و بەخشێنەری چالاکی لە ۱۵۰ وڵات و هەرێم لە سەرانسەری جیهاندا هەیە. نزیکەی ٤۳۲۹ گرووهی محەللیی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هەن کە لە «سکرتاریەتی ناونەتەوەیی» تۆمارکراون، وەهەروەها هەزاران کارگوزەرانی قوتابخانەو زانکۆ گرووهی پیشەیی تر لە ۸۹ وڵات لە ئاسیاو ئەفریقیاو هەردوو ئەمریکا ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆئەوەی بێلایەنی مسۆگەربکرێت، هەر گرووهێک، تەنها لەسەر وڵاتەکەی خۆی نەبێت، بەرنامەو حەملە لەسەر هەموو وڵاتان ئامادە دەکات، کە بەگوێرەی جیاوازی سیاسی و جوگرافیاییان هەڵبژێرراون. لێکۆڵینەوە لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و حالاتی لێقەوماوان لەلایەن «سکرتاریەتی ناونەتەوەیی»ی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئەنجامدەرێن. هیچ بەخشێک یا گرووهێک یا ئەندامێکی ڕێکخراو لێی چاوەڕوان ناکرێت زانیاری دەربارەی وڵاتەکەی خۆی بدات، وەهەروەها هیچ بەخشێک یا گرووهێک یا ئەندامێکی ڕێکخراو لێپرسراونیە لەو کردارەی کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئەنجامی داوە یا لەو ڕاگەیاندنانەی دەربخستووە لەسەر وڵاتەکەی ئەوان.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی پەیوەندی ڕەسمی هەیە لەگەڵ ئەنجومەنی نابووری و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ لەگەڵ ڕێکخراوی پەروەردەیی و زانستی و فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان «یونیسکۆ»؛ لەگەڵ ئەنجومەنی ئەوروپی؛ لەگەڵ ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکاییەکان؛ لەگەڵ ڕێکخراوی یەکبووی ئەفریقی و لەگەڵ یەکیەتی پەرلەمانیی ناونەتەوەیی.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە ڕێگای بەشداربوون و بەخشین لە ئەندامانی لە سەرانسەری جیهاندا تەمویلدەکرێت هیچ داراییەک لە حکومەتان نە داوادەکرێت وە نە قبوڵدەکرێت. بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ڕێکخراو، هەموو بەخشینێک دەخرێنە ژێر چاودێرییکی توند، بەگوێرەی ئەو ڕێنمونیانەی کە ئەنجومەنی ناونەتەوەیی ڕێکخراو داینا‌وە.

پەیمان شکاندن و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٩١ەوە

ژمارەی بەڵگەنامە : MDE 14/01/95

لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی
1 Easton Street
London WC1X 8DJ
United Kingdom

زمانی بنچینەیی : ئینگلیزی (شوبات/فبرایەر ١٩٩٥)

© بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی
هەموو مافێک پارێزراوە
نابێت هیچ بەشێک لەو بڵاوکراوەیە بڵاوبکرێتەوە یا
تۆماربکرێت یا وێنەی بگیرێت بە هەر چ ڕێگایەکی
میکانیکی یا ئەلکترۆنی یا هی تر بێت، بەبێ
ئیجازەی پێشتر وەرگیراو لە بڵاوکەرەوە

ناوەرۆک

	پێشەکی	١
	• ماندای ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی	٢
	• نێگەرانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە کوردستانی عیراق	٤
١	**دەراقی مێژوویی و سیاسی**	٧
	• دوابەدوای شەڕی کەنداو	٧
	• پارت و گرووهە سیاسیەکان لە کوردستانی عیراقدا	٩
	• خوێنڕێژبردنی کوردی	١٣
	• زەمینەی گرفتەکانی مافی مرۆڤ	١٩
	• پتەوکردنی کاری مافی مرۆڤ	٢٣
٢	**پیادەکردنی یاسا و سیستەمی بەندیخانە**	٢٧
	• وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە	٢٨
	• وەزارەتی ناوخۆ	٢٩
٣	**دادوەری و دادگاکان**	٣٥
	• دادگا تایبەتەکان	٣٦
	• دادگا تاوانیە ئاساییەکان	٤٤
٤	**پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ئیدارەی کوردییەوە**	٥١
	• ئەشکەنجەو مامەلەکردنی نابەجێی گرتووان	٥١

• لیقەوماوان ٥٣
أ ـ گرتووانی یاسای ئاسایی ٥٤
ب ـ گرتووە سیاسییەکان ٦٠
• لێکۆڵینەوە لە سکالای ئەشکەنجە ٦٥
• پاراستنی گرتوو لە ئەشکەنجەو مامەڵەی نابەجێ ٦٨
• سزای کوشتن ٧٠
یاسای عیراق و سیستەمی یاسایی ئارا ٧٠
ڕێکاری یاسایی ٧٤

٥ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە ٧٧

• پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ ٧٨
• ئەشکەنجەو مامەڵەکردنی نابەجێ ٨٠
• کوشتنی نادادو هەوەسکارانە ٩٣
کوشتنی شەڕکەران دوای خۆبەدەستدانەوە ٩٤
کوشتنی خۆپیشاندەرانی مەدەنی تیربارانکردن ٩٧
• ڕووداوەکانی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣ ١١٥
زەمینەی لەوپێشی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ١١٧
کوشتنی نادادو هەوەسکارانە لەلایەن هێزەکانی «ی.ن.ک»ەوە ١٢٢
کوشتنی نادادو هەوەسکارانە لەلایەن هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع»ەوە ١٢٧
• ڕووداوەکانی ئایار/مایوی ١٩٩٤ ١٣١
زەمینەی لەوپێشی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ١٣٣
پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن هێزەکانی «ی.ن.ک»ەوە ١٣٩

أ ـ ئەشکەنجەو مامەلەکردنی نابەجێی گرتووان ١٣٩
ب ـ کوشتنی نادادو هەوسکارانە ١٤٢
پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع»
أ ـ ئەشکەنجەو مامەلەکردنی نابەجێی گرتووان ١٤٩
ب ـ کوشتنی نادادو هەوسکارانە ١٥١


سەرەنجام و پێشنیارەکان ١٦١

• پێشنیار بۆ ئەنجومەنی وەزیران ١٦١
• پێشنیار بۆ پارتە سیاسیە کوردیەکان ١٦٣

پەراوێز ١٦٥

پاشکۆ ١٧٣

حوکمی ئیعدام کە لە کوردستانی عیراق لە ئازار/مارسی ١٩٩٢ تا ئاب/ئۆگستسی ١٩٩٤ دەرچووە ١٧٣


تورکیا
سوریا
ئیران
عیراق
زاخۆ
دهۆک
عمادیه
ئاکرێ
دیانا
ڕەواندز
شەقلاوە
ڕانیە
قەڵادزە
هەولێر
کۆیسنجەق
دوکان
زابی خواروو
پێنجوین
سلێمانی
خورمال
سەیدسادق
هەڵەبجە
دەربەندیخان
چەمچەماڵ
کەرکوک
هێڵی جەبهەی ناوخۆیی
حکومەتی عیراقی
کفری
کەرکوک
موسڵ
زابی سەرۆ
سەڵاحەددین
دجلە
ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی
حکومەتی عیراقی
باکور
میل
٥٠
٥٠
کیلومەتر

پێشەکی

پێشێلکردنی فراوان و خەتەرناکی مافی مرۆڤ لەلایەن ئیدارە و پارتە سیاسیەکانی کوردی لەو ناوچانەی کوردستانی عێراق کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە ژێر دەستەلاتیاندایە، کراوە. ئەم پێشێلکردنانە بریتین لە گرتنی ئەوانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کە ئەندامی بەرهەڵستکاری سیاسی بن و لەمانە رەنگە هەندێکیان زیندانی بیروباوەڕ بن، ئەشکەنجەو مامەڵەی نابەجێی گرتووە سیاسی و ئاساییەکان و نەتوانینی لێپرسینەوەی پێویست لەو پێشێلکردنانە، بەکارهێنانی سزای کوشتن و دارشتنی هەندێ یاسا کە تیایدا ژمارەی ئەو تاوانانەی بە کوشتن سزادەدرێن زیادکراون، ئیعدامکردنی دەستبەجێ و "موحاکەمە"ی سەرزاری و کوشتنی ناداد و هەوەسکارانەی دیلی بێچەک و تیرۆر- کوشتنی چالاکی سیاسی و خەڵکی تر.

بنەمای ئەم ڕاپۆرتە بریتیە لەو لێکۆڵینەوانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییەوە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابووردوودا ئەنجام دراون و هەروەها پێنج سەردانی ڕاستی دوزینەوە بۆ ناوچەکە لە نێوان ئایار/مایۆی ١٩٩٢ و تەموز/یۆلیۆی ١٩٩٤دا دەگرێتەوە. لە ماوەی ئەم سەردانانە، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی چاوپێکەوتنی لەگەڵ گەلێک گرتووان کرد؛ بە تایبەتی ئەوانەی پێشتر گیرابوون چ لە ڕووی تاوانباری سیاسی چ ئاساییەوە، هەروەها ئەو گرتوانەش کە حوکمی زیندانی کردن و ئیعدامیان لەسەر بوو. ڕێکخراو توانی شایەدی لە لێقەوماوان کە دووچاری ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێ بوو بوون وەربگرێت، وەهەروەها لە خزمان و هەڤاڵان و دۆستانی لێقەوماوانی کوشتنی ناداد و هەوەسکارانە و لە شایەدی بیناو و لە چالکانی مافی مرۆڤ. هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی گفتوگۆی لەگەڵ سەرۆکان و نوێنەرانی زۆربەی پارتە سیاسیە کوردییەکان و پارتەکانی تر و لێپرسراوانی ئیدارەی کوردی و هەروەها کارمەندانی پیادەکار و ئەندامانی دادپرسی کرد. ڕێکخراو شایان لەو یارمەتی و هاوکاریانە دەنێت کە لە گەلێک لە مانەوە پێی گەیشتوون.

سەبارەت بە باری مافی مرۆڤ لە عێراقدا بە گشتی،

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بەردەوام لە شێوەی ڕاگەیاندنی ئاشکرادا، نیگەرانی خۆی دەربڕیووە. لە سەرتاپای ١٩٨٠کاندا هەتا ١٩٩٠مکانیش، پێشێلکردنی زۆر و فراوانی مافی مرۆڤ بێباکانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کراوە، بەبێ ڕەچاو کردنی ئاستێکی کەمیش بۆ مامەڵەی مرۆڤانە، لەمانە گرتنی هەوسکارانەی ئەوانەی بە گومان یان بە ڕاستی نەبەردکاری سیاسین کە لە نێوانیاندا زیندانی وێڕدانیش هەن، گرتنی درێژخایەن بەبێ موحاکەمە یا زیندانیکردن پاش موحاکەمەکردنی ناهەقانە، ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێی گرتوو کە بۆتە هۆی مردنێکی یەکجار زۆر لە زیندان، بە کارهێنانی سزای کۆشتن بۆ مەودایەکی فراوان بۆ تاوانی سیاسی و تاوانبارێش دوای "موحاکەمە"ی ناهەق کە پاراستنی ناونەتەوەییە - سەلێنراوەکان پێشێلدەکات، و «بێسەروشوێن کردن" یان ئیعدامی لە ڕایەی دادپرسی بەدەری سەدان هەزار کەس کە سەراپای هەندێک کۆمەڵگەش، بۆ هۆی سیاسی، دەگرێتەوە. لە ئەنجامی حەملەکانی دا، کە مەبەستیان کەمکردنەوەی ئێش و ئازاری خەڵکی عێراق بووە، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دووچاری حکومەتێک هات کە کۆشتن و بڕینی وەک جۆرێک لە سیاسەت سەلماندبوو و ئەو ئەرکانەی کە هەیبوو بەرامبەر بە یاسای ناونەتەوەیی، وەک لایەنێکی بەشدار لە پەیمانی ناونەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسی «پ.ن.م.م.س» خستە ژێرپێ. ڕێکخراو هەروەها دووچاری کۆمەڵگەیەکی ناونەتەوەیی هاتبوو کە سەرنەکەوت لە ناو ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی تری نەتەوەیەکگرتووەکاندا تاقە بڕیارێک دەربکات بۆ تاوانبارکردنی حکومەتی عێراق هەتا داگیرکردنی کوێت لە ٢ی ئاب/ئۆگوستی.١٩٩٠دا. ڕێکخراو دیسانەوە دووچاری ژمارەیەک لە دەوڵەتان هاتبوو کە لەو باوەڕەدابوون کە بەرژەوەندی جیۆسیاسی لەگەڵ خۆتێوەگلان لە کێشەکانی مافی مرۆڤدا، ناگونجێن.(١)

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چاوەدێری باری مافی مرۆڤ لەو ناوچانەی باکوری عێراق کردوە کە لە ٢٣ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩١دا هێزەکانی حکومەتی لێ کشایەوە. لەو کاتەوە ئەو ناوچانە کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکانەوە. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە چوارچێوەی پیادە کردنی ماندای خۆیەوە سەبارەت بە دەستدرێژیەک کە لەلایەن هێزی سیاسی چەکدارەوە دەکرێت، ئەو هێزە کوردییانە بەرپرسیار دەبینێت بەرامبەر ئەو پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤ کە لەم ڕاپۆرتەدا باسیان هاتوون.

ماندای ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەی چالاکانە دژیار و تاوانبارکەری گەلێک لەو پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤە کە لەلایەن حکومەتانەوە لە سەراپای جیهاندا دەکرێت. ڕێکخراو بۆ بەردانی دەستبەجێ و بێ

شەرتی هەموو زیندانە ویژدانیەکان[٢] کاردەکات، هەوڵی مسۆگەرکردنی محاکەمەی ڕەوا و دروست بۆ هەموو زیندانە سیاسیەکان دەدات. ڕیکخراو لە هەموو حاڵەتێکدا دژی سزای کوشتنە، ئیعدام کردن لە دەرهۆی ڕادەی دادپرسی، "بێسەروشوێنکردن" و ئەشکەنجە و ماملەکردن و سزادانی ستەمکار و نامرۆڤانە و نابەجێی تردە.

لەوەتەی ڕیکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دامەزراوە لە پتر لە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، ماندای ئەم ڕیکخراوە فراوان کراوەتەوە تا بتوانێت لە ئاستی ئەو بەرهنگاریانە بێت کە دووچاری مافی مرۆڤ دەبن لە جیهانێک کە هەمیشە لە گۆڕاندایە. تەنانەت لەم دواییەدا، لە ئەیلوول/سێپتێمبەری١٩٩١دا بوو کە هەندێک ناوچەی نوێ کە مایەی نیگەرانین، خرانە ئەو ماندایەوە.

ڕیکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی سوورە لە سەر ئەوەی کە بنەڕەتە ناونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ کە ڕەچاویان دەکات پەیوەندیارن بە پاراستنی مافی تاک «فەرد» لە پەیوەندی لەگەڵ دەستەڵاتی حکومەتیدا، چونکە دەوڵەتانن کە ڕچەکاری یاسای ناونەتەوەیی مافی مرۆڤن و دەوڵەتانیشن کە لێی بەرپرسیارن. بەڵام لە بواری دژکاریی چەکداردا، هەردووڵا، واتا حکومەتان و ئەوانەش کە بەرهەڵستیان دەکەن دەبێ ملکەچی ئەو بنەڕەتە ناونەتەوەییە دانپێنراوانە بن کە تاک دەپارێزن.

دەمێ ساڵە ڕیکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی وەک پرەنسیپ پەنجەی تاوان ڕادەکێشێ بۆ ئەشکەنجەو کوشتنی دیل لە هەر لایەنێکەوە بێت، ئەمە گرووهە بەرهەڵستە چەکدارەکانیش دەگرێتەوە. بەڕێنموونی پاراستنی فەرد بەپێی بەندی ٣ی چواری بڕوانامەی جنێڤی ١٩٤٩دا، ڕیکخراو لە ئەیلوول/سەبتەمبەری ١٩٩١وە دژایەتی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بە چەندین پێشێلکردنی تر کە لەلایەن ئەم گروهانە دەکرێن. ئەم پێشێلکردنانە بریتین نەک هەر لە ئەشکەنجە و کوشتنی دیل، بەڵکو لە هەموو کوشتنی نادادو و هەوسکارانە. کوشتنی هەوسکارانەی کەسانێک کە چالاکانە بەشداری شەڕنەبن، هەمیشە کارێکی بەڵگەنەگرەو ڕیکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دژایەتی دەکات ئەگەرچی لێقەوماوی ئەم کردەوانە کەسانی دەستنیشانکراوبن، یاخود لێقەوماوی هێرشی دەستنەپارێزیش بن. بەهەمان شێوە کوشتنی هەوسکارانەی سەرباز، پۆلیس و کارمەندانی تری ئاسایش کە بە هۆی نەخۆشی یان بریندارییەوە بەردەست بووبن و یان چەکیان دانابێت بە نیازی خۆدان بە دەستەوە، قەدەغەیە بەگوێرەی یاسای ناونەتەوەیی و تاوانباردەکرێت لەلایەن ڕیکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی.

ڕیکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی سەرەنجی دەباتە سەر کوشتنی بە نیازی کەسانی مەدەنی و ئەوانەی لە شەڕدا بەشدارنین. ئەم جۆری کوشتنە جیاوازە لەوانەی بەبێ نیاز ڕوودەدەن لە کاتی هێرش بردندا بۆ سەرنیشانەی سوپایی، لەمانەش کوشتنی ئەوانەی دەکەونە نێوان ئاگری شەڕی دوو لایەنی دژکار و بەرامبەر بە یەک. ڕیکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دژیارە بە گرتنی دیلی

بارمتە و گەدانەوەیان لەلایەن گرووهی سیاسی چەکدارەوە. ڕێکخراو تاوانبارکەری هەڕەشەی بەڵگەنەگرە لە ژیان و ئارام و ئازادی کە بەشێکن لە دارمتی بارمتە گرتن. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هەروەها هەوڵی بەردانی زیندانی وێژدانی دەدات کە لەلایەن ئەو گرووهانەوە دەگیرێن.

ڕێکخراوی لێبووردنی ناونەتەوەیی هەڵوێست ناگرێت سەبارەت بە ڕەوایی پەنابردنە بەر تووندوتیژی «عنف»، بەڵکو دژی پێشێلکردنی دیارکراوە، هەرکێ بێت لایە پێشێلکەرەکە. لە هەندێک باردا، حکومەتان ڕەخنە لە ڕێکخراوی ناودەوڵەتی دەگرن چونکە بەرهەڵستکارەکانی تاوانبار ناکات و یاخود بە تێرۆریست «ئیرهابی» ناویان نابات. جۆری بەکارهێنانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بۆ واتەی "گرووهی بەرهەڵستکاری چەکدار" وە یان "گرووهی سیاسی چەکدار" هەندێ جار ڕەخنەی لێگیراوە بەوەی گوایا ڕوخسارێکی ڕەوا بەو گرووهانە دەبەخشێنێت. لە ڕاستیدا، ڕێکخراو لەوە دەگەڕێت کە زمانێکی بێلایەنی ئەوتۆ بەکاربهێنێت کە لەو مەبەستە دوورببێت(٢). هیچ ڕێکخراوێک ناتوانێت هەڵوێستێکی ناسیاسیانە بگرێتە دەست کاتێک کە هەوڵ بدات شۆڕشی ڕەوا و ناڕەوا لە یەک جیابکاتەوە. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئەم کارانەی نەکردووە و نایکات، تەنانەت هەتا سەبارەت بەو گرووهانەش کە زۆرترین یان کەمترین هانا «تەعاتوف» ی جیهانییان لەگەڵ بێت.

دژوەستانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی مافی مرۆڤ بەرامبەر پێشێلکردن کە لەلایەن گرووهی بەرهەڵستکاری چەکدارەوە ڕووەدات بەشێکە لە ڕێزگرتنی ڕێکخراو لە ژینی مرۆڤ و ئارام و ئازادی، وە هەر ئەوەشە کە پاڵی پێوەدەنێت بەرهەڵستی ئەتککردنی مافی مرۆڤ بێت کە لەلایەن حکومەتانەوە دەکرێت. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بەردەوام دەبێت کە سەرەنجی سەرەکی خۆی بخاتە سەر ئەتککردنی مافی مرۆڤ لەلایەن حکومەتانەوە و هەروەها لێپرسراویی ئەوانەیش کە دەستەڵاتی حکومەتییان هەیە، لە ملکەچکردن بۆ ئەو ئەرکە ناونەتەوەییانەی لە ئەستۆیانە. کاری ڕێکخراو لەمەڕ ئەوەی کە گرووهی بەرهەڵستکار بەرپرسیاربن لە پلەیەکی دیاریکراوی بنەڕەتی مرۆڤایەتی، تەواوکەرە نەوەک فەرامۆشکەری ئەو ئەرکەیە، ئەم کارەش بە هەمان شێوەی بێلایەنی و سەربەخۆیی ڕەچاو دەکرێت کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی پیادەی کردووە بەرامبەر بە حکومەتان.

نیگەرانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە کوردستانی عێراق

"جێگای تووڕە بوونە کە کوردەکان بۆ ماوەیەکی زۆر پێشێلکردنی بێ ئەندازەیان چێشتووە بە دەست هێزەکانی حکومەتی عێراقەوە - دووبارە دووچاری ئەو جۆرە پێشێلکردنانە بێن، بەڵام ئەمجارە بە دەستی سەرکردە سیاسیەکانی خۆیان."

ئەم واتەیەی سەرەوە لە بەیانیکی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی وەرگیراوە کە لە ١ی حوزەیران/یونیۆی ١٩٩٤دا بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا ڕێکخراو تکای لە سەرکردەی پارتە سیاسیە کوردییەکان کردووە بۆ کۆتایی هێنان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ. ئەوەی ڕێکخراوی بۆ ئەمە هاندا، ڕاپۆرتی ئەو پێشێلکردنە زۆرانە بوون کە کرابوون لە چوارچێوەی بە یەکدادانی تەشەنەداری سوپایی مانگێک لەوەبەر، واتا لە ئایار/مایۆی ١٩٩٤، لە نێوان دوو پارتە سیاسیە هەرە بەهێزەکانی کوردستانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان «پ.د.ک» و یەکێتی نیشتمانی کوردستان «ی.ن.ک». وا وتراوە کە لە ماوەی ئەو پێکدادانەدا هەردوو پارتەکە هاوسکارانە دێلیان کوشتووە، لاشەی هەندێک لە لێقەوماوەکانیان لەتەکردووەو هەروەها کەسانی مەدەنیان لەبەر هاوبەندی سیاسیانەوە فڕاندووە و ئەشکەنجە دراون و کوژراون. هەروەها پارتی سیاسی سێیەم، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق «ب.ئ.ک.ع» بەشدار بووە لەو دژکاریە سوپاییەدا بەرامبەر بە «ی.ن.ک». وا گەیاندراوە کە هێزەکانی بزووتنەوەش بە شێوەی هاوسکارانە ئەشکەنجەی دێلیان داوە و کوشتوویانن. پێنج مانگ پێشتر، هەمان شێوەی پێشێلکردن ڕووی دابوو لە کاتێکدا کە شەڕی توند لە نێوان «ی.ن.ک»و «ب.ئ .ک.ع» بەرپابوو.

ڕووداوەکانی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٣ و ئەیار/مایۆی ١٩٩٤(بڕوانە بەشی پێنجەم) زۆرترین ڕادەی تێکچوونی باری مافی مرۆڤ دەردەخەن لەو کاتەوە کە ناوچەکە کەوتۆتە ژێر ڕکێفی کوردییەوە. ڕووداوی ئایار/مایۆی ١٩٩٤ بە تایبەتی، کە لە ڕووی ئەنجامی گرینگی دەستبەجێ و درێژخایەنەوە خەتەرناکتر بوو، بەڵای ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییەوە وازهێنان لە بنەڕەتە سەرەکیەکانی مافی مرۆڤ دەگەیەنێت، ئەو بنەڕەتانەی کە سەرکردایەتی کوردی خۆی بە ئاشکرا پێیانەوە بەستبۆوە. ئەمە زیاتر جێی داخە، چونکە ئەمانە هەمان بنەڕەت بوون کە حکومەتی عێراق خۆی بەردەوام فەرامۆشی دەکردن و تەنانەت بە ئەنجام بووە هۆی دەرد و سزای لە ووزە بەدەر بۆ کورد و عەرەب و خەڵکانی تری عێراق. لەبەر ئەمە، سەرکردایەتی کوردی تەواو بەرپرسیارە بەرامبەر بەو هەستی خیانەت لێکراوەی کە ئەمڕۆ کەسانێکی زۆر لە کوردستانی عێراقدا دەریدەبڕن.

باری مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراق و لە کاتی ئەم نووسینەدا (کانوونی دووەمی/یەنایری ١٩٩٥)، ئێجگار جیاوازە لەوەی کە هەبوو کاتێک کە ناوچەکە کەوتە ژێر ڕکێفی کوردییەوە، پتر لە سێ ساڵ لەمەوبەر. لەو کاتەدا ژمارەیەک لە هەنگاوی پۆزەتیڤ «ئیجابی» نران بۆ مسۆگەرکردنی مافی مرۆڤ، بە تایبەتی پاش هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئایار/مایۆی١٩٩٢دا و دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیران (کە لە ڕاستیدا "حکومەت" ی ناوچەکەیە). ئەم هەنگاوانە بریتی بوون لە دابڕینی دەزگای دادپرسی مەرکەزی لە دەزگای بەڕێوەبەری ئیدارەکە و هەڵوەشاندنەوەی دادگا تایبەتیەکان. هەوڵی ئەوە درا کە دەزگایەکی پیادەکاری یاسایی مەرکەزی و خاوەن بەرپرسیاریی

دیارکراو دابەزرێت. گەلێک لەو گرتووانەی لای پارتە سیاسیەکان بوون رەوانەی گرتووخانەی دیارو و ژێر یاساوەری پۆلیس و هێزی ئاسایشی ناوخۆ کران. ئەم هەنگاوانە لە بەشی دوو و سێدا باسکراون.

بەشی چوارەم باس لەو پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤ دەکات کە لەلایەن ئیدارەی کوردییەوە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە کراون. بەشی پێنجەم لەو پێشێلکردنانە وورد دەبێتەوە کە لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە کراون. جیاوازییەکە زیاتر رووکەشە بە تایبەتی چونکە "ئیدارە" لە گەلێک رووەوە ئاوێنەی بنکەی دەستەلاتی دوو پارتە سەرەکیەکەیە واتا «پ.د.ک» و «ی.ن.ک». قووڵبوونەوەی گرفتی سیاسی لە کوردستانی عێراق، کە بە رادەیەکی زۆر ئەنجامی رێکنەکەوتنی بەردەوامە لەسەر جۆری دابەشکردنی دەسەلات لە نێوان ئەم دوو پارتە، بووە هۆی تێکچوونی پەیتا پەیتای باری مافی مرۆڤ کە گەیشتە ئاستێکی بەرز لە رووداوەکانی ئایار/مایۆی ١٩٩٤ی و پێشێلکردنی لەوپێش نەبوونی مافی مرۆڤ، لێ رووداو. لە کانوونی یەکەمی/دیسەمبەری ١٩٩٤دا بە یەکدانانی چەکدارانەی تەشەنەدەر لە نێوان «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» رووبدا و تا کانوونی دووەم/ینایەری ١٩٩٥ بەردەوام بوو. لە کاتی ئەم نووسینەدا رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی خەریکی پشکنین بوو لە چەندین راپۆرتی تازەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، لە مانە کوشتنی نادار و هەوەسکارانە. زانیاری لەسەر ئەم پێشێلکردنانە لەم راپۆرتەدا دیار نەکراوە.

ئەم راپۆرتە بە هەندێک راسپاردە کۆتایی دێت کە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی داوا لە سەرۆکانی سیاسی لە کوردستانی عێراق دەکات پەیڕەوی بکەن. رێکخراو لەو بڕوایە دایە کە تەنیا بە هەنگاونان بەرە و ئەو پیادەکردنە گرفتی مافی مرۆڤ لە ناوچەکەدا دوایی دێت.

١

دەرئەنجامی سیاسی

دوابەدوای شەڕی کەندراو

پاش بەزاندنیان لە شەڕی کەندراودا لەلایەن هێزی هاوپەیمانەکانەوە، هێزەکانی سوپایی عێراقی لە ٢٨ شوبات/فبرایەری ١٩٩١دا لە کوێت کشانەوە و بەم شێوەیە کۆتایی بە حەوت مانگ داگیرکردنی ئەم وڵاتە هات. پاش دوو ڕۆژ، بە هاندانی بەشێک لە هێزە کشاوەکەی سوپای عێراق، پشێوی لە شاری بەسرەدا پەیدابوو. ئەمەش خێرا بوو بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری کە گەلێک لە شارو شارۆچکەکانی خواروو عێراقی گرتەوە. چەند ڕۆژێک پاش ئەمە، ڕاپەڕینێکی جەماوەری لە کوردستانی عێراق ڕوویدا کە لە چوارقورنەو ڕانیەوە دەستی پێکرد، تا لە ڕۆژی ٢٠ی ئازار/مارسدا شاری کەرکوک کەوتە ژێر ڕکێفی هێزە بەرهەڵستکارە کوردییەکانەوە. بەڵام لە کۆتایی مانگی ئازار/مارسدا هێزی سوپای عێراقی چ لە باکورو چ لە باشور، ڕاپەڕینەکانی پلیشاندەوە. پاش ئەوە حکومەت کەوتە هەڵمەتێکی گەورەی سەرکوتکردنی فراوان دژی دانیشتوانی مەدەنی بە گشتی و هەروەها ئەوانەی گومانی بەشداریان لە ڕاپەڕینەکەدا لێدەکرا. لەو بوارەدا ئەتککردنی زۆری مافی مرۆڤ لەلایەن هێزە پەلاماردەرەکانی حکومەتەوە ڕوویدا(٤).

ڕادەی ستەمکاری ئەم کردەوانە بووە هۆی هەڵهاتنی جەماوەری خەڵکی مەدەنی لە کورد و موسڵمانی شیعەی عەرەب بۆ ئێران و تورکیای دراوسێ و هەندێکی تر بەرەو سنووری عەرەبستانی سعودی و کوێت هەڵهاتن. تا کۆتایی نیسان/ئەپریلی ١٩٩١، ژمارەی هەڵهاتووەکان گەیشتە نزیکەی دوو ملیۆن کە زۆربەیان کوردبوون. زۆر لەمانە خرانە کامپی پەنابەرییەوە لە ناوچە سنووریەکانی ئێران و تورکیادا. ڕۆژی ٥ی نیسان/ئەپریل ئەنجومەنی پاراستنی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد کە داوا لە عێراق دەکات کۆتایی بەهێنێت بە سەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدەنی و هاوکاری بکات بۆ دابەشکردنی یارمەتی مرۆڤایەتی بۆ هەموو بەشەکانی عێراق(٥).

لە ناوەڕاستی نیساندا «کرداری ڕاحەت بەخشین» (OPERATION PROVIDE COMFORT)
لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە (بە شێوەیەکی سەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا
و فەرەنسا) دەسپێکرا دوا بە دوای ئەمەش «ناوچەی ئارام» (SAVE HAVEN) کە لە زاخۆ
تا دهۆک و عەمادیە دەگرێتەوە، لە کوردستانی عێراقدا دامەزرێنرا. لە ۱۹ی نیسان/ئەپریل
«ناوچەی قەدەغەکراوی هەوایی» (AIR EXCLUSION ZONE) کە ڕێگر بوو لە فڕینی فڕۆکە
هێلیکۆپتەری عێراقی بەسەر ناوچەی باکوری هێڵی تەریبی ٣٦دا سەپێنرا و ئەمەش تا ئێستە
بەردەوامە.

بوونی هێزی هاوپەیمانان لە کوردستانی عێراقدا، پەنابەرە کوردەکانی کە بۆ تورکیا
ئێران هەڵهاتبوون، هاندا بگەڕێنەوە و ئەوەبوو لە ئایار/ مایۆی ۱۹۹۱دا گەلێکیان گەڕانەو
هەرچەندە «مەڵبەندی ڕێکخستنی سوپایی» (MILITARY COORDINATION CENTRE)
زاخۆوە مایەوە و فڕۆکەی هاوپەیمانان هێشتا لە بنکەی ئینجرلیک لە ڕۆژهەڵاتی خواردو
تورکیاوە پاسەوانی ناوچەی سەرووی هێڵی ٣٦ی دەکرد، هێزی هاوپەیمانان لە ناوەڕاس
مانگی تەموووز/ یۆلیۆدا کشانەوە. لە نێوان ئایار/مایۆ و تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ۱۹۱
هێزە عێراقیەکان هێشتا کۆنترۆڵی گەلێک لەو ناوچانەیان بە دەستەوەبوو کە لە پاش ڕاپەڕین
سەندبوویانەوە، ئەمە بێجگە لە دهۆک کە لە مانگی مایس/ مایۆدا و کەمێک پاش دامەزران
«ناوچەی ئارام» لێی کشابوونەوە. لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا بەیەکدادان
وردەشەڕ(مناوشە) لە نێوان هێزە کوردییەکان و حکومەتی عێراق بەردەوام بوو و بووە
دەربەدەربوونی تری دانیشتوانی کوردی مەدەنی. ئەم بەیەکدادانە گەیشتە پلەی هەرە بەرز
نیوەی یەکەمی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەردا، کاتێک کە هێزی حکومەت هێرشێکی دەستپێکر
(عشوائی) سوپایی کردە سەر نیشانە مەدەنیەکان لە شارەکانی کفری، کەلارو عەربە
هەروەها شاری سلێمانی، کە هێلیکۆپتەر و تۆپی قورسی بە کارهێنا. لەبەر هەڕەشەی
سوپایی و جۆراوجۆری تر، لە ٢٣ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ۱۹۹۱دا حکومەتی عێ
دەستی بە کشانەوەی تەواوی هێزی سوپایی و ئیدارەی مەدەنی لە زۆربەی ناوچە کوردیی
کرد، خۆیان لە شارەکانی هەولێر و سولەیمانی و شارۆچکە سەرەکیەکانی ترو دەشتی
دەوروبەریان کشانەوە، بەڵام لە شارە ستراتیژیەکەی کەرکوک مانەوە. هێڵی "جەبە
ناوخۆ" بەم شێوەیە دامەزرا و حکومەت ئابڵوقەیەکی ئابووری بەسەر ناوچە کو
کۆنترۆڵکراوەکاندا سەپاند و تا ئێستاش بەردەوامە.

ئابلووقەکە بووە هۆی تەنگوچەڵەمەیەکی ئابووری زۆر لە ناوچەکەدا، کە وەکو باش
تری عێراق، دووچاری ئابلووقەی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بووبوو کە لە پاش داگیرکردنی
لە ١٩٩٠دا سەپێنرا. ئابلووقەی ناوخۆ خێرا بووە هۆی کەمی سووتەمەنی و بەرزبو

تیژی نرخی خواردەمەنی پێویست و کەلوپەلی تر. بە پچرانی کتوپڕی دەسکەوتی پتر لە نیوەی دانیشتوانی کارکەری ناوچەکە، کێشەکان ئاڵۆزتر بوون. لەگەڵ کشانەوەی هێزو ئیدارە، حکومەت داوای کرد لەو کارمەندانەی کە لە ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی کوردیدابوون بگوێزنەوە بۆ ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستی حکومەت خۆیدابوون (وەک موسل و کەرکوک)و یاخود بێبەش دەکرێن لە موچەکەیان. زۆربەیان، کە بریتی بوون لە پزیشک، مامۆستا، کارمەندی شارەوانی، پۆلیس، ئەندامان و کارمەندانی دەزگای دادوەری، ئەو داوایانەی حکومەتیان خستە پشتگوێ. ئەمانە لە شوێنی خۆیان مانەوە و بەبێ مووچە بۆ ماوەی چەند مانگێک کاریان کرد هەتا بەرەی کوردستانی عێراق[٦] کە لە کرداردا دەسەڵاتی گرتبووە دەست، کەوتە دانی مانگانەی ئەو کارمەندانەی کارە گرنگ و پێویستەکانیان ئەنجام دەدا.

پارت و گرووهە سیاسیەکان لە کوردستانی عیراقدا

بەرەی کوردستانی عێراق«ب.ک.ع» کە بۆ یەکخستنی چالاکی بەرهەڵستی دژ بە حکومەتی مەرکەزی لە ئایار/مایۆی ١٩٨٨دا پێکهاتبوو، لە سەرەتاوە بریتی بوو لە پێنج پارتی سیاسی:

- پارتی دیموکراتی کوردستان - «پ.د.ک»، بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی.
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان - «ی.ن.ک»، بە سەرکردایەتی جەلال تالەبانی.
- پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان - «پ.گ.د.ک»، بە سەرکردایەتی سامی عەبدولرەحمان.
- حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق. «ح.س.ک»، بە سەرکردایەتی رەسوڵ مامەند.
- پارتی سۆسیالیستی کورد - «پاسۆک.»، بە سەرکردایەتی عەبدولا ئاگرین.

سێ پارتی تر لە دواییدا چوونە ناو ئەم بەرەیەوە :

- حیزبی کۆمۆنیستی عێراق - هەرێمیی کوردستان، بەسەرکردایەتی عەزیز محەمەد.
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان «ح.ز.ک»، بە سەرکردایەتی قادر عەزیز
- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری «ب.د.ئ»، بە سەرۆکایەتی یۆنادیم یوسف

بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئایار/مایۆی ١٩٩٢دا، دوو لەم پارتانە، «ح.س.ک» و «پاسۆک» "سەرکردایەتی هاوبەش"یان پێکهێناو لە یەک بەرنامەدا چوونە هەڵبژاردنەوە. دوابەدوای هەڵبژاردنەکە ئەم "سەرکردایەتیە هاوبەشە" فراوان کرا تا پارتی «پ.گ.د.ک»یش تێکەڵی ببێت و لە مانگی ئاب/ئۆگوستسی ١٩٩٢دا هەرسێکیان حیزبێکی نوێیان دروست کرد بە ناوی «پارتی یەکگرتنی کوردستان» کە بە شێوەیەکی کاتی سەرکردایەتیەکی سێ ئەندامی، لە جیاتی تاکە سەرکردەیەک، دانا. لە کاتێکدا کە «پ.گ.د.ک» و «پاسوک» پاش ئەم یەکگرتنە خۆیان حەل کرد، «ح.س.ک» لە چالاکی خۆی بەردەوامبوو لەژێر سەرکردایەتی رەسول مامەند

کە نەیوستبوو بچێتە ناو پارتی یەکگرتنەوە. «ح.س.ک» کە لە جاران بچوکتر مابووەوە، کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٢دا هەڵوەشاوە کاتێک ڕەسوڵ مامەند چووە ناو «ی.ن.ک»ەوە. وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

لەلایەکی ترەوە یەکگرتن خۆی حەل کردو کاتێ کۆنگرەی یانزەمی «پ.د.ک» ئاب/ئۆگوستی ١٩٩٣دا چووە ناو ئەم حزبە. لە ئەنجامی ئەمە «پ.د.ک» ناوی گۆڕا و بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو.(٧) مەکتەبە سیاسیە تازەکەی سێ ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتنی تیا گرتەوە، لەمانە محەمەد حاجی مەحمود (پێشان «ح.س.ک» بوو) دوای کەمتر لە مانگێک لە پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو دەرچوو و لە تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری١٩٩٣دا دووبارە بە سەرکردایەتی خۆی دامەزراندنەوەی «حیزبی سۆسیالیستی کوردستان - عێراق»ی ڕاگەیاند. لە کۆنفراسی دووەمیدا لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٣، «ح.س.ک» ناوی خۆی گۆڕی بۆ «پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان».

هەروەها «حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی» گۆڕانی تێدا ڕووداو. ماوەیەک بوو فشاری دەکرە لە ناو ئەم حیزبە هەبوو کە حیزبێکی کۆمۆنیستی کوردی دابمەزرێنێت. لە کۆنفرانسی پێنجەمی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩٣دا حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان دروستبوو : «حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی» (کە ئێستا بە سەرکردایەتی حامد البیاتی)ەو حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان (کە ئێستا بە سەرکردایەتی کەریم ئەحمەد) لەگەڵ ئەوەشدا کە لێژنەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیان جیاوازن، پێوەندی نزیکیان لەگ یەکدا هەیە.

لە دەرەوەی بەرەی کوردستانی عێراقدا، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق «ب.ئ.ک.ع» بەهێزترین گرووپەو لە ڕووی سیاسی و سوپاییەوە بە هێزی سێیەمی ئەمریکا ناوچەکە دادەنرێت. ئەمە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی سوننییە، لە ساڵی ١٩٨٦دا لە کاتی جەنگی ئێران و عێراق دروستبوو لە ژێر سەرکردایەتی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز وەکو مرشدی ئایینی بزووتنەوەکە. لە کادرانی سەرکردایەتی «ب.ئ.ک.ع» هەندێکیان ئەندامی لەوپێش یەکێتی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام (اتحاد علماء الدین)ن(٨) و هەندێکیش لە بەشدارانی لەوپێشی شەڕی ئەفغانستانن. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابوورڕوودا «ب.ئ .ک.ع» توانیویتی ئەندامەتی خۆی لە کوردستانی عێراق پەرەپێبدات و ژێرخانی خۆی دابمەزرێنێت لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆلیدایە.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابوورڕوودا سێ گرووپی سیاسی خۆیان حەلکردو چوونە ناو پارتە سەرەکییەکانەوە. «یەکێتی دیموکراتی کوردستان» کە لە ١٩٧٨دا پێکهاتبوو و دروشمی

دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی کوردی لە عیراقدا هەڵگرتبوو، لە ئاب/ئۆگوستسی١٩٩٣دا چووە ناو «پ.د.ک»ەوە. دامەزرێنەری ئەم گرووهە علی سنجاربیە، ئێستا ئەندامی لیژنەی ناوەندی «پ.د.ک»ە. گرووهێکی تر، «بزووتنەوەی ئیسلامی کورد فەیلیەکان»ە لە سەرەتای سالانی هەشتاکاندا لە ئێران دروستبوو بە مەبەستی سەرهێنج راکێشانی بۆ باری ناهەمواری دەیان هەزار کوردی شیعەی فەیلی کە بەزۆر دەرکرابوون لە عیراق لەلایەن حکومەتانی ئەو وولاتەوە هەروەها بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی کەمایەتی کوردی فەیلی. ئەم گرووهەش چووە ناو «پ.د.ک»ەوە لە ئاب/ئۆگوستسی ١٩٩٣دا و جلیلی فەیلی کە دامەزرێنەری گرووهەکە بوو، بووە ئەندامێکی لیژنەی ناوەندی «پ.د.ک». گرووهی سێیەم، «ئالای شۆرش»ە کە لە کۆتایی سالی ١٩٩٢دا چووە ناو «ی.ن.ک»ەوە. لە سەرهتاوە «ئالای شۆرش» لە گرووهێکی دابڕاو لە «ی.ن.ک» لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کاندا دروستبوو، دروشمی کۆکردنەوەی تەواوی مارکسیە عیراقیەکانی هەڵگرتبوو هەروەها پێی لە سەر مافی چارەنووس بۆ کوردانی عیراق دادەگرت. لە نیسان/ئەپریلی ١٩٩٢دا ئالای شۆرش لەگەڵ «حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان» یەکیان گرت و گەڵێک لە سەرکردەکانی بوونە ئەندامی لیژنەی ناوەندی «ح.ز.ک». پاش هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئایار/مایۆی ١٩٩٢ «ح.ز.ک» دووبەرەکی تێکەوت پاشان گەڵێک لە سەرکردەکانی کە لەوپێش «ئالای شۆرش» بوون چوونە ناو «ی.ن.ک»ەوە. لەوانە دامەزرێنەری «ئالای شۆرش» حیکمەت کەریم ناسراو بە (مەلا بەختیار) ئێستا ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی«ی.ن.ک»ە.

لە پارتە سیاسیەکانی کوردستانی عیراق کە ڕیبازیان کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمە، کۆنترینیان «حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی»ە - ڕێکخراوەکانی (القاعدە)، کە لە سالی ١٩٨٤دا لە گرووهێکی دابڕاو لە «حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی» بەسەرکردایەتی بهاءالدین نوری، کە لە ١٩٥٠کاندا سکرتێری «حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی» بوو، دامەزراو بارەگای لە سلێمانیە. گرووهێکی تر، «پارتی رزگاری کوردستان» لە گرووهێکی دابڕاو لە «یەکگرتن» لە ١٩٩٣دا دامەزراو زۆربەی ئەندامانی لە سەرهتاوە سەر بە «پ.گ.د.ک» و «ح.س.ک» بوون و بارەگای لە شاری هەولێرە. گرووهی سێیەم، «حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عیراق» لە تەموز/ڕوڵیۆی ١٩٩٣دا لە ئەنجامی یەکبوونی چوار گرووهی کۆمۆنیستی بچووک پێکهات. گەورەترین گرووهی ئەم حیزبە «ڕەوتی کۆمۆنیست»ە کە بەگوێرەی قسەکەری لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کاندا هاتۆتەکایەوە، بەڵام لەوە دەچێت کە لە دوای ١٩٨٩ چالاکبووبێت. لە دوای ڕاپەڕینەکە، ئەم حیزبە جێپێی خۆی لە سلێمانیدا کردەوە کەوتە دروستکردنی کۆمەڵێک ڕێکخراوی کرێکارانی ناسراو بە «ئەنجومەنی کرێکاران» کە ماوەیەکی کەم ژیا. هەروەها لە هەمان کاتدا ئەم حیزبە هەوڵیدا لە بادینان خۆی دابمەزرێنێت، بەڵام فشاری «پ.دک»و «ی.ن.ک» بووە هۆی ئەوەی کە

ئەو شوێنانەی لە کوردستانی عێراق کە حکومەت نەیتوانی بیانگرێتەوە پاش راپەڕینەکە و هەروەها ئەو جێگایانەی کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی کوردییەوە پاش تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری١٩٩١، لە راستیدا لەلایەن بەرەی کوردستانی عێراقەوە بەڕێوە دەچوون. «ب.ک.ع» لە بەڕێوە بردنی بە کردار- رووداو (de facto)ی ناوچەکە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٢ بەردەوام بوو، واتا تا کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان کراو ئەنجوومەنی وەزیران دامەزرێنرا، تا ئەم کاتە و لە پاڵ کارەکانی تردا، هەموو کاروباری سوپایی، ئاسایش، ئیداری و دادوەری و پەروەردەیی لەلایەن کۆمیتەی ناوخۆی سەرکردایەتی سیاسی «ب.ک.ع»ەوە دروست کرابوو، پێرەوەکران. لە کۆتایی ئاب/ ئۆگوستسی١٩٩١دا کۆمیتەی هەمیشەیی کارگێڕی دامەزرا بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتی چالاکی کۆمیتە جۆراجۆرە ناوخۆییەکانی «ب.ک.ع»، هەروەها پێوەندیار بێت لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومەتییەکانی ناونەتەوەیی کە لە ناوچەکەدا لە کاردا بوون. دامەزراندنی کارگێڕی سەرکردایەتی سیاسی هاوکات بوو لەگەڵ وەستانی گفتوگۆ لەگەڵ بەغداو پەیدابووی بڕوایەک لە ناو سەرکردایەتی کوردیدا کە ڕێکەوتن لەسەر بابەتە سەرەکییەکان بە دەست نایەت. هەیئەتی کارگێڕی «ب.ک.ع» هەشت ئەندامی هەبوو کە هەریەک نوێنەرێ یەکێک لە پارتە سیاسییەکانی «ب.ک.ع» بوون و بەردەوام لە خەلیفان (پارێزگای هەولێر) کۆدەبوونەوە. پاش تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری١٩٩١دا، کۆمیتەی تری ناوخۆیی زیاتر دانران بۆ ئەو شوێنانەی هێزی عێراقی چۆڵی کردبوون. هەموو ئەم کۆمیتە ناوخۆییانە بەرپرسیار بوون و پەیوەندییان لەگەڵ هەیئەتی کارگێڕ هەبوو کە بنەکەکەی لە خەلیفان گواستراپەوە بۆ هەولێر، ئەم هەیئەتە بە حوکمی واقیع و پاش هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیران، بێکار مایەوە.

لە ١٩ی ئایار/مایۆی ١٩٩٢دا پێکەوە هەڵبژاردنی ١٠٥ ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و "رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد" کرا. دوو یاسایەکەی کرداری هەڵبژاردن، لە لایەن لیژنەی بالای چاوەدێرکردنی هەڵبژاردن لە کوردستانی عێراق دانرابوون و ئەم لیژنەیەش لەلایەن «ب.ک.ع» دامەزرابوو(١١). هەڵبژاردنەکە لەسەر بناغەی سیستەمێکی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بوو کە پلەی نزمی لە ٧٪ هەڵبژاردن بوو. دوانزە پارتی سیاسی لە هەڵبژاردنی پەرلەمان موناڤەسەیان کرد، هەشت لەمانە بۆ ١٠٠ کورسی و چوارەکەی تر بۆ ٥ کورسی تەرخانکراو بۆ ئەو حیزبانەی نوێنەرایەتی مەسیحیەکانیان دەکرد. چوار کەسیش پاڵێوراو (مرشح) بوون بۆ جێگای رابەر. بەرەی کوردستانی عێراق ژمارەیەک لە چاودێری ناونەتەوەیی و دەوڵەتی و نادەوڵەتی بانگ کردبوو بۆ سەیرکردن و چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە و یەک لەوانە «کۆمەڵی یاسایی مافی مرۆڤی ناونەتەوەیی» بوو کە پاشتر لە تەموز/یولیۆی١٩٩٢دا ڕاپۆرتی سەرەنجەکانی خۆی بڵاوکردەوە(١٢). پێشەکی ئەو ڕاپۆرتە دەڵێت :

"شێوەو ئەنجامدانی کرداری هەڵبژاردن بەرهەمێک بوو کە جێگای شایانە. پێویستە مەبەستی هەموو هەڵسەنگاندنێکی ئەو کردارەی هەڵبژاردنە زیاتر دەرخستنی دەستکەوتی گەورەی خەڵکی کوردستانی عێراق بێت، نەوەک کەموکورتی کردارەکە خۆی. هەروەک وەفدەکە[مان] بۆی دەرکەوت، کردارەکە بە رادەیەکی زۆر دروست و تێکرا ئازادبوو [...] لەگەڵ کەموکورتیەکانیشیدا، هەڵبژاردنەکە هەڵێکی رەخساند بۆ دەربڕینی ئیرادەی خەڵک [...] کە رەنگە بۆ یەکەم جار بێت لە میژووياندا."

ئەم شێوە هەڵسەنگاندنە هەندێک پارتیە سیاسیە بچووکەکان نەیان دەسەڵماند و ووتیان کە بڵاوی فرەدەنگدانی و هەندێک نارێکی تر گومانیان خستە سەر دروستیی هەڵبژاردنەکە. «ی.ن.ک» و «پ.د.ک» لە ئاگانامە ئاشکراکانیاندا وایان رادەگەیاند کە هەڵبژاردنەکە تێکرا ئازادو دروست بووە. بەڵام بە نهێنی هەندێ لە کارمەندانی هەردوو پارتیەکە گلەییان لە بوونی نارێکی دەکرد. ئەنجامی رەسمی بڵاوکراوەی هەڵبژاردنەکەی پەرلەمان ٥٠,٨٪ دەنگی دا بە «پ.د.ک»و ٤٩,٢٪ بە «ی.ن.ک». لەمەدا حسابی ئەو دەنگانەی کرابوو کە درابوونە پارتیە بچووکەکان، کە هیچ کامیان نەیانتوانی بگەنە پلەی ٧٪ی هەڵبژاردن تا نوێنەریان لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا هەبێت. بەڵام ئەوەبوو لە رێگەی رێکەوتنەوە «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» هەریەکەیان بە ٥٠ جێگا قایل بوون وەک شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات. چوار لە پێنج جێگاکەی تەرخان کرابوون بۆ مەسیحیەکان بە دەست بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری کەوت. هیچ یەکێک لەوانەی خۆیان پالاوتبوو بۆ جێگای رابەر، زۆربەی دەنگی رەها (مطلق)یان نەهێنا. لە دواییدا هیچ بەروارێک دانەنرا بۆ دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردن و لەو کاتەوە جێگای رابەر بە بەتاڵی ماوەتەوە. ئەنجومەنی نیشتمانی کۆبوونەوەی یەکەمی خۆی لە چواری حوزەیران/یۆنیوی١٩٩٢دا لە هەولێر کردەوە.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق پاش مانگێک دروست بوو و بە رەسمی لە چواری تەموز/یۆلیۆدا دەستی بە کار کرد(١٢). پانزە وەزارەت دروستکران، لەمانە: ناوخۆ، دادو کاروباری پێشمەرگە (ئەمەیان لە شێوەی وەزارەتی بەرگریدایە). هەرچەندە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دانەنرابوو، بەڵام هەندێک لە کاروباری لەایەن وەزارەتی یارمەتی و مرۆڤایەتی و هاوکاریەوە بەڕێوە دەچوون. پاش دروستبوونی ئەنجومەنی وەزیران، یاسای جیاواز بۆ هەر وەزارەتێک دانرا بۆ دیارکردنی پێکهاتەی ئیداری و توانایان. لە سەرەتاوە ئەم یاسایانە لەلایەن هەیئەتێکی راوێژکاری یاساوەرەوە کە بریتی بوو لە ٣ دادوەر دانرا. بەڵام لە کۆتایی ١٩٩٢ ئەم کارە درایە دەست کۆمیتەی یاساوەری ئەنجومەنی نیشتمانی. ئەوەی شایانی باسە، وەزارەتەکان پێش دەرچوونی ئەم یاسایانە کەوتنە کارو دوا یاسا لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٢دا دەرچوو. پانزە وەزارەتەکە بەم شێوەی خوارەوە دابەش کرابوون:

بۆ «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» هەریەکەیان ٦ وەزارەت، یەکێک بۆ «ح.ک.ع»و یەکێک بۆ«ب.ش.ک» و یەکێک بۆ نامزەدێکی بێلایەن. پاش دەستکاریکردنێک کە لە نیسان/ئەپریلی ١٩٩٣ان راگەیەندرا، دابەشکردنی وەزارەتەکان وەک خۆیان مانەوە تەنیا وەزارەتی داد نەبێت کە درا بە نوێنەرێکی «پ.د.ک».(١٤)

لە بواری سیاسیدا، ئامانجە راگەیاندراوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بریتی بوون لە "بەستنی پێوەندی نێوان کوردستان و حکومەتی مەرکەزی لە سەر بناغەی یەکێتیەکی خۆخوازانە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا کە دان بە مافی گەلەکەمان دەنێت بەستنی پێوەندی کارگوزاری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەست نەخستنە ناو کاروبارەکانیەوە هەوڵدان لە رێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ لە سەر کوردستانی عێراق و دەرهێنانی ناوچەکە لە سزایانەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەسەر عێراقدا سەپێنراون. پاش دەستکاریەکەی ١٩٩٣، ئەنجومەنی وەزیران رایگەیاند کە هەوڵ دەدرێت بۆ: "بەستنی پێوەندی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دوارۆژ لەسەر بناغەی یەکێتیەکی خۆخوازو ڕێزگرتن لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدرالی و دیموکراتی کە تیایدا هەموو مافەکانی گەلەکەمان پارێزراو دەبن." ئەم لادانە لە ئامانجە سیاسیە دیاریکراوەکانی پێشوو، گرتنەبەری سەرکردایەتی کوردییە لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٢ بۆ ڕێسای فیدیرالیزم، وەک بنەمای پرۆگرامی سیاسی دوارۆژی عێراقێکی یەکگرتوودا. بەیانی ڕاگەیاندنی "یەکێتی فیدرالی" کە بە ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیەوە بڵاوکرایەوە بەم جۆرە بوو: "ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق... بە تێکڕای دەنگ ڕادەگەیەنێت کە بڕیاری... دەستنیشانکردنی پەیوەندی قانونی لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندیدا لەم پلە میژوویییەی [گەلی کورد]دا لەسەر بنچینەی فیدرالی دیاردەکات لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانیدا، بە شێوەیەک کە سیستەمی فرە حیزبی دابین بکات و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت کە لە پەیمان و باوەڕنامە ناونەوەییەکاندا سەڵمێنراون."(١٥)

لە بواری ئازادیە دیموکراتیەکان و مافی مرۆڤدا، ئەنجومەنی وەزیران ئەمانەی خوارەوەی گرتە ئەستۆ : لابردنی یاسای کارپێکراوی حکومەتی مەرکەزی کە "ڕژێمی دیکتاتۆری سەقامگیر دەکات و دەپارێزێ و گیانی ڕزگاریخوازی لە کوردستان لە ناودەبات"، مسۆگەرکردنی ئازادی بیروباوەڕو باوەڕی سیاسی و ئایینی و ڕۆژنامەگەری و یەکێتیەکانی ئیش (نەقابە)و ئازادیەکانی تر، پاراستنی مافی مرۆڤ بە پێی ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ، مسۆگەرکردنی مافی فەرهەنگی گرووهە کەمایەتیەکان لە کوردستانی عێراق (تورکمان و ئاشوری و عەرەب)، بە کارخستنی یاسا، پاراستنی سەربەخۆیی دادوەری

دەست نەخستنە کاروباریانەوە. هەروەها پاش نیسان/ئەپریلی١٩٩٣، ئەنجومەنی وەزیران خۆی پێوەندکرد بە دابینکردنی ساختمان و ویستەمەنی ترەوە بۆ بەندیخانەو و گرتووخانەکان و ریزگرتنی مافی مرۆڤ لەو دامەزراوانەدا، مسۆگەر کردنی هێنانی شێوازی نوێی پەسادانی تاوانی، ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لە ڕێرەوی پەسادانی تاوانیدا، لە مانە دوورکەوتنەوە لە سەندنی زانیاری بە زۆرەملێ.

لە ١٩٩٣دا گەلێک یاسای گرنگ لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە دەرچوون، مەبەست لەمانە چارەسەرکردنی کێشەی ئاسایش بوو لە ناوچەکەدا هەروەها پەیڕەوکردنی گەلێک ڕوخساری ژیانی سیاسی و گشتی، لەمانە یاسای چەک «ژمارە ١٦ی ١٩٩٣» بوو[١٦] کە لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەردا دانراو مەبەست لێی کۆنترۆلکردنی ژمارەی ئەو چەکانە بوو کە لە ناوچەکەدا بە ئاشکرا بەردەستبوون. بۆ ئەمە ئیجازەدانی هەڵگرتنی چەک خرایە ژێر سەرەوکارێتی وەزارەتی ناوخۆوە. پێشتر لە مانگی نیسان/ئەپریل یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستان «ژمارە ١٠ی ١٩٩٣»[١٧] دانراو ئەرکی دانی ئیجازەی چاپکردن سپاردرا بە وەزارەتی ڕۆشنبیری یاسای هەڵبەندی (جمعیات)ی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە «١٨ی ١٩٩٣»[١٨] لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر ڕچەکراو ئەرکی دەرهێنانی ئیجازەی بۆ هەڵبەندە قازانج نەخوازەکانی سپارد بە وەزارەتی ناوخۆ. بەندی ٤ی ئەم یاسایە داوادەکات کە ئامانج و چالاکی ئەو هەڵبەندیانە دەبێ دووربن لە بڵاوکردنەوەی بەربەرەکانی ئایینی یاخود تایفی و دەبێت ملکەچ بن بۆ بنەڕەتە دیموکراتیەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ. بەندی ٦ مافی کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، مانگرتن و چالاکیەکانی تری ئەم هەڵبەندیانە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان مسۆگەر دەکات. دوا یاسا "یاسای حزبانی هەرێمی کوردستان" بوو «ژمارە ١٧ی ١٩٩٣»[١٩]، کە لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر دانراو مەبەست لێی پەیڕەوکردنی دامەزرانی پارتی سیاسی لە هەرێم بوو. بەندی ٣ی ئەم یاسایە دەڵێت "ئازادی دامەزراندنی پارتی [سیاسی] مسۆگەرکراوەو هەموو پارتیەک دەتوانێت بە ئازادی تەواو چالاکی خۆی بنوێنێت". بەندی ٦و٧ داوا دەکەن کە بۆ دامەزراندنی پارتی سیاسی داوانامە بدرێت بە وەزارەتی ناوخۆ و ئینجا بنێررێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دوابڕیار. بەندی ١٥ چەند "ئەرکێک" دەخاتە پێش کە دەبێت هەموو پارتیەکان خۆیانی پێوە بەندیوار بکەن: ڕەدکردنەوەی هەموجۆرێک لە تیرۆریزم، ڕێزگرتن لە یاساو پارێزەری لە سەربەخۆیی دادوەری بکەن و وەستان لە هێشتنەوەی یا دامەزراندنی هەر ڕێکخراوێکی سەربازی و هەبوونی چەک کە بە پێچەوانەی یاسا کارپێکراوەکانن. پارتە سیاسیەکانی کە ئاراداں لێیان چاوڕوان دەکرێت ملکەچ بن بۆ مەرجەکانی یاساکە لە ماوەی سێ مانگی کارپێکردنی.

لە هەر سێ یاسا فەرمانکارەکانی چاپەمەنی و هەڵبەندی و پارتە سیاسیەکاندا،

چەندین مەتینان تیادا هەیە کە داواکار مافی بەسەرکردنەوە (تمیز)ی دراوەتێ سـ
هەموو بڕیارێکی سلبی کە لەلایەن وەزارەتی پێوەندیدارەوە دەردەچێت. داوای بەسـ
دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە دادگای بەسەرکردنەوە (محکمة التمیز) تۆ
هەروەها ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەردەچێت بۆ هەڵوەشاندنە
پارتێیەکی سیاسی کە دەبێنرێت ملکەچی یاسا نییە، بۆی هەیە داوای بەسەرکـ
بکرێت لە دادگای بەسەرکردنەوە. لە هەموو حاڵەتێکدا بڕیاری ئەم دادگایە بنبڕە.

بیری دانانی دەستورێک بۆ کوردستانی عێراق لە ماوەی جیادا لەلایەن
سیاسی و یاساوەرو دادوەرەکانەوە قسەی لێکراوەو رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئـ
رەشنووسی دوو دارشت. لە کاتی ئەم نووسینەدا رەشنووسی ئەم دوو دارشتە هێشـ
لێدوان بوون. جێگای "رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد" بەتاڵ ماوەتەوە، هەر
ئەو یاسایەی هەڵبژاردنی بۆ ئەم جێگایە لە ئایار/مایۆی١٩٩٢دا پەیرەو دەکرد لەلایەن
نیشمانیەوە پاشان دووبارە دانرایەوە وەک یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢و وەـ
قانوونی بۆ دەرهێنانی یاسای تر، بە کارهات. مانەوەی ئەم جێگایە بە چۆڵی
پەیدابوونی هەندێک کێشەی یاسایی کە بەرادەی سەرەکی بریتین لەوەی کێ بە ئـ
هەڵبستێت، بەم جۆرەی کە لە بەندی ١٠و ١٢ی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢
بەندی ١٣ی ئەو یاسایە دەڵێت: "لە غیابی رابەر لە جێگاکەیدا و بۆ هەر هۆیەک بێت
دەستەلاتی بەڕێوەبەری جێگری دەبێت" بەڵام بەندی ١٤ دەڵێت: "ئەگەر هاتوو جێگـ
بەر هەر هۆیەک چۆڵ بوو، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەرکەکانی
دەست هەتا رابەرێکی تر لە ماوەی مانگێکدا ـ لەو رۆژەوە جێگاکەی چۆڵ بووە ـ هـ
ناکۆکی لە نێوان «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» پەیدا بوو سەبارەت بەوەی کام لەم بەندانە
و هەروەها لەسەر لێکدانەوەی یاسایی وشەی "چۆڵ" و "غیاب".

ئەو بڕیارەی کە لە دەستپێکەوە لە سەرەتای ١٩٩٣ درا ئەوەبوو کە سەرۆکی
نیشتمانی، بەپێی بەندی ١٤ی هەندێک لە ئەرکەکانی رابەر بگرێتە ئەستۆ(٢٠).
چەند مانگێک بەم کارە هەڵسا، بەڵام جەختکردن لەم دەستەلاتە لەلایەن پـ
«ی.ن.ک»ەوە بە پێی بەندی ١٣، نەیتوانی بەردەوام لەم کارەدا بێت. تەنانەت لـ
ئەندامانی پێشەی یاسازانیەوە، ئەگەرچی لەبەر هەندێ هۆی جیاواز، بەرهەنگاری
سەبارەت بە رەوایی ئەو بڕیارەی کە وا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی دەستەلاتی
کارە هەڵسێت. هەندێک هەن گومانیان لە شەرعیەتی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢
حوکمی ئەوەی ئەم یاسایە لە سەرەتاوە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی بەرەی
بانگێشت کراوە، نەک لە دەزگایەکی رچەکاری هەڵبژێراوی تایبەتمەندەوە (وانا

چەندین مەتنیان تیادا هەیە کە داواکار مافی بەسەرکردنەوە (تمیز)ی دراوەتێ سەبارەت بە هەموو بڕیارێکی سڵبی کە لەلایەن وەزارەتی پێوەنداوەوە دەردەچێت. داوای بەسەرکردنەوە دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە دادگای بەسەرکردنەوە (محكمة التمیز) تۆماربکرێت. هەروەها ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن وزارەتی ناوخۆوە دەردەچێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەر پارتییەکی سیاسی کە دەبێنرێت ملکەچی یاسا نییە، بۆی هەیە داوای بەسەرکردنەوەیان بکرێت لە دادگای بەسەرکردنەوە. لە هەموو حاڵەتێکدا بڕیاری ئەم دادگایە بنبڕە.

بیری دانانی دەستورێک بۆ کوردستانی عێراق لە ماوەی جیادا لەلایەن دەستەڵاتە سیاسی و یاساوەرو دادوەرەکانەوە قسەی لێکراوەو رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاگادارە لە رەشنووسی دوو دارشت. لە کاتی ئەم نووسینەدا رەشنووسی ئەم دوو دارشتە هێشتا بابەتی لێدوان بوون. جێگای "رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد" بەتاڵ ماوەتەوە، هەرچەندە کە ئەو یاسایەی هەڵبژاردنی بۆ ئەم جێگایە لە ئایار/مایۆی١٩٩٢دا پەیڕەو دەکرد لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە پاشان دووبارە دانرایەوە وەک یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢و وەک بنەمای قانوونی بۆ دەرهێنانی یاسای تر، بە کارهات. مانەوەی ئەم جێگایە بە چۆڵی بووە هۆی پەیدابوونی هەندێک کێشەی یاسایی کە بەرادەی سەرەکی بریتین لەوەی کێ بە ئەرکی رابەر هەڵبستێت، بەم جۆرەی کە لە بەندی ١٠و ١٢ی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢دا هاتووە. بەندی ١٣ی ئەو یاسایە دەڵێت: "لە غیابی رابەر لە جێگاکەیدا و بۆ هەر هۆیەک بێت، سەرۆکی دەستەڵاتی بەڕێوەبەری جێگری دەبێت" بەڵام بەندی ١٤ دەڵێت: "ئەگەر هاتوو جێگای رابەر لە بەر هەر هۆیەک چۆڵ بوو، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەرکەکانی ئەو دەگرێتە دەست هەتا رابەرێکی تر لە ماوەی مانگێکدا ـ لەو رۆژەوە جێگاکەی چۆڵ بووە ـ هەڵدەبژێرێت. ناکۆکی لە نێوان «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» پەیدا بوو سەبارەت بەوەی کام لەم بەندانە پیادە بکرێن و هەروەها لەسەر لێکدانەوەی یاسایی وشەی "چۆڵ" و "غیاب".

ئەو بڕیارەی کە لە دەستپێکەوە لە سەرەتای ١٩٩٣ درا ئەوەبوو کە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی، بەپێی بەندی ١٤ی هەندێک لە ئەرکەکانی رابەر بگرێتە ئەستۆ(٢٠). ئەوە بوو بۆ چەند مانگێک بەم کارە هەڵسا، بەڵام جەختکردن لەم دەستەڵاتە لەلایەن پەرلەمانیەکانی «ی.ن.ک»ەوە بە پێی بەندی ١٣، نەیتوانی بەردەوام لەم کارەدا بێت. تەنانەت لەلایەن هەندێ ئەندامانی پێشەی یاسازانیەوە، ئەگەرچی لەبەر هەندێ هۆی جیاواز، بەرەنگاری پێشان درا سەبارەت بە رەوایی ئەو بڕیارەی کە وا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی دەستەڵاتی بدرێتێ بە کارە هەڵسێت. هەندێک هەن گومانیان لە شەرعیەتی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ هەیە، یا حوکمی ئەوەی ئەم یاسایە لە سەرەتاوە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیەو بانگێشت کراوە، نەک لە دەزگایەکی رچەکاری هەڵبژێراوی تایبەتمەندەوە (واتا پەرلەمان)[٢١]

هەندێکیش مشتومڕی ئەوەیانە کە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی لە سنووری دەستەڵاتی دەرچووە بەوەی کە لە مانگێک زیاتر - وەک چۆن لە بەندی ١٤دا هاتووە - ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ.

کاتی ئەم نووسینە ئەم کێشەیە چارەسەرنەکرابوو، گفتوگۆ لەسەر لێکدانەوەی جۆراوجۆری بەندی ١٣و ١٤ بەردەوام بوو، سەرەڕای دەرهێنانی یاسایەکی تر لە کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری١٩٩٣دا کە دەبوو ئەو گفتوگۆیەی ناوبراو بکردایە. یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ١٩٩٣، دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق[٢٢] پێکهاتوو لە هەشت ئەندام دروست کرد، بۆ ئەوەی بۆشایی نەبوونی رابەر پڕبکاتەوە. بەندی ١ی یاسای ژمارە ١٩ دەسەڵاتی بە دەستەی سەرۆکایەتی دا کە ئەو ئەرکانەی لە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢دا هاتبوو، بیانگرێتە ئەستۆ "تا پلەی دووەمی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەنجام دەدرێت". بەڵام لە راستیدا دەستەی سەرۆکایەتی تەمەن - کورت بوو و پاش چەند هەفتەیەک لە دامەزراندنی لە کارکەوت، کە هاوکاتی بەرپابوونی بەیەکدادانی سوپایی بوو لە نێوان «ب.ئ .ک.ع» و «ی.ن.ک» (بڕوانە بەشی پێنجەم). دوابەدواش، یاسا ژمارە ١٩ لانەبراو لە ڕووی تیۆرییەوە شەرعیەتی هەر ماوە، هەرچەندە لە راستیدا هیچ لە مەرجەکانی پیادە نەکراون.

لە تەموز/ئوگۆستی ١٩٩٤دا بەدەسپێشکەری کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کوردی سەربەخۆ، وەفدی «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» لە پاریس لەژێر سایەی حکومەتی فەرەنسیدا گفتوگۆیان بەست بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بەردەوام بۆ جیاوازییە سیاسیەکانیان بدۆزنەوە. ڕەشنووسی ڕێکەوتننامەیەک ئامادەکرا کە ژمارەیەک لە ئامانجە سەرەکیەکانی تیا ئاراستە کرابوو، لەمانە ئاسایی کردنەوەی باری کوردستانی عێراق پاش دۆزکاری نێوان پارتییەکان لە ئایار/مایۆی ١٩٩٤دا نەهێشتنی دەستدرێژی پارتە سیاسیەکان لە کاروباری ئیداری و بەهێزکردنی دەوری پەرلەمان، پەیرەوکردنی سیاسەتێکی یەکگرتوو بەرامبەر بەغداو دەوڵەتانی دراوسێی ناوچەکە، دامەزراندنی سیستەمێکی بەرپرسیار سەبارەت بە کاروباری دارایی ئەنجومەنی وەزیران، یەکخستنی هێزی پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆ، لەناوبردنی میلیشیا چەکدارەکانی دوو پارتە سیاسیەکە، داخستنی وەزارەتی پێشمەرگە و دروستکردنی سوپایەکی یەکگرتوو لە سەر بنچینەی سەربازی. دەبوایە سەرۆکی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» بە ڕەسمی ڕێککەوتننامەکە لە ماوەیەکی کەمدا لە پاریس ئیمزا بکەن. ئەمە ڕووی نەداو پێکدادانی چەکداری ناوبە ناو دەستی پێکردەوە تا مانگی ئاب/ئۆگوستس بەردەوام بوو. لە ٢١ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری١٩٩٤دا ڕێکەوتننامەیەکی جیاواز ناسراو بە ڕێکەوتننامەی هاوپەیمانێتی نێوان مسعود بارزانی و جلال تاڵەبانی ئیمزاکرا. ڕێکەوتنێ لەسەر ژمارەیەک ڕێفۆرمی سیاسی و

یاسایی بە دەستهات بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی جیاوازی نێوان هەردوو پارتە سیاسیەکە و ڕێگرتن لە دووبارە بوونەوەی بەیەکدادانەکەی ئایار/مایۆی١٩٩٤. ڕێکەوتنامەی هاوپەیمانێتی داوای قەدەغەکردن و تاوانبارکردنی شەڕی چەکداری نێوان پارت و هێزە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق کردو هەروەها بەکارهێنانی تووندوتیژی و تیرباڕانکردن و زۆرەملێ لە سەپاندنی بیروڕا بەسەر خەڵکی تردا. مانگێک پاش ئەمە پێکدادانی چەکداری دووبارە لە نێوان هێزەکانی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»بەرپابووەوە، تا کاتی ئەم نووسینە بەردەوامبوو.

زەمینەی گرفتەکانی مافی مرۆڤ

لە هەڵسەنگاندنی باری مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دان بەو گیروگرفتە زۆرانە دەنێت کە تووشی دانیشتوان و سەرکردەی سیاسی هاتوون لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا. لە دوای کشانەوەی هێزو ئیدارەی حکومەتی عێراق کە هەر حەوت مانگ پاش پلیشاندنەوە بێبەزەییەکەی ڕاپەڕینەکە ڕوویدا، ناوچەکە دووچاری ئاشوب هاتبوو. دارەتی سوپایی و ئاساییشی ئارا لەو کاتەدا یەکجار دژوار بوو و بەردەوام مەترسی ئەوە هەبوو کە سەر لە نوێ هێزەکانی حکومەت هێرشی سەربازی بێنێتەوە. وازانراوە کە بە کرێگیراوانی حکومەتی عێراق بەردەوام بوونە لە خراپەکاری و تیرباڕانکردن و جۆری کوشتنی تر بە مەبەستی لەقکردنی بارودۆخو ترس بڵاوکردنەوە. هەروەها بڕوا دەکرێت کە ئەم جۆرە کردەوانە لەلایەن وڵاتانی دراوسێی عێراقیشەوە، ئێران و تورکیادا کرابن بەرامبەر بە بەرهەڵستکارانی خودی ئەو وڵاتانە کە پەنایان هێنابووە بەر کوردستانی عێراق.

ئەم ڕووداوانەش شان بە شانی ئەنجامی دوو ئابلووقە ئابووریەکە بوون. بێگومان یارمەتی خێرخوازانەی ناونەتەوەیی، کە لە لایەن ئاژانس (وکالە)مکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناونەتەوەییە قازانج ـ نەخوازمکانەوە دابین بووە، سوودبەخش بووە بۆ هەندێک لە بەشەکانی دانیشتوان. بەڵام ئەمە جێگای ئەو زیانە دەستبەجێیە نەگرتۆتەوە کە لە پاداشتی نەمانی دەستکەوت و بژێوی زۆر، لە خەڵکاندا کەوتووە. ڕادەی بەرزی بێکاری لە ئەنجام بۆتە هۆی زیادبوونی تاوان. نادڵنیایی لە دواڕۆژی سیاسی و سەربازی ئاکامی زمێنەریان بووە.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار ئەم کاریگەرانە وەک بیانوو بە کارهاتوون بۆ پێشێلکردنی فراوانی مافی مرۆڤ لەلایەن ئەوانەی جڵەوی دەسەتەڵاتیان لە کوردستانی عێراق بە دەستەوە. ڕوانگەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییەوە نەتوانینی پاراستنی مافی بنچینەیی مرۆڤ هێنانەوەی ئەم بیانوانە و یان بە هەر بیانوویەکی تر، ناهەمواڕە. ئەو مافانە دەبێت ڕێز

لێبگیرێت لە هەموو بارودۆخێکدا. «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» کە مۆنۆپۆلی دەستەڵاتیان لە ناوچەکەدا هەیە خاوەنی توانای سوپایی قەبارەدارن، گەورەترین بەرپرسیارییان بەرهوروو دەبێتەوە لە پێشێلکردنی ئەم مافی مرۆڤانەدا. دەوری «ب.ئ.ک.ع»یش کە هێزی سیاسی سێیەمی ناوچەکەیە، لەم بوارەدا جێگای سەرەنج بووە.

خۆبەستنەوەی سەرۆکەکانی «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» بە وێستی دامەزراندنی سیستەمێکی فرەپارتایەتیەوە لە کردارەکانیاندا رەنگی نەداوەتەوە، هەرچەندە هەندێک پارتی سیاسی لە چالاکیاندا بەردەوامن و هەندێک بەشداری ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانیشن، بەڵام ئەو دەستبەسەرداگرتنەی دەستەڵات لەلایەن «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» وای کردووە کە هیچ یەکێک لە پارتیەکانی تر توانای نەشونمایان نەبێت وەک کیانێکی خاوەن سەنگێکی سیاسی. گرووهە بچووکەکانی تر سەرکوتکراون لە رێگای هەرهشە و هەراسانکردن و تەنانەت لە هەندێ بواردا گرتن یا تیربارانکردنی ئەندامانیان لەلایەن «پ.د.ک» و «ی.ن.ک»وە، تەنیا بەرهنگاری بۆ بااڵدەستی دوو پارتیە حوکمرانەکە لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامیەوە بووە کە رکێفداری ناوچەیەکەو خاوەنی هێزێکی سوپایی قەبارەدارە. ئەو بەرهنگارییە کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی کراوە، تا ئەمڕۆ لە شێوەی هێزی سوباییدا خۆی نواندووە. پاش ئەوەی کە سەرنەکەوت لەبەدەستهێنانی پلەی ٧٪ لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئایار/مایۆی ١٩٩٢داو دوای ئەوەی لە گفتوگۆدا لەگەڵ «پ.د.ک» و «ی.ن.ک»دا نەگەیشتنە ئەنجام بۆ بەشدار بوون لە ئەنجومەنی وەزیراندا، «ب.ئ .ک.ع» خۆی دوورخستەوە لە سیاسەتی پەیرەوکراوی ئەو دەمەو کەوتە بەهێزکردنی بنچینەی خۆی لەو ناوچانەی لە ژێر دەستیدایە (بە تایبەتی ناوچەی نزیک سنووری ئێران لە پارێزگای سلێمانی) و جێگای تر لە کوردستانی عێراق کە ئامادەیی و ئەندامی هەیە. لەو ناوچانەدا «ب.ئ .ک.ع» سیستەمی تایبەت بەخۆی بۆ پیادەکردنی یاساو دەزگای دادپرسی و دادگا و دامودەزگای گرتنی دامەزراندو خزمەتگوزاری پەروەردەو تەندروستی و کاری کۆمەاڵیەتی بۆ ئەندامانی هێنایەکایەوە. ئەمەبوو یەکێک لە سەرچاوەی رقەبەرایەتی نێوان «ب.ئ .ک.ع» و پارتە سیاسیەکانی تر کە تاوانی ئەوەیان دەخستە پاڵی کەوا قبوڵکارو پەسندکاری ئیدارە کوردیەکە و دامودەزگاکانی نیە و بۆتە هۆی لەقکردنی باری ناوچەکە. لە هەمان کاتدا «ب.ئ.ک.ع» خۆی نەیتوانیوە سیستەمێکی جیاوازی بەرپرسیاری بۆ ئەو ئەندامانەی دابنێت کە بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، وەکو ئەشکەنجەو کوشتنی نادادو هەوەسکارانە، هەڵدەستن.

لە کارکەوتنی زۆری ئیداری، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دادوەری جەنایی هەبێت، ئەنجامی ئەو سیستەمەی دابەشکردنی دەستەاڵتە لە نێوان «پ.د.ک» و «ی.ن.ک». کێشە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان حەاڵرا بە دابەشکردنی یەکسانی جێگاکانی ئەنجومەنی

نیشتمانی. سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی دەبوو «پ.د.ک»بێت و جێگرەکەی «ی.ن.ک» بێت. هەروەها بە پێچەوانەی ئەمەوە سەرەکوەزیر دەبوو «ی.ن.ک» بێت و جێگرەکەی «پ.د.ک»بێت. ئەمەی کەوا ناوی نراوە "سیاسەتی ٥٠ ـ ٥٠ " سەپێنرا بەسەر هەموو دەزگا و پلەی کارمەندی هێزو دەستەڵات لە ناو ئیدارەکە. هەموو وەزیرێکی «پ.د.ک» جێگرێکی «ی.ن.ک»ی هەیە و هەروەها بە پێچەوانەوە. سەرۆکی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتی(٢٣) ئەندامی «پ.د.ک»یە لە کاتێکدا سەرۆکی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس ئەندامی «ی.ن.ک»ە، جێگرەکانیشیان لەسەر هەمان شێوە دانراون.

لە ژێر ئەم سیستەمی کارەدا، هەر پارتێک لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کاتیی خۆیەوە بەرهەڵستکاری بڕیارەکانی پارتێکەی تر بووە. کێشەکان ئاڵۆزتر بوون دوای سووڕبوونی هەردوولا لەسەر ئەوەی کە کارمەندە سەرەکیەکان و جێگرەکانیان بەرپرسیاری و پلەی دەستەڵاتی تەواو لە یەکچووی بدرێتێ. پیادە کردنی پەیتاپەیتای سیاسەتی ٥٠ ـ ٥٠ لە ناو دەستەی خوارەوەی کارمەندی زیاتر بووە هۆی ئەوەی کە ئیدارەکە وەک داردەستەیەک بمێنێتەوە بە دەست دوو پارتیەکەوە، داردەستەیەک کە بەرژەوەندی سیاسی خۆیانی تێدا خزمەت بکرێ بەبێ ئەوەی بەرامبەر کردەوەکانیان بەرپرسیاربن.

نەبوونی سیستەمێکی بەرپرسیاری، ڕێگای بە خراپەکارهێنایی دەستەڵاتی داوە لەلایەن «پ.د.ک» و «ی.ن.ک»وە و ڕێدەر بووە بە هەندێ کەس کە سەر بەم پارتیانەن بێ ئەوەی سزابدرێن، مافی مرۆڤ پێشێلبکەن. لە خاڵی دەستەڵاتیانەوە هەردوو پارتیەکە زۆر لە هەنگاوە پۆزەتیڤ (ئیجابی)مکانی کە بە ناوی ئیدارەکەوە بڕیاری پەیرەوکردنیان درابوو بنکە نەکرد. بۆ نموونە ئاشکرابووە کە دوا بڕیاری ڕێگادان بۆ دامەزراندنی پارتە سیاسیەکان لە دەست جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیدایە وەک لەوەی بە بڕیاری وەزیری پێوەندیدار بێت. بەڵێ کەمەوە دوو گرووهی سیاسی وا دەگەیەنن کە گوایا داوانامەیان کە لە ژێر یاسای حیزبان هی هەرێمی کوردستانی عێراق درابوون، لەبەر هۆی سیاسی بەربەستکران نەک لەبەر ئەوەی کە ڕەچاوکەری مەرجەکانی یاساکە نەبوون(٢٤). تەنانەت «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» خۆیان، لە مەیانی هی تریش هێشتا ڕەچاوکەری مەرجەکانی ئەو یاسایە نین.

«ی.ن.ک» و «پ.د.ک» ڕادەیەکی زۆریان لە ڕێزنەگرتنی سەربەخۆیی دادپرسی نیشان داوە. هەردوولا چالاکانە چوونەتەبەر تێکدانی ڕێبازی دادپرسی. بۆ وێنە نەیانهێشتووە کەسانی گومانلێکراو کە سەربەخۆیان بوونە و فەرمانی گرتنیان لەلایەن دادپرسی پەسادەرەوە (حاکم التحقیق) بۆ دەرچووە، بگیرێن. هەروەها لە بواری تردا ئەو جۆرە گومانلێکراوانەیان بە زۆر و بە پیلان و شێوەی تر لە بەندیخانە دەرهێناوە. دەستدرێژی سیاسی، مافی محاکەمەیەکی ڕەوا بۆ تاوانپاڵخراوان خستۆتە بارێکی خەتەرناک، بە تایبەتی ئەوانەی کە تاوانی سیاسی و یاخود

نیشتمانی. سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی دەبوو «پ.د.ک»بێت و جێگرەکەی «ی.ن.ک» بێت. هەروەها بە پێچەوانەی ئەمەوە سەرەکوەزیر دەبوو «ی.ن.ک» بێت و جێگرەکەی «پ.د.ک»بێت. ئەمەی کەوا ناوی نراوە "سیاسەتی ٥٠ ـ ٥٠ " سەپێنرا بەسەر هەموو دەزگا و پلەی کارمەندی هێزو دەستەڵات لە ناو ئیدارەکە. هەموو وەزیرێکی «پ.د.ک» جێگرێکی «ی.ن.ک»ی هەیە و هەروەها بە پێچەوانەوە. سەرۆکی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتی(٢٣) ئەندامی «پ.د.ک»یە لە کاتێکدا سەرۆکی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس ئەندامی «ی.ن.ک» و جێگرەکانیشیان لەسەر هەمان شێوە دانراون.

لە ژێر ئەم سیستەمی کارەدا، هەر پارتیەک لە روانگەی بەرژەوەندی کاتیی خۆیەوە بەرهەڵستکاری بڕیارەکانی پارتیەکەی تر بووە. کێشەکان ئاڵۆزتر بوون دوای سووربوونی هەردوولا لەسەر ئەوەی کە کارمەندە سەرەکیەکان و جێگرەکانیان بەرپرسیاری و پلەی دەستەڵاتی تەواو لە یەکچووی بدرێتێ. پیادە کردنی پەیتاپەیتای سیاسەتی ٥٠ ـ ٥٠ لە نار دەستەی خوارەوەی کارمەندی زیاتر بووە هۆی ئەوەی کە ئیدارەکە وەک داردەستەیەک بمێنێتەوە بە دەست دوو پارتیەکەوە، داردەستەیەک کە بەرژەوەندی سیاسی خۆیانی تێدا خزمەت بکرێ بەبێ ئەوەی بەرامبەر کردەوەکانیان بەرپرسیاربن.

نەبوونی سیستەمێکی بەرپرسیاری، ڕێگای بە خراپەکارهێنایی دەستەڵاتی داوە لەلایەن «پ.د.ک» و «ی.ن.ک»وە و ڕێدەر بووە بە هەندێ کەس کە سەر بەم پارتیانەن بێ ئەوەی سزابدرێن، مافی مرۆڤ پێشێلبکەن. لە خاڵی دەستەڵاتیانەوە هەردوو پارتیەکە زۆر لە هەنگاوی پۆزەتیڤ (ئیجابی)مکانی کە بە ناوی ئیدارەکەوە بڕیاری پەیرەوکردنیان درابوو بنکە نەکرد. بۆ نموونە ئاشکرابووە کە دوا بڕیاری ڕێگادان بۆ دامەزراندنی پارتە سیاسیەکان لە دەست جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیدایە وەک لەوەی بە بڕیاری وەزیری پێوەندیدار بێت. بەڵێ کەمەوە دوو گرووهی سیاسی وا دەگەیەنن کە گوایا داوانامەیان کە لە ژێر یاسای حیزبان هی هەرێمی کوردستانی عێراق درابوون، لەبەر هۆی سیاسی بەربەستکران نەک لەبەر ئەوەی کە ڕەچاوکەری مەرجەکانی یاساکە نەبوون(٢٤). تەنانەت «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» خۆیان، لە مەیانی هی تریش هێشتا ڕەچاوکەری مەرجەکانی ئەو یاسایە نین.

«ی.ن.ک» و «پ.د.ک» ڕادەیەکی زۆریان لە ڕێزنەگرتنی سەربەخۆیی دادپرسی نیشان داوە. هەردوولا چالاکانە چوونەتەبەر تێکدانی ڕێبازی دادپرسی. بۆ وێنە نەیانهێشتووە کەسانی گومانلێکراو کە سەربەخۆیان بوونە و فەرمانی گرتنیان لەلایەن دادپرسی پەسادەرەوە (حاکم التحقیق) بۆ دەرچووە، بگیرێن. هەروەها لە بواری تردا ئەو جۆرە گومانلێکراوانەیان بە زۆر و بە پیلان و شێوەی تر لە بەندیخانە دەرهێناوە. دەستدرێژی سیاسی، مافی محاکەمەیەکی ڕەوا بە تاوانپاڵخراوان خستۆتە بارێکی خەتەرناک، بە تایبەتی ئەوانەی کە تاوانی سیاسی و یاخود

کوشتنیان خرابێتە پاڵ. دارهتێکی وا ئەوە دەگەیەنێت کە وا لە گەڵێک حاڵەتدا، ئەندامانی دەزگای دادپرسی نەیانتوانیوە و یان نەیانویستووە لە ئیدیعای ئەشکەنجەو یان کوشتن بپشکنن. چەندین حاڵەت هەیە کە دادپرسی پەسادەر هەرهشەی کوشتنی لێکراوە و یاخود بە شێوەی تر ترسێنراوە لەوەی لە پەسادانی خۆی بەردەوام بێت، تەنانەت چەند پارێزەرێک لەگەڵ دادپرسێکی پەسادەر تیرباران کراون (بڕوانە بەشی پێنجەم). زیادبوونی ژمارەی ئەم جۆرە کوشتنانە ترسی خستۆتە ناو دانیشتوانەوە و ڕێگای لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمدار لەو جۆرە تاوانانە گرتووە.

کاریگەری هەرهگرنگ کە گرفتی مافی مرۆڤ لەسەر وەستاوە دیاردەی سزانەدانە کە لە کوردستانی عێراقدا تەشەنەی کردووە. لەگەڵ ئەوەدا کە بەڵگە هەیە سەبارەت بە بەرپرسیاری هێزەکانی ژێر دەستەڵاتی پارتە سیاسیەکان لە پێشێلکردنی خەتەرناکی مافی مرۆڤدا، کەس تا ئێستا بەرهەروویی یاسا نەکراوەتەوە. لە تەموز/یۆلیۆی ١٩٩٤دا، جەلال تاڵەبانی بۆ ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دانی بەوەدانا کە هێزەکانی «ی.ن.ک» ڕادەیەک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان کردووە، بەڵام ئەوەشی ووت کەوا هیچ هەنگاوێک دژیان وەرناگیرێت بۆئەوەی بەرهو ڕووی یاسا بکرێنەوە. لە جارێک زیاتر مەسعود بارزانی بە ڕێکخراوی ووت کەوا ئامادەیە کە کەسانی «پ.د.ک» بسەلێنرێن بەرپرسیارن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەرهو ڕووی یاسابکاتەوە، "بەڵام هیچ بەڵگەیەک نەبووە کە ئەوانە ئەم تاوانەیان کردووە". هەروەها سەرکردەکانی «ب.ئ.ک.ع» بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوییان ڕاگەیاندووە کە هێزەکانیان هیچ پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان نەکردووە. ئەم ڕاپۆرتە بەڵگە دەخاتە بەرچاو کە بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە و پیشانی ئەدات کە چۆن هەرسێ پارتیەکە پێشێلکردنی خەتەرناکی مافی مرۆڤیان کردووە.

سزانەدان یەکێکە لە گیروگرفتە سەرەکیەکان کە سەرکردایەتی کوردی دەبێت چارەسەری بکات، ئەگەر بیەوێت ئەو پێوەندارییەی دەربیڕیووە بەرامبەر پاراستنی مافی مرۆڤ جێی باوەڕ بێت. تا ئەمڕۆ سەرکردە سیاسیەکان ئامادەنین دان بە ڕادەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا بنێن کە لەلایەن حیزبەکانەوە ڕووبداوە یان کۆنترۆلی پێویستی هێزەکانی ژێردەستیان بکەن یا هەنگاوی پێویست بهاوێژن تا کەسانی لێبرسراو بەرامبەر یاسا بەرپرسیار بکرێن. دیاردەی ئەوەی کەسانێک کە بە کاری کوشتنی ناداد و هەوەسکارانەو ئەشکەنجە هەستاون و تا ئێستا نەک هەر ئازادن بەڵکو لە شوێنی دەستەڵاتداریی خۆیاندا ماونەتەوە، ئەمە وای کردووە کە باوەڕی خەڵکی بە پەیڕەوکردنی دادپرسی و حوکمی یاسا لاواز بێت. هەستکردن بەوەی کە تاوانبار سزا نادرێت، ڕەنگە پاداشتیشی بدرێتێ، بۆتە هۆی زیاد بوونی بەکارهێنانی تۆندوتیژی لە سەرانسەری کۆمەڵدا. بەئەنجام ئەمە پێشێلکردنی مافی مرۆڤی لە کوردستانی عێراقدا پەرهپێداوە.

زۆر جار سەرکردە سیاسیەکان، سەرنەکەوتنیان لە چارەسەرکردنی ئەم
باری ئاسایشی دژواری ناوچە و رەوشتی ئابووری سەخت و نادیاری سیا
ئاڵۆزاوی کۆمەڵی کوردی لێکدەدەنەوە، هەروەها لە باس کردن لە پیادە کردنی
دادوەری گیروگرفتی تر دەخەنە بەرچاو وەکو دەستکورتی و نەبوونی مەو
کارمەندی پسپۆڕ و لێزان و بڵاوبوونەوەی دیاردەی فەساد. جا ئەگەرچی
هەمووشی راست بن، سەرکردایەتی کوردی دەبێت ئەوەندە ئیرادەی سی
بدۆزێتەوە کە بەرپرسیاری هێزەکانی ژێر رکێفی خۆیان بەرامبەر یاسا دابین
بە سەر هەموو پێشێلکەران و لێقەوماوانی مافی مرۆڤ پەیڕەو بکەن.

پتەوکردنی کاری مافی مرۆڤ

دوابەدوای کشاندنەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراق لە ناوچەکە، سەرک
ئاشکرا خۆیان ملکەچی پشتگیری کاری مافی مرۆڤ کرد و لە هەندێ ح
جۆرێک پڕۆگرام بوون کە مەبەستی زیاد کردنی ئاشنایی بوو بە مافی مر
یەکەم/دیسەمبەری١٩٩١دا ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان دامەزرا و
دەۆک و سلێمانی و کەرکوک کرایەوە[٢٥]. ئەندامەتی ئەم ڕێکخراوە زیاتر لە پا
کەسانی ئەکادیمی و کارزانی وەک پزیشک و ئەندازیار پێکهاتبوو. د
ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان تۆمار کردنی ئەتەکردنی مافی مرۆڤ
هێزەکانی حکومەتی عێراقەوە کرابوو، بەڵام پەیتا پەیتا چالاکیەکانی ئەو
گرتەوە کە لەلایەن گرووهە کوردیەکانیش دەکرا. هەندێ جۆری ئەم چالاکیا
تۆمارکردنی سکاڵای خەڵک کە لەلایەن ئەوانەوە چوونەتەبەر ڕووی دەستەلا
سەردانی گرتووخانە دیارەکان و سەرەنج ڕاکێشانی دەستەلاتەکان بۆ گار
و زیندانیە حوکمدراوەکان، سەبارەت بە جۆری مامەڵەکردنیان لە زیندانداو
ناهەمواری ناو بەندیخانەکان و ڕێکخستنی سێمینار بۆ ئاشناکردنی کارمە
یاسا.

لە سەرەتاوە نەبوونی ئەندامانی خاوەن تەجرەبە لە گۆڕەپانی مافی مر
دارایی و سەرچاوەی تر، پەکخەری کاری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کو
ئاقارێکی تردا، بێلایەنی ڕێکخراوەکە جێی گومان بووە بە تایبەتی چونکە هە
یا لقەکانی وا سەیر دەکران کە نزیک بن وە یاخود سەر بە «پ.د.ک» یا
هەروەها ڕقەبەرایەتیی ناوخۆش ئەم ڕێکخراوەی دابەش و پارچەی کرد بوو.

بەشی یەکەم

بێجگە لەم کێشانە، دیارە کە لە کاتێکدا باری مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا بەرەو لە بارکەوتنی زیاتر دەچوو، کاری پەسادانی مافی مرۆڤ و پاراستنی نەک هەر کارێکی زەحمەت بوو بەڵکو گێژمێنش (موجازەفە) بوو. نوێنەرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان یەکبینە سکاڵای ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دەکەن کەوا هەردوو دەستەڵاتی سیاسی و ئیداری بە دەگمەن هەستیاری نیشان دەدەن بەرامبەر بە شکایەتەکانی لێقەوماوانی تاکی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ یاخوود هەنگاونانی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی لە گەڵیان باسی دەکرێت. لەمانەش گرینگتر زیادبوونی ژمارەی کوشتنی ناداد و هەوەسکارانە و بە تایبەتی تیرباران کردنی نەبەردکارانی سیاسی و ئەندامی کارزانیی یاسایی، ڕێی لە کەسانی بەرگریکەر لە مافی مرۆڤ گرتووە بە ئەرکی سەرشانیان هەڵسن. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاگادارە بە گەڵێک حاڵاتی هەراسان کردن و ترساندن و هەڕەشە لێکردنی کەسانێک بە هۆی کارکردنیانەوە لە بواری مافی مرۆڤدا.

لە سێ ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵ و گرووهی جۆراو جۆر پەیدا بوون کە ڕاستەوخۆ لە بواری گشتی مافی مرۆڤدا کار ناکەن، بەڵکو ئەرکی بڕەپێدانی مافی ئافرەت و گرووهی کرێکارانی دیارکراویان گرتۆتە ئەستۆ. سەبارەت بە پارتە سیاسیەکان، «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»و «ب.ئ.ک.ع» کۆمیتەی مافی مرۆڤی سەربەخۆیانیان پێکهێناوە، بەتایبەتی لە کاتی ڕووداوەکانی ئایار/مایۆی ١٩٩٤ەوە، بەڵام سنووری چالاکیان زیاتر تۆمارکردنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە کە دژ بە ئەندامانی خۆیانەوە ڕووەدات.

تا ئەمڕۆش هیچ میکانیزم یاخود دامەزراوێک کە ماندای خۆی هەبێت لە ناو ئیدارە کوردیەکەدا سەبارەت بە مافی مرۆڤ، دانەمەزراوە. لە ناوەڕاستی ١٩٩٢دا و بەر لە پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی «ی.ن.ک» جەلال تاڵەبانی بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە بیری دروستکردنی بەشێک لە وەزارەتی داد بۆ سەرەوکارێتی بابەتەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی «بەرەی کوردستانی عێراق»ەوە باسی لێدەکرێت. بەڵام ئەو بەشە دوایی دروست نەکرا. تەنانەت هیچ کۆمیتەیەکی پەرلەمانی مافی مرۆڤیش لە ناو ئەنجومەنی نیشتمانیدا نیە، هەرچەندە ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی گفتوگۆی ناو پەرلەماندا باسی مافی مرۆڤیان هێناوەتە بەرچاو.

٢

پیادەکردنی یاسا و سیستەمی بەندیخانە

یەکێک لە ئەرکە هەرە بەپەلەکانی بەرەی کوردستانی عێراق پاش کشانەوەی هێزی حکومەتی عێراق لە ناوچەکە ساڵی ١٩٩١، دامەزراندنەوەی یاساو سەقامگیری بوو لە شارو شارۆچکەکاندا. لە ڕووی ئیداریيەوە، هێزی پۆلیس پێکهێنرایەوە لە سەر بناغەی بەرێوەبەرێتی پۆلیس بۆ هەر پارێزگەیەک و ڕاستەوخۆ بەرپرسیارکران بەرامبەر کۆمیتەی ناوخۆی «ب.ک.ع». ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنەوەی کاری ئەندامانی دەزگای دادپرسی و دادگا مەدەنییەکان (بڕوانە بەشی سێیەم)، وەهەروەها کردنەوەی بەندیخانەکان جارێکی تر لە ژێر سەرەوکارێتی پۆلیسدا.

لە ماوەی مانگەکانی نزیک بەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، پۆلیسی مەدەنی پەیتا پەیتا ئەرکی گرتن و گلدانەوە و سپاردنی حاڵەتەکان بە دادگا مەدەنییەکان گرتە ئەستۆ. وا دەترێ کە ڕێبازی یاسایی پێڕەوکراو لە سەرەتاوە لێچووی قانوونی سزایی و قانوونی ڕێکاری تاوانیی عیراقی بووبێت(٢٦)، کە ئەمانەش هەردووکیان بنەڕەتە ناونەتەوەییەکانیان تیا ڕەچاوکراوە. هەر چۆنێک بێت ئەو حاڵەتانەی کە تاوانی "ئاسایش" یان تیا بەدیدەکرا، لەلایەن کۆمیتەی ئاسایشی «ب.ک.ع» لێیان دەپرسرایەوە. گومانلێکراوان بە بێ فرمانی گرتن دەگیران و لەلایەن هەمان دەستەلاتی گرتنیانەوە پرسیارکاریان لەگەڵ دەکراو ئەمەش هەمووی بەبێ ئەوەی کە هیچ قۆناغێکی ئەم کردارە ملکەچی سەرپەرشتییەکی دادوەری سەربەخۆ بێت وەک چۆن برگەی ٩ی پەیمانی ناونەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسی «پ.ن.م.م.س» و بنەڕەتەکانی تری ناونەتەوەییەوە دادوای دەکەن. بێدەستەلاتی ئەوانەی لەو بارو دۆخەدا دەگیران دژوارتر دەبوو کەچی لە ڕووخساردا بە ناوی «ب.ک.ع»وە دەگیران، بەڵام لە ڕاستیدا دەستەلاتی گرتن و گلدانەوەیان یەکێک یا هی تر بوو لە پارتە سیاسیەکان. بێجگە لەمەش زۆر لە گیراوەکان لە جێگای نادیار گلدەرانەوە بە جۆرێک کە دەکرا بۆ ماوەیەکی بێکۆتایی بمێنێتەوە دابڕاو بن لە بنچینەترین مافیان. ئەوانەی کە لە پاشاندا تۆمەتی دانپێنراوی سیاسی یان تاوانییان ئاراستە دەکرا، دەدران بە دادگای تایبەت کە نەتوانرا موحاکەمەی ڕەوایان بۆ مسۆگەر بکەن (بڕوانە

بەشی سێیەم). ئەوانەی دەرهوەی سنووری «ب.ک.ع» لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە دەگیران، تایبەتی بزووتنەوەی ئیسلامی، لە ژێر هەمان بارودۆخدا گوزەرانیان دەکرد. «ب.ک.ع» پێرهوکار سیستەمی دادوەریی خۆی بوو و بە گوێرەی ئەو سیستەمە گیراوەکان "موحاکەمە" دەکران و سزا زیندانی یان کوشتنیان بەسەردا دەدرا.

کاتێک کە ئەنجومەنی وەزیران لە تەموز/یولیۆی ١٩٩٢دا دەستەلاتی گرتە دەست، چ هەنگاوێکی پۆزەتیف (ئیجابی) نران لە بواری پیادە کردنی یاسا لە کوردستانی عێراقدا. هەروە تا رادەی رێککەوتن پارتە سیاسیەکان رووەو یەکبوونی هێزە سوپایی و ئاسایشیەکانیان چ پێکهاتەیەکی ناوەندی بۆ پیادەکردنی یاسا خولقێنرا کە رووخساری بەربرسیاریی ئاشکرای بۆ دی کرابوو.

وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە (ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٩٢) لە ١ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر ١٩٩٢دا بانگێشت کرا(٢٧). مەبەستی سەرەکی دامەزراندنی ئەم وەزارەتە کە لە بەندی ٣(١) یاساکەدا هاتووە بریتییە لە "بەرگری لە یەکێتی خەڵک و خاکی کوردستانی عێراق لە هە جۆرێکی دەستدرێژی و لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت". بەندی ٤ باس لە دانانی کۆمیتەیەک یەکگرتنی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات کە بۆ تەجنید کردن و یەکبوونی ئەو هێزانە هەوڵ دەدات.

زووتر، لە تەموز/یولیۆی ١٩٩٢دا ئەنجومەنی نیشتمانی فەرمانێکی دەرکرد بۆ گواستنەو کارمەندانی سەربازی و پۆلیس و ئاسایش بۆ شوێنەکانی خۆیان، واتا ئەو کارمەندانی لاخرابوون و یان گوێزرابوونەوە بۆ کاری مەدەنی لەلایەن دەستەلاتی عێراقەوە لەبەر "پێوەندیان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە"(٢٨). لە مانگی ئازار/مارسی ساڵی دواتردا یاسای ژمارە ساڵی ١٩٩٣دانرا، رێگای ئەوەی دا کە ئەفسەرانی کۆنی پێشمەرگە بێنە ریزی هێزی س یەکگرتوو بە مەرجێک کە "لە ئامانجی شۆرش لایان نەدابێت و هاوکاری دوژمنی بزووتن رزگاریخوازی کوردیان نەکردبێت"(٢٩). بە واتەی وەزیری کاروباری پێشمەرگە، جەبار فەرمان تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری١٩٩٣دا ژمارەی هێزی سوپای یەکگرتوو گەیشتبووە نزیکەی ٢٥ هە کەس. ئەوکات بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە بەشداری هەریەک لە «پ.د «ی.ن.ک» ١٥ هەزار جەنگاوەری چەکدارەو ٥ هەزاری تر لە هێزی هەندێک لە پارتە بچوک پێکهاتووە(٣٠). هەروەها لە قەڵاچوالان (پارێزگەی سلێمانی) لە کۆتایی ساڵی١٩٩١دا کۆڵێ سوپایی دامەزرا، هەرچەند ئەمە زیاتر دامەزراوی «ی.ن.ک» بوو وەک لەوەی هی «ب.ک.ع» بێت.

وەزارەتی پێشمەرگە بە شێوەیەکی ڕەسمی سەرەکاریتی هیچ بەندیخانەیەک ناکات ئەگ

جیۆشوینی گلدانەوەی خۆی هەیە بۆ ئەندامانی هێزی چەکدار کە تاوانی سەربازییان دەخرێتە پاڵ. هەندێک لەم جیۆشوێنانە بریتین لەو ژوورانەی کە لە ناو یان کە نزیکن بە بارەگای لیوای تایبەتی سەر بە هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووە، کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە تەموز/یولیۆی ١٩٩٤ سەردانی کردن. هەندێ جار گرتووان لە بینایەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر گلدراونەتەوە. وابامسدەکرێت کە ڕێکاری وەزارەت سەبارەت بە گرتن و گلدانەوەو موحاکەمەی ئەندامانی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو کە تومەتبارکرابن، بە هاوکاری لەگەڵ وزارەتی داد و ناوخۆ پەیرەو دەکرێت.

وەزارەتی ناوخۆ

یاسای وەزارەتی ناوخۆ (ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٩٣) لە ٢٧ی ئازار/مارسی١٩٩٣دا بانگێشت کرا(٣١). بواری لێپرسراوی، بەو جۆرەی لە بەندی ٢دا هاتووە بریتیە لە : پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی ناوچەی کوردستانی عێراق، پاراستنی ئازادییە دیموکراتییەکان و مافی مرۆڤ، بەرهەڵستکردنی جاسووسی و قاچاچێتی، پاراستنی ئابووری و نەهێشتنی هاتنەژوورەوەی نایاسایانە بۆ ناوچەکە. کارمەندی پیادەکاری یاساکە وەزارەت سەرەوکاریان دەکات. پۆلیسی مەدەنی و هێزی ئاسایشی ناوخۆ، پێکهاتوون لە جەنگاوەرانی پێشمەرگەی لەوپێش و ئەندامانی هێزی پۆلیس کە پێشتر لە ژێر سایەی حکومەتی عێراقدا بوون. یەکێک لەو فەرمانە سەرەتاییانەی ئەنجومەنی نیشتمانی دەریکرد ئەوەبوو کە لە ڕۆژی ١٥ی تەموز/یولیۆی ١٩٩٢وە هەموو "وێستگەی پشکنینی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ" بخاتە ژێر سەرەوکاریتی وەزارەتی ناوخووە(٣٢).

وەزارەتی ناوخۆ لەسەر بناغەی شەش بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوە، لەوانە بەڕێوەبەرێتی گشتی پۆلیس، بەڕێوەبەرێتی گشتی ئاسایش(٣٣)، ناسراو بە ئاسایش. بارەگای هەردوو بەڕێوەبەرێتیەکە لە شاری هەولێرەو بەڕێوەبەرێتی پۆلیس و ئاسایشی هەرچوار پارێزگەکە بەرامبەریان بەرپرسیارن. یاسای وەزارەتی ناوخۆ مەودای ئەو تاوانانەی ساخ نەکردۆتەوە کە پۆلیس و ئاسایش بەرامبەریان لێپرسراون. بەڵام بە گشتی تاوانی ئیجرامی و ئاساییەکان پۆلیس لێیان دەپرسێتەوەو جورمی ئاسایش (ئەمنی) وەک جاسووسی و وێرانکاری و هەروەها قاچاخچێتی و موخەدەرات سەر بە ئاسایشن.

بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی پارێزگەکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی و کەرکوک لە سەر هەمان بناغە دامەزراون. لە سەرەتاوە هەرێەکەیان بریتی بوون لە سێ بەش کە کاری تایبەتی خۆیان هەبوو، واتا بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی فریاکەوتن و بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی شارەوانی و بەڕێوەبەرێتی نەهێشتنی تاوان. هەرێەکێک لەم بەشانە مەخفەری پۆلیسی جیاوازی هەبوو لە بەشە ئیداریەکانی شارەکانداو هەروەها لە پارێزگەکاندا بە شێوەیەکی گشتی. مەخفەری بەڕێوەبەرێتیەکانی پۆلیسی شارەوانی و

نەهێشتنی تاوان دەزگای گرتنی خۆیان هەبوو و ئەوانەی دەگیران لەوێ گلدەرانەوە لەوێش پرسیارکاریی سەرەتاییان لەگەڵ دەکرا. زۆربەی سکالایەکانی ئەشکەنجە کردن و مامەڵەی نابەجێی تاوانبارەکان لکە ە لایەن پۆلیسەوە کراون و ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی تۆماری کردوون، گوایا لە مەخفەرەکانی پۆلیسی بەڕێوەبەرێتی نەهێشتنی تاوان ڕوویان داوە. پاش گۆڕانکارییەک کە لە پێکهاتەی ڕێکخستنی هێزەکانی پۆلیس کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا کرا، کاری هەرسێ بەڕێوەبەرێتیەکان تا ڕادەیەکی زیاتر تێکەڵ کران و مەخفەرە جیاوازەکانیان هێنرانە ژێر فەرمانڕەوایەتیەکی مەرکەزی تر. وایان بە ڕێکخراوی ناونەتەوەیی ووت کە مەبەست لەم گۆڕانکارییە بە کارهێنانی پیادەترو باشتری سەرچاوە کەم دەستەکەوتەکان بووە.

وەزارەتی ناوخۆ هەروەها بەرپرسیاری چوار بەندیخانە سەرەکیەکانی پۆلیسە کە کەوتوونەتە شارەکانی دهۆک و هەولێرو سلێمانی و شارۆچکەی دەربەندیخان لە کوردستانی عێراق. هەموو ئەمانە بەندیخانەی ژێر دەستی حکومەتی عێراق بوون و ئێستاش هەر یەکەیان بە بەندیخانەی گلدانەوە ڕەوانەکردن دەناسرێن.(٢٤) بێجگە لەمانە بەندیخانەو جێگای گلدانەوەی بچووکتر هەن کە لەلایەن پۆلیسەوە لە شارە گەورەکان و ناوچە لادێکاندا بەڕێوە دەچن. گرتووە تاوانبارکراوەکان و هەروەها زندانییەکان، لەمانە ژن و منداڵ، کە چاوەڕوانی موحاکەمەن لەم جێگایانەدا گلدراونەتەوە. بە قسەی کاربەدەستان، کەمدەستی و نەبوونی سەرچاوە کۆسپن لە ڕێی دروستکردنی بەندیخانەی جیا بۆ دەستەی ژن و منداڵ. ئەو زیندانیانەی کە سزای کوشتنیان دراوەتێ هەر لەم جێگایانە ئیعدام دەکرێن.



گرتووان لە بەندیخانەی گلدانەوەو ڕەوانەکردن لە سلێمانی



ژوورەوەی بەندیخانەی ئاسایش لە هەولێر

هێزی ئاسایش لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ دروستکرا، واتا پێنج مانگ پێش ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایانە بکەونە ژێر سەرەوکاریێتی وەزارەتی ناوخۆ. بە شێوەیەکی کردەیی لە کانوونی دووەم/یەنایەری١٩٩٣وە کەوتوتە کار، بە تایبەتی پاش دانانی مەدەنیەک: کەریم سنجاری وەک سەرۆکی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش(٣٥). ئەم دەزگایەش لەسەر بناغەی چوار بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوە، هەریەکەی بۆ پارێزگەیەک(٣٦). تەنها بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی دهۆک نەبێت، سێیەکەی تر لەلایەن کەسانی مەدەنی بەڕێوەبەرایەتیان لێدەکرێت و هەر یەکەیان لە چەند بەشێک پێکهاتووە(٣٧) وەک: بەشی سیاسی، بەشی یاسایی، بەشی ئابووری، بەشی ڕاگەیاندن و بەشی نیشتەجێبوون و سەفەر. بێجگە لە مەڵبەندی شارە گەورەکان، کارمەندانی ئاسایش لە ناوچە ئیدارییە گەورەکانیش هەن، بەڵام نەک لە هەموو ژێرناوچەو گوندەکان.

کەریم سنجاری بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە کارمەندانی ئاسایش لەسەر بنەڕەتی "متمانە" پێکردنیان وەردەگیرێن کە ئەمەش دەبێتە ئەنجامی ئەوەی کەسانێک کە ئەندامی پارتی بەعس بووبن یاخود بە هەر شێوەیەک خزمەتی حکومەتی عێراقیان کردبێت لادەخرێن. هاروهها ووتی هەرچەند خۆی ئەمەی "بەپێچەوانەی ڕێسای مافی مرۆڤ" دەبینێت، بەڵام ئیدارەی کوردی لەم پلەیەدا بۆی دەست نادات پشت بە کەسانێک ببەستێت کە پێوەندیان بووبێت لەگەڵ دەستەڵاتی مەرکەزی لە بەغدا. ئەو وێنەیەی کارمەندانی ئاسایش کە کەریم سنجاری نیشانیدا پێناچێت بەشی زۆری دانیشتوانی کورد پەسندی بکەن. گەیی زۆر و بەجەخت گەیشتوونەتە

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی کە وا ڕادەگەیەنێت کە ئاسایش دەستەڵاتی خۆی ناهەماوار بەکاردەهێنێت، کەسانی مەدەنی هەراسان دەکەن، دەیانترسێنن و بێ سزا پێشێلکردنی هەمەجۆر تریش دەکەن.


وا دەوترێت کە کارمەندانی ئاسایش پلەیەک لە ڕاهێنان وەردەگرن کە بریتیە لەو دەرسانە نوێنەرانی دادوەری دەیدەن لە بارەی ماددەکانی ناو یاسای سزایی و یاسای ڕێکاری تاوانەوە. بە گوێرەی زانیاری ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئەو جۆری ڕاهێنانە شتێکی سەبارەت بە مافی مرۆڤ تێدانیە. ڕێکخراو چەند کوپیەکی لە کۆدی ڕەفتاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کارمەندانی پیادەکاری یاسا پێشکەش کرد بە کەریم سنجاری و هانی دا کە ئەمە بکرێت بە بەشێک لە شێوازی ڕاهێنانی کارمەندانی ئاسایش و هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. پاشان کەریم سنجاری وێنەی نامەیەکی دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی کە ئاراستەی هەموو بەرپرسەرایەتیەکانی ئاسایشی کردبوو، داوا لە لێپرسراوان دەکات کە کارمەندی دەزگاکانیان بە ناوەرۆکی ئەو ڕەوتە ڕەفتار بکەن. بەڵام ئەوەندە دەزانرێت هیچ هەنگاوێکی تر پاش ئەوە نەنراوە. کەریم سنجاری ووتی نەخشە هەیە بۆ ڕاهێنانی چڕ لە ١٩٩٤دا لە ڕێگەی ڕاهێنانی کۆرسی سێ مانگیەوە. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە بابەت ئەم کۆرسانەوە زانیارییەکی نیە، لەبەر ئەوە ناتوانێت کاریگەری لەمەو دوایان بخەملێنێت.

بە ڕەسمی، سنووری سەرەوکاریتی ئاسایش بریتیە لە دوو بەشی سەرەکی تاوانی ناوخۆیی و تاوانی سیاسی. یەکەمیان قاچاخچێتی و چەسپاندنی ناقانوونی نرخی شتومەک و دووەمیان بە ڕادەی سەرەکی کرداری تیرۆریزم، وێرانکاری و جاسووسی دەگرنەوە. کەریم سنجاری بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ڕاگەیاند کە ئاسایش خەریک بووە بە کۆکردنەوەی هەندێ ئاگاداری کە پێوەندیان هەبێت بە تیربارانکردنی سیاسی و جۆری ترەوە هەروەها ئەو زانیارییەی کە لەمە بە دەست دێت، دەدرێتە پۆلیس کە لێپرسراویی سەرەکی هەیە بەرامبەر بە پەسادانی بە جۆرە تاوانانە.

لە زۆر بواری نەهێشتنی تاوان ناکۆکی نێوان هێزی پۆلیس و ئاسایش پاش دامەزراندنی ئاسایش پەیدا بوو. ژمارەیەک لە ئەفسەرانی پۆلیس گلەیی خۆیان دەربڕی بۆ ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی کە زۆر جار ئاسایش دەست دەخاتە کاریانەوە بەتایبەتی لە بواری گرتن و گدانەوەی پرسکاریی کەسانێک کە تۆمەتبارن بە کردنی تاوانێک کە ئاشکرایە لە دەرەوەی سەرەوکاریتی ئاسایشە. لەو حاڵەتانەدا وا ووتراوە زۆرجار تۆمەتباران دەگیرێن بە بێ ڕێداری (تفویض) لە هەروەها بەبێ سەرپەرشتی دادوەریی دەعواکانیان، گلدەرێنەوە. لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٣دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئەم بابەتەی خستە بەرچاو کە سنجاری، ئەویش دانی بەمە دانا کە ڕاستە ئاسایش "لە ڕۆژانی زووداً" دەستی خستوتە کار

پۆلیسەوە، بەڵام ووتی ئەو گیروگرتانە لە پاش چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرانی پۆلیس چارەسەر کران. هەروەها تێبینی ئەوەی کرد کە دەزگای پۆلیس لە کوردستانی عێراق "کۆن"ە و پۆلیس هاوبەشی ئەو "دڵگەرمی"ە نیە کە لە ناو هێزی ئاسایشی تازە دامەزراودا هەستی پێ دەکرێ. دووبارە ووتی کارمەندانی پۆلیس زۆر جار "ئامادەنین شەو بە دەرەوەبن" کاتێک کە بانگ دەکرێن بۆ شوێنی تاوان تیاکراو و "هێندەی ئاسایش لە خۆبووردوو نین" لە شەر دژ بە تاوانکاریدا. ووتی ئەم هۆیانە وای کردووە کەوا ئاسایش لە دەرەوەی سنووری سەرهۆکارێتی خۆیدا چالاک بێت. ئەم قسانە یەکەسەر بەرپەرچ درانەوە لەلایەن نوێنەرانی پۆلیسەوە کە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەگەڵیان دووا. لەمەش بەولاوە ئەم قسانە هیچ خۆراگرنین بەرامبەر بەو ئەنجامانەی ریکخراو بە دەستی هێناون لەسەر بەکارهێنانی نادروستی دەستەڵات لەلایەن ئاساییشەوە.

کاربەدەستان وا رادەگەیەنن کە ریکار (اجراءات)ی گرتن و گلدانەوە کە لەلایەن کارمەندی ئاساییشەوە پەیرەودەکرێن رەچاوکەری یاسای سزاکانی عێراقی و کودی ریکاری تاوانی (جنائی) عیراقییە، بەڵام ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چەندەها راپۆرتی بۆ هاتووە سەبارەت بە ئەتککردنی ئەو یاسایانە لەلایەن ئاسایشەوە، لەمانە ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێی گرتووەکان و فەراموشکردنی مافە یاساییەکانیان. تۆمەتباران، لە یەکێک لە چوار بەندیخانە سەرەکیەکانی ژێر دەستەڵاتی ئاسایش لە پارێزگای هەولێر، دهۆک، سلێمانی و کەرکوک گلدەرێنەوە. ساختمانی ئەو بەندیخانانە گەلێک جار دیواریان یەکە لەگەڵ بارەگای بەرێوەبەرایەتییەکانی ئاسایش و هەروەها لە



بەرێوەبەرێتی ئاسایشی دهۆک

رووی گەورەییش، لە یەک دوو ژووری بچووکەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە جێگای زۆر فراوان کە سەدەها خەڵک بگرێت. بارەگای بەرێوەبەرێتی گشتی ئاسایش لە هەولێر ئەویش جێگای تایبەتی گلدانەوەی هەیە کە زیاتر گرتووی سیاسی و جۆری تری لێ دادەنرێت. لە ناوچە لادێییەکان، مەڵبەندی ئاسایش جێگای گلدانەوەی کورت خایەنییان هەیە کە تۆمەتباران لێی دادەنرێت هەتا رەوانەی بەندیخانە سەرەکییەکانی شارەکان دەکرێن.

بەندیخانەکانی لەلایەن پۆلیسی مەدەنی و ئاسایشەوە بەڕێوەدەچن و دەتوانرێت پێیان بووترێت بەندیخانە "رەسمی" یەکانی کوردستانی عێراق. دەستەڵاتە کوردییەکان رێگایان داوە بە رێکخراوە مرۆڤایەتییە ناونەتەوەییەکان بەتایبەتی کۆمیتەی ناونەتەوەیی خاچی سوور سەردانی بەردەوامی ئەم جێگایانە بکەن. تا ئەمڕۆش هەر داوایەکی رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هەبوو بێت بۆ سەردانی ئەم بەندیخانانە، پەسند کراوە. گەڵێکیان زۆر قەڵەبالغن. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە زیندانی حوکمدراو لەگەڵ ئەوانەی گل دراونەتەوە و چاوەڕوانی موحاکەمە دەکەن، پێکەوە دانراون، هەرزەکار و کەسانی بە تەمەن گەورەتر هاوبەشی یەک جێگەن و گرتووە ژنەکان جێگەی جیاوازیان نیە. لە کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٩٢دا بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووترا کە ئەنجومەنی نیشتمانی نەخشەی دامەزراندنی بەندیخانەیەکی تازەی مەرکەزی لە ناوچەی خەلیفان پەسند کردووە بە مەبەستی نەهێشتنی فشاری قەڵەبالغی و چاککردنی رەوشی گلدانەوە و دروستکردنی جێگای جیاواز بۆ گرتووە هەمە چەشنەکان. تا ئەمڕۆ ئەو بەندیخانەیە دروست نەکراوە. لە تەموز/یولیۆی ١٩٩٤دا وەزیری ناوخۆ بە رێکخراوی ناونەتەوەیی ڕاگەیاند کە بڕیارێک هەیە کە کارخانەیەکی بە کارنەهاتووی تووتن لە هەولێر بکرێتە بەندیخانەیەکی مەرکەزی و بەئومێد بوو کە ئەو بڕیارە پیادە دەکرێت.

٣

دادوەری و دادگاکان

ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نیگەرانە سەبارەت بەوەی کە سیستەمی دادوەری لە کوردستانی عێراقدا بەو جۆرەی دامەزراوە لە سەر بناغەی یاسای عێراقی و لە رێی تەشریعی و بەکارهێنانەوە دەستکاری کراوە لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراقی، بۆتە هۆی موحاکەمەکردنی نارەوای زیندانییانی سیاسی و سەپاندنی سزای کوشتن و هەروەها رێگای ئەشکەنجە و مامەلە کردنی نابەجێی داوە لەلایەن دەستەلاتی ئیدارەی کوردییەوە. ئەو سیستەمی دادگا تایبەتیانەی کە رێکار و شێوەی بە کارهێنانی تایبەتی بووە و ئێستا هەڵوەشاوەتەوە و هەروەها کەوتنی دادپرسانی دادگا تایبەتەکانی ژێر فشاری دەرەوە، بوونەتە هۆی نەمانی مافی سەرەکی زیندانیە سیاسیەکان کە موحاکەمە بکرێن لەلایەن دادگای لێهاتووی سەربەخۆی بێ لایەنەوە. بنەڕەتی ناونەتەوەیی کە بە تایبەتی پێوەندی بە بەندی ٩ و ١٤ی «پ.ن.م.م.س» سەپێنەری قایمکاری دژی گلدانەوەی بەڵگەنەگرو مسۆگەرکەری مافی موحاکەمەیە لەلایەن دادگای لێهاتووی سەربەخۆی بێلایەنەوە، هەروەها رێسای بنچینەیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە سەربەخۆیی دادپرسی دابینەری ئەوەیە کە ئەو دادگایانەی پەیڕەوی رێکاری دروست ـ دامەزراوی پرۆسەی یاسایی بەکارناهێنن، نابێت دروستبکرێن بۆ ئەوەی جێگای سەرەوکارێتی دادگا ئاساییەکان بگرنەوە. رێکخراوی لێبوردنی ناو نەتەوەیی هەروەها نیگەرانە کە هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ کۆتایی پێ هێنانی دەستدرێژی سیاسی لە ناو بەرێوەبردنی دادپرسی لە هەموو ئاستەکانیدا.

هاتنە کایەی سیستەمێکی دادپرسی مەرکەزی لە کوردستانی عێراق بە چەند قۆناغێکی دروستبووندا تێپەڕی. لە ماوەی نێوان کۆتایی مانگی ئازار/مارس و هەفتەی سێیەمی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا دەستەلاتی دادپرسی لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستی کورد مابوونەوە بە رەسمی لەلایەن «بەرەی کوردستانی عێراق»ەوە بەکاردەهات. ئەمەش بریتی بوو لە گرتن، گلدانەوە و پرسکاریی تۆمەتبار، دامەزراندنی دادگا تایبەتەکان، زیندانیکردنی کەسانی تاوانبارکراو، سەپاندنی سزای کوشتن بەسەر ئەو

زیندانیانەی کە تاوانبارکرابوون بەو تاوانانەی سزایان کوشتنە لە ژێر یاسای عێراقیدا ئەنجامدانی هەندێک لەو حوکمانە. لە هەمان کاتدا هەر پارتییەش سیستەمی یاساو سەقامگیری خۆی هەبوو بۆ گلدانەوەو پرسکاریی تۆمەتباران لە بەندیخانە و گرتووخانەی خۆیاندا و تەنانەت هەندێ جار ئیعدامیشیان دەکردن.

پەیرەوکردنی ئەم سیستەمە بەردەوام بوو تا پاش کشانەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراق لە زۆر ناوچەکانی کوردستانی عێراق لە ٢٣ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا. بەڵام ئەنجامی کشانەوەیە ئەوەبوو کە دادگا مەدەنیەکانی ئاڕای (لەمانە دادگا تاوانیەکانیش) شارەکانی هەولێر، سلێمانی و جێگایانی تر، بەپێرینە ژێر دەستەڵاتی ئیدارە کوردیەکەوە بنەمای سیستەمی دادپرسی مەرکەزی ناوچەکە پێک بهێنن. هەر وەک پێشوو، ئەم دادگانە بەردەوامی کاری خۆیان بوون بە شانی دادگا تایبەتەکان کە لەلایەن بەرەی کوردستانی عێراقەوە دامەزرا بوون. دەستەڵاتی هەرە بەرزی دادپرسی لە هەردوو دادگای تایبەت و دادگا تاوانیەکاندا بەدەست «ب.ک.ع» بوو تا پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران لە تەموزی/یولیۆی ١٩٩٢دا و دامەزراندنی وەزارەتی دادگا دا. لە مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر هەموو دادگا تایبەتەکان هەڵوەشێنران.

دادگا تایبەتەکان

یەکێک لە بڕیارە مەزنەکانی «ب.ک.ع» لە ساڵی ١٩٩١دا دامەزراندنی دادگا تایبەتەکان بوو کە کردار خاوەنی ریکاری تایبەت بوون، بۆ مەبەستی هەوڵدانێک بۆ پیادەکردنی یاسا و سەقامگیری لەو ناوچانەدا کە لە ژێر رکێفی کوردیدا مابوونە پاش تێکشکانی ڕاپەڕینەکە. بە گوێرەی زانیاریی ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، یەکەم دادگای تایبەت لە دیانا (ناوچەی سۆران) بە هاتنە کەریم سنجاری کە نوێنەری ئەو کاتەی «ب.ک.ع»ی ئەو ناوچەیە بوو دامەزرا. بڕیاری دامەزراندنی ئەم دادگایە لە ناوەڕاستی نیسانی/ئەپریلی١٩٩١دا وەرگیرا، پاش ماوەیەکی کەم دادگای «ب.ک.ع» هاتە کایەوە. ئەم دادگایە حەوت دادپرسی هەبوو کە وا دەوترێ هەموویان دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدا بوون. دادگاکە لە هەر دوو جۆری دەعوای تاوانی و ئاسایشی دەپرسیە بەرەی حوکمەکانی لەلایەن نوێنەری «ب.ک.ع»ی ناوچەکەوە پەسند دەکران. گەلێک دادگای تری ناوچەکانی «ب.ک.ع» و بە شێوازی هاوجۆر لە جێگای تری وەک شەقڵاوە و رانیە دامەزران.

زانیارییەکی کەم لە لای ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هەیە دەربارەی شێوەی کارکردنی دادگاکانی «ب.ک.ع» کە هەر وەک لەلایەن لێپرسراوان ووترا، پیادەی یاسای عێراقیی ئاڕاستە کردووە. بەڵام ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ڕاپۆرتی جۆراوجۆری بۆ هاتووە، لەمانە کەسانێکی نزیک بەو دادگایانە، وا دەردەخەن کە فەسادی و دەستێوەردانی سیاسی لە پلەی بە

کاریکردوتە سەر بڕیاری دادگا. لەمانە بەرتیل خواردنی هەندێ ئەندامانی دادگاو تەقەلای کارمەندانی «ب.ک.ع» بۆ دەستخستنە ناو هەندێ دەعوای دیارکراو بەتایبەتی بە شێوەی هەوڵدان بۆ بەردانی ئەو گرتووانەی سەر بە پارتیە سیاسیەکان بوون.

دادگاکانی «ب.ک.ع» تەمەن کورت بوون. لە ناوەراستی ئایار/مایۆی ۱۹۹۱دا «ب.ک.ع» بڕیاری دامەزراندنی پێکهاتەیەکی دادپرسی تازەی دا بۆ ناوچەکانی کە لەژێر کۆنترۆڵی کورددان. ئەرکی چاودێری و پیادەکردنی ئەم سیستەمە تازەیەی دادپرسی درا بە لێپرسراوێکی بەرزی «ب.ک.ع»، قادر عەزیز جەباری، کە ئێستا وەزیری دادە. ناوچەکە کرابووە چوار کەرت، هەر کەرتە دادگایەکی سەرەکی هەبوو. دادگای کەرتی هەولێر لە شەقلاوە دادەنیشت و دادگای کەرتی سلێمانییش لە قەڵاچوالان، هی دهۆک لە قادەش و دادگای کەرتی گەرمیانیش لە ناوچەیەکی شاخاوی دەروبەری شاری کفری[۲۸]. سەرۆکایەتی هەر یەکێکیان لێپرسراوبوو لە سەرپەرشتیکردنی ژمارەیەک لە دادگاکانی خواروتر کە لە ناو هەر کەرتێکدا پێکهاتبوون بۆ پرسینەوەی دەعوای جۆراوجۆر. ئەم دادگا خوارووانە وا دەگەیەنرێت کە بڕیتی بوون لە دادگای تاوانی، دادگای سەرهتایی، دادگای خەتاکاری، دادگای پەسادان (محكمة التحقيق)و دادگای دارەتی کەسی (محكمة الاحوال الشخصية).

لە ئایار/مایۆی ۱۹۹۲دا نوری ئیسماعیل نانەکەلی[۲۹] کە لەوپێش سەرۆکی دادگای کەرتی هەولێر بوو، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە دادگاکانی کەرتەکان پێرەوی یاسای عێراقی ئارا دەکەن، بێجگە لەو مەرجانەی "کار لە ئازادی و ئاسایشی تاک (فەرد) دەکەن". دیسانەوە زانیاریەکی ئەوتۆ لای ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نیە لەسەر کارگوزاری دادگای کەرتەکان. بەڵام ڕێکخراو ڕاپۆرتی بۆ هاتووە وا نیشان دەدات کە ئەم دادگایانەش نارێکی ڕێکاری زۆریان تێایە بوونەتە بابەتی دەستتێوەردان لەلایەن پارتە سیاسیەکان. هەندێک لەو شتانەی باسیان هاتووە لەوە دەچێت کە چەند دادپرسێک تێکەڵ بە گێژاوی ئەشکەنجەدان و مامەلەی نابەجێی گرتووەکان و بەردانی بە دزیی گرتوو بە مەبەستی سیاسی یاخود مادی، بووبن.

تا مانگی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ۱۹۹۱، هەموو دادگای کەرتەکان هەڵوەشێنران و جێگایان پڕکرایەوە بە دادگای باڵای کوردستان کە بوو بە بەرزترین دامەزراوی دادپرسی لە ناوچەی ژێر دەستی کوردیدا. بەندی ۱ی فەرمانی ژمارە ۳۰۳۵ کە لەلایەن هەیئەتی جێگری سەرکردایەتی سیاسی «ب.ک.ع» لە ٥ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ۱۹۹۱دا دەرچوو، گەمارۆی دەستەلاتی ئەم دادگایەی بەم شێوەیە ناساند : پرسینەوە لە هەموو دەعواکانی کە بەسروشت تاوانین، تەنها ئەوانە نەبن کە حەوالە دەکرێن بۆ دادگای باڵای تایبەتی شۆرش کە مانگێک پاشتر پێکهات (بڕوانە خوارەوە)، لە بواری بە سەرکردنەوەدا، پیاچوونەوەی حوکمی دادگا مەدەنیەکان کە تێیاندا بڕیاری دادگا بنبڕبوونە، دانانی دادپرسان و وەرگرتنی هەنگاوی تەئدیبی بەرامبەریان.

بەندی دوو دەڵێت هەموو ئەو حوکمانەی دراون لەسەر دەعوا تاوانیەکان لەلایەن دادگای بالای کوردستانەوە دەدرێن بە هەیئەتێکی گشتی دادگاکە بۆ پیاچوونەوە. بڕیارەکانی ئەو هەیئەتە گشتییە بنبڕن، تەنیا لە حاڵەتی سزای کوشتندانەبێت کە دەبوایە «ب.ک.ع» پەسندی بکات.

دادگای بالای کوردستان لە شەقلاوە دادەنیشت و سێ ئەندامی هەبوو. هەموو دەعوا تاوانیەکانیان کە بە راگیراوی مابوونەوە پاش هەڵوەشاندنەوەی دادگای کەرتەکان، حەوالەی ئەم دادگایە کران. سەرۆکی دادگای ئەو کات، نوری ئیسماعیل نانەکەلی، لە مانگی ئایار/مایۆی١٩٩٢دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە دادگاکە پەیڕەوی یاسای عێراقی دەکات، واتا یاسای ڕێکاری تاوانباری و یاسای سزایی، دانی بەوەدانا کە هەندێ لە مەرجەکانی ئەم یاسایانە جاروبار پێشێلکراون، بە تایبەتی سەبارەت بە مامەلەکردنی گرتووەکان لە ماوەی گلدانەوەی پێش محاکەمەیاندا.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە ڕاستیدا ژمارەیەک هەواڵی پۆگەیشوون دەربارەی هەبوونی نادروستیی زۆر لە هەموو قۆناغەکانی کارکردنی دادگای بالای کوردستاندا کە دانیشتنەکانی نهێنی بوون. لە شێوەی ئەم نادروستیانە، ئەشکەنجە یا مامەلە کردنی نایەجێر گرتووەکان، کە هەندێکیان منداڵ بوون لە کاتی پرسکارییدا، بۆ ئەوەی ئیعتیرافیان لێ دەربێنن هەڕەشەی لێ دەکرا و هەڕەشەی ئەو جۆرە "ئیعتیرافانە" وەکو تەنیا بەڵگەی بنەما بۆ حوکمدان، موحاکەمەکردن بەبێ ئامادە بوونی پارێزەری دیفاع و ڕێگەنەدان بە مافی بەسەرکردنەوە. وەک باس دەکرێت دادگاکە ژمارەیەک سزای کوشتنی داوە، ئەگەرچی لەم ڕووەوە کاربەدەستان هیچ زانیارییەکیان ووردو باوەڕپێکراویان بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نەداوە. نوری ئیسماعیل نانەکەلی بە ڕێکخراوی ڕاگەیاند کە یەکەم سێ سزای کوشتن کە لەم دادگایە دەرچوون بە دەستڕێژ لێکردن لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا بە ئاشکرا ئەنجام دران و سزای کوشتنی لەوەپاش بە نهێنی ئەنجام دەدران. یەکێک لەو قسانەی گەیشتبووە ڕێکخراو ئەوە بوو کە بڕیاری حوکمدان بە کوشتن و ئەنجامدانی ئەو سزایانە لە هەندێک حاڵەتدا لەسەر بنەڕەتی سیاسیەوە دەدران. هەڕەشەی هۆی سیاسی دەوری خۆی دیوە لەوەی کە بڕیارەکانی دادگا سزای سەپاندنی جەزای پارە بن لە جیاتی زیندانی کردن.

لەسەرەتای تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩١داو تا مانگێک پاش پێکهێنانی دادگای بالای کوردستان، دادگایەکی تایبەتی تر دامەزرا. دادگای بالای تایبەتی شۆڕش هاتە کایەوە، گوایە بۆ پشکنینەوە لە دەعوا "تایبەت" یاخود "خەتەر"مکان(٤٠). ئەمانە بریتیبوون لە جاسووسی و وێرانکاری و هەڕەشەی تاوانی تر کە سروشتێکی سیاسی هەبێت. ئەم دادگایە لە شەقلاوە دادەنیشت و پێکهاتەی ئەندامی هەبوو. لە ڕووی تیۆرییەوە، دادگاکە پەیڕەوکاری مەرجەکانی یاسای ڕێکاری تاوانی یاسای سزایی بوو. بەڵام لە کرداردا گوایە دانیشتنەکانی بنەڕەتی هەڕەشەیی موحاکەمەی ڕووبەڕووی



بنایەی کە ناسراوبوو بە دادگای بالای تایبەتی شۆرش و گرتووخانەکەی تەنیشتی لە شەقلاوە

رەچاو نەدەکرد، تەنانەت هەتا ئەوانەش کە لە یاسا عێراقیەکاندا باسیان هەیە. موحاکەمەکردن لە پێش ئەم دادگایە وا باس دەکرێت کە دەستبەجێ بووە و هەمان جۆری نادروستیان تیابووە کە لەوپێش باسکران سەبارەت بە دادگای بالای کوردستان. سەرەڕای ئەمەش ئەو دادگایە زیاتر بە "دادگایەکی سیاسی" ناسراوە بەو مانایەی کە بڕیارەکانی زیاتر لە بۆچوونی سیاسی دراین وەک لەوەی یاسایی بن. زۆر حالات هەبوو ئەگەر کەسێکی گیراو سەر بە یەکێک لە پارتە یاسایەکان بووایە، ئەوا دەڵێن لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا بەرەڵا دەکرا بەرامبەر بە وەرگرتنی پارەیەکی زۆر (کە وەکو "غەرامەت" دەستنیشان دەکرا) و گوایا هەتا رێکەوتنێکی زاریش سەبارەت بەمە لە نێوان پارتەکانی ناو «ب.ک.ع» هەبووە. ژمارەی زۆر لە حوکمی کوشتن سەپێنراون لەلایەن ئەم دادگایەوە، بەڵام کاربەدەستان هیچ زانیارییەکی تەواویان سەبارەت بەمە نەداوە بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی. هەیئەتی جێگری سەرکردایەتی سیاسی «ب.ک.ع» بە گوێرەی قسەی یەکێک لە ئەندامەکانیەوە، لە ماوەی چوار مانگی تەمەنیدا "دەیان" حوکمی کوشتنی پەسند کردووە کە لەلایەن ئەم دادگایەوە دەرچوون.

وادەزانرێ کە ڕادەی دەستتێوەردانی سیاسی لە کاروباری دادگاکەدا بە هۆی سەرەکی بارکەوتنی دادگاکە دەبینرێت لە کۆتایی کانوونی دووەمی/پنایەری۱۹۹۲دا، کاتێک ناکۆکی لەسەر دەعوایەکی تایبەت لە نێوان «پ.د.ک» و «ی.ن.ک»دا پەیدا بوو. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ کۆچی دوایی سەرۆکی دادگا، عومەر مستەفا، لە کۆتایی ئەو مانگە و لە کاتی گرتنی کۆنفرانسی یەکەمی «ی.ن.ک» دا. دادگای بالای تایبەتی شۆرش دەتوانرێت بووترێت کە لە ڕاستیدا لە کارکەوت،

ئەگەرچی دوو مانگ پاشتر هەڵوەشێنرا. لەم نێوانەدا، دادگا ئاسا تاوانبەکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک بەرە بەرە دەعوای زیاتریان گرتە دەست. ئەمەو چاکبوونی باری ئاسایش لە ناوچەکەدا و رادەیەک لە چەوساندنەوەی سەقامگیری و حوکمی یاسا، وایان کرد کە «ب.ک.ع» دادگای باڵای کوردستان لە ٢٨ی کانوونی دووەمی/ینایەری١٩٩٢دا هەڵوەشێنێت. هەموو ئەو دەعوایانەی لەم دادگایە راگیرابوون حەوالەی دادگای باڵای تایبەتی شۆرش کران کە ئەمیش لە کۆتایی شوباتی/فێبرایەری١٩٩٢دا هەڵوەشێنرایەوە. لەگەڵ بوونی دادگای تاوانیی کارگوزار و بەکارهاتوودا، سەرکردایەتی «ب.ک.ع» هێشتا هەر بڕوای بە پێویستی بوونی دادگایەکی تایبەت هەبوو بۆ پرسینەوەی دەعوای ئاسایشی و سیاسی. ئەمبوو لە ١٩ی ئازار/مارسی١٩٩٢دا هەیئەتی شۆرش دابنێت و فەرمانی ژمارە ٢٨١ بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٢ی ئازار/مارس دەرچوو. جێگەی دانیشتنی دادگاکە هەولێر بوو لە نووسینگەی بەندینخانەیەکدا کە سەر بە بەڕێوەبەرێتی پێشووی پۆلیس بوو. سێ حاکمی مەدەنی ئەندامی بوون کە وا باسە هەر سێکیان دەرچووی کۆلێژی یاسا بوون. ئەو دەعوا ئاسایشی و سیاسیانەی کە راگیرابوون کاتی هەڵوەشاندنەوەی دادگای باڵای تایبەتی شۆرش، حەوالەی ئەم دادگایە کران.

ئەوەندەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاگادارە، هیچ فەرمانی تر لەلایەن «ب.ک.ع»ەوە دەرنەچوو بۆ دیار کردنی سنووری تایبەتمەندی ئەم دادگایە، کە لە ڕاستیدا هەر دادگای باڵای تایبەتی شۆرش بوو بەڵام لە ژێر ناوێکی تازەو ئەندامانی تازەدا.(٤١) فەرمانی ڕۆژی ١٢ی ئازار/مارسی١٩٩٢ دەڵێت ئەم دادگایە لەو "دەعوایانەی کە سەرکردایەتی سیاسی پێی دەسبێرێت" دەپرسێتەوە، سەرۆکی ئەم دادگایە، فارق جەمیل لە کۆتایی ئایار/مایۆی١٩٩٢ بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت ئەم دادگایە کاتییەو بۆ قۆناغی گواستنەوە پێکهاتووە بۆ پرسینەوە لە دەعوای ئاسایشی. ئەمانەش گوایا بریتین لە جاسووسی، وێرانکاری و هەر چالاکیەکی تر کە زیانبەخش بێ بۆ "سەلامەتی شۆرش". ئەو چالاکیانەش وا هەست دەکرا بە جۆرێکی سەرەکی لەلایەن بە کرێگیراوانی حکومەتی عێراقەوە کە لە ناوچەکەدا هەن، دەکرێن. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، پێی ووترا کە دادگاکە شوێن ئەو ڕێڕەوەی یاساییە دەگەڕێت کە لە یاسای ڕێکاری تاوانیی عێراق و یاسای سزاییدا هەیەو هیچ دەستەلاتێکی زیاد نەدراوە بە دادگاکە کە بتوانرێت پێشبڕکێ لە ناوەڕۆکی ئەو یاسایانە بکات، لێپرسینەوەی سەرەتایی لەو دەعوایانەی کە سروشتی ئاسایشیان هەیە، بەگشتی لەلایەن کۆمیتەیەکی ئاسایشی «ب.ک.ع» ئەنجام دەدران پێش ئەوەی ئەو دەعوایانە حوالەی دادگاکە بکرێن، ئەگەرچی لە هەندێ حاڵەتدا ئەو لێپرسینەوەیە لە ڕێگای پۆلیسی مەدەنیەوە دەستی پێ دەکرا و دوایی، واتا پاش ئەوەی سروشتی ئاسایشی دەعواکە دەردەکەوت، حەوالەی دادگاکە دەکرا. فارق جەمیل باسی ئەوەی کرد کە مافی یاسایی گرتووەکان ڕێزی لێ دەگیرێت کاتێک کە حەوالەی دادگاکە دەکرێن. دادپرسێکی پەسادەر (حاکم تحقیق)

دانرابوو تا لە دەعواکان بکۆڵێتەوە ماوەی گدانەوە ئەگەر پێویست بێت بە پێرەوی یاسای ڕێکاری تاوانی، تازەبکاتەوە. دووبارە ووتی گرتووەکان بواری ئەوەیان پێ دەدرێت کە پارێزەری دفاعیان هەبێت کە بتوانێت لە دوو ڕۆژی دیاریکراوی هەفتەدا نوێنەرایەتی گرتووەکان بکەن، هیچ ئەشکەنجەو مامەڵەی نانەجێ دژیان بەکار نایەت، وە هەموو موحاکەمەکان، بێجگە لەو دەعوایانەی تاوانی "ئەخلاقی" یان تیایە بە ئاشکرا دەکرێن. بەڵام بڕیارەکانی دادگا بنبڕن و زیندانی تاوانبارکراو مافی بە سەرکردنەوەی نابێت، هەتا لە حاڵەتی سزای کوشتنیشدا.

پاش ئەمە، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چاوی بە دوو دادپرسی یارمەتیدەری دادگاکە کەوت. ڕێکخراو پێی ووترا کە نزیکەی ٨٠ زیندانی تاوانبارکراون لەلایەن دادگای باڵای تایبەتی شۆرشەوە لە شەقلاوە لە سەر تۆمەتی جۆراوجۆر لەمانەش کوشتن، دزی و تەزویر. هەروەها نزیکەی ٦٠ گرتووی تریش هەبوون کە لە ١٩٩١دا گیرابوون و لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی دادگاکەدا هێشتا موحاکەمە نەکرابوون، پانزە گرتووی تریش کە تۆمەتی ئاسایشیان ئاراستە کرابوو. تۆماری بەندینخانەکە دەری خست کە ٢٣٠ کەس زیندانی کراون تا ٢٩ی ئایار/مایۆی١٩٩٢. ئەوانەی تاوانبار کراون حوکمەکانیان لە سالێکەوە تا زیندانی ئەبەدی بووە، ئەمەش بۆ هەردوو تاوانی ئاسایشی و ئاسایی.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بواری دەستبەستنەکراوی پێدرا بوو بۆ سەردانی زیندانیەکان و ڕێگای درا کە سەیری فایلی زیندانیە تاوانبار کراو و گرتووەکانیش کە چاوەڕێی موحاکەمە بوون، بکات و وێنەی هەندێ دۆکیومەنتیش بگرێت. دەرکەوت کە لە هەندێ حاڵەتدا ڕێرەوی کار هەڕەمەکی بووە و هەندێ لە تاوانبارەکان موحاکەمە کراون و حوکمیش دراون بێ ئەوەی نوێنەرایەتی یاساییان هەبێت.

یەکێک لە دادپرسە یاریدەدەرەکانی دادگاکە بۆ ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دانی بەوەدا کە هەندێ لە تاوانبارەکان پارێزەری دیفاعیان نەبووە، بە تایبەتی ئەوانەی تۆمەتباربوون بە جاسووسی و وێرانکاری و گومانی ئەوەیان لێ دەکرا کە بەکرێگیراوی حکومەتی عێراق بن. ووتی سیاسەتی دادگاکە ئەمە نیە تاوانبارەکان بێبەش بکات لەم مافە، بەڵکو زۆر کەم لە پارێزەران ئامادەن دیفاع لەم جۆرە کەسانە بکەن کە ئەم جۆرە تۆمەتانەیان کردووە.[٤٢] ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی پاشان لەلایەن ئەندامانی تری دادپرسیەوە پێی ووترا کە لە ڕاستیدا دانیشتنەکانی ئەم دادگایە نهێنی بوون. گوایا ئەشکەنجە و مامەڵەکردنی نابەجێی گرتووەکان لە ماوەی پێش محاکەمەیاندا، کارێکی ڕۆتینی بووەو کەوا "درکاندن - اعتراف"ی کە لەو بارەدا وەرگیراون، بۆ چەسپاندنی تاوانەکانیان بە کارهێنراون.

دادگای تایبەتی شۆرش بەردەوام بوو لە کارکردن تا ئەو کاتەی لە ناوەڕاستی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٢دا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە هەڵوەشێنرا[٤٣]. فەرمانی هەڵوەشێنەری

ئەم دادگایە ئەوە رادەگەیەنێت کەوا هەموو ئەو حوکمانەی لەلایەن دادگاکەوە دراون، بە حوکمی پەسند کردنیان لەلایەن «ب.ک.ع»ەوە کە لە کاتەدا خاوەنی بەکرداری ئەو دەستەڵاتە بوو (بەندی ٢)، پیادە دەکرێن، کەوا هەموو حاڵەتە تاوانییەکانی بڕیاریان لێ درابوو لەلایەن ئەم دادگایەوە، حەواڵەی دادگای بە سەرکردنەوەی هەرێمی کوردستان دەکرێن هەر کە ئەم دادگایە دادەمەزرێت (بەندی ٣)(٤٤) و هەموو ئەو دەعوایانەی ئەم دادگایە بڕیاریانی لە سەر نەداوە دەدرێن بە وەزارەتی داد بۆ سپاردنیان بە دادگای تایبەتمەند (بەندی ٤).

ئەگەرچی دادگای بە سەرکردنەوەی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسا لە کانوونی یەکەمی/دیسەمبەری١٩٩٢دا دامەزراو لە ناوەڕاستی کانوونی دووەم/یەنایەری١٩٩٣ کەوتە کار ئەوەندەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاگاداراە، بە لای کەمەوە بۆ ماوەی شەش مانگ هیچ دەعوایەک لەم دادگا تایبەتیانەوە نەدراوە بەم دادگایە بۆ بەسەرکردنەوەیان. تەنانەت لە کۆتایی مانگی تەموزی/یولیۆی١٩٩٣دا بوو کە وەزیری دادی تازە، قادر عەزیز جەباری، دامەزراندنی کۆمیتەیەکی خاوەن سێ ئەندامی ڕاگەیاند بۆ پیاچوونەوەی ئەو دەعوایانەو حەواڵەکردنیان بۆ دادگای پێوەندیارەکان(٤٥). لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٣دا دادپرسی پەسادەر کە سەرۆکی کۆمیتەکە بوو، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە لە سەدەها دەعوای کە کۆمیتەکە پشکنیویانە ٧٤ بڕیتن لە تۆمەتی تاوانی کە لەلایەن دادگای تایبەتی شۆڕشەوە حوکمیان تیادراوە. هەروەها ووتی کە حوکمی کوشتنیان تیا نیەو کەوا هەر لەو دەعوایانە، ٢٥٠ حەواڵەی دادگای بەسەرکردنەوە کراون(٤٦). دیسان ووتی کەوا دادگای بەسەرکردنەوە ئەو حوکمانەی کە دەربارەیان هەڵە پێڕەوکردنی ڕێکاری یاساییدا بە دی کرابێت بەتاڵەکانەوە ئەوانەی هەڵەیان تیا نیە پەسند کران.

سەرۆکی دادگای بەسەرکردنەوە، دادپرس ڕەشید عەبدولقادر سەلیم بۆچوونێکی تری هەبوو لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٣دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە هەتا ئێستا حاڵەتێکدا کە ڕێکاری یاسایی پەیڕەوکراو بە نادروست دابنرێت، حوکمەکان پەسند دەکرێن چونکە "دەکەونە دەرەوەی خولی بواری هەموو پیاچوونەوەیەک". ئەمەی دەستنیشان کرد کە ژمارەی ئەو حاڵەتانە کەمە و ئەو حوکمەکانەی کە دروان هاوتان لەگەڵ تاوانە کراوەکاندا. ئەوەشی ووت کە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆی هەیە لێبوردنێکی ڕێژەیی یا گشتی دەربکات ئەگەر هەستی کرد کە حوکمانەی لەلایەن دادگا تایبەتیەکانەوە دراون، زیاد تۆندن.

ئەو ئەرکەی کە بەرەو ڕووی دادگای بەسەرکردنەوە کراوە بۆ پیاچوونەوەی ئەو دەعوایانەی بۆی حەواڵەکراون لەلایەن دادگا تایبەتەکانەوە، بێگومان سووک نیە. لە ڕاستیدا کێشەیەکی ڕادەیەکی بەرز، هەستیاریشە. بەڵای هەندێ ئەندامانی کارزانی یاساییەوە مەودای نەسڵی سیاسی ئەم دادگانەی لە سەرەتاوە گرتبۆوە. ئەو ڕاستیەی کە زۆربەی پارتە سیاسیەکان، ئەگ نەڵێین هەموویان، بەشداربوون لە کۆسپ خستنەڕێی ڕێڕەوی دادوەری بۆ بەرژەوەندی خۆی

نیشانەی ئاشکرای بێمەیلی دادگای بەسەرکردنەوە بووە لە چوونە بنج و بناوانی سەدەها دەعوا کە بۆ مەبەستی پیاچوونەوە پێی سپێررابوو پاش هەڵوشاندنەوەی دادگا تایبەتەکان. لەوانەیە هەر ئەم فاکتەرانەش بوونی ئەو کۆسپانە لێکبدەنەوە کە رووبەرووی ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هاتن بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەکانی دادگا، بە تایبەتی لە سەرچاوە رەسمییەکان، سەبارەت بە ماوەی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٩١ تا شرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٢.

ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی سێ نیگەرانی سەرەکی لەم بوارەدا هەیە :

آ – ژمارەیەکی نەزانراو لە تاوان پاڵخراوان لە هەردوو حاڵەتی تاوانی و سیاسیدا ئیعدام کراوون دوای محاکەمەی ناداد لە کاتێکدا کەسانی تر لە ژێر سزای کوشتن ماونەتەوە.

ب – ئەو ریکاری یاسایی پەیرەوکراوەی لە ماوەی گلدانەوەی پێش محاکەمە کردنداو لەبەر دادگادا پێدەچێ بە شێوەیەکی ناداد بووبن لە دەعوا سیاسیەکاندا و لەو دەعوایانەی کە تیایاندا حوکمی کوشتن سەپێنراوە، هەروەها ئەوانەی تاوانبار کراون، لەوانەیە ئیعدام بکرێن، یان بۆ ماوەی درێژ خایەن زیندانی بکرێن (ئەگەر حوکمەکەیان لە بەسەرکردنەوەدا پەسند بکرێت) بە بێ ئەوەی مافی بەسەرکردنەوەیان (اسئناف) هەبێت.

ج – پێدەچێت ئیدارەی کوردی ئێستا نیازی نەبێت لە پێشێلکردنی رابردووی دادگا تایبەتەکان بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی لێپرسراون بەرەو رووی یاسا بکرێنەوە.

ئەمە، بە تایبەتی جێگای داخە، چونکە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی باوەڕەکات کە سەرکردایەتی کوردی دوا بە دوای راپەرینەکەی ئازار/مارسی ١٩٩١ ئارەزووی راستەقینەی هەبوو بۆ دامەزراندنی ئالیەتێکی دادوەری وەک بەشێک لە ئەرکی سەرشانی بۆ پیادە کردنی یاساو سەقامگیری لەو ناوچانەی لە ژێر دەستی دان. تەقەلای بەرەی کوردستانی عێراق کۆسپی هاتە ری لە رووی نەبوونی دادپرسی لێهاتوو و بە تەجرەبەو هەروەها ئەندامانی تری کارزانی دادوەری کە زۆریان لە هەولێر و سلێمانی مابوونەوە پاش گەڕانەوەی هێزی حکومەتی عێراق دوابەدوای تێکشکانی راپەرینەکە. ئەو زانیارییانەی کە بە دەست ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی کەوتوون وا دەگەیەنن کە هەندێ لەو دادپرسانەی لە دادگا تایبەتیەکاندا بوون – ئەگەرچی لە دیدی سیاسی سەربەخۆ یان لایەنگر بوبن – هەوڵیان داوە بەرگری لە دەستێوەردانی پارتە سیاسیەکان بکەن لە کاروباری دادگاکاندا، لە کاتێکدا کە هەندێکی تریان زیاتر گوێڕایەڵی ئەو دەست تێوەردانە بوون. لەمەش بەوڵاوە، پارتە سیاسیەکان ئەم جۆرە دادپرسانەیان وەکو "نوێنەر"ی خۆیان بەدیدەکرد لە ناو دادگاکاندا کە لە رێگایانەوە بتوانن هەندێک لە گرتووەکان بەرەڵابکەن و یاخود هەندێکی تر بە حوکمدان بدەن. رێز نەگرتنی بەردەوامی پارتە سیاسیەکان بۆ سەربەخۆیی دادپرسی و بۆ ئەو یاسایانەی کە خۆیان لە دەرهێنانیاندا چالاک بوون، بووە هۆی بنکەندبوونی گەڵێک لە هەنگاوە دادوەرە پۆزەتیڤەکان کە لە دوو ساڵی رابووردوودا نراون (بڕوانە خوارەوە). تەنانەت لە روانگەی

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی تاکە هەرەشەی هەرە گەورە لە سەربەخۆیی دادپرسی لە کوردستانی عێراقدا ئەمرۆ، دەستێوەردانی هەندێ لە پارتە سیاسیەکانە، چی بە نواندنی هێزی ستەمکار یان بە جۆری نادیاری تر (بروانە بەشی پێنجەم). ئەمە یەکێک لە ریشەی هۆیەکانی گەڵێک لەو پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤ، کە لەم ڕاپۆرتەدا باسکراون، پێک دەهێنێت.

دادگا تاوانیە ئاساییەکان

ئەو کۆسپانەی کە هاتبوونە ڕێی هەوڵدانی دەزگای دادپرسی بۆ کارپێکردنەوەی دادگا ئاساکان دوای تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩١ ئێجگار زۆر بوون، بە تایبەتی لەو بارودۆخەی کە لە ئارادا بوو. زۆر لە دۆکیومێنتی دادگاکان، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان هەبوو بە پەسادانی تاوانیی تۆمەتبارەکانەوە، سووتێنرابوون و یاخود لە ناوبرابوون لە کاتی ڕاپەڕینەکەی ئازار/مارسی١٩٩١دا. گەڵێک لە تۆمەتبارە تاوانیەکان لە کاتی ڕاپەڕینەکە هەڵاتبوون، هەندێکیان دوایی گێرانەوە لە ڕێی کارمەندانی ڕێکاری یاسایی کوردیەوە (بە تایبەتی ئەوانەی بە کوشتن و تاوانی گرینگی تر تۆمەتبار کرابوون) و دووبارە پەسادانی تازەی دەعواکانیان کرا. ئەمەش بووە هۆی زیاد بوونی ئەرکێک کە دەعوا تازەکان دروستیان کردبوو لە ناوچەیەکدا کە هێشتا حوکمی یاساو سەقامگیری تێایدا جێگیر نەبوو بووە.

هیچ نەبێت هەتا ئەو ڕادەیەی کە سیستەمی دادپرسی کاری پێدەکرا، ئەو خێراییەی بە کارهات بۆ بەدەست هێنانی ئەو کارپێکردنە، بە تایبەتی کە ڕەوایی پێ دەدرا لەلایەن دانیشتوانەوە، هەنگاوی گرنگ بوون بۆ بەرەوپێشخستن. ئەو دادگانەی لە ژێر حکومەتی عێراقدا کاریان دەکرد، بەردەوام بوون لە کارکردن لە ژێر ئیدارەی کوردیدا. ئەمانە بریتی بوون لە دادگا تاوانیەکان (محاکم الحنایات) لە شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی، دادگای بەسەرکردنەوە (محکمة الاستئناف) لە هەولێر هەروەها دادگا تایبەتمەندەکان وەک دادگای هەرزەکاران (محکمة الاحداث)(٤٧). دادگا تاوانیە ئاساکان ئەو گێراوانەیان محاکمە دەکرد کە بە تاوانی گەورە تۆمەتبار کرابوون. بە قسەی ئەندامانی دەزگای دادپرسی کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە ئایار/مایۆو حوزەیران/یۆنیۆی١٩٩٢دا لەگەڵیان دووابوو، دادگاکان بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی یاسای ڕێکاری تاوانیی عێراقی و یاسای سزایی، تەنیا هەندێ خاڵ نەبێت وەک ئەتککەری ڕادەی نزمی ستانداری مافی مرۆڤ سەیردەکران کە ناوبراون بە ڕوخساره "سەدامی" یەکانی ئەو یاسانە.

بەپێی یاسای ڕێکاری تاوانی، گومانلێکراوی تاوانی تەنیا بە حوکمی فەرمانێک دەگیرێن کە لە دادپرسێکی پەسادەرەوە دەرچوو بێت. لە سەرەتاوە تۆمەتباران لە مەخفەری پۆلیس گلدەرێنەوە بۆ ماوەی ٢٤ سەعات، پاش ئەوە، یان دەبێت حەوالەی دادپرسی پەسادەر بکرێن یاخود بەرەلا

بکرێن. ئەگەر حەواڵە کران، ئیفادەی گومانلێکراوەکان لەلایەن پەسادەرەوە دەنووسرێت و ئینجا بڕیار دەدات ئایا بیمەرج بەردەدرێن یان بە کەفالەت بەردەدرێنەوە بۆ ١٥ ڕۆژی تر. ئەگەر ماوەی گلدانەوەیان تازەکرایەوە، گومانلێکراوەکان لە مەخفەری پۆلیسەوە دەگوێزرێنەوە بۆ بەندیخانەیەکی ڕەسمی. بۆ تەواوکردنی کرداری پەسادانی تاوانەکان، دەشێ ماوەی گلدانەوە پەیتا پەیتا تازە بکرێنەوە لەلایەن دادپرسی پەسادەرەوە هەموو جارێک بۆ ١٥ ڕۆژ، بە مەرجێک کۆی ماوەی گلدانەوە لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات. ئەگەر لەو ماوەیەدا پەسادان تەواو نەبوو، ئیجازەی درێژکردنەوەی تر دەبێت لە دادگای تاوانی بە دەست بهێنرێت کە دەتوانێت بۆ ماوەیەکی پەسند بە بۆچوونی خۆی گلدانەوەکە درێژە پێبدات. یاسای عێراقی ڕادەی هەرە بەرزی گلدانەوەی یاسایانەی تۆمەتبار دەست نیشان ناکات کە ئەمەش بۆی هەیە ببێتە هۆی گلدانەوەی ناکۆتا بەبێ ئاراستە کردنی تۆمەت یاخود محاکمە کردنی تۆمەتبار[٤٨].

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی سەبارەت بەو دەعوایانەی کە لێیان ئاگادارە، نەیتوانیوە ڕادەی بەکارهێنانی مەرجەکانی یاسای ڕێکاری تاوانییان تیادا بخەملێنێت. لە ئایار/مایۆی ١٩٩٢دا سەرۆکی ئەو کاتەی دادگای بەسەرکردنەوە، مەعروف ڕەئووف خدر (کە پاشان بوو بە یەکەم وەزیری دادی کوردستانی عێراق)[٤٩]، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە ڕێکاری یاسایی پیادە دەکرێت بەو ڕادەیەی کە هەڵومەرجی ئارا ڕێگە بدات. هەروەها ڕێگەی دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بۆ سەیرکردنی نموونەی ئەو فایلانەی هەڵبژێردرابوون سەبارەت بە دەعواکانی لە پەسادان دابوون، هی ئەو گرتووانەی کە بە خەتای تاوانی ئاسا تۆمەتبار بوون. پێدەچوو لەم دەعوایانە مەرجەکانی یاسای ڕێکاری تاوانی ڕەچاو کرابوون. گەڵێک لە دادپرسی پەسادەری تر گەرانتی هاوجۆریان دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، هەرچەندە دان بەوەنرا کە لە هەندێک ڕووەوە چاککردنەوە پێویستی بووە بکرێت. بۆ وێنە، مەعروف ڕەئووف خدر پێی لەوەنا کە دواکەوتنێکی زۆر ڕوودەدات لە هێنانی گرتووان بۆ محاکمە. دەرخەری ئەمەش سەردانێکی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بوو بۆ بەندیخانەی مەحەتتە لە هەولێر لە مایس/مایۆی ١٩٩٢دا. لە ژمارەی ٢٣٨ گرتوو کە هەندێکیان بە تاوانی گەورە تۆمەتبار بوون، هەشتیان دیلی حوکمدراو بوون بەڵام ئەوانی تر چاوەڕوانی محاکمە بوون. بەڕێوەبەری بەندیخانەکە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە ژمارەیەک لەوانە چەند مانگێکە چاوەڕوانن، تەنانەت لە حاڵەتی گرتوویەکی ژندا، چاوەڕوانیەکەی لە ١٠ مانگ زیاتر بوو. ئەوشی باس کرد کە کاتی زیاتر پێویستە بۆ "لێکۆڵینەوەی زەمینەی تۆمەتبارەکان" کە ئەمەش کارێکی سەخت بوو لەبەر نەبوونیی زانیاری کۆکراوەی مەرکەزی لەسەر خەڵک، کە کاربەدەستانی حکومەتی عێراقەوە لایانبرد کاتێک لە تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩١دا کشانەوە. بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی کەوا لە ڕووی تەوە، ڕێکار ڕەچاوکراوە. بۆ ئەم مەبەستەش ووتی کەوا هیچ گرتوویەک ناخرێتە بەندیخانەوە ئەگەر بە فەرمانی گرتنەوە نەبێت کە

لەلایەن دەستەڵاتی لێهاتووەوە دەرچووە و هەروەها کەوا ریگای بێکۆسپیان هەیە بۆ بینینی پارێزەری دیفاع. ئەو لیستەیەی بەندینخانەشی نیشانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دا کە سەردانی پارێزەرەکانی تیادا تۆمارکرابوو و ئەوەیان دەرخست کە پارێزەران سەردانی بەندینخانەیان کردووە لە کاتی جیاوازی ڕۆژەکانی هەفتەدا.

بووارێکی گرنگ کە تێیدا مەرجەکانی یاسای ڕێکاری تاوانی بە شێوەیەکی دروست ڕەچاونەدەکرا، پرسینەوە لە سکاڵای ئەشکەنجەو مامەڵەکردنی نابەجێی گرتووان بوو. ئەمە یەکێک لە گەورەترین نیگەرانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناو نەتەوەیی لە سەر باری مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا (بڕوانە بەشی چوارەم). لە هەمان کاتدا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی پێزانە بەو دەرفەتە پۆزەتیڤەی کە دادپرسی و هەندێک لە پیادەکاری یاسا دەبینی لە هەوڵدانیان بۆ پێڕەو کردنی یاسا لە بووارێ گرتن و گلدانەوە و ڕێکاری محاکەمەکردن. لەم بارەیەوە، ئەرکی سەرشانیان زۆر سەختتر بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ڕەوشێکی نیمچە فەوزاوی ئیداری و سیاسی بێ هیچ سەرچاوەیەکی دارایی، کاریان دەکرد. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەو بڕوایەدایە کە پەیدابوونی پەیتا پەیتای سیستەمێکی یاسایی مەرکزی، کە بە ڕەسمی سەر بە دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن نەبوو، کاریگەر بوو بۆ ئەوەی کە جۆرە پارێزگارییەک، هەرچەندە کەمێکیش بێت، بۆ ئەو گرتووانەی کە لە گرتووخانە پێزانراوەکاندا گلدرابوونەوە، بە دەست بهێنرێت.

پاش هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئایار/مایۆی١٩٩٢دا و ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی وەزیران لە تەموز/یۆلیۆی هەمان ساڵدا بار تەواو گۆڕا. بۆ یەکەم جار لە ناوچەکەدا دەستەڵاتی تەشریعی کە لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا خۆی دەنواند بەشێوەیەکی ڕەسمی لە دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن جیابۆوە هەموو یاساو بڕیارە تەشریعی و فەرمانەکانی لەو کاتەوە لە ژێر پەیڕەون، لەلایەن ئەنجومەنی نشتمانیەوە گفتوگۆیان لێکراوەو لە ڕۆژنامەی ڕەسمی، «پەرلەمان»، بڵاوکراونەتەوە.(٥٠)

لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری١٩٩٢دا یاسای وەزارەتی داد (ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٢)(٥١) دەرچوو کە پێکهاتەی ئیداری و میکانیزمی دادوەری وەزارەتەکەی دەستنیشان کرد. بەندی ٢ی ئەم یاسایە دەڵێت کە ئامانجی وەزارەتەکە بریتیە لە :

"پاراستنی دادوەری لە ڕێی پێشخستن و پیادەکردنی یاساوە و ڕێزگرتن لە مەرجەکانیان چی لە شێوەی نووسراویاندا یان لە ڕووی مەبەستیانەوە، ئەمەش بەجۆرێک کە سەربەخۆیی دادپرسی دابینکراوبێت و بەرگری بکرێت لە مافی مرۆڤ بەپێی ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ و بانگەواز و پەیمانە ناو نەتەوەییەکان."

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٢دا، ئەنجوومەنی نیشتمانی چەند یاسارنیەکی تری دەرکرد کە لەسەر ڕەوشی دادپرسی ڕاستەوخۆ کاریگەر بوون. یەکێک لەمانە بڕیارێکی تشریعی بوو دەربارەی دارمتی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە لە بەغدا دەرچووبوون و مەودای

پیادەکردنیان لە کوردستانی عیراقدا. بڕیاری تشریعی ژمارە ١١ی ٣١ی ئاب/ئۆگستسی ١٩٩٢ دەڵێت(٥٢) :

"هەموو وەزارەتەکان و ئەو هەڤالبەندیانەی کوردستانی عیراق کە نەبەستراون بە وەزارەتەکانەوە، دەبێت لەو یاسا و بڕیاری تەشریعی و ریزنامە و پێشنگنامانەی لەلایەن دەستەلاتی مەرکەزییەوە دەرچووبن وورد ببینەوە، تا ئەوە دەستنیشان بکرێت کە چی لەمانە هاوسازنین لەگەڵ خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان و ئەوانە بسپێرن بە ئەنجومەنی نیشتمانی تا بڕیار لەسەر رەوایی و ناڕەوایی کارپێکردنیان لە ناوچەکەدا بدات." (بەندی ١)

"هیچ یاسا، بڕیاری تەشریعی، ریزنامەو یان پێشنگنامەیەک کە دەرچووبێت و یاخود دەربچێت لەلایەن دەستەلاتی حکومەتی مەرکەزییەوە پاش کشانەوەی ئیدارەی میری لە هەرێمی کوردستان لە ١٩٩١/١٠/٢٣دا، کارپێکراو نابێت تا رەوایی کارپێکردنیان نەسەلێنرێت لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیەوە." (بەندی ٢).

تا ئێستا بە ئاگایی ریکخراوی لێبوردنی ناو نەتەوەییەوە هیچ یاسایەک نیە کە لە ١٩٩١/١٠/٢٣ەوە لە حکومەتی عیراقەوە دەرچووبێت و کارپێکراو بێت لە کوردستانی عیراقدا. سەبارەت بە یاسای دەرچووی پێش ئەم کاتە، پێدەچێ کە ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیارێکی تشریعی دەرکردووە کە ئەو یاسایانەی کە لە ناوچەکەدا کاریان پێ ناکرێت دەست نیشان کردووە(٥٣). هیچ یەکێک لەم جۆرە یاساو بڕیارو تەشریعانە بەتاڵ نەکراونەتەوە، ئەندامانی دادپرسی بە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە ئەمانە کاریان پێ ناکرێت.

هەندێ لە ئەندامانی کومیتەی یاسایی ئەنجومەنی نیشتمانی لەو بۆچوونەدا بوون کە ئەم یاسایانە یاخود بەندی دیارکراوی ئەم یاسایانە کە هاوسازنین لەگەڵ خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستاندا بەتاڵ ناکرێنەوە چونکە دەستەلاتی یاسایانە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەم جۆرە کارانە لە کوردستانی عیراقدا نییە. بە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە بەتاڵکردنەوەی رەسمی یاسا پێویستی بە "مەرسومی جمهوری" هەیە کە لەلایەن "سەرۆکی دەوڵەتەوە" دەردەچێت، یاخود، لە حاڵەتی کوردستانی عیراق، دەبێت "مەرسومی هەرێمی" (مرسوم اقلیمی) هەبێت کە لە "سەرۆکی هەرێم"ەوە دەرچێت. لە نەبوونی ئەو دەستەلاتە یاساییەدا، هەر یاسایەک بە کەڵکی بەکارهێنان نەیەت "دەبەسترێت" (تەجمیدەکرێت) تا کاتێکی تر.

لەو یاسایانەی کە "بەستراون"، یاسای ریکخراوی دادپرسی (ژمارە ١٦٠ی سالی ١٩٧٩)یە کە لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٢دا بە یاسای دەستەلاتی دادپرسی (ژمارە ١٤ی سالی ١٩٩٢) جێگای پرکرایەوە(٥٤). هەڵسەنگاندنی ئەم یاسایەو رادەی هاوجۆریی لەگەڵ ستانداردی سەلێنراوی ناونەتەوەییدا باسیان لەم راپۆرتەدا نەکراوە. بەڵام دەرهێنانی ئەم یاسایە لە گەڵێک

ڕووەوە گرنگ بوو : لە لایەکەوە سەربەخۆیی دادپرسی نیشانداو بە جۆرێکی ڕەسمی دەسەڵاتەکانی دادپرسی و ڕاپەڕاندن لە ناوچەکەدا لە یەک جیاکردەوەو هەوڵیدا بۆ پەرەپێدانی مافی کارکردنی دادپرسەکان و ڕێککردنی شێوازی دامەزرانیان. هاوگرنگی لەگەڵ ئەم کارانەدا ئەوەیە کە بانگێشتکردنی یاسای دەستەڵاتی دادپرسی توانی کەڵێنێک پڕبکاتەوە کە لە ئەنجامی دابڕانی پێوەندی نێوان دادگاکانی کوردستانی عێراق و ئەوانەی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق پاش تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩١ دروست بوو. هۆی پەیدا بوونی ئەو کەڵێنەش نەبوونی دادگایەکی تەمیز بوو کە کاری ناوچەکە ئەنجام بدات: عێراق یەک دادگای تەمیزی هەیە کە لە بەغدا دادەنیشێت. ئەو حوکمانەی لە دادگا تاوانیەکانی دهۆک و هەولێرو سلێمانیەوە دەردەچن و لەلایەن دادگای بەسەرکردنەوە پەسند دەکرێن و لەبەر ئەوەی کە لە ڕوانگەی تەمیزەوە پێویستیان بە پیاچوونەوە هەیە، نەدەتوانرا ئەنجام بدرێن. هەروەها ئەمە ڕاست بوو سەبارەت بە کۆشتنیش، کە بە پێی یاسای عێراقی دەبێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی حەوالەی دادگای تەمیز بکرێت. لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٢دا وەزیری دادی ئەو دەمە، مەعروف ڕەئووف خدر، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە وا زووتر ئەو ساڵ هەوڵی سەرنەکەوتوانە دراوە کە چەند دەعوایەک لەلایەن دادگای تەمیزی بەغداوە بەسەر بکرێنەوە. چەندین فایلی دەعوا ڕەوانەی دادگای تەمیز کران بۆ ئەوەی بڕیاریان لەسەر بدرێت. ئەمبوو فایلەکان نێررانەوە لەگەڵ ئاگانامەیەک کە دەڵێت "ئێمە لەگەڵ وێرانکاران مامەڵە ناکەین."

پێویستی بە یاسایەک کە دەستەڵاتی دامەزراندنی دادگایەکی تەمیز بدات بۆ کوردستانی عێراق، یەکێک بوو لە هۆکارەکانی بانگێشتکردنی یاسای دەستەڵاتی دادپرسی. بێجگە لەم دادگایە، بەندی ٨ی یاساکە دەستنیشانی هەشت جۆر دادگای تر دەکات کە زۆربەیان لە کاردابوون، لەمانە دادگای بەسەرکردنەوەو دادگاکانی تاوانی(٥٥). بەندی ٥ زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی دادگاکان دادەنێت(٥٦) و بەندی ٦ باسی ئەوە دەکات کە هەموو دانیشتنەکانی محاکمە ئاشکرا دەبن، تەنیا ئەگەر دادگا "بۆ ڕەچاوکردنی شەرم و شکۆ و پاراستنی سەقامگیری" جۆرێکی تری دانیشتن بڕیاربدات. لە هەموو حاڵەتێکدا، ڕوونکردنەوەی حوکمەکانی دادگا دەبێت لە دانیشتنی ئاشکرا ئەنجام بدرێن.

دادگای تەمیز بۆ کوردستانی عێراق لە هەولێر دادەنیشێت و هەیئەتەکەی لە سەرۆک و شەش دادپرس پێکدێت، ئەمەش کەمترین ژمارەیە کە بەندی ٩ی یاساکە ڕێی پێداوە. ئەم دادگایە بە ڕەسمی لە ١٨ی کانوونی دووەم/ڕێبەڕی ١٩٩٣دا دەستی بە کارکرد. دەستەڵاتی دادپرسی هەروەها دوو ناوچەی بەسەرکردنەوە (مناطق استئنافية)ی کەرکوک و هەولێری دروست کرد کە بوون بە بنەمای دروستکردنی دوو دادگای بەسەر کردنەوە. یەکێکیان لە هەولێر دادەنیشێت و کاری ناوچەی هەولێر و دهۆک بەڕێوەدەبات و ئەوەی تریان لە دەربەندیخان، ئەنجامدەری کاری

ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانیە(٥٧). هەریەکەشیان هەیئەتێک چوار ئەندامی هەیە.

بەندی ٣١ ریگە بە دامەزراندنی ئەنجومەنی دادپرسی دەدات(٥٨)، کە لەلایەن سەرۆکی دادگای تەمیز سەرۆکایەتی لێدەکرێت لەگەڵ حەوت ئەندام کە ئەندامانی بالای دەزگای دادپرسین. بە لای کەمەوە مانگێ جارێک ئەنجومەنی دادپرسی دادەنیشێت بە مەرجێک کە سێ لە سەر چواری ئەندامانی ئامادەبن. بڕیارەکانی بە زۆربەی دەنگ ئەنجام دەدرێن. بەندی ٣٢ سنووری دەستەلاتی ئەنجومەن بەوە پێناسە دەکات کە بریتیە لە پلەبەرزکردنەوە (ترفیع) و گوێزانەوە و دانانەوەی دادپرسان، و پەسادان لە کردەوەیان و هەڕوەها چاودێریکردنی سەربەخۆیی دادپرسی. پێشنیار بۆ وەزیری داد بۆ دانانی دادپرسان لە دادگاکانی بەسەرکردنەوە، لەم ئەنجومەنی دادپرسیەوە دەکرێن. کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لە سێ ئەندام کە سەر بە ئەنجومەنی دادپرسیەو ناسراوە بە کۆمیتەی کاروباری دادپرسەکان، کە لێپرسراوە لە دانانی ڕێوشوێنی بەندوبەستکارانە بەرامبەر بە دادپرسان(٥٩). بڕیارەکانی ئەم کۆمیتەیە لەم بوارەدا دەشێ داوای بەسەر کردنەوەیان بکرێت (لەلایەن دادپرسی پێوەندیار و یاخود لەلایەن وەزیری دادوە) لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا لە کۆمیتەی فراوان (الهیئة الموسعة)ی دادگای تەمیز. بڕیاری ئەم کۆمیتەیە بنبڕە.

تەنیا دادگاکانی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا کاردەکەن، دادگا مەدەنییەکانن. هەرچەند ئەو یاساوەرییەی (تەشریع)ە کە ئێستا لە ناوچەکەدا کاری پێدەکرێ ڕێگای دانانی دادگای تر دەدات. تەنانەت هەندێ کاربەدەستانی ناو ئیدارەی کوردی پشتگیری دامەزراندنی دادگای تر دەکەن تاکو ئەو دەعوایانە ببینن کە دادگا تاوانیەکان تا ئێستا پێیان هەڵناسوڕێت و یاخود لە سنووری تایبەتمەندی خۆیاندا نین. بۆ وێنە، بەندی ٢٤ (٢) لە یاسای دەستەلاتی دادپرسی ڕێگای دەستەلاتی دامەزراندنی دادگایەکی تاوانی دووەم دەدات لە ناو هەمان پارێزگادا کە سنووری کاری لەلایەن وەزیری دادوە بڕیار دەدرێت. لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٣، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش، کەریم سنجاری بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە داوای دانانی دادگای تاوانی زیاتری کردووە تا ئەو دەعوایانەی سروشتی ئاسایشیان هەیە ببینن، ووتی ئەمە پێویستە چونکە دەعوایەکی یەکجار زۆر، کە چاوەڕوانی حەوالەکردنن بۆ دادگاکان، ماونەتەوە بوونەتە هۆی دواخستنی هێنانی گرتووان بۆ موحاکەمە. ووتی کە پەسندکردنی ئەم داخوازیەی لە ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرەکوەزیر و وەزیری داد بە دەستهێناوە، بەڵام کە هیچ هەنگاوێکی بەکردار نەناوە بۆ پیادە کردنی. بەندی ٣(٩)ی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ڕێدەرە بە دامەزراندنی دادگای هێزی ئاسایشی ناوخۆ کە لێپرسینەوەی ئەو دەعوایانە بگرێتە ئەستۆ کە تێیاندا هەردوو لایەنی دەعواکە ئەندامی هێزی پۆلیس یان ئاسایش بن. بەڵام جۆری ئەم دادگایە تا ئەم کاتە دانەمەزراوە.

تەنیا دادگایەکی سوپایی کە دادوەری ئارا ڕێگای دامەزراندنی بدات، دادگای تەمیزی سوپاییە(٦٠)، بەڵام تا ئەم کاتە ئەو جۆرە دادگایە دانەمەزراوە. وەزیری کاروباری پێشمەرگە لە

٤

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ئیدارەی کوردییەوە

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە دوو بواردا نیگەرانی هەیە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ئیدارەی کوردیەوە. یەکەم بریتیە لە ئەشکەنجە و مامەلە کردنی نابەجێی گرتووان بە شێوەیەکی ڕوتینی و سەرنەکەوتنی بەردەوامی دەستەڵاتی کوردی لە سکاڵای ئەشکەنجەو مامەڵەی نابەجێ، بە شێوەیەکی گورج و ئالێنەگرانە بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی کەسانی لێپرسراو بەرەو ڕووی یاسا بکرێنەوە پاداشتی لێقەوماوان بدرێتەوە باریان سووک بکرێتەوە هەنگاوی تری پێویست بنرێت بۆ بنبەستکردنی ڕووداوەکانەوەی ئەم پێشێلکردنانە. دووەم، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی تەواو نیگەرانە بۆ بەکارهێنانی سزای کوشتن کە گەلێک جار سەپێنراوە لە دوای محاکەمەی ناداد. زۆربەی لێقەوماوانی ئەم سزایە گرتووی ئاساییں کە لە پۆلیسخانە گلدەرێنەوە یاخود گرتووی سیاسین بە تاوانی ئاسایشی تۆمەتبارن و بە گشتی لە دەزگای ئاسایش گلدەرێنەوە. ژمارەیەکی کەم لە چالاکە سیاسیەکان لای پۆلیس یان ئاسایش دەمێننەوە، زیاتر ئەمانە دەگیرێن و لای پارتە سیاسیەکان گلدەرێنەوە، هەرچەندە پاشان، لە هەندێ حاڵەتدا دەگوێزرێنەوە بۆ بەندیخانەی ڕەسمی.

ئەشکەنجەو مامەڵەکردنی نابەجێی گرتووان

لە ساڵی ١٩٩٢ەوە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی زۆر هەواڵی پێگەیشتووە سەبارەت بە ئەشکەنجەدانی کەسانێک کە بە تۆمەتی ئاسا یاخود ئاسایشی گیراون، لەلایەن دەستەکاری پۆلیس و ئاسایشەوە. ئەم بەشە باس لەو هەواڵانە دەکات کە پێوەندیان هەیە بە دەستەکاری وەزارەتی ناوخۆوە و باسی دەوری دادپرسی دەکات لە پەسادانی ئەم جۆرە پێشێلکردنانە.

لێقەوماوانی ئەشکەنجە کەسانێکن کە بە حوکمی یاسای ئاسایی دەگیرێن بە تۆمەتی وەکو دزی، ماڵبڕین و ڕووتکردنەوەی چەکدار، کوشتن و تەزویر و هەروەها تاوانی جنسی وەک ئەتککردنی جنسی و منداڵبازی. لێقەوماوانی تر بریتین لەوانەی بە

تۆمەتی ئاسایش دەگیرێن، وەک جاسووسی یان ویرانکاری و ئەمانە زیاتر لای دەزگای ئاسایش گلدەرێنەوە.

شێوەی ئەشکەنجە کردن کە لەلایەن دەستە کاری پۆلیس و ئاساییشەوە بە کاردێت بریتیە لە لێدانی هەموو لەش بە مست و دار و پاژنەی تفەنگ و کەیبڵ و سۆندەو، تێهەڵدان، فەلاقە (لێدانی پاژنەی پێ)، هەڵواسین بە دەست لە بنمیچ یان بە پاڵ دیوارەوە کە هەندێ جار هەردوو دەست لە پشتەوە بەستراون، سووتاندنی پێست بە جگەرە یاخود ئاڵقەی ئاسنینی داخکراو، تەزووی کارەبا لە لەشدان، ترساندن بە ئەشکەنجەی جنسی و یاخود بە کوشتن، لە ناو لێقەوماوانی ئەشکەنجەدا جاروبار ژن و منداڵیش هەن بۆ "درکاندن" (اعتراف)ی ئەو تاوانەی کە پێی تۆمەتبارکراوە یان دەرخستنی ناوی کەسی تر کە گومان لە بارێنەوە هەیە، لە حاڵەتی تردا ئەشکەنجە یا مامەڵەی نابەجێ وەک سزا بەکارهاتوون.

بەپێی یاسای ناونەتەوەیی، بەبێ چەندو چون، ئەشکەنجە قەدەغەیە و ئەمە بەندی ٧ی «پ.ن.م.م.س»یش دەگرێتەوە کە عێراق تێیدا لایەنێکە و ئەم بەندە هەموو ئەوانەی دەخوازن دەستەڵاتی حوکمرانی بەکاربهێنن ملکەچدەکات. هەروەها بە پێی یاسای عێراقی ئەشکەنجە قەدەغەیە. پۆلیس و ئاسایش ناچارن ملکەچی مەرجەکانی یاسای ڕێکاری تاوانی بن سەبارەت بە مامەڵەکردنی ئەو گرتووانەی لە لایان گلدەرێنەوە. بەندی ١٢٧ی ئەم یاسایە دەڵێت نابێت هیچ شێوەیەکی ناقانونی بەکاربێت بۆ دەرهێنانی درکاندن (اعتراف) لە کەسێکی تۆمەتبار و ئەم شێوەیە مامەڵەکردنی نابەجێ و ترساندن بە ئازاردان و شێوەی سایکۆلۆژی و یاخود بە کارهێنانی موخەدیرو ئەلکولیش دەگرێتەوە. زۆربەی ئەندامانی دەستەکاری یاسایی کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نیگەرانی خۆی لا باس کردوون، نکوولیان لەوە نەکردووە کە جاروبار گرتووەکان لە کاتی پرسکارێدا لێیان دراوە و هەروەها بە ئاشکرا ڕوونیان کردەوە کە مەبەست لەمە دەرهێنانی زانیاری بووە لێیان. قەدەغەکردنی ئەشکەنجە بە گوێرەی «پ.ن.م.م.س» لە هیچ حاڵێکدا جێگای دەستکاری نییە (بەندی ٤)، بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی دژ بە ئەشکەنجە و مامەڵەی دڕندانەو نامرۆڤانە (بڕوانامەی دژ بە ئەشکەنجە) دەڵێت: "هیچ جۆرە هەلومەرجێکی هەڵکەوتوو، جا بەهۆی بانگێشتنی جەنگ، یا هەرشەی جەنگ یا شلۆقی سیاسی ناوخۆ یا تەنگاوێەکی گشتییەو بێت، ناکرێتە بەهانە بۆ ئەشکەنجەدان." (بەندی ٢(٢)). لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت کە دەستەڵاتی کوردی بە دوو جۆر هەوڵی دۆزینەوەی بەهانەیان دابێت بۆ ئەم جۆری مامەڵەیە.

یەکەم، "هەلومەرجی تایبەتی" ناو کوردستانی عێراق، بەتایبەتی نەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ کاربەدەستانی پیادەکاری یاسا، دەخەنە بەرچاو. ئەمەش گوایا بریتیە لە کەلوپەلی هەرە پێویست بۆ پەیرەوکردنی پەسادانی تاوانی، وەک کەرەسەی شیکردنەوەی خوێن و پەنجەگرتن. گوایا لە حاڵەتەدا و کاتێک کە تەنیا بەڵگەی پاڵپشتنەدراو لە بەردەست بن بەرامبەر بە تۆمەتبارێک

دەستەکاری پیادەکاری یاسا "ناچارن پەنا بەرنە بەر" لێدانی تۆمەتبار بۆ ئەوەی ئیعتیرافی لێوەربگرن. کاربەدەستانی پیادەکاری یاسا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە کاتێک تاوانێکی "وەحشەتناک"ی وەک کوشتن ڕووەدات و بەڵگەی پزیشکی شرعی (Forensic evidence) یاخود بەڵگەی تری بنبڕ بەدەست نەیەن، وەرگرتنی ئیعتیراف لە تۆمەتبار بەزۆریش بێ دەبێتە شتێکی پێویست. ئەوەشیان ووت کەوا ئەمە باشترە لەوەی کە تۆمەتبارێک کە بۆی هەیە "تاوانکارێکی خەتەرناک یان مەترسیدار بێت بۆ سەلامەتی خەڵکی"، بەڕەڵا بکرێت تەنیا لەبەر نەبوونی بەڵگەی نکوول لێنەکراو.

دووەم لێکدانەوە کە زۆر جار دێتە پێش سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێ ئەوەیە کەوا ئەمە بەشێکە لە "ئاسەواری بەعس" کە هەندێ لە دەستەکاری پیادەکاری یاساو لەمانە ئەوانەی لێپرسراوی پرسیارکاریی تۆمەتبارەکانن، هەمان کاریان بەجێهێناوە کاتێک ناوچەکە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقدا بووەو بەم شێوەیە ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێ لایان بوون بە کارێکی ڕۆتینی و ڕەوا وەک بەشێک لە پرسیارکاری. جا ئەنجامی ئەمە پێویستی دەکرد کە ئەم دەستەی کارە دووبارە پەروەردە بکرێنەوە و کۆرسی شیاوی ڕاهێنانیان بدرێتێ کە لە خۆیدا کارێکی کات خایەن و سەرچاوە خوازە.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییەدی ئەوە دەداتەوە کە ئەم جۆرە بەهانانە بەڵگەگرێن بۆ بە کارهێنانی ئەشکەنجە، کە لە هەموو هەلومەرجێکیدا ئەتکەکەری یاسای ناونەتەوییە. ڕێکخراو دان بەوە دەنێت کە دەستەکاری پیادەکاری یاسا پێویستی بە سەرچاوەو ڕاهێنانی زیاتر هەیە. بەڵام دان بەوەش دادەنێ کە هەندێ هەنگاوی بەکردار دەتوانرێ لەلایەن ئیدارەی کوردییەوە بنرێن بۆ مەبەستی بەرهەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەکردن و هەتا نەهێشتنیشی. بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گفتوگۆی لەگەڵ وەزیران و کاربەدەستانی پیادەکاری یاسا و ئەندامانی دادپرسی و سەرکردە سیاسیەکان کرد. ڕێکخراو وای پێشنیارکرد کە دەستەڵاتەکان ئەرکی پەسادانیان لە گازندەی ئەشکەنجەکردن ئەنجام بدەن و کەسانی لێپرسراو لەم حاڵەتەدا بەرهەرووی یاسا بکەنەوە هەنگاوی بەکردار بنێن بۆ مسۆگەرکردنی مافی گرتووەکان و پاراستنیان لە مامەڵەی نابەجێ لە ماوەی گرتنیاندا.

لێقەوماوان

ئەم حاڵەتە نموونەییانەی لە خوارەوە باسکراون، مەودای ئەو ڕاپۆرتانە نیشان دەدەن کە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەیشتوون لە ماوەی سێ ساڵی ڕابووردوودا سەبارەت بە ئەشکەنجەو مامەڵەی نابەجێ کە لەلایەن پۆلیس و دەستەی کاری ئاساییشەوە کراون. ئەم زانیاریە

لە گەڵێک سەرچاوەوە هاتووە، هەندێکیان چاوپێکەوتن لەگەڵ گرتووان و کەسانێکی کە پێشتر گیراون کە ئەشکەنجەدراون و پشکنینیان بۆ سازکراوە هەندێ جار بەڵگەی فۆتۆگرافی و پزیشکی هەنە بۆ پشتگیری کردن لەو حاڵەتانە. ئەوەندەی لە توانادا بووبێت ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەگەڵ کارمەندانی پێوەندیاردا باسیکردووە، لەوانە دادپرسی پەسادەر و دەستەکاری پیادەکردنی یاسا. هەندێ لە سەرچاوەکانی تر بریتین لە دۆست و هەڤاڵی لێقەوماوان و دەستەکاری پزیشکی و چالاکانی مافی مرۆڤ کە هیچ کەس لەمانە، لە سەرداخوازی خۆیان، پێناسە ناکرێن.

أ - گرتووانی یاسای ئاسایی

زۆربەی حاڵاتی ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێ کە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لێیان ئاگادارە گرتووە یاساییەکان دەگرێتەوە، ئەوانەی کە لە مەخفەری پۆلیس یان مەڵبەندی ئاسایشی دەستبەجێ پاش گرتنیان ئەشکەنجە کراون، زۆربەی کات لێقەوماوان حەوڵەی پزیشک ناکرێن بۆ تیمار کردن یا سەیر کردنی ئەو زامانەی لە ئەنجامی ئەشکەنجە کردن تووشی هاتوون. لە زۆر حاڵەتدا دەبینرێت لێقەوماوەکان بە رەسمی سکاڵایان تۆمار نەکردووە، یان لەبەر ئەوەی لەو مافەی خۆیان ئاگادار نەبوون و یان ترسی ئەشکەنجەکردنی تریان لەبەر بووە. ئەم حاڵەتانەی خوارەوە هەڵبژێرراون تا جۆری ئەو پێشێلکردنانە پیشان بدەن.

• لە رۆژانی ١٢و ١٤ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٢دا، ١٧ کەس لە حەرەمی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر گیران پاش دزینی رەختی کۆمپیۆتەر. ئەوانەی گیرابوون تیایاندا مامۆستای کارمەندی ئیدارەو پاسەوان کە کارمەندی زانکۆ بوون. گرتنەکە لەلایەن دەستەکاری پۆلیسی بەرێوەبەرێتی نەهێشتنی تاوانەوە ئەنجام دراو تۆمەتبارەکان لە مەخفەری پۆلیسی ئیسکان گلدرانەوە. وا ووتراوە کە بە لای کەمەوە ١٠ لەمانە، کاتی گەیشتنیان بۆ مەخفەرەکەو پێش پرسیارکاری، ئەشکەنجەدراون. ئیسماعیل رەئووف ئەحمەد، پێشمەرگەی «پ.د.ک»و پاسەوان لە زانکۆ، پاش بەربوونی بە سێ هەفتە بە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت :

"کە گەیشتینە ئیسکان هیچ پرسیارێکیان لێ نەکردین، دەستبەجێ چاوبەست و دەستەبەست کراین. بە کەبڵ و سوندە لێیاندراین و بە پێ بەرزکراوی فەلاقەیان کردین. هەروەها مستەکۆڵەیان لە دەموچاومان داو بە پۆستاڵەکانیان لەشمانیان پێشێلدەکردو دەیان گووت دزییەکە بدرکێنن..."

زۆربەی گرتووەکان لە ماوەی دوو تا سێ رۆژدا بەردران. گەرچی رێگە بە خێزانیان دراوە سەریان لێبدەن، بەڵام نوێنەرێتی یاساییان نەبووە نەبرانە بەردەم دادپرسی پەسادەر. کاتێ بەردانیان لە فەرماندەی ئیسکان "پۆزش" یکیان وەرگرت و پێی ووترا "ئەمەی رووبداوە هەڵێک



ئیسماعیل رەئووف ئەحمەد

بوو". ئیسماعیل رەئووف ئەحمەدو دوو برای کە لەگەلی گیرابوون گویزرانەوە بۆ بەندینخانەی مەحەتتە. پاش ٩ رۆژی تر برانە بەردەم دادپرسی پەسادەر کە بە کەفالەت فەرمانی بەرەلاکردنیانیدا.


ئەوەی زیاتر گومانی ئەم تاوانەی لیدەکرا (پاش "اعترافکردنی" گرتووەکانی تر بەردران) مونیر مەحمەد مەحمود ناوبوو، فەلەستینیەک کە لە دایک بووی بەغدا بوو، پینج سال حوکم دراو لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری١٩٩٣دا ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی لە بەندینخانەی مەحەتتە چاوپیکەوتنی لەگەل کرد. بە پیی شەهادەتی خۆی بە چاو و دەست بەستراوی زۆری لیدرا، تا ئیعتیراف بکات. پاش چوار رۆژ بردبوویان بۆ مەخفەری پۆلیسی نەهیشتنی تاوان لە خانەقا.

"داوایان لیکردم ئیعتیراف بکەم و هەرشەی تەعەدای جنسیان لیکردم... پاشان دەستمیان بە زنجیر بەست و بە پالْ دەرگایەکەوە هەلْیان واسیم. لە خانەقا دوو رۆژ مامەوە و بەردەوام لیْیان دەدام تا وام لیْهات ئازارەکەم پیْ تەحەمولنەدەکرا، ئینجا ووتم ئیعتیراف دەکەم. ئەو کات لە دەرگاکە دایان گرتم و دادپرسی پەسادەریان هینا..."

پاش تۆمار کردنی ئیفادەکەی لەلایەن دادپرسی پەسادەوە، بردیانەوە بۆ ئیسکان و ١٠ رۆژی تر لەوێ مایەوە. بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە پاش ئەوەی چەند ناوێکیان لە دەفتەری ناونیشانەکەیدا دۆزییەوە دووبارە ئەشکەنجە درا. ئەمجارە بە کارکردن بۆ موخابەراتی عێراقی تاوانبار کرا. لەم ماوەیەدا یەک جار بردیان بۆ خەستەخانە، پاشان ڕەوانەی بەندیخانەی مەحەتتە کرا. کەسێک کە پێشتر گیرابوو و هاوبەشی ژووری بەندیخانەکەی بوو، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە کاتێک مونیر مەحمەد مەحمودیان بردە لای، نەیدەتوانی بۆ خۆی بێ یارمەتی بەپێ بڕوات لە بەر ئەو زامانەی بە هۆی ئەشکەنجەکردن پێی گەیشتبوون و نەیدەتوانی بۆ چەند ڕۆژێک خواردن بخوات. پاش هەفتەیەک، ڕەوانەی بەندیخانەی ئاسایش کراو لەوێ مایەوە تا ٤ی نیسان/ئەپریلی ١٩٩٣ کە ڕۆژی موحاکەمەکەی بوو لە دادگای تاوانیی هەولێر :

"ئەو ڕۆژە پاسەوانێک هات ووتی موحاکەمەکەت ئەمڕۆیە. لەوپێش ئاگاداریان نەکردبووم. لە کاتی موحاکەمەکەدا پارێزەرێکی دیفاعیان بۆ دانابووم کە لەوپێش نەمدیبوو. داوام لە دادپرسەکە کرد کە داوای دوو کەس بکات کە دەتوانن شایەتی بدەن سەبارەت بە جێو شوێنی من شەوی [دزییەکە]، بەڵام نەیکرد و ووتی گوایا من ئیعتیرافم کردووە لە بەردەم دادپرسی پەسادەردا... بۆم ڕوونکردەوە کە هەرچی ڕووی دابوو بە زەبری ئەشکەنجە بوو.... هەتا ئێستا چاوەڕوانی ئەوەم بزانم ئایا دەعواکەم دەکرێ بڕوات بۆ بەسەرکردنەوە."

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بواری ئەوەی نەبوو قسەکانی لەگەڵ تۆمارکراوی موحاکەمەدا بەراوورد بکات یاخود دەعواکەی لەگەڵ سەرۆکی دادگاکە باس بکات. بەڵام ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نیگەرانی خۆی دەربڕی لای دادپرسی پەسادەرو و ئەمیش بە ڕێکخراوی ڕاگەیاند کە لەبەر ئەوەی مونیر محەمەد مەحمود نە کەسی تریش لە تۆمەتبارەکان سەبارەت بە جۆری مامەڵە کردنیان سکاڵای ڕەسمیان لە لای تۆمار نەکردبوو، هیچ پەسادانێک نەکرا. هەرچەند پێی لەوە نا کە مونیر موحەمەد مەحمود لێی درابوو، بەڵام پێی وابوو کە "تەندروستی خراپ نەبوو و پێویستی بە تیمار کردن نەبوو" جا لەبەر ئەوە نە حەوالەی کۆمیتەی پزیشکی



مونیر موحەمەد مەحمود

کردبوو نە هیچ پشکنینێکی رەسمی سەبارەت بە ئەشکەنجە پیادەکردبوو. تەنانەت گومانی خۆشی دەربڕی لەوەی کە سەختی لێدانەکەی هاوجۆری ئەو شەهادەتە بێت کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بەدەستی هێنابوو، تەنها ئەگەر ئەشکەنجەی تری کرابێت کاتێک لای ئاسایش گیرابوو. بەڵام مونیر مەحمەد مەحمود ئیفادەی دابوو کە لە بەندیخانەی ئاسایش ئەشکەنجەی نەدیبوو، تەنیا لە مەخفەرەکانی پۆلیس نەبێت.

• ڕۆژی ٢٩ی ئاب/ئۆگوستسی١٩٩٣ دوو گیراوو پێویستیان بە تیمارێ چڕ هەبوو لە خەستەخانەی تەواریئی هەولێر، پاش ئەوەی تووشی زامداری خەتەرناک هاتبوون لە ئەنجامی ئەشکەنجەکردندا. موحسین حەمەد ئیبراهیم، کاسبکارو لە دایکبووی کوێسنجەق ١٩٦٨و لوقمان عەبدولحەکیم عەبدوررەحمان، خوێندکاری ئامۆژگای زانستی و لە دایکبووی کوێسنجەق ١٩٧٣، شەش مانگ بوو بە تۆمەتی کوشتن گیرابوون، لای پۆلیسی شارەکەی خۆیان گلدرابوونەوە. لە ٢٩ ئاب/ئۆگوستسدا کەمێک پاش ئەوەی ڕەوانەی هەولێر کران، لەلایەن بەڕێوبەرێتی پۆلیسی شار لە مەخفەری پۆلیسی ئازادی ئەشکەنجەدرابوون، لەلایەن چەندین کەسی دەستە کاری پۆلیس بەپەلە بران بۆ خەستەخانەی تەواریئی. موحسین محەمەد ئیبراهیم پاش چوارده ڕۆژ مرد. بروانامەی مردنەکەی کە ٢ی ئەیلول/سەپتەمبەر دەرکرابوو هۆی مردنی لێکدەراتەوە بە "یوریمیا - واتا ژەهراوی بوونی خوێنی ناو میز - لە ئەنجامی لەکارکەوتنی گورچیلک بەهۆی ڕزاندنی هەمە جۆرە (Crush Syndrome) کە ئەمەش لە ئەنجامی موزاعەفاتی توندیی دەرهۆی لەش و ئیلتهابیوونی میزڵدان ڕوویداوە". بەگوێرەی ڕاپۆرتی تەشریحی پزیشکی، زامەکانی دەرهۆە بریتێن لە "شینومۆر هەڵگەرانی لای ڕاستی زگ و ناوقەدی بەشێوەی هێڵی پان و بە درێژایی



مەخفەری پۆلیسی ئازادی لە هەولێر

جیاجیاو بە ژمارە شەش و هەندێکیان بە یەکێر نوساونەوە" وەهەروەها "شینومۆر هەڵگەڕانی تر هەن لە سەر هەردوو ڕانی و سمتی، هەندێکیان بڵاوەبوونەتەوە هەندێکی تریان بەشێوەی هێڵی پان و بە ژمارە چوارن یا زیاتر، کە هەندێکیان بەیەکێر نوساونەوە".

لێقەوماوەکەی تر، لوقمان عەبدولحەکیم عەبدولرەحمان، پاش دە ڕۆژ لە خەستەخانە ئیزندرا. پاشان، شەش پۆلیس پێناسکران کە گوایە لە ئەشکەنجەکردنەکەدا بەشداربیان کردووە. چواریان گیران، بەڵام دووانەکەی تریان، کە نایب زابت بوون، گوایە هەڵهاتبوون. دوای مانگێک، لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چاوی بە کاپتنی مەخفەری پۆلیسی ئازادی کەوت و ئەویش ڕێکخراوی ئاگادارکرد کە کۆمیتەیەکی سێ کەسی بۆ لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە دروستبووەو پێکهاتبوو لە وەزیری دادو جێگری وەزیری ناوخۆ و ڕاوێژکارێکی یاسایی وەزارەتی ناوخۆ. ناوی ئەو شەش کەسەی کە دەستیان لەم مەسەلەیەدا هەبووە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناو نەتەوەیی دا، ئەوەندەشی ووت کە گوایا خۆی لە ئیجازە بووە کاتی ڕووداوەکە. کاتی ئەم نووسینە هیچ زانیارییەک سەبارەت بە دۆزینەوەکانی لێکۆڵینەوەکە بەردەست نەبوو، بەڵام ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی توانی سەیری فایلی دادپرسی پەسادەری ئەم دەعوایە بکات. سەبارەت بە شتەکانی تری ناو ئەم فایلە، ئیفادەی لوقمان عەبدولحەکیم عەبدولرەحمان بوو پێش ئەوەی لە خەستەخانە ئیزن بدرێت. ئەمەی خوارەوە بەشێکە پەیوەندی بەو هو ئەشکەنجەیەوە هەیە کە درابوو.

"لە پشتەوە دەستم بەسترابوو... بە پەنجەرەی تواڵێتدا هەڵواسرابووم بە جۆرێ کە قاچم لە زەوی ببڕوە، پێجامە و جلەکانی ژێرەوەم داکەنرابوون و یەکێکیان [ناوی بەنهێنی پارێزراوە] ئەندامی جنسیمی گرت و وایەرێکی بە کێشی تێوە ئالاند بە جۆرێک کە ئازارێکی زۆری پێ گەیاندم... ئینجا زۆری لێکردم سێ دۆڵکە ئاوی گەرم بخۆمەوە و داوای لە یەکێک لە پۆلیسەکانی کرد کە سوندەیەک بهێنێت. داوای لێکردم ئیعتیراف بکەم بە کوشتنەکە]، منیش وەڵامم داوە کە من لە کاتی ئەم ڕووداوەدا لە هەولێر نەبووم لەبەر ئەوە چۆن بتوانم ئیعتیراف بکەم، من [بۆ ئەمە] شایەدم هەیە. دەستی کرد بە لێدان لە زگم. هەستێکی بە پەلەی میزکردنم بۆ هات بەڵام نەمتوانی بیکەم ... ئینجا سوندەکەی دا بە پۆلیسێک و داوای لێ کرد لێم بدات ... ئینجا [پاش دووبارەکردنەوەی لێدان هەر ١٥ دەقیقەیەک] وایەرەکەی لە ئەندامی جنسییم کردەوە.... کە لە لێدان بوونەوە گوێم لە دەنگی موحسین بوو، هێنابوویان بۆ ژوورەکە و ئەشکەنجەیان دەدا و گوێم لێبوو هاواری دەکرد، الله اکبر... پاش ئەوەی کاریان تەواو دەبوو، ئێمەیان بە بەستراوەیی بەجێدەهێشت بۆ دوو سەعات. وەزعم زۆر خراپتر بوو و لە هۆش خۆم چووم. نازانم چۆن دەستم کرانەوە و چۆن گوێزرامەوە بۆ خەستەخانە..."

ئەوەندەی ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی ئاگادارە، چوار پۆلیسەکەی کە گیرابوون لە دوای ئەم رووداوە هیشتا لە زیندانن، بەڵام حەوالەی دادگا نەکراون. لیکۆلینەوەکە تەواو نەبووە چونکە دوو زابتی پۆلیسەکەی کە دەستیان لەم مەسەلەدا هەبوو، هەڵهاتوون. ئەوەی بە ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی گەیشتووە وا دەگەیەنێت کە نەگرتنی دوو نائیب زابتە پۆلیسەکانی باسکراو لەبەر ئەوەیە کە لەلایەن یەکێک لە پارتە سیاسیەکانەوە پاریزراوون و نەک لەبەر ئەوەی هەڵهاتوون. نەتوانرا بەسەربەخۆیی ئەمە ساغ بکرێتەوە.

• گیراوێکی لەوپێش، کاتێک کە لەلای ئاسایشی شاری کفری (پاریزگای کەرکوک) گلدرابووەوە لە مانگی ئاب/ئۆگوستسی١٩٩٣دا لە کاتی پرسکاریدا لێیان دابوو. وێنەی برینەکانی، لەوانەی لێرەدا پیشان دراوە، ماوەیەکی کەم پاش بەربوون گیران و لەلایەن پسپۆری دادوەری پاتولۆژییەوە Forebsic pathologist سەیرکران، پسپۆرەکە دەڵێت:

"ئەم [وێنانە] پیشاندەری چەند جێگایەکی زامدارن کە شین هەڵگەڕاون و بە ئاشکرایی لە سەر سمت و رانەکان دیارن. لەوە دەچێت کە ئەمە تەنیا چەند رۆژێکی کەمی لەمەوبەر رووی دابێت. سەمتی ئەم زامداریە سەیر خۆی دەنوێنێت، چونکە خەتی ئاسۆیی لە ناو زامەکانی سمت هەیە.... دوور نیە جێگای لێدان بێت بە قامچییەکی سەر شێتاڵکراو و یاخود ژمارەیەک بۆریی پلاستیکی چونکە جێی لێدانەکانی سەر سمت هاوکێش و زۆرن. جۆری



گیراوێک کە بەدەست ئاسایش لە کفری، پاریزگای کەرکوک، ئەشکەنجەدراوە

ئەم لێدانانەش کە لەسەر شان و سمت و لارانەکان دیارن، ئەوە پیشان دەدەن کە ئەمە کارێکی هەوەسکارانە بوو بێت..."

• گیراوێکی تری لەوەپێش، ٣٦ ساڵەی خەڵکی کەلار (پاریزگای کەرکوک) کە لە ماڵی خۆی گیرابوو لە کانوونی دووەم/یەنایری ١٩٩٤دا لەلایەن ئاساییشەوە هەشت کەس لێیان دابوو کاتێک کە گەیشتبووە مەڵبەندی ئاسایشی کەلار (پاریزگای کەرکوک). پاشان گوێزرایەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی کەرکوک لە دەربەندیخان، و دەڵێت دووبارە لەوێش بە کەیبڵ لێیانداوە، دەست و دەموچاوی سووتێنراوە بە ئامێرێکی ئاسنین کە لە سەر سۆپا داخکرابوو. پاش ئەمە بردیانەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی ئەو شارەی کە تێیدا پرسکاری لەگەڵ کراوەو تۆمەتبارکراوە بەوەی کە تاوانێکی جنسی کردووە. پاش ئەوەی پێنج ڕۆژ بە گرتووی دەمێنێتەوە، دەبرێتە بەردەم دادپرسی پەسادەر و بەرەڵادەکرێت. تێبینی پسپۆری دادوەری پاتۆلۆژی لە سەر وێنەی برینەکانی دەڵێت:

"دەموچاوی خەتی بە پانی ١سم بە ئاشکرا پێوە دیارە کە هەموو دەموچاوی گرتۆتەوە... ئەمەش هاوچەشنە لەگەڵ سووتاوی ڕووی کە لە چاکبوونەوە دان.... دەستەکان هەمان نیشانەیان پێوەیە کە ئەمیش هاوچەشنە لەگەڵ پێوەنانی ئامێرێکی لوولەیی داخکراو."

ب - گرتووە سیاسییەکان

کە سانێک کە بە هۆی ئەندامەتیانەوە لە هەندێ ڕێکخراو و گرووهی سیاسیاندا، لەلایەن ئاساییشەوە گیراون، بریتین لە «ڕەوتی کۆمۆنیست»و «پ.ک.ک»و «تێکۆشین». ئەندامانی جۆرە ڕێکخراوی تر، لەمانە «یەکێتی بێکاران لە کوردستان»، ئەوانیش لەلایەن ئاساییشەوە گیراون. لە زۆر حاڵەتدا، ئەم گرتووانە بەبێ تۆمەت ئاراستەکردن یا محاکەمەکردن، گلدراونەتەوە بۆ ماوەی کەم و پاشان بەردراون. لە حاڵەتی تردا، بە تۆمەتی تاوانیی گەمان لێکراو گیراون. ژمارەیەک لەمانە وایان ڕاگەیاند کە لە کاتی گرتنیاندا، ئەشکەنجە یان مامەڵەی نابەجێ کراون. ئەمەی خوارەوە باسی ڕووداوێکە کە دەرخەری ئەو کردارەیە کە لەلایەن ئاساییشەوە ئەنجام دەدرێت.

ڕۆژی ٢٦ی ئاب/ئۆگوستسی١٩٩٢دا، گرووهێکی سێزدە کەسی کە چالاکی سیاسی بوون، لەلایەن ئاسایشەوە لە هەولێر گیران(٦١). ئەمانە لە نێوان دوو سەد پیاو و ئافرەت و منداڵدا بوون کە هەر ئەو ڕۆژە خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست دژ بە بۆمبارانکردنی شاری شرناک لە خواروو ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە لەلایەن هێزەکانی سەربازی تورکی، دوو هەفتە لەوەبەر، ئەنجام درابوو. بەشدار بووەکان بریتی بوون لە نوێنەرانی چەند گرووهێکی چەپ،

وەکو «تیکۆشین»و «پ.ا.ک»و «رەوتی کۆمۆنیست». یەکیک لە ریکخەرانی خۆپیشاندانەکە بە ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی ووت :

"هەموو لەسەر ئەوە ریکەوتبووین کە خۆپیشاندانەکە ئاشتیانە بێت و دروشمەکانمان بە ناوی خەڵک، نەوەک بە ناوی پارتە سیاسیەکانەوە بوو. داوای ئیجازەمان لە وەزارەتی ناوخۆ کردبوو بۆ خۆپیشاندانەکە، بەڵام ریگەیان نەداین، بە واتەی ئەوەی گەلێک بەکریگیراوانی حکومەتی عیراق هەن کە چالاکن لە ناوچەکەداو باری ئاسایشی ناو کوردستان [ئەم چالاکیانە] هەڵناگرێت. لە شیخەللاوە [گەرمکیکی شەعبیە لە هەولێر] دەستمان پیکرد. ئاسایش گەمارۆی ناوچەکەیدابوو و بە چەکی قورس چەکدار بوون. دەنگی تەقە هاتە بەرگوێمان و ئاسایش دوو کەسیان گرت و ووتیان ئەمانە ئەندامی «پ.ک.ک»ن و چەکدارن و رازینەبوون بەریانبدەن. هەندیکمان ویستمان تەدەخول بکەین بەڵام ئاسایش دەستیان کرد بە لێدان لە دەموچاوی دووان لە ئێمە و خوێنیان لێهات..."

ئینجا خۆپیشاندانەکە رووەو بەرێوەبەرێی ئاسایشی هەولێر رۆیشت کە کەوتۆتە بەرامبەر بنایەی پارێزگا. وەفدێک لە خۆپیشاندەرەکان چوونە ناو بەرێوەبەرێتیەوەو چاوپان بە بەرێوەبەری ئەو کاتەی ئاسایش، خورشید شێرە، کەوت تا داوای بەردانی دوو گرتووەکە بکەن. بەڵام داواکەیان ڕەدکرایەوە. یەکێک لە ئەندامانی وەفدەکە، ڕەئووف کامل عەقراوی، کە دەمراستی «تیکۆشین» بوو[٦٢]، بە ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی ووت :

"پێیان ووتین ئەگەر پەرتوبڵاوەبینەوە تەقە لە خۆپیشاندەرەکان دەکەن. ئێمەش چووینەوە دەرەوە و خەڵکەمان ئاگادار کردنەوە کە بارەکە خەتەرە و پێویستە پەرت ببینەوە، کاتێک خەریک بووم بڕۆم، ئەندامێکی ئاسایش ملی گرتم. لەم ماوەیدا گەمارۆی خۆپیشاندەرەکانیان دابوو، منیش خۆم نەدا بەدەستەوە ویستم بەرەەڵستی بکەم، بەڵام بە توندی رایانکێشام. لەم کاتەدا بوو ئاسایش دەستی بە تەقە کرد. خۆپیشاندەرەکان چەکدار نەبوون..."

یەکێک لە سەرکردەکانی تری خۆپیشاندانەکە بە ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی ووت :

"تەنیا ئەوەمان دەویست نارەزایی خۆمان دەربڕین لەبەردەم بەرێوەبەرێتی ئاسایشداو داوای بەردانی دوو گرتووەکە بکەین. مەبەستمان شەڕ فرۆشتن نەبوو. دروشمەکانمان دژ بە حکومەتانی تورکیا و عیراق بوون، نەوەک حکومەتی کوردی... کات نزیک شەشی ئێوارە بوو کە وەفدەکەمان لە بەرێوەبەرێتی ئاسایش هاتە دەرەوە و داوایان کرد پەرت و بڵاو ببینەوە. هەر کە خەڵکەکە خەریکی ئەمە بوون، ئاسایش دەستی کرد بە گرتنی هەندێکیان. گوێم لە دەنگی تەقەبوو و

دەستبەجێ گەرامەوە بۆ ئەوەی رەئووف ئاگادارکەمەوە، دیم کەوا خەریکن دەبن پاسەوانە چەکدارەکانی سەربانی بیناکە ژنێکیان کوشت کە لێپرسراوێکی «پ.ا.ک» بوو... دوای ئەمە کچێکی منداڵ کەوتە زەوی پاش ئەوەی گوللەیەکی پێکەوت. گەلێکی تر بریندار بوون"

لە ماوەی ئەم پێکدادانەدا دوو پێشمەرگە کە پاسەوانی بەرێوەبەری ئاسایشیان دە کۆژران. کاربەدەستان پاشان وایان باسکرد کە گوایە ئەو ژنەی کوژرا لە کاتی خۆپێشاندا [کوردێکی سووریایەو ناسراوە بەناوی نەجبیر و تەمەن ٢٥ ساڵ و گوایە پێشمەرگەی «پ.ک» بووە] چەکدار بووەو دوو پاسەوانەکەی کوشتووە. تێکرا سێزدە خۆپێشاندەر (نۆ پیاو و چ ئافرەت) لەلایەن ئاساییشەوە گیران و تاوانی کوشتنیان خرایە پاڵ.(٦٣)

لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٢دا رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چاو پێکەوتنی لە پێنج لەو سێزدە گرتووانە کرد کە لە بەندیخانە بوون. لەو کاتەدا پیاوەکان لە بەندیخانەی ئاسایشی هەولێر گیرابوون و ئافرەتەکان لە بەندیخانەی مەحەتتە. رەئووف کامل عەزیز رووداوەکانی پاش گرتنەکەیانی بەم جۆرە باس کرد :

"کە برایمە ناو بەرێوەبەرێتی ئاسایشەوە، دەستبەجێ دەستیان کرد بە لێدانمان. بە پاژنەی تفەنگ، بە کەبڵ، بە دەست و هەروەها بە شەق لێیان دایین. پێش ئەوەی بخرێینە ژوورەوە تفەنگیان کێشا بە چاومدا و چاویلکەکانم شکان. بۆ سێ رۆژی پاش ئەمە، لە کاتی پرسکاریدا ئەشکەنجە دراین، بە تایبەتی محەمەد ئەمین عوسمان و سەعید عەزیز محمود کە ئەشکەنجەیەکی زۆر درابوون. پاش سێ رۆژ، ئەشکەنجەدان راگیرا..."

لەیلا عەلی موسا کە دوو ساڵ پێشتر چووبووە ناو هێزی پێشمەرگەی «پ.ک.ک» ئیفادەیەی خوارەوەی دا بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی :

"هەر کە تەقە دەستی پێکرد من لێدرام. ئێنجا کوردستانی کچم کوژرا کە گوللەیەک بەر سەری کەوت. تیبات [عەبدولا سلێمان، هاوگیراو] بە سێ گوللە بریندار کرا... پاش تەقەکە هەندێکمانیان گرت و ئێمەیان بۆ ناو بینای ئاسایش برد. بۆ ماوەی سەعات و نیوێک لە یەکێ لە نووسینگەکاندا ئەشکەنجەدرام. بە سوێندە لە جێگای بریندەکەم و لە پشتمیان دەدا. من و تیبات و بریندارەکان و هەروەها کچە کوژراوەکەم براین بۆ خەستەخانەی تەواری. دوو رۆژ لەوێ ماینەوە ئینجا دووان لە ئێمە براین بۆ بەندیخانەی مەحەتتە."

تیبات عەبدولا سولەیمان، کە پێشمەرگەی «پ.ک.ک» بوو، بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کەوا قاچی چەپی و زگی و سنگی بریندار کرابوون. شایەتی ئەوەی دا کە پێش ئەوەی بیبەن بۆ خەستەخانە، لەلایەن ئاسایشەوە بە قونداغە دەمانچە و سوێندە لە شانی دراوە. ئافرەتێکی تر

پەیمان سولەیمان حەمید کە لەگەڵ میردەکەیدا، عەبدولڕەحمان سالح گیرابوون بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت :

"لە پشتەوە دەستیان بەستمەوە ئینجا بە بەرزی بەپاڵ دیوارەکەوە هەڵواسرام و بە سوندە لێیاندام. ئەم ئەشکەنجە کردنە ماوەی سەعات و نیوێکی خایاند. سێ جار بوورامەوە و هەموو جارێک ئاویان پێدا دەکردم تا بەهۆشبێمەوە. بە جگەرە قاچیان سووتاندم [جێگا سووتاوەیەکان لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا هێشتا دیار بوون]. لە کاتی ئەم هەموو ڕووداوانەدا چاو بەست کرابووم ئینجا منیان ترساند تەعدای جنسیم لێبکەن لەبەر دەمی میردەکەمدا. بۆ شەش ڕۆژ لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایش مامەوە، ئەگەرچی ئەشکەنجەکە هەر لە سەرەتادا بوو، ئینجا هێنایانم بۆ ئێرە..."

چوارەم ئافرەت، دەلال خەزال ئەدینا دەلیت :

"پێش هەموو شتێک چاوبەست کرام ئینجا دەستوقاچیان بەستمەوە، فەلاقەیان کردم و لە پشتیان دام. ئینجا لە دەستمەوە، کە لە پشتەوە بەسترابوون، هەڵیانواسیم بە داریکدا کە لە دیوارەکە قایم کرابوو، لە ئەنجامی ئەمە شانی ڕاستم دەرچوو. لە پێشەوە بە سوندە لێیان دام، ئینجا بە پشتینی قایش لە قاچ و جێگای تری لەشم. پاشان تەزووی کارەبایان لە مەچەکمدا. هەرچەند نەمدەتوانی بیانبینم چونکە چاوبەست کرابووم، بەڵام هەستم بەوە دەکرد کە وایەرەکەیان دەکردە مەچەکم. هەروەها لە دەستمەوە بە گوریسێکی بنمیچەکەوە هەڵیان واسیم و دەیانخولاندمەوە. بە هەمووی دوو سەعات ئەشکەنجە درام و لە هەموو ئەم کاتەدا داوایان لێ دەکردم کە ئیعتیراف بکەم کە چەکدار بووم و من دوو پێشمەرگە پاسەوانەکەم کوشتووە."

لە کاتی گرتنیانەوە ئەم سێزدە گرتووە ڕێگەی سەردانی خێزانیان نەدراوە و نەبراونەتە بەر دادپرسی پەسادەر. داوای پارێزەری دیفاعیان نەکردووە بە تەمای ئەوەی کە دەعواکانیان زوو چارەسەر دەکرێنەوە. ڕۆژی ٢٩ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر دەستیان کرد بە مانگرتن لە خواردن و خوازگاریەکیان دا بە وەزارەتی ناوخۆ و لە پاڵ شتی تردا داوای بینینی دادپرسێکی پەسادەریان کرد. ئەمە لە ڕۆژی ١ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر پەسند کرا، واتا زیاتر لە سێ مانگ پاش گرتنیان. ڕەئووف کامل عەقراوی بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت.

"دادپرسی پەسادەر پێی ڕاگەیاندین کەوا لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەک دژمان نیە، بڕیارێکی سیاسی لەلایەن «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»ەوە دراوە بۆ بەردانمان. هەروەها پێی ووتین کە داوای کردووە ئەوانەی لێپرسراون لە کوشتنی کچەکە و ئەوانی تر، بدرێن بە دەستەوە تا بەڕەو یاسا بکرێنەوە."

گرتووەکان خوازگارییەکی تریاندا و داوای سەردانی خێزان و موحاکەمەیەکی دروست و

ئاشکرایان کردو ئەمەش کە دارمتی زیندانی سیاسیان پێ بدرێت. رۆژی ٤ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر کوتاییان بە مانگرتن هێناو ئەنجام رۆژی ١١ی کانوونی دووەم/یەنایەری١٩٩٣ بێ موحاکەمە بەردەڵاکران.

لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٢دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی مەسەلەی سێزدە گرتووەکەی لەگەڵ جێگری وەزیری ناوخۆ باسکرد. ئەحمەد شەریف عەلی بە ڕێکخراوی ووت کە ئەو سێزدە گرتووە بەپێی ئەو بەڵگانەی کە بەدەستەوە هەبووە بەگیراوی ماونەتەوە چاوەڕوانی موحاکەمەکردن بوون بە تۆمەتی کوشتن. هەروەها ووتی کە خۆپیشاندەرەکان نەدەبوو بەبێ ئیجازە خۆپیشاندانەکە بکەن.

لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٣دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی سۆراخی ئەو جۆرە زانیارییانەی دەکرد کە لە ئەنجامی پەسادانێکی پیادەکراودا بە دەست هاتبێت سەبارەت بە کوشتنەکان و ئەشکەنجە کردنی سێزدە گرتووەکان. هەروەها داوای کرد فایلی موحاکەمەی ئەوانە ببینێت. دادپرسی پەسادەری ئەو کاتەی لێپرسراو لەم دەعوایانە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە ئەو خۆی ئیتر لێپرسراوی بەرامبەر کاروباری ئاسایش نەماوە و لەبەر ئەوە ئەو فایلانە لەبەر دەستی ئەودا نەماون. بەڵام ئەوەشی ووت کەوا سێزدە گرتووەکە بە هۆی نەبوونی بەڵگەوە بە فەرمانی دادگا بەردەڵاکراون و پرۆسەی پەسادان ئەوەی سەلماندووە کە ئەمانە ئەشکەنجە درابوون کاتی گرتنیان. دووبارە ووتی داوای کردووە کە ئەوانەی لێپرسراون بەرامبەر بەم پێشێلکردنانە بەرەو ڕووی یاسا بکرێنەوە، بەڵام لەم بارەیەوە هیچ هەنگاوێک هەڵنێنراوە.

پاش ئەمە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چاوی بە دادپرسی پەسادەری تازەی کاروباری ئاسایش کەوت، ئەویش دانی بەوەدانا کەگەڵێ جار گرتووەکان ئەشکەنجە دەدرێن بەڵام ئەمە هەر لە حاڵەتی زۆر نائاسادا ڕوو دەدات. گوایا، ئەگەر پێویستی کرد گرتوو سزا بدرێت، ڕێوشوێنی تر بە کار دێت وەک خواردن نەدان پێیان و یاخود ڕێگەنەدانی سەردانی خێزانەکانیان. دەدربارەی سێزدە گرتووەکە ووتی کە خۆی مانعی نیە لەوەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی فایلەکانیان ببینێت کە لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی هەولێر بەدەستدەکەون. لەوێ سەفین مەلا قادرە بە ڕێکخراوی ووت لە کاتی بەڕاپابوونی ئەو ڕووداوانە ئەو خۆی بەڕێوەبەری ئاسایش نەبووە و لەبەر ئەوە ڕاستەوخۆ لێیان ئاگادار نیە. هەروەها ووتی فایلی سەر بە دەعواکانی ئەو سێزدە گرتووە لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایش نەماون و ووتی ڕەنگە لای دادپرسی پەسادەر بەدەست بێن.

تا ئەمڕۆ هیچ کەسێک لە دەستەی کاری ئاسایش کە دەستی لە کوشتنی خۆپیشاندەرەکان یاخود ئەشکەنجە دانی گرتووەکاندا هەبووە، بەرەو ڕووی یاسا نەکراونەتەوە هیچ یەکێکیش لە لیقەوماوانی ئەشکەنجە یاخود خێزانی ئەوانەی لە خۆپیشاندانەکەدا کوژراون پاداشتێکیان وەرنەگرتووە.

لێکۆڵینەوە لە سکاڵای ئەشکەنجە

کاربەدەستانی ئیدارەی کوردی و نوێنەرانی دادپرسی لەوانەی کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نیگەرانی خۆی لەگەڵ باس کردوون، دانیان بەوەنا کە "تجاوزات" لەلایەن دەستەی کاری پۆلیس و ئاسایشەوە سەبارەت بە مامەڵەکردنی گرتووان لە بەندیخانەکانیان هەبووە. بەڵام هەمووان باس لەوە دەکەن کە مەرجەکانی یاسای ڕێکاری تاوانی یاسای سزایی کاریان پێکراوەو کە سکاڵای ئەشکەنجەدان و مامەڵەکردنی نابەجێی پەسادەراون. ئەو زانیارییانەی کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابووردوودا لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی کۆکراوەتەوە، پێچەوانەی ئەمە دەگەیەنن. تەنانەت ڕێکخراو نەیتوانی وردەباس هەتا هی تاقە دەعوایەکیش بێت، بە دەست بهێنێت کە پەسادانی تەواو و کاریگەرانەی سکاڵای ئەشکەنجە دانی تیا ئەنجام درابێت و یاخود دەستەکاری لێپرسراو لەم پێشێلکردنانە بەڕەوڕوی یاسا کرابێتەوە.

زۆربەی سکاڵایەکانی ئەشکەنجە کە لە ١٩٩٢و ١٩٩٣دا بە دەست ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەیشتبوون، لەلایەن تاکە کەسانێکەوە دەکران کە پرسکاریان لەگەڵ کرابوو لەلایەن هەمان پۆلیس و دەستەکاری ئاسایشەوە کە لێپرسراوی گرتن و گلدانەوەشیان بوون. بە کارهێنانی ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێ لە باری ئاساییدا پێش بردنی تۆمەتبار بۆ دادپرسی پەسادەر، کراون. لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٢دا، وەزیری دادی ئەو کاتە مەعروف ڕەئووف خدر بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کەوا یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی کوردستانی عێراق نەبوونی هێزی پۆلیسی دادپرسیە کە بەڕپرسیار بێت بەرامبەر بە وەزارەتی داد و بتوانێت لەو پلە ناسکەدا سەرپەرشتی گلدانەوەی تۆمەتباران بکات. پۆلیس و دەستەکاری ئاسایش کە لەم پلەیەدا بە گلدانەوەی تۆمەتباران هەڵدەستن، لە ژێر سەرەوکاریتی وەزارەتی ناوخۆدان و وەزارەتی داد مافی دەست تێنانی نیە هەتا لە ڕێگای دادپرسی پەسادەرەوە لە دەعوایەک ئاگادار نەکرێت.

دادپرسانی پەسادەر بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە وا شکایەتی ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێ تەنها لەو کاتەدا پەسادەدەرێن کە ئەو تۆمەتبارەی دێتە بەردەمیان سکاڵای ڕەسمی لەو بارەیەوە کردبێت، لەگەڵ ئەوەش ستانداردی جیهانی داواکاری لێکۆڵینەوەیە لەو ڕاپۆرانەی باس لە ئەشکەنجەو مامەڵەی نابەجێ دەکەن، لەو حاڵەتانەی کە سکاڵای ڕەسمیشیان بۆ تۆمار نەکرابێت. بۆ لێکۆلینەوە لەو حاڵەتەدا، سکاڵاکە حەوالەی کۆمیتەیەکی پزیشکی دەکرێت کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دەست نیشان دەکرێن و بەرامبەر ئەو وەزارەتەش بەڕپرسیارە. جا ئەگەر سکاڵا نەکرێت، لێکۆلینەوەیەکی پزیشکی لەوانەیە ڕوونەدات، هەتا ئەگەر دادپرسی پەسادەریش لەو بڕوایەدا بێت کە باری تەندروستی

تۆمەتبارەکە پێویستکاری ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە. دادپرسێکی پەسادەر بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە وا جۆرە نەویستنێکی گشتی هەیە لە حەوالەکردنی "دەعوای یەکجار زۆر" بۆ کومیتەی پزیشکی، چونکە کردنی ئەمە ناوبانگی "گێرەشێوێن" دەخاتە پاڵ و ئەمەش لەوانەیە شێوەی پێوەندی لەگەڵ پۆلیس و ئاسایش ئاڵۆز بکات.

هەر بەم جۆرەش، هیچ ڕێبازێکی یاسایی وەرناگیردرێت دژی دەستەکارێکی پیادەکاری یاسا، کە تۆمەتباربێ بەئەشکەنجەکردن یاخود مامەڵەی نابەجێ، هەتا سکاڵای ڕەسمی لای وەزارەتی داد، لەلایەن لێقەوماوەوە تۆمار نەکرێت. مەعروف ڕەئووف خدر ووتی دەشێ ئەو جۆرە سکاڵایانە لەلایەن خێزانی تۆمەتبارەوە تۆماربکرێن و ئەوەشی ووت کە خۆی ئامادەیە ئەگەر دەعوایەک لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییەوە بخرێتە بەر چاوی، وەک "سکاڵای ڕەسمی" سەیری بکات. کاتێک سکاڵا تۆماردەکرێت، ئەنجومەنێکی پەسادەری لە سێ کەس پێک دێت کە نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی داد، بە پێی جۆری دەعواکە، بەڕێوەبەرێتی پۆلیس یان ئاسایش گشتی دەبن. هەر سێکیان دەبێت کەسانی قانوونی بن. پەسادانی سەرەتایی سەبارەت بە سکاڵایەک کە دەکرێت، لەلایەن ئەنجومەنی پەسادەرەوە ئەنجام دەدرێت پێش حەوالەکردنی کارەدەستی تۆمەتبارکراو بۆ دادگا.

سەرنەکەوتنی دەستەڵات لە پرسینەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە ئەشکەنجەو مامەڵەکردنی نابەجێ کە بەڕەسمی لەلایەن لێقەوماوان تۆمار نەکرابێت، مانای ئەوەیە کەوا زۆربەی زۆری ئەو ڕووداوانە قەد لێیان ناکۆڵرێتەوە پەسا نادرێن. هۆی هەرە باوی نەویستی تۆمەتباران بۆ سکاڵاکردن، ترسی تۆڵەکردنەوەیە، بە تایبەتی ئەگەر وابێت کە ڕەوانەی لای هەمان دەستەڵات بکرێتەوە کە لێپرسراوی پێشێلکرنەکەیانە. ئیحتمالی ئەشکەنجەدانەوە مامەڵەکردنەوەی نابەجێ وەکو سزادان، لەبەر ئەوەی تۆمەتبار سکاڵایکردووە، زۆرە. هۆیەکی تری ئەمە نەزانینی ئەو یاسا و مافانەیە کە دراونەتە هەموو ئەو کەسانەی لە ئازادی خۆیان بێبەریکراون. هۆی سێیەم لەوانەیە ئەو ڕوانگەیە بێت کەوا تۆمەتبار بڕوای پێ ناکرێت یاخود هیچ کارێکی کارێگەر بۆی ناکرێت. ئاکامی ئەمانەش ئەوەیە کە "ئیعتیراف" یەک کە بە زەبری ئەشکەنجەو لە کاتی پرسکاریدا بە دەست هاتبێت، بۆی هەیە پاشان، وەک تەنیا بەڵگەی تاوانبار کردنی تۆمەتبار لە دادگا بە کاربێت. بەندی ١٨١(د)ی یاسای ڕێکاری تاوانی دەڵێت "ئەگەر تۆمەتبار هات ئیعتیرافیکرد بەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراوە و دادگا بڕوای هێنا بە ڕەسەنی ئیعتیرافەکەی و خۆشی لە ئاکامی بە ئاگا بوو، ئەو کاتە دادگا دەتوانێت گوێ لە دیفاعی بگرێت و حوکمی خۆی بدات لە دەعواکە بەبێ ئەوەی پێویست بە بەڵگەی تر بکات..." سەرۆکی دادگای تەمیز بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە لە حاڵەتی نائاساییدا دەکرێ حوکم بە سەر تاوانبارێکدا بدرێت کە ئیعتیرافی بە زۆر لێ دەرهێنرابێت، ئەگەر بەڵگەی تری بەردەستی دادگا پشتگیری ئەو ئیعتیرافە بکات. ئەمەش

رووبکردەوە کە جۆری ئەم ئیعتیرافانە هەرگیز بە کار ناهێنرێت وەک تەنیا بەڵگە بۆ تاوانبارکردن، لە هەموو حاڵەتێکدا کاربەدەستی لێپرسراو لە ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێی تۆمەتبار بەپێی یاسا سزادەدرێن. ئەم کارە ئەرکە پەیمانییەکانی عێراق پێشێلدەکات لە ژێر بەندی ١٤(٣) (ز)ی «پ.ن.م.م.س»دا کە تاوانبارکراو دەپارێزێت لەوەی زۆری لێبکرێت شایەدی دژی خۆی بدات و یاخود ئیعتیراف بە تاوان بکات. لەمەش زیاتر، ستانداردەکانی نێونەتەوەیی داوا لە دادپرس و مودەعیەکان دەکەن کە هەموو ئیعتیرافێک لە رێگای ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێوە بە دەست هاتبن لابخرێن(٦٤).

هێشتا ئیدارەی کوردی دەبێت هەر کاربەدەستێکی پیادەکاری یاسایی کە لێپرسراو بێت لە ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێی گرتووان، بەرەو رووی یاسا بکاتەوە. گوایا هەندێک لە دەستەکاری پۆلیس و ئاسایش هەنگاوی بەندو بەستکارانە لە دژیان وەرگیراوە چونکە لەو بوارەدا بە جۆری ناشیاو دەسەڵاتیان بە کارهێناوە، بەڵام ئەم هەنگاوانە بە هیچ ئەندازەیەک لە جێی خۆیدا نەبووە. بۆ وێنە، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش، کەریم سنجاری، لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٣دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت ٣٥ ئەندامی دەستەکاری ئاسایش تاوانبارکرابوون بە ئەشکەنجە و مامەڵەکردنی نابەجێی گرتووان، لەم رووەوە تەمبێ کران. هەروەها ووتی هەندێکیان لە کاردەرکران و پلەی کارمەندیی هەندێکی تر هێنراوەتە خوارەوە. بەڵام کەریم سنجاری ووتی لە هیچ لەو حاڵەتانەدا لێقەوماوەکانی ئەشکەنجە سکاڵای ڕەسمیان تۆمار نەکردبووو، لەبەر ئەوە کرداری یاسایی دژی تاوانبارەکان نەکرا.

سەبارەت بە پۆلیس، کۆڵۆنێل عەبدولا مەعروف عەبدولا کە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی نەهێشتنی تاوانە لە هەولێر، لە هەمان بۆچوونەوە دەدوا، گەرچی لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری هەنگاوی بەندوبەستکارانەی پێویست کە دەبێت لەم حاڵەتانەدا وەربگیرێت دەکرد. لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٣دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت ئەگەر هاتوو گرتوویەک ئیددعای ئەشکەنجەدرانی کرد لە دەست پۆلیس، ئەوا ڕەوانەی پزیشکی (وەزارەتی تەندروستی) دەکرێت بۆ سەیرکردنی پزیشکی. ئەگەر سەیرکردنەکە پشتگیری ئیددعاکەی کرد، ئەو کاتە هەنگاوی بەندوبەستکارانە دژی پۆلیسی تۆمەتبارکراو وەردەگیرێت. هیچ کردارێکی یاسایی تر دژی وەرناگیرێت، تەنها ئەگەر لێقەوماو بە ڕەسمی سکاڵای تۆمار بکات. سەبارەت بە هەنگاوی بەندوبەستکارانە کە وەردەگیرێن، کۆڵۆنێل عەبدولا مەعروف عەبدولا ڕایگەیاند کە دەرکردنی کارمەندی پۆلیس یان ئاسایش لە هێزەکەیان لەو بارودۆخەدا کارێکی "نایاسایانە"یە تەنیا مەگەر تۆمەتباران حەواڵەی موحاکەمە کرابن. هەرکارێکی تر دژیان بکرێت دەبێت لە سنووری هێنانە خوارەوە لە پلەی کارمەندییان یاخود گواستنەوەیان بۆ کارێکی تر دەرنەچێت. دوا قسەش، ئینکاری ئەوەی کرد کە دەستەکاری پۆلیس ئەشکەنجە و مامەڵەی نابەجێی گرتووان دەکەن کاتێک

لە لایان گلدەرێنەوە.

دەستەکاری پۆلیس و ئاسایش گەلێ جار مەرجی جۆراوجۆری تری ریکاری تاوانیان شکاندووە، لەمانە: داواکستنی حەواڵەکردنی تۆمەتبار بۆ دادپرسی پەسادەر لەو ٢٤ سەعاتەدا کە یاسا رێی پێ داوە، نەناردنی تۆمەتبار بۆ بەندیخانەی رەسمی پاش ئەوەی دادپرسی پەسادەر ماوەی گلدانەوەکەی تازە کردۆتەوە، پیادەنەکردنی فەرمانەکانی تری دادپرسی پەسادەر، گوایا هەندێ جار بە ئەمری وەزیری ناوخۆیە. جۆری تر بۆ وێنە، لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٢دا بەڕێوەبەری ئەو کاتەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر، ئیسماعیل تاهیر دزەیی، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە دەشێ تاوانبار بۆ ماوەی ٧٢ سەعات وەکو زۆرترین راددە گلبدرێتەوە پێش ئەوەی ببرێتە بەردەم دادپرسی پەسادەر. هەروەها ووتی دەشێت کە گرتن ئەنجام بدرێت بە پێی فەرمانێکی نووسراو لە خۆیەوە لە جیاتی فەرمانێکی گرتن کە لەلایەن دادپرسی پەسادەرەوە دەرچووبێت. پاشان ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ویستی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ وەزیری داد ڕوون بکاتەوە، ئەویش ڕایگەیاند کە ئەو جۆرە ڕێکارە هیچ بنەمایەکی لە یاسادا نیە.

پاراستنی گرتوو لە ئەشکەنجەو مامەلەی نابەجێ

پێویستی گرتنەدەستی چەندین هەنگاو بۆ زیاتر پاراستنی مافی گرتووان لە کاتێکدا کە گلدەرێنەوە، بە تایبەتی سەبارەت بە ئەشکەنجەو مامەلە کردنی نابەجێ، لە سەرەتای ١٩٩٢ەوە دانپێنرابوو لەلایەن دەستەلاتی سیاسی و ئیداری و دادپرسیەکانەوە، گەرچی هەتا کۆتایی ١٩٩٣و سەرەتای ١٩٩٤یش هیچ هەنگاوێکی بە کردار ئەنجام نەدرابوو.

هەرچی دەستەلاتە سیاسیەکان بوون، هەردوو سەرکردەی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٢دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناو نەتەوەییان ووت کە هەنگاوی پەلە پێویستە تا پاراستنی تەواوی مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا مسۆگەر بکرێت. جەلال تاڵەبانی ووتی ئەشکەنجەکردن دەبێت کۆتایی پێ بهێنرێت، بەڵام پیادەکردنی یاسایانی کە مافی مرۆڤ دەپارێزن هێشتا لە قۆناخی سەرەتاییدایە. هۆی ئەم سستییەی گێڕایەوە بۆ سەر باری ئاشووبی ناو کوردستانی عێراق و گەلێک لەو وێرانکاریەی کە لە ناوچەکەدا دەکرێت. مەسعود بارزانی ووتی هەرچەندە لە حاڵەتی دیاریکراوی ئەشکەنجە ئاگادار نیە، بەڵام ئەگەر حاڵەتی وا هێنرایە بەرچاوی، ئامادەیە لێیان بکۆڵێتەوە. بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کەوا مانگی پێشوو دوو کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» بە چڕی بیریان لەوە کردۆتەوە کە بە هاوکاری وەزارەتی ناوخۆ دەستنیشانی ڕێنموونیەک بکەن بۆ پاراستنی مافی گرتووان. بە پێی وردەباسیک کە «پ.د.ک» پاشان دەریخست، ئەم ڕێنموونیانە بریتین لە کۆتایی پێهێنانی ئەشکەنجە و مامەلە

کردنی نابەجێ، چاککردنی باری ناو بەندیخانەکان و پێشکەش کردنی کارگوزاری تەندروستی پاکوخاوێنی باشتر. بەڵام ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هیچ زانیارییەکی نیە کە ئەم ڕێنموونیانە پیادەکرابن.

لە تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩٣دا، لە کاتی بینینی چەندین کاربەدەستی ئیدارەی کوردی و ئەندامانی دادپرسیدا، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاگادارکرا کەوا چەند هەنگاوێک بۆ پاراستنی مافی گرتووان کە لەلای پۆلیس و ئاسایش گلدەرینەوە، بە ڕەچاو وەرگیراون. ئەم هەنگاوانە ڕوشنایی دەخەنە سەر بە ڕەسمی لێک جیاکردنەوەی ئەو دەستەلاتانەی کە لێپرسراون لە گلدانەوە و پرسکاریی تاوانبار، ئەمەش شتێک بوو کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەوەپێش پێشنیاری کردبوو. وەزیری داد، قادر عەزیز جەباری، هەروەها سەرۆکی دادگای تەمیز، ڕەشید عەبدولقادر سەلیم بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناو نەتەوەییان ووت کەوا پلان هەیە بۆ پێکهێنانی هێزێکی پۆلیسی دادوەری. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەوە وا تێدەگات کە بە ڕەسمی ئەندامانی ئەم هێزە لە ژێر سەرەوکاریتی وەزارەتی ناوخۆدا دەبێت، بەڵام کاریان لەلایەن دادگاکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لەوانەیە ئەمەش لە ڕێگای نووسینگەی مودەعی گشتییەوە بێت. ئەرکی سەرەکیان پەسادانی تاوان دەبێت و پرسکاری لەگەڵ تۆمەتبارەکان بەشێکە لەو ئەرکە. هەنگاوانی تر کە بە ڕەچاو وەرگیراون بریتیین لە دانانی پەسادەرانی دادوەر (محقق عدلی) هەتا ئەرکی پرسکاری لەگەڵ تۆمەتباران، لە جیاتی دەستەلاتەکانی گرتن، بگرنە ئەستۆ. ئەم پەسادانە پێکدێن لە کارمەندانی مەدەنی دادگاکان و خاوەن کارزانی یاسایی پێویست.

لەبەر ئەوەی ڕۆڵی هێزی پۆلیسی دادوەر لە زۆر ڕووەوە تێکەڵ بە ڕۆڵی پەسادەری دادوەر دەبێت، ئاشکرا نەبوو چۆن دابەشکردنی لێپرسراوی لەم بوارەدا ئەنجام دەدرێت. هەتا ئەمڕۆش هیچ هێزێکی پۆلیسی دادوەر پێکنەهاتووە. بەڵام لە تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری١٩٩٣دا وەزیری داد بە ڕێکخراوی لێبوردی ناونەتەوەیی ووت کە هەنگاونراوە بۆ دانانی نەوەدو پێنج پەسادەری دادوەر کە لەمانە پەنجاو هەشتیان ئێستا لە مەخفەری پۆلیس و مەڵبەندەکانی ئاسایش لە کوردستانی عێراق دانراون. ئەوەشی دیارکرد کە هەموویان دەرچووی کۆلێژی یاسان و لەلایەن سێ دادوەرەوە، بە گوێرەی لێهاتوویی یاسایانە و کارزانیانەوە تاقیکراونەتەوە و هەڵبژێرراون. وەزیر ئاماژەی بەوەشدا کە ئەم پەسادەرە دادوەرانە ڕاهێنانیان نەدیوە، ئەوانە تەنها لێپرسراوی پەسادانی تاوانەکان و پرسکاری لەگەڵ تۆمەتبارانیان هەیە، لەو ناوچانەی کە لێیان دانراون. پاشان هەندێ دادپرسانی پەسادەر بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە ئەو پەسادەرە دادوەرانە لێیان چاوەڕوان ناکرێت ئەرکەتازەکەیان بگرنە ئەستۆ هەتا یەک دوو مانگ ڕاهێنان نەبینن. بێجگە لەمەش، لەوە دەچوو جۆرە بەسەرگێرانێک هەبێت سەبارەت بەوەی سەرەنەنجام لە کوێ دادەنرێن. بەڕێوەبەری ئەو کاتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە

ڕێکەوتنێک نیە لەسەر ئەوەی کە پەسادەرە دادوەرەکان پەسادانی ئەو تاوانانە بکەن کە دەکەونە ژێر سەرەوکاریێتی ئاسایشەوە. هەروەها ووتی هەرچەندە بە شێوەیەکی مەبدەئی خۆی دژی ئەمە نیە، بەڵام پێویستە پەسادەرە دادوەرەکان جێی متمانە بن.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی واتیگەیشتووە کە لەو کاتەوە پەسادەرانی دادوەر لە چەند مەخفەڕێکی پۆلیس دانراون و لە سەرەتای ١٩٩٤دا، ڕادەیەک لە ڕاهێنانیان دیوە. ئەندامانی کارزانی یاسا کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە گەڵیان دووابوو، پێشەوازیان لەمە کرد وەک هەنگاوێکی پەسند رووەو پاراستنی باشتری گرتووان. ڕێکخراو پشووی ئەوەی نەبوو کە وردە باس دەربارەی ژمارەی پەسادەرە دادوەرەکان و مەودای سەروکارێتیان و شێوەی ئەو ڕاهێنانەی دیبوویان، بە دەست بهێنێت. لەمەش زیاتر زۆر ڕوون نەبوو ئایا دەتوانن پێشگری بکەن لە دەستەڵاتی گرتن لە پرسکاری گرتووان کە لە بەندیخانەکانیان گلدراونەتەوە، و ئایا ئەو "ئیعتیراف" انەی لەلایەن ئەو دەستەڵاتانەوە وەردەگیرێن، هێشتا لە دادگا بە بەڵگە وەردەگیرێن یان نا.

سزای کوشتن

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دژی سزای کوشتنە، لە هەموو حاڵەتێکدا تەقەلای لابردنی لە سەرانسەری جیهان دەدات، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم سزایە ئەتککەری مافی بنچینەیی ژیانە و ئەو مافەی کە مرۆڤ نەخرێتە ژێر سزای ستەمکار و نامرۆڤانە و سووکەرەوە. بە بۆچوونی ڕێکخراو ئەمە لە خۆیدا سزایەکی ناداد و هەوسکارانەیە هەتا ئەگەر ئەو تاوانبارەی ئەم حوکمەشی لەسەر دەدرێت زۆر دڕندانەش بێت و یاخود ڕێکاری پیادەکراویش چەند ووردکاربێت. خەتەری هەڵە کردن لەم بوارەدا هەمیشە هەیە، بەڵام سزاکە خۆی بنبڕو بنگەڕانەوەیە. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە ساڵەهای ساڵی کاریدا لە هەوڵدانە بۆ پێشخستن و پاراستنی مافی مرۆڤە لە عێراقدا، بەردەوام بانگەوازی لە حکومەتی عێراق کردووە کە زیندانیان ئیعدام نەکات. لە ڕووی یاساوە سزای کوشتن لابرێت، بە هەمان شێوە، لە ڕوانگەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییەوە ئیعدام کردنی زیندانیان لەلایەن ئیدارەی کوردییەوە ئەتککەری مافە بنچینەییەکانی مرۆڤە.

یاسای عێراقی و سیستەمی یاسایی ئارا

یاسای سزای عێراقی (دەستکاریکراو) سزای کوشتن بۆ مەودایەکی بەرین بۆ خەتا تاوانییە ئاساییەکان و هەروەها سیاسیەکان دادەنێت. لە یاساوەری تریشدا سزای کوشتن تفاقی بۆ دراوە، هەروەک یاسای سزای سوپایی و ژمارەیەک لەو بڕیارانەی کە حوکمی یاسایان هەیە کە لەلایەن

بالاترین دەزگای ڕاپەڕاندنی عێراقیەوە، واتا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، دەرچوون. ئەم بڕیارانە بە شێوەیەکی ئاشکرا ژمارەی خەتا گەورەکانیان زیاد کردووە لە ڕێگای دەستکاریکردنی یاساوەری ئارا وەکو یاسای سزایی یاخود بە دانانی یاساوەری تازە. یاسای کە لە ئارادایە سزای کوشتن تەرزیم دەکات بۆ هەندێ خەتای سیاسی کە تۆندکار نین[٦٥].

حکومەتی عێراق بە ئاماژە کردن بۆ بەندی ٢٠ی یاسای سزایی، هەمیشە سوور بووە لە سەر ئەوەی کە خەتایەکی بە "سیاسی" ناسراو سزای کوشتنی لەسەر نیە. ئەم بەندە جیاوازی لە نێوان خەتای "ئاسا"و "سیاسی" دەکات و لە حاڵەتی دووەمدا حوکمی کوشتن بە موئەبەد دەگۆڕێت. بڕگەی (ا)ی ئەم بەندە خەتای "سیاسی" بەوانە دەدات کە لە هاندەرێکی سیاسیەوە کراون و یاخود زیانبەخش بن بە مافە سیاسیەکانی گشت یان فەرد. هەموو جۆرە خەتایەکی تر بە "ئاسا" دادەنێت. بەاڵم هەمان بەند، شەش جۆر خەتای لە خەتا سیاسیەکان لاخستووە، گەرچی بە هاندەری سیاسیش کراون[٦٦]. سەرباری ئەمەش بەندی ٢(ب) دەڵێت کە دادگای تایبەتمەند دەبێت لە حوکمەکەیدا ئەوە دەربخات کە ئایا خەتایەک کە کراوە بە "سیاسی" دەبینرێت یان نا.

هەرچەندە دادگا ئاساکانی کوردستانی عێراق بەردەوامن لە بە کارهێنانی مەرجەکانی یاسای سزایی، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی وا تێ گەیشتووە کە لە ١٩٩٢دا هەر هیچ نەبێت یەک لە بەندە دەستکاریکراوەکانی ئەم یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە "وەستێنراوە" لەسەر بنەڕەتی ئەمەی کە ئەم بەندە "نەگونجاوە لەگەڵ خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان"دا. ئەمەش دەستکاریەکە کە لە بەندی ١٥٦دا کراوە کە سزای کوشتن دادەنێت بۆ کاری هەوەسکارانە کە سەربەخۆیی و یەکێتی و یاخود خاکی وڵات دەخاتە خەتەرەوە. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ٢١ی نیسان/ئەپریلی ١٩٨٤دا بڕیاری یاسایی ژمارە ٤٥٨ی دەرکرد کە دەڵێت مەرجەکانی بەندی ١٥٦ بە سەر "هەرکەسێکدا ئەندامەتی لە پارتێک یان هەڤاڵبەندیەکدا ساخ بێتەوە کە لە ڕێگای کردار و پڕۆگرامی نوسراوەوە بیەوێت سیستەمی حکومەت، بە هێزی چەکداری یاخود بە هاوکاری هەر لایەنێکی بێگانەوە، بگۆڕێت" پیادە دەکرێت.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەوە ئاگادار نیە کە ئایا مەرجەکانی تری یاسای سزایی کە پێوەندیاربن بە سزای کوشتنەوە بە هەمان شێوە لاخراون. لە کرداردا، تا ئەمڕۆ تەنیا یەک بەندی سزایی کە سزای کوشتن دەدات، بە کارهاتووە لەلایەن دادگاکانی کوردستانی عێراقەوە: ئەویش بەندی ٤٠٦ی سەبارەت بە کوشتنی نیازکارە (متعمد) لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا (بڕوانە خوارەوە). لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی نیشتمانی دوو یاسای تری بانگێشت کردووە کە سزای کوشتن دەدەن بۆ هەندێ خەتای تر. یەکەمیان یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٩٢ کە لە ١ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا دەرچووە[٦٧]. بەندی دووەمی ئەم یاسایە سزای کوشتن دەدات بۆ کوشتنی نیازکاری "بێگانە"یەک یان "هەر کارمەندێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان [یاخود] ڕێکخراوە

مرۆڤایەتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا". ئەم یاسایە رادەی بۆ پیادەکاری بەرەوپشتی داناوە: بەندی ٤ دەڵێت مەرجەکانی ئەم یاسایە پیادەکاری هەموو ئەو دەعوایانە دەکەن کە لەو کاتەدا لەبەردەم دادگاکان راگیرابوون. ئەم یاساوەریە بەرەو پشتە ئەتککەری بەندی ١٥ی «پ.ن.م.م.س»ە. دووەم، یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٩٢ە کە لە ١٤ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری١٩٩٢دا دەرچوو[٦٨]. ئەم یاسایە سزای کوشتن دادەنێت بۆ "هەرکەسێک هەوڵی بەکارهێنانی تەقەمەنی دەدات، بە مەبەستی وێرانکاری و یاخود هاوکاریکردن لەگەڵ دوژمنانی خەڵکی کوردستان تا گیانی خەڵک تووشی خەتەر بکەن، ئازاری زۆریان پێ بگەیەنێ و یاخود دووچاری کوشتنیان بکەن" (بەندی ٢).

لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٢دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نیگەرانی خۆی بۆ ئیدارەی کوردی دەربڕی سەبارەت بە دەرهێنانی یاساوەریی کە ژمارەی ئەو تاوانانەیان زیاد کردووە کە تێیاندا دادگا تاوانبەکان دەستەڵاتدار دەبن بە حوکمدان بە سزای کوشتن. ڕێکخراو پێی ووترا کە نیاز نیە مەودای سزای کوشتن بەرین بکرێت، بەڵام پێویستی ئەوە هەیە کە یاسای نوێ دابنرێت رووبەرووی زیاد بوونی ژمارەی پەلاماردانی کەسانی بێگانە و کاری وێرانکاری کە لەلایەن بەکرێگیراوانی حکومەتی عێراق و خەڵکی ترەوە لە ناوچەکە دەکرێن[٦٩]. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی، نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کەوا کاتێک ڕەشنووسی یاساکان گفتوگۆیان لێکرا، زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان پێیان باشتر بوو کە سزای کوشتن بۆ ئەو جۆرە تاوانانە دابنرێت. هەروەها کەوا ئەو گفتوگۆیانە نەچوونە سەرباسی فراوانتر دەربارەی مستەحەق بوون یان نەبوونی سزای کوشتن، و کە وەرگرتنی هەر هەنگاوێک بە نیازی لابردنی ئەم سزایە، دووڕە لە دواڕۆژێکی نزیکدا بێت. چی خۆی و چی وەزیری داد بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کەوا لە مێژەوە پیلان هەیە بۆ پیاچوونەوەیەکی گەورەی یاسای سزایی کە لەو کاتەدا لەوانەیە مەسەلەی کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو تاوانانەی سزایان کوشتنە، بابەتی لێدوان بێت. وایان گەیاند کە نەبوونی سەرچاوەی پێویست، تا ئێستا ڕێگای ئەو پیاچوونەوەیەی نەداوە.

ڕێکاری یاسایی

بەگوێرەی یاسای ڕێکاری تاوانی ئەو دادگانەی دەسەڵات دراون سزای کوشتن لە کوردستانی عێراقدا بدەن، سێ دادگا تاوانبەکەی دهۆک و هەولێر و سلێمانین (سێیەمیان کاری ناوچەی کەرکوکیش ئەنجامدەدات). کاربەدەستان دەڵێن کە ڕێکاری بە کارهاتووی ئەم دادگانە گونجاوە لەگەڵ ڕێکاری یاسای تاوانی عێراق. هەرچەندە ئەم یاسایە چەند مەرجی پاراستنی تێدایە، بەڵام لە

بنچینەدا و لە هەندێک رووەوە ناتەواوە. بۆ وێنە، ئەم یاسایە رێگە دەدات بە بەکارهێنانی ئیعتیرافێک کە لە ژێر ئەشکەنجەدا بە دەست هاتبێت، ئەگەر هاتوو دادگاکە ئەو ئیعتیرافەی بە راستگۆ دانا. تا ئەمرۆ حوکمی سزای کوشتن بۆ خەتا سیاسیەکان نەسەپێنراون. لەو حاڵەتانەی کە سزای کوشتن بۆ تاوانی کوشتن سەپێنراوە، رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووچانی نەبووە رێکاری یاسایی کە لە کاتی گدانەوە و موحاکەمەکردندا بە کارهاتووە، بیپشکنێت تا ساخی بکاتەوە ئایا ئەمانە لەگەڵ رێکاری یاسای تاوانیدا دەگونجێن یان نەء. بەاڵم لەگەڵ ئەمەشدا باسی چەند نادروستیەکیش لەم بابەتەوە هاتووە. بۆ وێنە، لە کاتی سەردانێکی بەندیخانەی گرتن و راگواستنەوە لە سلێمانی لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٢دا، زیندانییەک کە سزای کوشتن درابوو بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە لە کاتی موحاکەمەدا پارێزەری دیفاعی نەبووە. سەبارەت زیندانییەکی تر لە هەولێر، لە ١٩٩٤دا رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئەو راپۆرتانەی گەیشتە دەست کە ئەو ئیعتیرافی کوشتنەی کاتی پرسکاری لەگەڵی لێی وەرگیراوە، وەک بەڵگە لە دادگا بە کارهاتووە، لە ژێر هەرهشەی ئەشکەنجەدا بەدەستهێنراوە.

ئەو سزای کوشتنانەی لە دادگا تاوانیەکانەوە دەردەچن بەجۆرێکی ئۆتۆماتیکی حەواڵەی دادگای تەمیز دەکرێن بۆ پیاچوونەوە [بەندی ٢٢٤(د)]. بە پێی یاسای عێراقی مافی بەسەرکردنەوە نیە بۆ واقیعی حاڵ، بەڵکو هەر بۆ واقیعی یاسا هەیە. جا پیاچوونەوەیەکی بەم جۆرە سنووردراو و تەنیا لە تەمیزەوە، زەوتکەری مافی بە سەرکردنەوەیە کە بەندی ١٤(٥)ی «پ.ن.م.م.س» گەرانتی کردووە. ئەگەر سزای کوشتن لە پیاچوونەوەدا خۆراگر مایەوە، ئەوا حەواڵەی لای وەزیری داد دەکرێت، کە ئەویش دەبێت پەسندی بۆ حوکمەکە لە سەرۆک کۆمار بە دەست بهێنێت پێش ئەوەی ئەو حوکمە پیادە بکرێت (بەندی ٢٨٦).

لە سەرەتاوە مەرجەکانی یاسای رێکاری تاوانی سەبارەت بە رێکاری بەسەرکردنەوەو پەسندکردنی سزای کوشتن نەدەتوانرا ئەنجام بدرێت چونکە دادگای تەمیز بۆ کوردستانی عێراق نەبوو و هەروەها "رابەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردیش" نەبوو کە ئەرکی سەرداری دەوڵەت ئەنجام بدات. کێشەی یەکەم چارکرا بە بانگێشتکردنی یاسای دەستەاڵتی دادپرسی سااڵی ١٩٩٢ کە دادگای تەمیزی بۆ ناوچەکە دانا(بڕوانە بەشی سێیەم). مەسەلەی ئەوەی کێ سزای کوشتن پەسند بکات، بابەتی رقەبەرایەتی بەردەوامە. لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٢دا وەزیری دادو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی بە رێکخراوی ناونەتەوەییان ووت کەوا پێشنیارێک بابەتی لێدوانە بۆ دامەزراندنی "ئەنجومەنێکی تایبەت" کە لە سەرەک وەزیر و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکی دادگای تەمیز پێکهاتبێت (واتا نوێنەری دەستەاڵتەکانی راپەراندن و تەشریعی و دادپرسی بێت) بۆ ئەوەی هەندێک لە ئەرکەکانی سەرداری دەوڵەت، لەوانە پەسند کردنی سزای کوشتن، ئەنجام بدات. بەاڵم دوا بڕیار لەم رووەوە وەرنەگیراوە. وەزیری داد بە رێکخراوی لێبوردنی


ناونەتەوەیی ووت کەوا دەستەلاتە کوردییەکان هێشتا تووشی ئەم ئەندێشەیە نەهاتوون، چونکە لە کاتی پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هیچ حوکمێک بە سزای کوشتن نەدراوە. بەڵام پاش چەند رۆژێک ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی زانی کە پێش پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران، چوار حوکمی سزای کوشتن لەلایەن دادگای تاوانی سلێمانییەوە درابوون. لە ماوەی ئەو ١٠ رۆژەدا کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گفتوگۆی لەگەڵ وەزیری دادکردبوو، سێ حوکمی سزای کوشتنی تریش لە دادگای تاوانی هەولێر دەرچوون.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣دا وا بڕیاردرابوو کە لێپرسراوی سەرداری دەوڵەت بەرهەروەی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانییەوە بکرێتەوە (بڕوانە بەشی یەکەم)و ئەوەبوو تا ئایار/مایوی ١٩٩٣ سێ حوکمی سزای کوشتنی پەسندکرد. بەڵام بەرهنگاربوونەوەی بەردەوام لە دەستەلاتی وایکرد کە لەو کاتەدا هیچ حوکمێکی تری سزای کوشتن پەسندنەکرێت. لەو ماوە کورتەی ژیانیدا، دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق (بڕوانە بەشی یەکەم)یش هیچ حوکمێکی سزای کوشتنی پەسند نەکردو تا کاتی ئەم نووسینە ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە. هیچ دەستەلاتێکی تریش دەستوور نەدراوە بۆ پەسندکردنی حوکمی سزای کوشتن، گەرچی دادگا تاوانییەکان بەردەوامن لە سەپاندنی سزای کوشتنداو لە مانەش هەندێکیان لەلایەن دادگای تەمیزەوە خۆراگر ماونەتەوە.

سزاکانی ئیعدام و ئەوانەی بەجێهێنراون

نێوان ئازار/مارسی١٩٩٢و ئاب/ئۆگۆستسی ١٩٩٤ بە لای کەمەوە ٣٤ حوکمی سزای کوشتن لە دادگا تاوانییەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانییەوە دەرچوون (بڕوانە پاشکۆ). یەکێک لەم حوکمانە نەبێت، هەموو ئەوانی تر دژی کوشتنی نیازکار درابوون، لەمانە ٣١یان بە پێی بەندی ٤٠٦ی یاسای سزا و دووانی تر بە پێی بەندی ٢ی یاسا ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٩٢(سەبارەت بە کوشتنی بێگانە). ئەوەی مابوو لەم حوکمی سزای کوشتنانە بە پێی بەندی ٢ی یاسا ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٩٢ درابوون (سەبارەت بە هەبوونی و بەکارهێنانی تەقەمەنی).

تا ئەمڕۆش سێ زیندانی ئیعدام کراون، پاش ئەوەی سزای کوشتن لەلایەن دادگای تەمیزەوە پشتگیربوو و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی پەسندیکرد. ئەمانە لە بەندیخانەی مەحەتتە لە هەولێر لەسێدارەدران بە ئامادەیی نوێنەری ئیدعای گشتی و دادپرسێک و کەسێکی ئایینی و پزیشکێک و بەڕێوەبەری بەندیخانەکە. یەکەم کەس کە ئیعدامکرا، سەردەین پیرداود سامە بوو لە نیسان/ئەپریلی ١٩٩٣دا، بە تەمەن ٢٥ ساڵی و خەڵکی هەولێر بوو. پاس لە شنۆەی ئیعدام کردنەکەی کە بەدەست ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەیشتووە تەواو سروشتی ستەمکارو نامرۆڤانەی سزاکە دەردەخات.



بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
وزارة العدل

مذكرة امر بالعقوبة

الى مدير : سجن الحلة المركزي

اسم المحكوم : صدام الدين بيرداود سامة

جنسيته : عراقي

محل اقامته : ايران مهاباد رد ثاني

شغله : حاسب

عمره : ٥٥ سنة

المحكمة التي حكمت عليه : جنايات ايبل

قررت المحكمة حبس المتهم حتى اكماله مدة العقوبة .

١٩٩٧/١٢/١٧

رقم الدعوى :- ٩٩٧/ج/١٧٢

المادة القانونية :- ٢١٤/ب/١٥٠ ع

تاريخ ارتكاب الجريمة : ١٩٩٧/١/٢٧

مقدار الحكم : ..... بالاعدام شنقاً حتى الموت

تاريخ ابتداء الحكم : ٩٩٧/١٢/١٩

على ان تحتسب له موقوفيته من ١٩٩٧/١/٢٨ الى ١٩٩٧/١٢/١٨

لعدم دفعه الغرامة . فيرجى الاحتفاظ به لديكم

الجمهورية العراقية
وزارة العدل

الرئيس / القاضي

فەرمانناممە بۆ ئیعدامکردنی سەددەدین پیرداود سامە

وا دەگێڕنەوە کە زیندانیەکە لە سەر سندوقێکی دەنگدانی بەتاڵ وەستێنراوە، هەردوو دەست و هەردوو قاچی بەستراون و تووڕمکەیەکی قوماشی لەسەر کراوە. پەتێک خراوەتە ملی کە سەرەکەی بە باوەشێنی بنمیچەکەوە قایمکراوە. ئێنجا پاسەوانێکی بەندینخانەکە سندووقەکەی لە ژێر پێی لابردووە، خنکان، کە هۆی مردنی زیندانیەکە بووە، وا دەوترێ کە ماوەیەکی خایاندووە لەو ماوەیەدا هەندێک لەوانەی ئامادە بوون خۆیان نەگرتووە بەرامبەر بەو دیمەنەو گوایا ژووڕەکەیان بەجێ هێشتووە و یەکێک لەوانە نوێنەری ئیدیعای گشتی بووە.

لە ناوەڕاستی حوزەیران/یۆنیۆ دوو زیندانی تر کە حوکمی سزای کوشتنیان درابوو لەلایەن دادگای تاوانی هەولێرەوە، لە بەندینخانەی مەحەتتە لە سێدارەدران. بەڕراع عەبدولا کازم، عەرەبێکی خەڵکی بعقوبەی بە تەمەن ٢٢ ساڵ کە لەمەو پێش سەربازبووە، وە هەمزە لەتیف ڕەسول، کابرایەکی هەولێری بە تەمەن ٢١ ساڵ، لە هەمان ڕۆژدا لە سێدارەدران. بە گوێرەی ئەو باسانەی کە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەیشتوون، هەمزە لەتیف ڕەسول بە ١٠ دەقیقە گیانی دەرچووە، بەڕراع عەبدولا کازم بە ١٥ دەقیقە. لەوە دەچوو گۆڕانکاریەک کرابێت لە بەندینخانەکەدا بۆ ئەوەی ئیعدام کردن بە شێوەیەکی گورجتر ئەنجام بدرێت.

لەو ٣١ زیندانیانەی لە نێوان ئازار/مارسی ١٩٩٢و ئاب/ئۆگوستسی ١٩٩٤ سزای کوشتن درابوون لە کوردستانی عێراق، لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٤دا ٢٦یان هێشتا لە زیندانداا بوون[٧٠]. پاش پیاچوونەوەی دادگای تەمیز، چوار لە حوکمەکان کران بە حوکمی موئەبەد، لە کاتێکدا کە بەڵای کەمەوە ١٤ حوکمی تری سزای کوشتن خۆڕاگر مانەوەو چاوەڕوانی پەسندکردن بوون. حوکمەکانی تر هێشتا لە ژێر پیاچوونەوەی دادگادا بوون کاتی ئەم نووسینە.

٥

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە

رادەیەکی زۆری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کە لەلایەن پارتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراقەوە کراوە، لای ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٩١ەوە تومارکراوە. هەندێک لەم پێشێلکردنانە بریتین لە گلدانەوەی ئەوانەی بە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی دەبینرێن کە هەندێکیان زیندانی وێژدانین، ئەشکەنجەو مامەڵەکردنی نابەجێی گرتووانی سیاسی و ئاسایی، ئیعدام کردن پاش "موحاکەمە" یەکی هەڕەمەکی و کوشتنی نادادو هەوسکارانەی دیلی بێچەک کە لە جەنگدا گیراون و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و خۆپیشاندەران.

ئەشکەنجە و کوشتنی ناداد و هەوسکارانە بە زۆری لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٣دا باسیان هاتووە، کاتێک بە یەکدادان لە نێوان هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، بەرپابوو. ئەم پێشێلکردنانە گەیشتنە ڕادەی هەرە بەرزیان دوای ئایار/مایۆی ١٩٩٤دا کاتێک بە یەکدادانی چەکدارانەی فراوان کەوتە نێوان «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»ەوە. هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع»ش دژی «ی.ن.ک» بەشداربوون.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەڵێک لەو پێشێلکردنانەی لەم بەشەدا باسیان هاتووە، لەگەڵ سەرکردەی پارتە پێوەندیارەکان و کاربەدەستانی ئیدارە باس کردووە. وەڵامەکانیان زۆر جێی ڕەزامەندی نین. لە هەندێ حاڵەتدا پارتە سیاسیەکان ئینکاریان لەو شتانە دەکرد کە دەخرایە پاڵیان. لە حاڵەتی تردا هەستی هاوکاریان نیشان دەدا بۆ هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسمی و سوورببوون لە سەر ئەوەی کە ئەگەر هاتوو ئەندامانیان بە تاوانی پێشێلکردن دەستنیشان کران، ئەوا بەرهەروووی یاسا بکرێنەوە.

لە سێ ساڵی ڕابووردوودا گەڵێک لێکۆڵینەوە سازکران لە ڕووداوی دیارکراو لەلایەن بەرەی کوردستانی عێراقەوە کە دەسەڵاتی بە کرداری هەبوو و هەروەها پاشان لەلایەن ئیدارەی کوردییەوە. بەڵام پارتە سیاسیەکان لەگەڵ هیچ یەکێکیان

هاوکاریان نەکرد. تەنانەت راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ ڕێگایان لەو لێکۆڵینەوانە گرت یان نەیانهێشتووە بەردەوامبن بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هەتا لە یەک حاڵەتیش ئاگادار نیە کە تاوانباری ئەو پێشێلکردنانەی باسکران بەرەو ڕووی دادپرسی کرابنەوە. نەکردنی ئەمە، بە بۆچوونی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، بۆتە هۆی مەزنی لەبارکەوتنی دارەتی مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا. ئەم نەکاریە وایکردووە کە هەندێک لەوانەی کە لە ڕێزی پارتە سیاسیەکاندان، بەبێ سزا بەردەوامبن لەسەر ئەو پێشێلکردنانە. لە بارودۆخێکی وادا، نکوولیکردنی سەرکردە سیاسیەکان و بەردەوام دەربڕینی خۆبەستنەوەیان بە مافی مرۆڤەوە، نایانخاتە جێگای باوەڕ.

پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ

لێپرسراوی سەرەکی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو پارتەی کە جڵەوی دەستەڵاتیان بە دەستە لە کوردستانی عێراقدا، واتا «پ.د.ک»و «ی.ن.ک». دەستەبەسەرداگرتنی کاریگەریان لەسەر چەند ناوچەیەکی گەورە (بادینانی «پ.د.ک»و سلێمانی «ی.ن.ک») ئەو توانا سوپاییەی کە هەیانە لەگەڵ دەزگا ئەمنی و ئاگاییە تایبەتیەکان، وای بۆ ڕەخساندوون کە بتوانن پێشێلکردن دژی ئەندامانی یەکێتر بکەن و هەروەها دژی ئەوانەش کە بە بەرهەڵستەکەریان دادەنێن. دەستبەسەرداگرتنیان بەسەر ئیدارەی کوردییەوە، دووبارە نیشاندەری نەبوونی دەستەڵاتێکی تر بوو کە بتوانێت بەرامبەر کردەوەکانیان بەرپرسیاریان بکات. هەروەها «ب.ئ.ک.ع» لێپرسراوی هەیە لە بەشێکی گرینگی ئەم پێشێلکردنەدا، بە تایبەتی لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٣وە. «ب.ئ.ک.ع» سەرزەمینی فراوانی نزیک بە سنووری ئێرانی لە ژێر ڕکێفدایە و هێزێکی گەورەی شەڕکەر و دامودەزگای ئەمنی و ئاگایی خۆی هەیە.

پارتی سیاسی تریش پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان کردووە، لەمانە ئەشکەنجە و مامەڵە کردنی نابەجێی ئەو گرتووانەی کە لە ژێر دەستیاندا بوون. ئەم پارتانە، کە هەندێکیان لەو کاتەوە هەڵوەشاونەتەوە، بریتین لە پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان «پ.گ.د.ک»، حیزبی شیوعی عێراقی «ح.ش.ع»، حیزبی سوشیالیستی کوردستان «ح.س.ک» پارتی یەکگرتنی کوردستان «پ.ی.ک»، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان «ح.ز.ک»و «پاسۆک». ئەو بڕوایەش هەیە کە «ح.س.ک» و حیزبوڵای کوردی شۆڕشگێڕ بە کوشتنی ناداد و هەوسکارانە هەستاون.

ئەو هێزانەی ناو «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان کردووە

ئەمانەن:

أ) هێزی پێشمەرگە: هەموو پارتێک هێزێکی چەکداری گەورەی هەیە کە بریتیە لە دەیان هەزار پێشمەرگەی جەنگاوەر. کاتێک کە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دامەزرا، هەر پارتییەک ژمارەیەکی لە شەڕکەرەکانی خۆی کە لە سەری رێککەوتبوون، تەرخان کرد بۆ هێزی یەکگرتوو کە بە سەرۆکاریتی وەزارەت بێت. بەڵام، ئەو ١٢ تا ١٥ هەزار شەرکەرانەی کە هەر پارتیەک پێشکەشی کردبوو، بەشێکی کەم بوون لە سەرجەمی هێزە شەرکەرەکانیان، و بە حوکمی ئەوەی کە لە ژێر سەرکردایەتی پارتەکانی خۆیاندا مانەوە، ئەمانەش بە مانای راستەقینە "یەکگرتوو" نەبوون. گەرچی هەندێک لەم هێزانە بریتی بوون لە پێشمەرگەی کۆن، هێزی جاش (شەرکەری خۆفرۆشی کورد)یش لە ریزیاندا هەبوون، واتا ئەوانەی شان بە شانی هێزەکانی حکومەتی عێراق دژی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە ١٩٨٠کاندا شەڕیان کردبوو. پاش ڕاپەڕینەکە، گەلێک لەمانە لە کوردستانی عێراق مانەوە و بەرەبەرە چوونە ریزی هێزەکانی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک».

ب) لیوا تایبەتیەکان: لە ساڵی ١٩٩٢دا دوو لیوای تایبەتی وەک بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو پێکهاتن. هەریەکەیان نزیکی دوو هەزار شەڕکەری تیابوو کە لە دوو پارتە سەرەکییەکەوە پێکهاتبوون و ئەرکی سەرەکی سەرشانیان پاراستنی شەخسی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بوو. لە ڕووی تیۆرییەوە لیوا تایبەتەکان لە ژێر سەرەوکاریتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا بوون. بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا بەرامبەر بە دوو سەرکردەکە بەرپرسیار بوون. پاش بەیەکدادانی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٣ و ئایار/مایۆی١٩٩٤دا، لیوای تایبەتی تر لەلایەن «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»ەوە دروست کران. ئەم لیوا تایبەتیانەش چی لە کاتی شەڕی چەکداریدا و چی لە ڕۆژگاری بێشەردا، بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەستاون.

ج) دەزگای ئاسایشی (ئەمنی)و ئاگاییەکان: «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»، هەردوو لا دەزگای ئاسایشی و ئاگاییان هەیە کە چالاکیان بریتین لە : کۆکردنەوەی هەواڵگۆزاری لە کوردستانی عێراقدا سەبارەت بە بەکرێگیراوانی حکومەتی عێراقی و دەوڵەتانی دراوسێ، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پارتە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کوردستانی عێراق، ڕێگرتن و نەهێشتنی بەنهێنی چونەناو پارتیەکانی یەکترو موراقەبەکردنی فەردی ناو پارتەکانی خۆیان و هەروەها ئەندامانی پارتەکانی تر. ئەم دەزگایانە دەستیان بەسەر بەندیخانە شاراوەکان و جێگای گلدانەوەکانی هەردوو پارتەکەدا گرتووە و هەروەها بەسەر پرسیاری کردندا لەگەڵ گرتووانی کە لەو جێگایانەدا گلدراونەتەوە.

دەزگای سەرەکی «پ.د.ک» لەم ڕووەوە، ناسراوە بە «رێکخستنی تایبەتی» کە وەکو پاراستنیش ناوی دەبرێت. پاراستن لە ساڵی ١٩٦٨دا لەلایەن «پ.د.ک» دامەزرا بۆ

"پاراستنی شۆرش"و ئەم دامەزراندنە هاوکات بوو لەگەڵ وەرگرتنی دەستەڵاتی حوکم لە عێراقدا، لەلایەن حیزبی بەعسەوە. لێپرسراوی سەرەکی پاراستن سێپێرابوو بە مەسعود بارزانی. ئەم دەزگایە بەردەوام بوو لە چالاکیدا هەتا ١٩٧٥کە ڕێکەوتنەکەی جەزایر نێوان عێراق و ئێران بووە هۆی هەرەسهێنانی بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی. پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەزگاکە دووبارە دروستکرایەوە و ناوێکی تازەی درایێ و بەرپرسیاری هەرە گەورەی هەیە بەرامبەر بە مەسعود بارزانی. سەرۆکی ئەم دەزگایە کەریم سنجاریە کە ئەندامی لیژنەی ناوەندی «پ.د.ک»ە، بەڵام وازانراوە کە نێچیرڤان ئیدریس بارزانی (برازای مەسعود بارزانی) کەسی هەرە بە هێزبێت لە ناو ڕێکخستنی تایبەتیدا.

دەزگای سەرەکی «ی.ن.ک» «دەزگای زانیاری»ە کە پاش ڕاپەڕینی١٩٩١ دووبارە پێکهاتەوە لە دەزگاکانی ئاسایش و ئاگایی لەوپێشی «ی.ن.ک». سەرۆکی ئەم دەزگایە قادر حاجی عەلی یە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیە، گەرچی وادەزانرێت کە جڵەوی ئەم دەزگایە لە دەست ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسی، نەوشیرەوان مستەفا ئەمین، دایە. کەسانی تر کە جێگەی لێپرسراویان هەبێت لە ڕێکخستنی تایبەتی و دەزگای زانیاریدا بریتین لە کاربەدەستانی باڵای ئەنجومەنی وەزیران، ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی باڵای هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش. هەندێک لەم کاربەدەستانە سەربەرشتیکەری لقی ئەو دەزگایانەن لە دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک. واباسە کە ڕێکخستنی تایبەتی و دەزگای زانیاری بەشی وایان هەبێت کە "چالاکی تایبەتی" وەکو کوشتن، ئەنجام بدەن (بروانە خوارەوە).


ئەشکەنجەو مامەلەکردنی نابەجێ

هەندێک لەو بەندینخانانەی کە لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە بەڕێوە دەچن وەک ئەوانەی لە خەلیفان، هەولێر، شەقلاوە کاتی خۆی سەربە بەرەی کوردستانی عێراق بوون کە خاوەنی دەستەڵاتی بە دەستهاتوو بوو تا ناوەڕاستی ١٩٩٢. ئەو گرتووانەی لە بەندینخانەکانی «ب.ک.ع» گلدەرانەوە ڕادەیەک پاڕێزگارییان هەبوو بە حوکمی ئەوەی کە ئەو پێکهاتە دادوەرییەی «ب.ک.ع» دایمەزراندبوو بۆی هەبوو گرتووەکانی حەوالەی دادگا تایبەتیەکان بکات. ئەمەش مانای ئەوە بوو کە ناو و بەرواری گرتن و تۆمەت ئاراستە کراو هەمووی تۆمار دەکرا، گەرچی لە شێوەیەکی سەرەتایی دابوو. هەروەها بەندینخانەکانی «ب.ک.ع» جێگای گلدانەوەی دیار بوون کە جاروبار نوێنەرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان و کەسانی تر ڕێگەی سەردانیان هەبوو. بەم جۆرە خێزانی گرتووەکان دەیانتوانی لە ڕێووشوێنیان ئاگادار بن.

بە پێچەوانە، ئەو گرتووانەی لە بەندیخانەی پارتە سیاسیەکان گلدەرێنەوە، واتا ئەوانەی لە «ب.ک.ع»ن و ئەوانەی لە دەرەوەینە، لە کەمترین پلەی پاریزگاری دابراون. ئەمانە لە جێگای نادیار و لە دەرەوەی کرداری دادپرسیدا گلدەرێنەوە و زۆر جاریش رووەدات کە هیچ جۆرە پێوەندیەکیان لەگەڵ جیهانی دەرەوەی بەندیخانەشدا نییە. جا لەم هەڵومەرجەدا کاتیک خێزانی گرتووەکان لێیان دەبرسنەوە، کاربەدەستانی پارتیەکان نکوول لەوە دەکەن کە ئەو گرتووانە لای ئەوانن، هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت کە گرتووەکان دەتوانرێت بۆ ماوەیەکی نادیاریکراو گلبدرێنەوە، لەو بارەدا ئاکام و دواڕۆژیان دەکەوێتە بەر سەوداگەریی پارتی سیاسی پێوەندیارەوە. ئەمە هەمووی بۆتە هۆی خوڵقاندنی ڕەوشێک کە تێیدا مافە بنچینەییەکانی گرتوو، لەمانە مافی ڕێنەدان بە ئەشکەنجە و مامەڵەکردنی نابەجێ دەتوانرێ ئەتکبکرێن.

جیاوازی هەیە لە جۆرو گەورەو بچوکی دەزگای گلدانەوەکانی کە لەلایەن پارت و گرووهە سیاسیەکانەوە بەکاردێن. ئەمانە وەک چەند ژوورێک ڕیکخراون کە بە شێکن لە بنکەی پارتە سیاسیەکان و چەند گرتوویەکیان تیادا گلدەرێتەوە، هەشە مەڵبەندی جیاواز و بەمەبەست دروستکراون کە جێی سەدەها گرتووی تیادەبێتەوەو هەندێک لەمانە وەک بەندیخانە کاتی خۆی بەکار دەهاتن لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

بەندیخانەیەکی گەورە لە قادەش لە پاریزگای دهۆک لەلایەن «پ.د.ک»ەوە بە کاردێت، گەرچی لە ڕووخساردا بە ناوی «ب.ک.ع»ەوە کاریدەکرد. بە گوێرەی سەرچاوەی باوەڕپێکراو، لە سەرەتای ١٩٩٢دا پتر لە ٢٠٠ گرتووی تیدا بووە. لە ساڵی ١٩٩١و



گرتووخانەی بەکرەجۆ (پاریزگای سلێمانی)

١٩٩٢دا «پ.د.ک» مەڵبەندی گلدانەوەی تریشی هەبوو لە زاوێتە، سەلاحەددین و شەقلاوە. جێگای گرتن و گلدانەوە گەورەکانی «ی.ن.ک» لە پارێزگای سلێمانی هەن، لەمانە هی قەلاچۆلان، بەکرەجۆ و تانجەرۆ کە گەلێک گرتوویان تێدا بوو. ئێستاش «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» لە دەستبەسەرگرتنی هەندێ لەم جێگای گرتن و گلدانەوانەو هی تریش بەردەوامن.

ئەوەندەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاگادارە، پارتە سیاسیە بچووکەکانی وەک «ب.ک.ع» بەندینخانەی جیاوازی خۆیان نەبووە، بەڵام لە بارەگاکان و هەندێ بنکەی تریان شوێنگرتن و گلدانەوەیان هەبووە : «ح.س.ک» لە ڕانیە و نالپارێز لەسەر ڕێگای پێنجوێن، سەید سادق، «حیزبی شیوعی» لە شەقلاوە، «پاسۆک» لە سەرەتادا لە قەلاچۆلان و پاشان لە سلێمانی، «پ.گ.د.ک» لە سەرەتادا لە ڕەواندوز و پاشان لە هەولێر «پ.ز.ک» لە سەرەتادا لە شەقلاوە و پاشان لە هەولێر، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری لە میرگەسور و خەلیفان و پارتی یەکگرتن لە ڕانیە. لەو پارتیانەی دەرەوەی بەرە، «ب.ئ .ک.ع» وا باسە کە گەلێک جێگای گرتن و گلدانەوەی هەیە لە شەقلاوەو هەڵەبجەو چوارقورنەو دیانا.

لەبەر زەحمەتی دەستنیشانکردنی و نزیکبوونەوە لە جێگایانی نادیاری گرتن و گلدانەوە لە کوردستانی عێراق، زۆر لە حاڵەتی ئەشکەنجەکردن و پێشێلکردنی تر تەنیا لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢دا ئاشکرابوون، واتا پاش گواستنەوەی زۆری گرتووەکان لە بەندینخانەکانی «ب.ک.ع» و پارتیە سیاسیەکانەوە. بەشێکی زۆر لەو گرتوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، شایەتی ئەوەیان دا کە کاتێک لە لای پارتە سیاسیەکان و یاخود «ب.ک.ع»ەوە گلدرابوونەوە لە کاتی پرسکاریکردن، ئەشکەنجە کراون. لەمانە گەنجێکی ١٧ ساڵ خەڵکی کۆیسنجق [ناوی پارێزراوە] لە مانگی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩١دا بە تۆمەتی منداڵبازی گیرابوو و لەلای «ب.ک.ع» لە هەولێر گلدرابووەوە، لە حوزەیران/یۆنیۆی١٩٩٢دا شەش ساڵ حوکم درا و ڕەوانەی بەندینخانەی مەحەتە کرا. لە بەندینخانەیە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت :

"بە کەبڵ لێمدراو هەرهشەی بوتلەکەم لێ کرا [جۆرێکە لە ئەشکەنجەی جنسی]. سێ ڕۆژ بێ خۆراک و ئاو مامەوە و ئاوی ساردم پێدادەکرا و دەستەکانم لە پشتەوە بەستراببوون و بە شەق لە سەرم هەڵدەدرا و فەلاقە کرام. وێستیان ئیعتیراف بکەم و بۆ هەفتەیەک ئەشکەنجە کرام. پاشان ئیعتیرافم کرد... ژوورەکەم نزیکەی ١٠ کەسی تری تێدا بوو و هەندێکیش لەوانە ئەشکەنجە کرابوون. عەرەبێکی خەڵکی نەجەفی لێبوو کە بووبوو بە پێشمەرگەو بە کار کردن بۆ ئیستخباراتی عێراقی تۆمەتبارکرابوو زۆر تۆند لێی درابوو" .


لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٢دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەگەڵ ٢٠ ک

٣٥ گرتوویەک کە لە بەندیخانەی ئاسایشی سلێمانی گلدرابوونەوە، گفتوگۆی کرد. زۆربەی ئەمانە گواسترابوونەوە لە بەندیخانەی پارتە سیاسیەکانەوە کە بە بێ موحاکەمە بۆ چەند مانگێک گلدرابوونەوە. هەندێکیان باسی ئەوەیان دەکرد کە لە کاتی پرسکاریدا لەگەڵیان، لەلایەن «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»و «پاسۆک» و «پ.گ.د.ک» ئەشکەنجە کراون. چەند تاوانێک خرابووە پاڵیان وەک کوشتن و دزی، بەڵام ووتیان بەبێ ئەوەی بە رەسمی تۆمەتباربکرێن و یاخود ڕێکاری یاسایی لەگەڵیاندا بەکاربێت.

لە زۆر لەم دەعوایانەدا، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بۆی نەکرا بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە شایەدی ئەم گرتووانە بکۆڵێتەوە، بە تایبەتی سەبارەت بە ئەشکەنجە. لە زۆربەی دەعواکاندا، ووتراوە کە لە ماوەی سەرەتای گرتندا ئەشکەنجە بە کارهاتووە. گواستنەوەیان پاش چەند مانگێک بۆ بەندیخانە ڕەسمیەکان وا دەگەیەنێت کە زۆربەی جێگای ئەشکەنجە کردن بە لەشیانەوە ئیتر بە دیار نامێنێت. بەڵام ژمارەو یەکڕەنگی شایەدەکان وا دەنوێنێت کە ئەشکەنجەکردنی گرتوو لەلایەن پارتیە سیاسیەکانەوە شتێکی زۆر بەکارهاتوو و ڕۆتینی بێت. ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەم ڕووەوە زۆر سکاڵای کە بۆی هاتوون، تۆمارکردووە.

ئەو گرتووانەی کە حەوالە دەکران بۆ دادگا تایبەتیەکانی «ب.ک.ع» (بروانە بەشی سێیەم)، زۆرجار بە گوێرەی ئەو "ئیعتیراف" انە تاوانبارەدەکران کە لە ژێر ئەشکەنجەدا لێیان وەرگیرابوو. یەکێک لەو دادپرسانەی کە لە دادگا تایبەتیەکاندا دادەنیشێت بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە شەخسی خۆی فەرمانی داوە کە پێنج لە گرتووەکان لێیان بدرێت تا "ئیعتیراف" یان لێ وەربگیرێت. هەروەها ووتی ئەمە پێویست بوو تا بتوانرێت "بەڵگەی زیاتر دژیان پەیدا بکرێت. وا پێدەچێت بەکارهێنانی ئەشکەنجە بۆ ئەو مەبەستە بابەتی لێدوان بووبێت لەلایەن دەستەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی عێراقەوە سەبارەت بەو گرتووانەی تۆمەتبارکرابوون بە خەتای گەورە و دەعواکانیان لەلایەن دادگای باڵای تایبەتی شۆڕشەوە لە شەقڵاوە بینرابوون. دوو کاربەدەستی ئەم دەستەی سەرکردایەتیە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کەوا ئەو گیروگرفتەی دووچاری ئەندامانی دادگاکە دەبێ لە لێکۆڵینەوەی تەواو و کاریگەری ئەم خەتایانەدا، بوونە هۆی ئەوەی کە لە کۆتایی ١٩٩١دا دەستەی سەرکردایەتی بە کارهێنانی ئەشکەنجەی لە هەندێ هەڵومەرجدا ڕێگە بدات.

لە کاتی گواستنەوەی گرتووەکانەوە، لە کۆتایی ١٩٩٢، سەرکردەی پارتە سیاسیەکان ڕایانگەیاند کە ئیتر ئەوان بەندیخانەو گرتووخانەی خۆیان نیەو ئیتر کەس لایان گلنەدراوەتەوە. زانیاریەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی پێچەوانەی ئەمە دەردەخات.



بارەگای سەرەکیی «ب.ئ.ک.ع» لە هەولێر، کە گرتووانیش تیایدا گلدەرێنەوە

رێکخراو لەو بڕوایەدایە کە هەندێک لە پارتە سیاسیەکان، بە تایبەتی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»، بەردەوامن لە گلدانەوەی خەڵک، گەرچی بە ژمارە کەمیش بن. ئەم کەسانە لە دەرەوەی چوارچێوەی بە کارهاتووی یاسادا دەگیرێن، ئەو چوارچێوەی کە پارتە سیاسیەکان بەڵێنی ڕێزلێگرتنیان داوە. ئەمانە بەبێ فەرمانی کە دادپرسێکی پەسادەر دەریکردبێت گیراون و هەروەها دابڕاون لە ئامۆژگاری یاسایی و هەندێک جار لە خێزانەکانیان و لەوانەیە بۆ ماوەی دیارنەکراو و بەبێ موحاکەمە گلبدرێنەوە هەروەها بۆیان هەیە ئەشکەنجە بکرێن. هەندێ لەوانە لەلایەن هێزی ژێر دەستەڵاتی پارتە سیاسیەکانەوە دەگیرێن، پاشان دەدرێنە دەست پۆلیس یان ئاسایش، بەڵام ئەم حاڵەتانە زیاتر نائاساین وەک لەوەی بەردەوام ڕەچاو بکرێن. ئەو گرتووانەی لای پارتە سیاسیەکانی دەرەوەی «ب.ک.ع» گلدەرێنەوە، بە تایبەتی بزووتنەوەی ئیسلامی، دارهتیان هێشتا زیاتر ناڵەبارە. ئەوهندەی ڕێکخراو ئاگادار بێت، ئەو گرتووانە هیچ کاتێک نەگوازراونەتەوە بۆ بەندینخانە ڕەسمیەکانی ژێر سەرەوکارێتی وەزارەتی ناوخۆ. بزووتنەوەی ئیسلامی لە گلدانەوەی گرتووان بەردەوام بووە لە هەمان کات ئینکاری کردووە هیچ جێگای گلدانەوەی هەبێت.

لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٢دا مەسعود بارزانی بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە هەموو بەندینخانەکانی «پ.د.ک» داخراون و گرتووەکانیان گوازراونەتەوە بۆ بەندینخانە ڕەسمیەکان. ڕێکخراو پاشان لە حاڵەتی چەند گرتوویەک کە دەنگ وابوو لای «پ.د.ک» گلدرابوونەوە، ئاگادارببووەوە. لەوانە عەبدولعەزیز وەیسی بوو (لە

دایکبووی ساڵی ١٩٦٨ی گوندی بانی لە پارێزگەی دهۆک). وەک ئەندامێکی «پ.ا.ک»، لە سەرەتاوە لەلایەن هێزی «پ.د.ک»ەوە لە ١٢ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩١دا لەگەڵ ٢٥ کەسی تر گیرا کە دەوترا سەر بە «پ.ا.ک»و «پ.ک.ک»ن و لە زاوێتە گلدرانەوە. پاش هەشت رۆژ، ٢٣ لەمانە هەموو کوردی تورکیا بوون بەرەڵاکران، سیانەکەی تر کە کوردی عێراق بوون و یەکێکیان عەبدولعەزیز وەیسی بوو، لە گرتووخانە مانەوە. عەبدولعەزیز وەیسی بۆ ماوەی ٩ مانگ و بەبێ موحاکەمەو پارێزەری دیفاع و بینینی خێزانی بە گیراوی مایەوە. رۆژی ١٥ی تەموزی/یۆلیۆی ١٩٩٢ گوایا لە سەر فەرمانی مەسعود بارزانی بەرەڵاکرا بە مەرجێک لە سەلاحەدین دابنیشێت تا لە ژێر چاوەدێریدا بمێنێتەوە. بەم شێوەیە مایەوە بۆ دوو مانگ، ئینجا رێگای پێدرا بچێت سەردانی خێزانی بکات لە دهۆک. شەش رۆژ پاش گەیشتنی بۆ دهۆک هێزەکانی «ب.ک.ع» هێرشیان بردە سەر هێزەکانی «پ.ک.ک» کە لە ناوچە سنووریەکاندا بوون لە کوردستانی عێراق، لە مانگی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا نزیکەی ١٤٠٠ ئەندامی «پ.ک.ک» و خێزانەکانیان لەلایەن هێزەکانی «ب.ک.ع» گیران و پاشان نێردران بۆ زەڵێ لە پارێزگای سلێمانی. یەکێ لە گیراوەکان عەبدولعەزیز وەیسی بوو کە گوایا پێوەندی بە «پ.ک.ک» کردبوو لە دهۆک. لەلایەن «پ.د.ک»ەوە گیراو رەوانەی سەلاحەدین کرایەوە.

لە چەند مانگی داهاتوودا، خێزانەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر جار پرسیاریان لە کاربەدەستانی «پ.د.ک» لە سەلاحەدین کردبوو، هیچ لە ڕێوو شوێنی و چارەنووسی ئاگادار نەبوون. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی مەسەلەی ئەم مرۆڤەی لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٣ خستە بەردەم مەسعود بارزانی و داوای سەردانی لێکرد. مەسعود بارزانی بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە عەبدولعەزیز وەیسی چوو بووە ڕیزی «پ.ک.ک» و یارمەتی دابوون بە ناساندنی ٤ مەڵبەندی «پ.ک.ک» و هەروەها سەرکردایەتی حەملەیەکی سوپایی کردبوو کە چەند ئەندامێکی «پ.د.ک»ی تیادا کوژرابوون. مەسعود بارزانی ڕایگەیاند کە لە کۆتایی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا ئەم کەسە دووبارە گیراوە لەگەڵ ئەندامانی تری «پ.ک.ک» تەسلیم بە ئاسایش کران (٧١). مەسعود بارزانی نکوولی لەوە کرد کە عەبدولعەزیز وەیسی لای پارتی گلدرابێتەوە یان خێزانەکەی لە سەروشوێنی پرسیبێت.

ڕۆژی دوایی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئەم مەسەلەیەی لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی هەولێری بەسەر کردەوەو دەرکەوت عەبولعەزیز وەیسی رەوانەی ئەوێ نەکراوە. هەروەها لە ئاسایشی دهۆکیش سوراخی نەبوو. پاشان ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی زانی کە ئەو مانگە خێزانەکەی ڕێگای سەردانی درابووێ و کە لە گرتووخانەی بارەگای

مەسعود بارزانی لەسەری رەش (ماوەیەکی کەم لە سەلاحەدین دووری) گەڕابووەوە. عەبدولعەزیز وەیسی لە تەموزی/یولیۆی١٩٩٤دا بەرەلاکرا. بەپێی زانیاری بەدەست گەیشتوو، دایکی عەبدولعەزیز وەیسی لە سەری رەش دیسان سەردانی کردووەو کاتێ کە گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر، لە کارەساتی ئۆتۆمبیل وەرگەڕاندا مردووە. وا باس دەکرێ کە مەسعود بارزانی دەستەلاتی بەردانی عەبدولعەزیز وەیسی داوە تا بەشدار بێت لە پرسەی دایکیدا. بەڵام ئەوە ئاشکرانیە کە ئایا بەردانەکەی تەنیا بۆ ئەو ماوەیە بووبێت یا نەء. کاربەدەستانی «پ.د.ک» پاشان بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە ئەم کەسە نەگیراوەتەوە، بەڵام نەتوانرا لەمە دڵنیایی بکرێت.

ئەندامێکی تری «پ.ا.ک» کە لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٣دا لەلایەن «پ.د.ک»ەوە گیرابوو مەهدی سالح رەشیدە، هەروەها ناسراوە بە مەهدی عەریف سالح. ئەمیش لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری١٩٩٢ەوە و پاش شکانی هێزەکانی «پ.ک.ک» گدراوەتەوە. دوای ڕێکەوتنێک لە نێوان «ب.ک.ع»و «پ.ک.ک»، گوایە ئەم خۆی داوە بە دەستەوە و لە لقی یەکی «پ.د.ک» لە دهۆک گدرابۆوە، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی داوای بینینی کرد. کاربەدەستانی ئەێ ڕایانگەیاند کە ئەم داواکارییە ناتوانرێ بەبێ ڕێگادانی کاربەدەستانی بالاوە ئەنجام بدرێت. کاتێک داوای ڕێگادان کرا لە نووسینگەی فازل میرانی (ناسراو بە فازل مطنی)، نوێنەری «پ.د.ک» لە بادینان، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەیەنرا کە مەهدی سالح رەشید لە لقی یەک گلنەدراوەتەوەو گوایا "ڕەوانەی جێگایەکی تر کراوە". ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئەمەی لەگەڵ مەسعود بارزانی باسکرد، ئەویش ووتی هیچ ئاگادار نین لەم بارەیەوە بەڵام لەم مەسەلەیە دەپرسێتەوە. دوایی، ڕێکخراو زانی کە مەهدی سالح رەشید لە لقی یەکەوە گواستراوەتەوە بۆ بەندیخانەی ئاسایش لە دهۆک و لەوێ هەندێ لە برادەرانی سەریان لێداوە. لە کاتی ئەم نووسینەدا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هیچ زانیارییەکی تری لەم بارەیەوە نەبوو.

حاڵەتێکی تازەتر سەبارەت بە پێشمەرگەیەکی «ی.ن.ک» [ناوی پارێزراوە] کە لە سەلاحەددین لەلایەن «پ.د.ک»ەوە لە ٥ی ئایار/مایۆی ١٩٩٤دا گیرابوو و لە چەند جێگایەکی نادیار لە شارەکە بۆ ماوەی چوار مانگ گدرابووەوە. بەپێی خۆی و ئەوانەی لەگەڵی گیرابوون، ماوەیەکی کەم پاش گرتنی، ئەشکەنجەکرا. بۆ سێ ڕۆژی یەکەم لەگەڵ گرتووانی تر لە مەڵبەندی گلدانەوەیەک نزیک بە بینایەی مەکتەبی سیاسی «پ.د.ک» گدرابۆوە، پاشان گوێزرایەوە بۆ جێگایەکی تر. نوێنەرانی کومیتەی ناونەتەوەیی خاچی سوور، دیارە لەلایەن گرتوومکانی ترەوە لە ٢ی حوزەیران/یونیۆی ١٩٩٤ لە حاڵەتەکەی ئاگادار کرابوون، بەڵام ئەوەندەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی

ئاگادارە، نەیانتوانیبوو ببینن. پێدەچێت لەلای دەزگای ئەمنی «پ.د.ک»، واتا ڕێکخستنی تایبەتی، گلدرابووەوە. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، ڕۆژی ٢٥ی تەموز/ڤوڵیۆی ١٩٩٤، ڕێگای درایێ کە ببینێت. کەریم سنجاری، سەرۆکی دەزگای ئەمنی بە ڕێکخراوی ووت کە ئەم کەسە گیراوە چونکە گومانی ئەوەی لێدەکرێت ئەندامی دەستەیەکی کوشتن بێت کە لەلایەن ئەندامێکی باڵای ئەنجومەنی وەزیرانەوە [کاربەدەستێکی «ی.ن.ک» کە ناوی پارێزراوە] بەڕێوەبەرایەتی لێدەکرێت و کەوا بەشداربووە لە کوشتنی ئەندامانی «پ.د.ک»دا. کابرای گیراو بە ڕێکخراوی ووت کە لەسەر کوشتنی دوو ئەندامی «پ.د.ک» و هەوڵی کوشتنی یەکێکی تر پرسکارییی لەگەڵ کراوە، بەڵام نکوولی لەوە کرد کە ئەندامی هیچ دەستەیەکی کوشتن بێت. ئەوشی ووت کەوا بە تەنیایی لە جێگایەکی نهێنی گلدراوەتەوە، کە وەکو باسی کرد ئوتێلێک بوو لە سەلاحەدین و لەو ڕۆژەوە کە بۆ ئەو جێگایە گواستراوەتەوە لەو کەسانە بەوڵاوە کە گرتوویانەو پرسکاریان لەگەڵ کردووە، کەسی تری نەبینیوە، هەروەها چەند نیشانەیەکی پیشانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دا کە بە لاق و ڕانیەوە بوون، ووتی جێگەی ئەشکەنجەن و لەم ڕووەوە ووتی :

"یەکەم ڕۆژی گرتنەکەم بە قۆنداخە کلاشینکۆف لێمیاندا و هەروەها زۆرم لێدرا بە سۆندەو پشتێنی قایش. پاشان بە بلۆکێکی چیمەنتۆ لە پشتی ملم درا. هەروەها شتێکیان بە تۆندی لە ملم ناو دەستیان کرد بە لێدانم."

کاربەدەستەکەی «ی.ن.ک» ئەو تۆمەتەکەی دژ خۆی و گرتووەکەی ڕەدکردەوە. گرتووەکە ڕۆژی ٣ی ئەیلول/سێپتەمبەری ١٩٩٤ بەردرا بێ ئەوەی بە هیچ شتێک تاوانبار بکرێت.

جەلال تاڵەبانییش هەروەها گفتی ئەوەی بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دا کە بەندیخانەکانی «ی.ن.ک» داخراوان و گرتووەکان ڕەوانەی بەندیخانە ڕەسمییەکان کراون. لە مانگی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٢دا ڕێکخراو ڕێگای درا سەر لە مەڵبەندی گلدانەوەی بەکرەجۆ، نزیک سلێمانی، بدات و چاوی بە چوار گرتوو کەوت کە هەمووان ئێرانی بوون و ووترا کە تەنیا کەسی ئەو جێگایە بوون. گوایە کە هەموو گرتووەکانی تر نێرراون بۆ بەندیخانەکانی پۆلیس و ئاسایش. کاربەدەستان ووتیان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بەکرەجۆ دادەخرێت. زانیارییەک کە گەیشتووە وا دەردەخات کە بەکرەجۆ و جێگای تری گلدانەوەی ژێر دەستی «ی.ن.ک» هێشتا بەکاردێن، ئەگەرچی بە ڕادەیەکی کەمتر. کاتێک ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە تەموز/ڤوڵیۆی ١٩٩٤دا سەردانی بەکرەجۆی کرد، پێنج گرتووی پیشاندرا کە ووترا ئەمانە ئەندامی هێزی

پێشمەرگەی «ی.ن.ک»ن. گوایا تاوانی سوپاییان کردبوو و یەکێکیان تۆمەتی کۆشـ خرابووە پاڵ. کاربەدەستان لە بەکرمجۆ ووتیان ئەمانە لەسەر فەرمانی وەز کاروباری پێشمەرگە لەوێ گلدراونەتەوە.

هەندێک لە گرتووەکانی پێشووتر شایەدیان داوە کە لە ساڵانی ١٩٩١و ١٩٢ لە جێگای نادیار لەلایەن «ی.ن.ک»ەوە گلدراونەتەوە، بە تایبەتی لە قەڵاچوالان. لە هەندێک ئەندامی پارت و گرووهە سیاسیەکان بوون وەکو «ب.ئ.ک.ع» و ر، کۆمۆنیست. جەلال تاڵەبانی بەردەوام نکوولی لە بوونی بەندیخانە کردووە لە قەڵاچو و تەنانەت بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە دەتوانێت بۆ خۆی "ناوچ بپشکنێت". لەگەڵ ئەوەشدا کە وردەباس لەسەر شوێن و باری ناو بەندیخانەکا دەست ڕێکخراو کەوت، ئەو سەردانی نەکرد. جەلال تاڵەبانی ووتی ئەو گرتووانەی قەڵاچوالان گلدراونەتەوە تەنیا ئەفسەرانی سوپای عێراقین کە گیراون و یاخود خۆ تەسلیم کردووە بە هێزی «ی.ن.ک» لە کاتی ڕاپەڕینەکەی ئازار/مارسی ١٩٩١، ئەوەشی ووت کەوا پاشان بە چاودێری «ک.ن.خ.س» هەموویان بەردەڵکران. بە گوێ زانیاریەک کە بە ڕێکخراوی لێبوردنی نونەتەوەیی گەیشتووە، «ی.ن.ک» لە شەقڵاوە خەڵکیان گلداوەتەوە. لەمانە توفیق نوری عەبدولرەحمان کە لە وەپێش ئەندامی «پاسو بووەو لەلایەن «ی.ن.ک»ەوە لە سلێمانی فڕێنراوە لە ١٢ی کانوونی دووەم/ینایـ ١٩٩٢دا. لاشەی دووکەسی تر کە ئەو کاتە لەگەڵی بوون، گوایا لەسەر شەقام ڕو دوایی دۆزراونەتەوە. خێزانی توفیق نوری عەبدولرەحمان بێهودە زۆر جار پرسیار لە کاربەدەستانی «ی.ن.ک» کردووە. تا ئێستا بێسەروشوێن ماوەتەوەو ڕێکخرا لێبوردنی ناونەتەوەیی مەترسی ئەوەی هەیە کە لە زیندانداً کوژرابێت.


شایەدی تازەتر دەربارەی هەندێ لە گرتووانی لەوەپێش وا نیشان دەدات بەندیخانەی قەڵاچوالان بەکارهاتووە بۆ گلدانەوەی شەڕکەرانی «پ.د.ک»و «ب.ئ .ک.ع» لە بەیەکدانەکەی ئایاری/مایۆی ١٩٩٤دا گیرابوون و هەروەها مەڵبەندی گلدانەو بەکرمجۆش بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتووە (بروانە ژێرەوە). گرتوویەکی کۆن کە ئەندا «ب.ئ.ک.ع» بوو ووتی کەوا ماوەیەکی کەم پێش بەیەکدانەکە لەلایەن «ی.ن.ک»ەوە گیر لە شایەدیەکەیدا بۆ ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووتی :

"دوو مانگ لە قەڵاچوالان گلدرامەوە. بۆ یەک مانگ چاوم ڕووناکیی ڕۆژی نەدی و کارەباکەشیان دەکوژاندەوە... نزیەی ٣٠ کەسی لێبوو، هەرجارەی دەهاتن سێ یان چوار کەسیان دەبرد. هەندێک لەمانە نەدەگەڕانەوە... بە کەبڵ و قۆناخەی تفەنگ و شەق و مستەکۆڵە لێیان دەدان... شێوەیەکی تری

ئەشکەنجە ئەوەبوو پێیان دەگوتین کەوا فەرمانی ئیعدامکردنمان هاتووە و یاخود زۆرمان لێدەکەن ژەهراو بخۆینەوە... لە کاتی پرسکاریدا لێیان دەدراین. یەکێک لە گرتووەکان پێی ووتم کەوا سەریان بە بەتانیەک داپۆشیوەو بەردەوام سەریان بە دیواریک داداوە... ژنێکیش لەوێ گلدرابووەوە... کاتێ کە گرتیان زگی هەبوو و پاشان لە بەری چوو... من دوو مانگ لەوێ مامەوە، بەڵام کەسێکی تری لێبوو کە ماوەی سااڵێک و حەوت مانگ بوو لەوێ گلدرابووەوە، عەرەبێکی خەڵکی بەغدا بوو [ناوی پاریزراوە] ... بە جاسوسی تاوانبارکرابوو..."

هەندێکی تر کە وا دەزانرێ تازە لە قەڵاچوالان گلدراونەتەوە، چوار کەس بوون کە لە سلێمانی گیرابوون لەسەر رووداوەکانی رۆژی ١٣ی حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٤ لەو شارە (بروانە ژێرەوە). ماوەی مانگێک لەوێ گیران و پاشان بران بۆ بەندینخانەی ئاسایشی سلێمانی و لەوێ ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دوانیان کرد.

هەندێ لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە شوبات/فێبرایەری ١٩٩٤دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە ماوەی پێکدادانەکەی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣ی لێدەرچێت، کەسیان گلنەداوەتەوە گرتوویان نەبووەو هیچ جێگای گرتن و گلدانەوەشیان نیە. ڕێکخراو مەسەلەی گرتوویەکی خستە بەرچاو «ب.ئ .ک.ع» کە لەلایان گیرابوو و دوو مانگ لەوبەر بەردرابوو. ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم کابرایەکی جلفرۆشی ٢٨



ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم، لیقەوماوی ئەشکەنجەدان بەدەست «ب.ئ.ک.ع»

ساڵی خەڵکی هەولێر، رۆژی ٢٠ی ئازار/مارسی ١٩٩٣ گیرابوو و بۆ ماوەی ٩ مانگ بە موحاکەمە لە بنکەی (ب.ئ .ک.ع) لە هەولێر گلدرابووەوە، تەواو لە دونیای دەرەوە دابڕابو لە ژێرزەمینێکی تاریکدا ئەشکەنجە درابوو، رۆژی ٢٨ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری٩٣ بەردرا کاتێک هێزەکانی «ی.ن.ک» بنکەکەیان گرتە دەست. ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم سەر بە «ی.ن.ک»ە، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت :

"لە ژێرزەمین دانرابووم، هیچ کۆمیتەیەکی پەسادان نەبوو، هەر دەهاتن و پرسکاریان لەگەڵ دەکردم. بە لێدان زۆر ئەشکەنجەیان دام... ئەمە بۆ نزیکەی ٤٠ ڕۆژ بەردەوام بوو ئینجا پێستمیان سووتاند... بە کەبڵ لێیان دەدام و دەست و قاچمیان دەبەست و هەڵیان دەواسیم، ئینجا بە هەڵواسراوی لێیاندەدام... ڕۆژێک ٢٠ جار زڵلەیان لێدام ووتیان : ئێمە ٢٠ کەسین و لێتدەدەین ئەگەر توانیت خۆت ڕابگری ئەوا دیارە تۆ بێ گوناهیت و ئەگەر خۆت ڕانەگری ئەوە دیارە تۆ کافری. کەوتنە لێدانم و منیش لە هۆش خۆم چووم... ٤٠ ڕۆژ پاش گرتنم... هاتن و کراسەکەمیان داکەند. بەزینیان کرد بە لەشمداو ئاگریان تێ بەردا. ئینجا ئاوێان پیاکردو ئاگرەکەیان کوژاندەوە. نزیکەی ٣ یان ٤ کەس دەبوون. پاش ئەوەی ئاگرەکەیان کوژاندەوە بە جێیان هێشتم. ئازارم زۆر بوو داوای یارمەتیم کرد بەڵام پێیان ووتم کە دەبێ بمرم... لە تەموز [لە ژێر زەمینکە] دەریان هێنام و زۆریان لێ دەکردم کە بە کۆڵ بەرد بکێشم... دایکم دەهات و گوێم لە دەنگی بوو، لێیان دەپارایەوە. چەند جارێک هاوارم کرد بەڵام ئەو گوێی لە هاوارەکانم نەبوو..."

گەرچی لەوە پێش نکوولیان کردبوو لەوەی گرتوویان لە لابێت، «ب.ئ .ک.ع» دا بەوەدانا کە ئەحمەد مەحمەد ئیبراهیم لایان گیرابوو و گوایا تەنیا حاڵەت بووە بابەتە. عەبدولقادر برایەتی دەمراستی سوپایی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەو دەمە، ئەوی نکوولی لەوە کرد کە ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم ئەشکەنجە درابێت... ووتی ئەو سووتا هۆی ئەوە بووە کە گرتووەکە بە هەڵکەوت خۆی لە چرایەکی نەوتی داوەو سووتا ئەمەش شتێک بوو کە لێقەوماو بەڕپەرچی دایەوە. پاشان ڕێکخراوی لێبوردن ناونەتەوەیی ڕاوێژی بە پسپۆڕێکی دادوەری پاتۆلۆژی کرد سەبارەت بەو وێنانەی پاش ٨ مانگ تێپەڕبوون بەسەر سووتانەکە گیرابوون. تێبینی پسپۆڕ ئەوەبوو :


"جێگای زۆر بریتی هەڵقرچاو بە سنگەوە دیارن ... کە دەکشێنە خوارەوە بۆ ناوەراستی زگ و ئینجا بەشەفتوولی گۆی مەمکەکان دەگرنەوەو هەروەها تاکە تاکە پەڵە هەن بە جێگایانی تری لەشەوە. ئەمە ئەنجامێکی بابەتی سووتانە ...

شیوەو دابەشبوونی سووتانەکە لە هەردوو لای سنگەوە ئەمە دەردەخەن کە کاریکی هەوەسکارانە بووە، جا لەبەر ئەوە دووری لە بواری هەلکەوت (صدفە)ەوە..."

تەنانەت ئەحمەد مەحمەد ئیبراهیم تەنیا گرتوو نەبوو لە بنکەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەولێر. کاتێک بەربوو لە کانونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣دا، پێنج گرتووی تری لەگەڵ بوو. لەوانە عادل ئیسماعیل، گەنجێکی ١٧ ساڵی خەڵکی هەولێر، شایەدی ئەوەیدا کە سێ مانگ گلدرابوەوە لە ئەنجامی شەڕێک لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی «ب.ئ .ک.ع» :

"ئەوەندەیان لێدام نەمدەتوانی دەست و پەنجەکانم بجوولێنم... نەیاندەهێشت بۆ ئاودەست بچم ... دونیا زۆر سارد بوو منیش هیچ نەبوو خۆمی پێ بپۆشم، ناچار بەشێک لە جلەکانم دراند و کردمە گۆرەوی تا خۆمی پێ گەرم بکەمەوە. بۆ ماوەی سێ مانگ دایکم و باوکمم نەدی و هەمیشە لە سەرماندا دەلەرزیم..."

لە تەموز/یولیۆی ١٩٩٤دا ریکخراوی لیبوردنی نیونەتەوەیی باسی پێنج کەسی خستە بەرچاو کە دەوترا لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامیەوە گیراون و سەروشوێنیان دیارنیە. ریکخراو نیگەرانی ئەوەی هەبوو کە ئەشکەنجەدرابن و لە بەندیخانە کوژرابن. هەموویان ئەندامانی ئەو کاتە یاخود لەوەپێشی بزووتنەوەی ئیسلامی بوون، چواریان بروا وابوو کە لە ١٩٩١دا گیرابوون. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بە ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی گەیشتوون ئەمانەن:



بەهزاد ئەمین حەیدەر


• بەهزاد ئەمین حەیدەر، لە دایکبووی دیانا ساڵی ١٩٧١، سەڵتە. لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا لەلایەن ئەندامانی «ب.ئ.ک.ع» لە هەولێر لە ڕۆژی ١٠ی ئازار/مارسی ١٩٩١دا گیراو لە سەرەتاوە لە بەرێوەبەرێتی ئەوقاف کە لە ژێر کۆنترۆڵی «ب.ئ.ک.ع» دابوو لە هەولێر گلدراوە. پاشان گواستیانەوە بۆ ڕانیەو دیسان بۆ بەندیخانەیەکی دیانا. بەهزاد ئەمین حەیدەر لە ١٩٨٨دا چووبووە ریزی «ب.ئ.ک.ع» و پاشان وازی هێنابوو. لە کوتایی ١٩٩٣دا وا ووترابوو کە لە بارەگای بزووتنەوەی ئیسلامی لە بیتواتە گلدراوەتەوە.

• فاخر ئەسعەد نادر، لە دایکبووی شەقڵاوە ساڵی ١٩٦٨ خاوەن ژن و منداڵیکە. لە ڕۆژی ٦ی ئابی/ئۆگوستسی ١٩٩١دا لە ناوچەی دیانا بزربوو کاتێک چووبوو ئیجازە لە «ب.ئ.ک.ع» وەربگرێت تا بچێت بۆ ئێران بۆ



فاخر ئەسعەد نادر

کاری بازرگانی. لە رێگا تووشی چەند ئەندامێکی «ب.ئ.ک.ع» دەبێت کە لە لانکروزێکدابوون و لەگەڵ خۆیان بردوویانە. فاخر ئەسعەد نادر ساڵی ١٩٨٧ چووە ریزی بزووتنەوەی ئیسلامی و بە نهێنی لە هەولێر چالاک بوو. پاش ساڵێک چووە ریزی بەرهەڵستکارانی چەکدار لە ناوچە شاخاوییەکانی سنوور. لە ١٩٨٨دا بۆ شەش مانگ لەلایەن «ی.ن.ک»ەوە گیرا و پاشان گەڕایەوە لای کەسوکاری لە هەولێر. پاش راپەڕینەکەی ١٩٩١، دووبارە چووەوە ریزی «ب.ئ.ک.ع». گوایا ئەم و کەسانی تر، لە سەرکردایەتی «ب.ئ.ک.ع» هەرەشەیان بۆ هاتووە هەر ئەندامێک پارتەکە (واتا بزووتنەوەی ئیسلامی) بەجێبهێڵێت و یاخود نهێنیەکانی ئاشکرا بکات، دەگیرێت. راپۆرتی ساخ نەکراوە هەیە کە دەڵێت پاش بزربوونی، ئەم گەنجە لەسەربازگەی کاولۆکان لە ناوچەی دیانا لای «ب.ئ.ک.ع» گیراوە.



مەغدید ئەسعەد مستەفا

• مەغدید ئەسعەد مستەفا، لە دایکبووی شەقلاوە ساڵی ١٩٦٦ و خاوەن ژن و چوار منداڵە. رۆژی ٦ی ئاب/ئۆگوستسی١٩٩١ لە ناوچەی دیانا کاتێک بەرەو ئێران دەچوو بزربوو، گوایا ئۆتۆمۆبیلەکەی نزیک بنکەی «ب.ئ.ک.ع» لە دیانا بینراوە. مەغدید ئەسعەد مستەفا ئەندامی «ب.ئ.ک.ع» بووە بۆ چەند ساڵێک، پاشان بەجێی هێشتووەو چووەتە ریزی «ی.ن.ک»، گوایا هەرەشەی لێکراوە نهێنیەکانی «ب.ئ.ک.ع» ئاشکرا نەکات و فشاری خراوەتە سەر کە بگەڕێتەوە ریزی «ب.ئ.ک.ع».

• موحسین حەسەن ئیبراهیم : لە ساڵی ١٩٨٧دا لە سەربازی رای کردووەو هەڵهاتووە بۆ ئێران و لەوێ چۆتە ریزی «ب.ئ.ک.ع». لە ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن هێزی ئاسایشی عێراقییەوە لە رانیە گیراوە کاتێک خەریکی چالاکی نهێنی بووە بۆ «ب.ئ.ک.ع». پاش نزیکەی حەوت مانگێک گرتن بەهۆی لێبوردنێک بەردراوەو گەڕاوەتەوە بۆ سەربازی. کاتێک هێزە کوردییەکان لە راپەڕینەکەی ئازار/مارسی ١٩٩١دا شارە گەورەکانیان گرتە دەست، موحسین حەسەن ئیبراهیم توانی پێوەندی لەگەڵ «ب.ئ.ک.ع» لە بەرێوەبەرێتی ئەوقاف

هەوڵیر بکات. لەوێ گیراو تۆمەتبارکرا بەوەی کە خیانەتی لە «ب.ئ.ک.ع» کردووەو لە ١٩٨٩دا زانیاریی دەربارەی ریکخستنەکانی درکاندووە. لە ناوەڕاستی ١٩٩٢دا لە بەندیخانەیەکی «ب.ئ.ک.ع» لە سەربازگەی سوپایی ڕەواندوز نزیک بە کاوڵوکان گیرابوو و لەوێ خێزانەکەی توانیبوی سەری لێبدات. کەمێک پاشان گواستیانەوە بۆ گرتووخانەیەکی تر لە بنکەی «ب.ئ.ک.ع» لە هەوارمەرزە (پارێزگای سلێمانی)، گوایا لەوێ موحاکەمەکراوە.

کاربەدەستانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لە تەموز/یۆلیۆی ١٩٩٤دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت هیچ لەم حاڵەتانە ئاگادارنین بەڵام بەڵێنیان دا کە لێیان بکۆڵنەوەو ڕێکخراو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان ئاگادار بکەنەوە. تا کانوونی دووەم/یەنایەری١٩٩٥ هیچ وەڵامێک نەبوو.

کوشتنێ ناداد و هەوەسکارانە

لەو کاتەوە کە کوردستانی عێراق کەوتە ژێر کۆنترۆلی کوردییەوە، سەدەها خەڵک بە جۆرێکی نادادو هەوەسکارانە لە ناوچەکەدا کوژراون. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نەیتوانیوە لە هەموو ئەو حاڵەتانەی لێیان ئاگادارکراوە بکۆڵیتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی مەبەستێکی سیاسی هاندەری دیاریان نەبووە، یاخود لەو حاڵەتانەی کە کەسانێکی گومانلێکراو بەو کوشتنانە، نەسەر بە یەکێک لە پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە ناوچەکە بووبن و نە بە ناوی ئەوانەوە کاریان کردووە. ئەمانە چەندین کوشتنی تۆڵەسەندن و کوشتن لە کاتی مالبرین و ڕووتکردنەوە دەگرنەوە. بەڵام لێپرسراوی بەرووڕی دەکەوێتە ئەستۆی هێزی پارتە سیاسیەکان لەو ڕووداوانەدا کە پەیوەندییان بە کوشتنی دیلی بێچەک هەیە. ژمارەیەک لەو شەرکەرانەی لە کاتی بەیەکدادانی چەکداردا گیراون، وا باسە کە هەوەسکارانە کوژراون، جا یان دەستبەجێ دوای تەسلیم بوونیان یان دوای ئەوەی گیراون و گلدراونەتەوە. کوشتنی تر هەیە کە لە دەرەوەی بواری پێکدادانی چەکداردا ڕوویان داوە، لەمانەش کوشتنی خۆپیشاندەری مەدەنی بێچەک و کوشتنی بەرهەڵستکارانی سیاسی.

زۆربەی ئەم تۆمەتانە سێ پارتی سیاسی دەگرنەوە : «ی.ن.ک»و «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع». ڕێکخراو نیگەرانی خۆی بۆ سەرکردەی پارتەکان دەربڕیوەو لە هەندێ حاڵەتدا لەگەڵ ئەو کاربەدەستە حزبیانەش کە ڕاستەوخۆ لێپرسراون لەم کوشتنانە. بەجۆرێکی گشتی، وەڵامەکانیان زیاتر نکوولیکردن بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە لێکۆڵینەوەی ناوخۆ سازکراوە سەبارەت بە ژمارەیەک لەو ڕووداوانەی پەیوەندیان بە کوشتنی نادادو هەوەسکارانەوە هەیە، ئەم لێکۆڵینەوانە زیاتر ڕووکەش بوون و تا ئەمڕۆ سەرەنجام هیچ تاوانبارێک نەدراوە بە دادگا.

كوشتني شەركەران دواي خڵبەدەستدانەوە

زۆربەی رووداوەکانی کوشتنی شەرکەران پاش خۆبەدەستدانەوە یاخود کاتێک گیراون و گدراونەتەوە، لە پێکدادانەکانی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣و ئایار/مایۆی ١٩٩٤دا، رووپان داوە. ئەمانەش لە کۆتایی ئەم بەشەدا باسیان هاتووە.

رووداوێکی گەورە لە ٧ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا بەرپابوو، پێش ئەوەی هێزەکانی حکومەتی عیراق لە ناوچەکە بکشێنەوە. دوو رۆژ پێشتر، هێزەکانی حکومەتی عێراق بە بەکارهێنانی هێلیکۆپتەری زرێبارو توپی قورس، بەبێ دەستپاراستن پەلاماری دانیشتوانی مەدەنی شاری کفری و کەلار و عەربەت و دوایی شاری سلێمانیان دا. وا بڵاوە کە چەند سەد کەسێک کە زۆربەیان مەدەنی بوون کوژران و بریندارببوون. لە تۆڵە سەندنێکی زەقی ئەو پەلامارەدا، نزیکەی ٦٠ سەربازی بێ چەکی عێراقی کە زووتر خۆیان دابوو بەدەست هێزە کوردییەکانەوە لە سلێمانی کوژران. پەیامنێرێکی رۆیتەر کە خۆی کوشتنەکەی دیبوو، ووتی :

"شەش کەس بێ ئاگادارکردن و کاتێک لەسەر زەوی بە چۆکدا هاتبوون و دەستیان بە هەواوە بوو تیرباران کران. هەندێکی تر تاکە تاکە کوژران، کۆمەڵێکی گەورە کە ژمارەیان نزیکەی ٥٠ کەس دەبوون بە چەکی ئۆتوماتیکی لە نزیکەوە دەستڕێژیان لێکرا لەو بینایەی کە خۆیان تیا دابوو بەدەستەوە[٧٢].

جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە کاتی خۆیدا هەردووکیان ئەو کوشتنانەیان تاوانبارکرد. وایان ڕاگەیاند کە لێکۆڵینەوەیەک ساز دەکرێت و هەروەها ووتیان کە ئەوانەی لێپرسراون دەدرێنە دادگا. ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی تکای لە مەسعود بارزانی کرد، وەک سەرۆکی بەرەی کوردستانی عێراق، کە داوای کوتاییهێنان بەم کردارانە بکات وهەروەها داوای کرد لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش ئاگادارببکرێتەوە. لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩١دا مەسعود بارزانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاگادارکرد کە ئەگەرچی لێکۆڵینەوەیەکی سادە ئەنجام دراوە لە سلێمانی لەلایەن کومیتەی «ب.ک.ع»ەوە، ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر وا بڕیاردرا کە لێژنەیەکی پرسینەوەی تازە لە نوێنەرایەتی سەرکردەی سیاسی «ب.ک.ع»، پێکبێت :

"... پاش پرسینەوە بۆ پێناسەکردنی ئەو شەرکەرانەی لە جێگای ڕووداو ئامادەبوون، لێژنە تازەکە دەستەلات دراوە زامنی ئەوە بکات کە یاسا ڕێگای خۆی ببینێت. لە نیوەی دووەمی کانوونی دووەم/یەنایەری١٩٩٢دا دادگایەکی پرسینەوە دەگیرێت تا تاوانباران بەرەوڕووی یاسا بکرێنەوە ... و ئەنجامی لێکۆڵینەوەو پرسینەوەکەش ئاشکرا دەکرێن."



هەندێ لەو شەست سەربازە عیراقییانەی کە لە ٧ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا، دوای خۆبەدەستدانەوە، لە سلێمانی کوژران. © POPPERFOTO

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بانگکرا تا چاودێری لە ڕیبازی کردارەکە بکات، بەڵام ڕێکخراو بۆی نەکراو داوای کرد کە لە وردە باسی ڕێکاری پرسینەوەکەو ئەو هەنگاوانەی دەتڕێن دژی ئەوانەی گومانیان لێدەکرێ بەو کارە هەڵسابن، ئەنجامی کاری لێژنە، وردەباسی جۆری پێکهێنان و مەرج و ڕێکاری لێژنەکە، وردە باسی پێکهێنانی ئەو دادگایەی کە موحاکەمەی تاوانباران دەکات و ئەو ڕێکارەی ڕەچاوی دەکات و ئەو یاسای سزاییەی بەکاردێت، ئاگادارکرێت. هەروەها ڕێکخراو داوای زامنکردنی ئەوەی کرد کە تاوانباران مافی تەواوی دیفاعیان بدرێتێ و ئەگەر حوکمدران، ڕێگای بەسەرکردنەوەیان هەبێت لای دادگای باڵاتر. هەروەها ڕێکخراو داوایکرد ئەگەر ئەوانە تاوانبارکران، کەسیان سزای کوشتن نەدرێت و ئیعدام نەکرێن. بەڵام ڕێکخراو هیچ وەڵامێکی نەدرایەوە.

لە ڕاستیدا نە دوزرانەوەکانی لێژنەکە ئاشکراکران و نە داداگاش گیرا. لە ئایار/مایۆی ١٩٩٢دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی وێنەیەکی لەو ڕاپۆرتە ناوخۆییە دەستکەوت کە لە لایەن لێژنەی پرسینەوەکەوە ئامادە کرابوو بە بەرواری ٢٦ی کانوونی دووەم/یەنایەری ١٩٩٢. ڕاپۆرتەکە وردەباسی ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکەی تیابوو و هەروەها دەستنیشانی ١٤ پێشمەرگەی کردبوو کە گوایا گومانی ئەو کوشتنانەیان لێدەکرێ. حەوت لەمانە، ووترابوو، کە سەر بە «ی.ن.ک.ن و شەشیان سەر بە «ح.س.ک» بوون[٧٣]. ئەندامانی لێژنەکە پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ١٤ تۆمەتبارەکە لە لایەن سەرکردەی سیاسی «ب.ک.ع» داو بکرێن تا لێژنەکە پرسکاریان لەگەڵ بکات. ئەوەندەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاگادارە، تۆمەتبارەکان بە گیراوی ماونەوە بۆ ماوەیەک، بەڵام لە ئایاری/مایۆی١٩٩٢دا هەموویان بەردران، بە پێی بڕیارێکی «ب.ک.ع» کە ئیتر لە لێکۆڵینەوەکە بەردەوام نابێت. هیچ یەکێک لە تاوانباران بەرهەووی دادپرسی نەکراوە.

لە کاتی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١دا، دەیان هەزار لە دەستکاری سوپای عێراق گیران و یان خۆیان دابەدەست هێزەکانی بەرهەڵستکاری کوردییەوە. زۆربەیان چەککران و ڕێگادران بچنەوە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی حکومەت. چەند هەزارێک، زۆربەیان ئەفسەرو دەستەکاری باڵای سوپا بوون، بۆ ماوەی چەند مانگێک لای پارتە سیاسیە کوردیەکان گلدرانەوە. زۆربەی ئەمانە پاشان بە چاوەدێری کۆمیتەی ناونەتەوەیی خاچی سوور بەردران، لە کاتێکدا کە هەندێکی تر پاش تکاکاریی خێزانەکانیان، بە پارە، لەلایەن «ب.ک.ع»ەوە بەرەڵاکران. بەڵام سەروشوێن و چارەنووسی ژمارەیەکی کەم لە سەربازی عێراقی هێشتا نەزانراوە. لە ئایار/مایۆی ١٩٩٢دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ناوی ٣٧ سەربازی لە سەرچاوە کوردیەکان وەرگرت. ئەمانە یا لە ئازار/مارس یان لە نێوان تەموز/یۆلیۆ و تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩١دا بزربوون و هێشتا سۆراخیان نییە. هەروەها ڕێکخراو وای بیستووە گوایا هەندێ سەربازی عێراقی بە نهێنی ئیعدام کراون کاتێک لای هێزە کوردییەکان گلدراونەتەوە. هەندێ لەو باسانە لەلایەن ئەوانە

کرا کە کۆنە گرتوو بوون، لە هەمان جێگای سەربازەکان گلدرابوونەوە. یەکێک لەو جێگایانە لە قەڵاچوالان لای «ی.ن.ک» بووە. گرتوویەکی لەوپێش کە ئەندامی «رەوتی کۆمۆنیست»ە، لە سەرەتای نیسان/ئەپریلی ١٩٩١دا لە قەڵاچوالان گلدرابووەوە، شایەدی دا کەوا چەند کۆمەڵێک سەرباز لە مەڵبەندی گلدانەوەکە ئیعدامکراون. ئەوەشی ووت کە بەچاوی خۆی کوشتنەکەی نەدیوە بەڵام پاشان لاشەی هەندێ لە لیقەوماوەکانی لە حەوشەی مەڵبەندی گلدانەوەکەدا دیوە. لە ئایار/مایۆی١٩٩٢دا جەلال تاڵەبانی بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ڕاگەیاند کە هەموو ئەو سەربازە عێراقیانەی لای «ی.ن.ک» بوون تەسلیمی کۆمیتەی خاچی سووری ناونەتەوەیی کراون. نەتوانرا ڕاستی ئەم قسەیە لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ساخ بکرێتەوە.

کوشتنی خۆپیشاندەرانی مەدەنی

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابووردووەدا ڕووداوی کوشتن و بریندارکردنی خۆپیشاندەرانی مەدەنی بەدەستی هێزی پارتە سیاسیەکان ڕوویداوە. ئەمەی خوارەوە وردەباسی سێ لەو ڕووداوانەیە :

• لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣دا پێکدادان لەنێوان هێزەکانی «پ.د.ک»و «ح.س.ک»، دوای ڕەوشێکی ئاڵۆزی پڕ ناکۆکی لە نێوان سەرکردایەتی دوو پارتەکەدا، لە هەولێر و سلێمانی ڕوویدا. ڕۆژی ١٠ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر هێزی «ح.س.ک»، لە ژێر دەسەڵاتی محەمەدی حاجی مەحمود، پەلاماری بارەگای لیوای ٢٤ی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی دا لە سلێمانی و گرتی، لەگەڵیا چەک و هەندێ کەرەسەی سوپایی گرت. ڕۆژی دوایی هێزەکانی «پ.د.ک» دوو بنکەی «ح.س.ک» یان لە هەولێر داگیرکردو ١١ کەسیان گرت. لە ١٣ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەردا هێزی «پ.د.ک» پەلاماری بنکەکانی «ح.س.ک»یان لە سلێمانی داو لەو پێکدادانەدا هەندێ کەسانی مەدەنی کۆژران و هەندێکی تر بریندارببوون. نزیکەی ١٥ ئەندامی «ح.س.ک» گیران پاش ئەوەی هێزەکانی «پ.د.ک» دەستی بەسەر بنکەکاندا گرت. لە هەمان ڕۆژدا چەند سەد کەسێکی بێ چەک و ئاشتیخوازی مەدەنی خۆپیشاندانیان کرد لە سلێمانی دژی ئەو شەڕی ناو پارتایەتیە. بەپێی ئەو زانیارییانەی بە دەستی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەیشتوون لەو کاتەدا کە هێزەکانی «پ.د.ک» ویستوویانە بڵاوە بە خۆپیشاندەرەکان بکەن چەند تەقەیەک کراوە بۆتە هۆی کوشتنی ٤ کەس و بریندار بوونی زیاتر لە ٦٠ کەسی تر.

ڕۆژی ٢٢ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نامەیەکی ئاراستەی مەسعود بارزانی کردو داوای زانیاری لێکرد سەبارەت بەو ڕووداوە و دۆزینەوەکانی هەر لێکۆڵینەوەیەک کە بۆ پێناسەکردنی تاوانبارەکان ئەنجام درابێت و هەروەها زانیاری لەسەر هەموو ئەندامانی «ح.س.ک» کە لە لای «پ.د.ک»دا گیرابوون. ڕۆژی دوایی، مەسعود بارزانی

وەڵامی دایەوە کەوا ئەو زانیاریەی لای ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییە "لە سەرچاوەوەی ناڕاست پێشکەشکراوەو گوراوە". نامەکەی دەڵێت :

"لە ڕۆژی ١٣ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەردا کە دوو مەقەری تاقمەکە واتا «ح.س.ک» لە سلێمانی کونترۆڵ کران، ژمارەیەک لە مەدەنی کەوتنە نێوان ئاگری شەڕەوە بریندار بوون. تاقمە چەکدارەکە لێپرسراویی هەرە زۆری هەیە سەبارەت بە بەرکەوتنی مەدەنیان چونکە تۆپی هاوەنی لە شارەکەدا بەکارهینا ... خۆپیشاندانێک بە یارمەتی و بە پشتگیری «ی.ن.ک» ڕێکخرا تا خەڵک لە «پ.د.ک» هەڵبگێڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی پارتایەتی و قازانج لەو بارە وەرگرێت. چەندین تەقەلا بۆ ئەوەی کاربەدەستانی شار، کە زۆربەیان «ی.ن.ک»ن وازبهێنن لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە، سەری نەگرت. خۆپیشاندانەکە کە بریتی بوو لە چەند سەد کەسێک، ڕوێشتن بەرەو مەقەری «پ.د.ک» لە سلێمانی [لقی چواری «پ.د.ک»] و کاتێک هەندێ کەسانی ئاژاوەگێڕ وێستیان پەلاماری خانووبەرەی «پ.د.ک» بدەن، چەند تەقەیەک لە سەرەوەی سەریان کرا لەلایەن پاسەوانەکانەوە تا نەیەڵن ئەوە ڕووبدات و کەسیش بە ئازار نەهات. من بە شێوەیەکی بنبڕ نکوولی لەوە دەکەم کە «پ.د.ک» تەقەی لە خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز کردبێت. ئەوەی کەوا چوار کەس کوژراون و ٦٠ی تر بریندارن ڕاست نیە... کاربەدەستانی «پ.د.ک» [کە نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران بوون] چوون بۆ بینای پارێزگا بۆ ئەوەی وابکەن کە دەسەلاتی ناوخۆی شار کونترۆلی باری ئاسایشی شارەکە بکات. لەوێ گرووهێک لە گەنجی چەکدار بە جۆرێکی هەرەشەکەرانە پەلاماریان دان و ئۆتۆمبێلەکانیان شکاندن. پاسەوانەکانی لەگەڵ ئەو کاربەدەستانە (جێگری وەزیری کاروباری پێشمەرگەو سەرکردەی سوپایی پێشمەرگەی یەکگرتووی سلێمانی)دا بوون بە ئاسماندا تەقەیانکرد تا بڵاوە بە ئاژاوەگێڕەکان بکەن... لەو بارە ئالۆزەی کە لە مە دروستبوو، سێ کەس بە تەقە بریندار بوون"

لە شوبات/فبرایەری ١٩٩٤دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەگەڵ نوێنەرانی «پ.د.ک»و «ح.س.ک»، هەروەها لەگەڵ کەسانی بەچاودێتووی ڕووداوەکە لە سلێمانی، ئاخاوت. زانیاریە تازەکە پشتگیری ڕاپۆرتە سەرەتاییەکانی نەدەکر کە بەدەست ڕێکخراو گەیشتبوون سەبارەت بەو هەڵومەرجەی کە چوار کەسی مەدەنی تیا کوژرابوو. شایەدێک کە لە کەسانی جۆراوجۆرەوە وەرگیرابوو یەکجۆربوون لەوەی کە کۆشتنەکان کاتی پێکدادانی هەردوولا ڕووینەدابوو، بەڵام لە هەندێ ڕووی ترەوە، باسی ڕووداوەکان جیاوازیان هەبوو لەگەڵ ئەوەی «پ.د.ک» دابووی، بە تایبەتی سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە دەرەوەی بینای



بنایەی پارێزگای سلێمانی

پارێزگا و لقی چواری «پ.د.ک» بەرپا بووبوون. لە هەردوو حالەتەکاندا، باسەکان وا دەگەینن کە خۆپیشاندەرەکان چەکدار نەبوون و تەقەکەی کە لەلایەن پاسەوانەکانی «پ.د.ک»ەوە کرا، بوونە هۆی بریندارببوونی چەند کەسێکی مەدەنی.

لە کاتی سەردانی لە شوبات/فبرایەری ١٩٩٤دا رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نێگەرانی خۆی سەبارەت بەم رووداوە لەگەڵ سەرەکوەزیر، کۆسرەت رەسوڵ عەلی باسکرد. رێکخراو مەبەستی ئەوەبوو زانیاریەک پەیدابکات لەسەر دۆزراوەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئەنجومەنی وەزیران داوای سازدانی کردبوو کە وەزیری ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە پێیەوە پێوەندیاربوون. سەرەک وەزیر بە رێکخراوی راگەیاند کە لێکۆڵینەوەیەکی رەسمی لە ئارادایە، بەڵام بە هۆی حەساسیەتی سیاسی کە لە نێوان «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» هەیە، رەنگە ئەو لێکۆڵینەوەیە کاریگەر نەبێت یاخود ئەنجامێکی ئەوتۆ نەدات. هیچ دۆزراوەیەک، ئەگەر بە دەستیش هاتبێت، ئەوا بە رێکخراو نەگەیشتووە.


سەبارەت بە گرتووەکانی «ح.س.ک» کە لەلایەن «پ.د.ک»ەوە لە هەولێر و سلێمانی لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣دا گیرابوون، رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئەوەندەی بۆ دەرکەوت کە هەموویان لە ماوەی دوو هەفتەدا بەردران. هیچ یەکێکیان، کاتی

گلدرابوونەوە، حەوالەی سەرهۆکارێتی پۆلیس یان ئاسایش نەکرابوون لەگەڵ ئەوەدا کە مەسعود بارزانی لە نامەکەیدا بۆ رێکخراو دەڵێت هەرچی کارێک بەرامبەر «ح.س.ک» کراوە لەلایەن هێزەکانی «پ.د.ک»ەوە " بەدەسەلاتدانی تەواوی کاربەدەستانی بالای ئیدارەی کوردی] بووە".

• رۆژی ١٣ی حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٤ مەسیرەیەکی تەرم ناشتن کە چەند هەزار کەسێک تیا بەشداربوون، لە سلێمانی گێڕا بۆ عوسمان قادر منەوەر، سەرکردەیەکی سوپایی «پ.د.ک» کە چوار رۆژ لەوەپێش لە پێکدادانداا لەگەڵ «ی.ن.ک» لە پێنجوێن کوژرابوو. پێش ئەوەی مەسیرەکە کۆتایی پێ بێت، تەقە دەستی پێکردو دەها کەسی تیا کوژران و بریندار بوون. «ی.ن.ک» رایگەیاند کە ١٤ کەس کوژران و ٤٦ کەسیش بریندارن. «پ.د.ک» لە سەرەتاوە ووتی ٥١ کەس کوژراون، بەڵام پاشان تەنیا ناوی ٢٢ کەسیان بڵاوکردەوە. لەوانەی کوژرابوون و ناویان لە رێی خێزانەکانیانەوە بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دران: ئازاد قادر ئەحمەد، جەمال عەزیز حیکمەت و بەهرۆز ئەحمەد عەبدوڵا قارەمان مەحمودو سەردار مەحمود مەعروف و محەمەد کەریم سۆفی ئەحمەد بوون.

لە تەموز/یۆلیۆی ١٩٩٤دا رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ٢٩ پیاو و ئافرەت کرد کە بەشداری مەسیرەکە بووبوون. هەندێک لەمانە بریندارببووبوون و هەندێک لەگەڵ خزم و کەسەکانیان بوون کاتێک کە کوژران. هەندێکیش هاوکارییان کردبوو لە گەیاندنی کوژراو و بریندارەکاندا بۆ خەستەخانە. بە گوێرەی باسەکان، کاتێک کە مەسیرەکە ئاشتیانە گەیشتە فولکەی کاوە، نزیک لقی چواری «پ.د.ک»، تەقە دەستی پێکرد. زۆربەی تەقەکان وا ووتراوە لە لایەن هێزی «ی.ن.ک»ەوە کە لەسەربانی لقی چوار و هەندی جێگای تری نزیک دانرابوون، کرابوون. ژمارەیەک لە خەڵک کوژران و بریندارببوون، لەوانە هەندێک کە تەرمی عوسمان قادر منەوەریان هەڵگرتبوو. تەرمەکە برا بۆ سەر قەبران بۆ ناشتن. واباسکرا کە هێزەکانی «ی.ن.ک» کە لە سەر بانەکان دانرابوون و هەروەها ئەندامانی لیوای تایبەتی «ی.ن.ک»، بەردەوامبوون لە تەقەکردنی هەرهەمەکی (عشوائی) بەناو خەڵکدا کە بووە هۆی بریندارکردنی ئەوانەش کە بریندارەکانی تریان هەڵگرتبوو. چەندین شاهید باسی چەندەها کەسانی کوژراو و بریندارییان کرد کە لە خەستەخانەی تەوارێی سلێمانی دیتبوویان. رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چەندەها باسی پێگەیشتووە کەوا گوایا هەندێک لەوانەی بریندارکرابوون دابڕاومانەوە لە تیمارکردن لەلایەن پزیشکە لێپرسراوەکانی خەستەخانە کە سەر بە «ی.ن.ک» بوون و گوایا هەندێک لە ئەنجامی ئەمەدا مردبوون. ئەم باسە نەتوانرا سەربەخۆیانە ساخبکرێتەوە.

کاربەدەستانی «ی.ن.ک» نکوولیان لەوە کرد کە هێزەکانیان هەوسکارانە تەقەیان لە



هەندێ لەوانەی بەشداربیانکردبوو لە تەرمەکەو خەریکن بریندارێک بۆ نەخۆشخانە دەگوازنەوە لە سلێمانی
لە ١٣ی حوزەیران/یونیۆی ١٩٩٤

خەڵک کردبێت. ئەوەیان باسکرد کە مەسیرەکە ئاشتیخواز نەبووە و کەوا بەشداران نەیار بوون و دروشمی دژ بە «ی.ن.ک»یان هەڵگرتبوو و هاواریاندەکرد. پارێزگاری سلێمانی سالار عەزیز، کە کاربەدەستێکی «ی.ن.ک»ە، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە هەندێک لە بەشداران نارنجۆک و کلاشینکوفیان پێبووە لە ژێر جلەکانیاندا شاردبۆوە نیازی ڕاستەقینەیان ئەوە بوو لقی چوار بگرن. ئەوەشی ووت کەوا هێزەکانی «ی.ن.ک» بۆ پاراستنی خۆیان تەقەیان کردووەو چواریان بریندارکراون پاش ئەوەی نارنجۆکێکیان بۆ هەڵدراوە.

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی داوای بینینی ئەو چوار کەسەی کرد، بەڵام نەکرا هیچ کەسێک ئامادەبکرێت. پاشان کاربەدەستانی «ی.ن.ک» بە ڕێکخراویان ووت کەوا تەنیا یەک پێشمەرگەی «ی.ن.ک» بریندارببووە، گوایا سێیەکەی تر مەدەنین و سەر بە «ی.ن.ک»ن، وە لە ناو خەڵکدابوون کاتی بریندارکراون. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی داوای ئەوانەشی کرد بیانبینێت، بەڵام دیسان کەس ئامادەنەکرا. ئینجا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەلایەن کاربەدەستانی «ی.ن.ک»ەوە ئاگادارکرا کەوا دەتوانێت چوار گرتوو ببینێت کە لە لای ئاسایشی سلێمانی گلدراونەتەوە. ئەمانە تاوانبارکرابوون بەوەی کە بەکرێگیراوی ئێستخباراتی عێراقین و ئەرکی وێرانکارییان پێسپێررابوو لە کوردستانی عێراق و ئەمانە هۆ و تەگبیرکەری ئەو پێکدادانە بوون کە کاتی مەسیرەی تەرم ناشتنەکە ڕووی داو گوایا بەو تاوانەش ئیعتیرافیانکردووە. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دووان لەم گرتووانە کرد کە یەکێکیان تۆمەتباری سەرەکیی ڕووداوەکە بوو بە ناوی قاسم کەریم ئەحمەد، ناسراو بە قاسم دەرەیی. ڕێکخراو هەروەها مەسەلەی ئەمانەی لەگەڵ دادپرسی پەسادەری لێپرسراوی کاروباری ئاسایشی سلێمانیش باسکرد.

ڕێکخراو زانی کە قاسم دەرەیی، کە سەربە «پ.د.ک»ە، شەوی ١٣ی حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٤ گیرابوو و بۆ ماوەی مانگێک لای «ی.ن.ک» لە جێگایەکی نادیار گلدرابووەوە. لەلایەن کاربەدەستانی «ی.ن.ک»ەوە پرسکاریی لەگەڵ کرابوو لە کاتێکدا کە ڕێگای بینینی خێزانەکەی و پارێزەری دیفاع و دادپرسی پەسادەریی نەدرابوو. ئینجا «ی.ن.ک» ڕایگەیاند کە قاسم دەرەیی لەسەر تەلەڤزیۆن "ئیعتیرافی کردووە". پاشان لە ١٨ی تەموز/یولیۆدا گوازرایەوە بۆ ئاسایش، واتا سێ ڕۆژ پێش ئەوەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکات. ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار بردرایە بەردەم دادپرسی پەسادەر. شایەدیەکەی لای دادپرسی پەسادەرەوە تومارکرا بە ئامادە بوونی یەکێک لە کاربەدەستانەی «ی.ن.ک» کە پرسکاریان لەگەڵ کردبوو. کاتێک کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە بەندیخانەی ئاسایش چاوی پێی کەوت، باری تەندروستی کزبوو و زۆر لەوە

دەچوو ئەشکەنجەدرابێت. رۆژی دوایی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی مەلەفەکەی خستە بەرچاوی سەرەکوەزیر، کۆسرەت ڕەسول عەلی. ڕێکخراو داوایکرد کە قاسم دەرەیی و هاوڕێ گیراوەکانی ڕەوانەی هەولێر بکرێن کە رەنگە لەوێ مەودای موحاکەمەیەکی ڕەوا زیاتر بێت. هەروەها داوایکرد کە ئەمانە ئەزموونی پزیشکی بکرێن لەلایەن پزیشکێکی بێلایەنەوە. سەرەکوەزیر لەسەر هەردوو داواکە ڕازی بوو. کاتی ئەم نووسینە نەزانرا کە ئەم داوایانە بەجێهێنراون.

پاش ڕووداوەکانی ١٣ی حوزەیران/یۆنیۆ، هێزەکانی «ی.ن.ک» چووبوونە سەر گەڵێک لەو کەسانەی بەشداری تەرم ناشتنەکەیان کردبوو و لە ماڵەوە گرتبوونیان. هەندێکیان ئەوانە بوون کە لە ڕێی ئەو وێنانە ناسرابوونەوە کە «پ.د.ک» گرتبوونی لە کاتی مەسیرەکەو لە ڕۆژنامەی خۆیاندا بڵاوکرابوونەوە. زۆریان بۆ ماوەی کەم گلدرانەوە، پاشان بەردران. لە تەموز/یۆلیوی ١٩٩٤دا ژمارەیەکیان بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کەوا لە ترسی ئەوەی بێنەوە سەریان مانی خۆیان لە سلێمانی بەجێهێشتووە. «پ.د.ک»، «ی.ن.ک»ی تۆمەتبارکرد بە "قەڵاچۆکردنی سامناکی پرسەکارانی مەدەنی بێگوناە"، لە کاتێکدا کە «ی.ن.ک»، «پ.د.ک»ی بەوە تۆمەتبارکرد کە "نیازی وا بوو ناشتنەکە بەکاربهێنێ بۆ شێواندنی ڕەوشی شارەکە و [کەوا] ژمارەیەکی زۆری چەکداری «پ.د.ک» فرسەتیان لەو شەڕوەستاندنەی دوایی هێنابوو و [بۆ سلێمانی] ناردرابوون...". هەردوو پارتیەکە داوای لێکۆڵینەوەی یاساییان لەم ڕووداوە کرد، بەڵام ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە ئەنجام نەدرا.

• خۆپیشاندانێک کە لە لایەن «فیدراسیۆنی کرێکاران لە کوردستان»ەوە ڕێکخرابوو(٧٤)، ڕۆژی ١ی ئەیلوولی/سێپتەمبەری ١٩٩٤ لە سلێمانی دەستپێکرد. وا باسە کە چەند سەد



بەکر عەلی، ڕۆژی ١ی ئەیلول/سەبتەمبەری ١٩٩٤ لە سلێمانی بە گوللە کوژرا

کەسێک تیایدا بەشداربوون دژ بە بڕیارێک کە پارێزگاری سلێمانی دەریکردبوو
ڕووخاندنی پەناگا کاتییەکان کە بە شێوەیەکی نایاسایانە لە شارەکە دروستکرابو
زۆربەی ئەوانەی لەو پەناگایانەدا دەژیان کوردی کەرکوک بوون کە لەلایەن حکو
عێراقەوە لە ماڵ و جێگای خۆیان دەرکرابوون. خۆپیشاندەرەکان لەبەردەم بینای پارێز
کۆبوونەوەو داوایان کرد کە ئەو بڕیارە تا ئەو کاتەی دەتوانرێت ئەو خەڵکە لە جێگا
نیشتەجێ بکرێن، هەڵوەشێنرێتەوە. بە پێی ئەو باسانەی لە دوو بەشدارانی خۆپیشاندنا
بە ڕێکخراوی لێبوردی ناونەتەوەیی گەیشتوون، هێزەکانی «ی.ن.ک» بە ئو
بڵاوەپێکردنەوەیان تەقەیان بە ناو خەڵکەکەدا کردووە. بەکر عەلی، کە نوێنەری یە
بێکاران و یەکێک لە ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە بوو، بڕیندار کرابوو، پاشان گوایا ئەندا
لیوای تایبەتی «ی.ن.ک» بە شوێنی کەوتبوون و کوشتبوویان. نوێنەرێکی «ی.ن.ک
تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩٤دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کەوا
ئەوەی نیمچە شەڕێک لە دەرەوەی بیناکەی پارێزگادا ڕوویدا، یەکێک لە پاسەوانەکانی
بووە تەقەی کردووەو یەک کەس کوژراوە. ئەم نوێنەرە بەڕەچی ئەوەی دایەوە کەوا
لیوای تایبەتی لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا لەوێ بووبێت و یاخود هیچ کەسێک هەوەس
کوژرابێت. هەروەها ووتی کەوا پاسەوانەکە کە ئەندامێکی پۆلیسی مەدەنی بووە، گیر
پەسادانێک ئەنجام دەدرێت. تا کاتی ئەم نووسینە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی
دوزراوەیەکی ئەم پەسادانەی پێنەگەیشتووە.

تیربارانکردن

لەو کاتەوە کە کوردستانی عێراق کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی کوردییەوە، گەلێک کەس لە ناو
تیرباران (ئیعتیال) کراون. زۆربەی ئەو کوشتنانە دراونەتە پاڵ بەکرێگیراوانی دەوڵەتانی
ئێران کە لە ناوچەکەدا چالاکن. هەندێکی تر وا باس دەکرێن کە کاری ئەو هێزانە یا ئەو
بن کە لە ژێر دەسەڵاتی هەندێک لە پارتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق کاردەکا
پارتانەش بە جۆرێکی سەرەکی «ی.ن.ک»و «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع»ن کە هەر هەموویان
لەوە دەکەن هێزەکانیان بەم تاوانانە هەڵسابن. لێکۆڵەرەوانی ئەم کوشتنانە بڕیتین لە چ
سیاسی، کەسانی ئاینی و ئەندامانی کارزانی یاسایی و هی تر.

هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی زانیاری پێ گەیشتووە کە ژمارەیەک لە
تیربارانکراون لەسەر ئەوەی گوایا لە ڕووی جنسییەوە خوفڕۆش بوون بە ئەندامانی
ئیستخباراتی عێراقی، جا ئەم خوفڕۆشتنە بە زۆرەملێ بووبێت یان بە ئارەزوو. باس واه


گوایا هەندێکیان لە پارتە سیاسیەکان پێوەندیار بن بەم کوشتنانەوە، بەڵام ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نەیتوانی زانیاریی زیاتر لەم ڕووەوە بە دەستبهێنێت. لە هەندێ حاڵاتی تردا نەتوانرا ساخبکرێتەوە کە ئایا هۆی کوشتنەکان سیاسین یان نا. لەمەیانی لێقەوماوانی ئەم کارانە: ئەحمەد جانباز، پارێزەرو ئەندامی پارتی تورکمانی نیشتمانی عێراق بوو، خۆی و مستەفای کوڕی ڕۆژی ١٥ی حوزەیران/یونیۆی ١٩٩٤ لە هەولێر تیربارانکران. باسی ئەوەش هەیە کەوا هەندێک لێقەوماوان لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە کۆژراون بەڵام بۆ مەبەستی کەسی یان دارایی، لە کاتێکدا کە کەسانی تر هەن پێدەچێ بۆ مەبەستی سیاسی کۆژراون. ئەمانەی خوارەوە تەنها نمونەیەکە لە ژمارەیەکی زۆری ئەو حاڵەتانەی ڕێکخرای لێبوردنی ناونەتەوەیی لێیان ئاگادارکراوە کە لەوە دەچێت بۆ مەبەستی سیاسی کرابن.

• مستەفا عەلی بەرزەنجی : کەسێکی ئایینی سوننی، لە ساڵی ١٩٩٢دا کتێبێکی لە هەولێر دەرکرد بە ناوی "ووتەکانی خودا". لەم کتێبەدا نووسەر خۆی بە پێغەمبەر (ئیمامی چاوەڕوانکراو) دادەنێت و گوایا کتێبەکەی بریتیە لەو پەیامانەی کە بە ڕێگای وەحی خودایی بۆی هاتوون. لاشە لەتەکراوەکەی نزیک خەستەخانەی لەدایکبوونی هەولێر ڕۆژی ١٣ی ئەیلول/سێپتەمبەری ١٩٩٢ دۆزرایەوە. لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٢دا وەزارەتی ناوخۆ بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ڕاگەیاند کە فەرمانی گرتن دەرکراوە بۆ سێ ئەندامی بزووتنەوەی ئیسلامی کە گومانی ئەم کارەیان لێدەکرێت و لەوانەدا ووترا، کە یەکێکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی «ب.ئ.ک.ع» بێت. بەڵام وەزارەت ئەوەشی ووت کە هێشتا نەگیراون.

• عەزیز محەمەد خۆشناو : لە دایکبووی سلێمانی ساڵی ١٩٣٢، خاوەنی ژن و سێ منداڵ، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کارگەی جگەرەی سلێمانی بوو. ڕۆژی ٧ی نیسان/ئەپریلی١٩٩٣ لە لایەن هەندێ کەسی چەکدارەوە کۆژرا کاتێک لە ماڵ دەردەچوو لە سلێمانی. گوایا لاشەکەی زیاتر لە ٣٠ گوللەی پێوەبووە. تا ئێستا هیچ کەسێک بەم تۆمەتە نەگیراوە.

• ڕەئووف کامل عەقراوی، لە دایکبووی عەقرە (پارێزگای دهۆک)ی ساڵی ١٩٥٢، خاوەنی ژن و سێ منداڵ. دەمڕاستی سەرەکی تێکۆشین بوو. (بڕوانە بەشی یەکەم). پاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٩٢دا بۆ شەش مانگ لە هەولێر بەبێ موحاکەمە گلدرایەوە (بڕوانە بەشی چوارەم)، دەستی کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەی «ڕێگای ڕەنجدەران» کە ئۆرگانی سەرەکی تێکۆشین بوو. ڕۆژی ٢٥ی ئایار/مایۆی ١٩٩٣ لە دهۆک لە لایەن کەسانی چەکدارەوە کاتێک کە دەگەڕایەوە ماڵ، تیربارانکرا. هیچ کەس بەم تۆمەتە نەگیرا. بە ماوەیەکی کەم پێش مردنی، ڕەئووف کامل عەقراوی ووتارێکی لە «ڕێگای ڕەنجدەران» بڵاوکردبووەوە تیایدا ڕەخنە لە "سیاسەتی ٥٠ - ٥٠"ی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» دەگرێت.

لیقەوماوانی تیربارانکردنی سیاسی



عەزیز محەمەد خۆشناو




رەئوف کامل عەقراوی




فرانسیس یوسف شابۆ



تەحسین عەلی نایف




سۆران عوسمان حەمە سالح



قەیس محەمەد ئەحمەد (ر



مەلا عەبدولرەحمان قادر یونس



نەزیر عومەر عەلی (ئارام)



عەلی عەبدولا بۆسکانی

• فرەنسیس یوسف شابۆ: لە دایکبووی مانگێش (پاریزگای دهۆک)ی ساڵی ١٩٥١، خاوەن ژن و چوار منداڵ. مەسیحیەکی ئاشووری کلدانی بوو و ئەندامێکی چالاکی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری بوو. لە هەڵبژاردنی ئایار/مایۆی١٩٩٢دا، بوو بە ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی کۆمیتەی ئابووری ئەنجوومەنی نیشتمانی. هەروەها لێپرسراوبوو لە بەسەرکردنەوەی ئەو سکاڵایانەی لە لایەن مەسیحیە ئاشوورییەکانەوە دەکران سەبارەت بە گیروگرفتەکانی گوندەکانی بادینان کە بە زۆر لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە لێیان دەرکرابوون و پاشان کوردەکان لێیان نیشتەجێ بوون. رۆژی ٢١ی ئایار/مایۆی ١٩٩٣ لە دهۆک، کاتێک خەریک بوو بگاتە ماڵەوە تیربارانکرا، پاشان کەس بەم تۆمەتە نەگیرا.

• لازار مخۆ حەننا (ناسراو بە ئەبو نەسیر) : مەسیحیەکی ئاشووری بوو، لە دایکبووی مانگێش ساڵی ١٩٣٣، خاوەن خێزان. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شوعی عێراقیی هەرێمی کوردستان بوو و هەروەها ئەندامی کۆمیتەی سێ کەسی بوو کە لێپرسراوبوو لە کاروباری دارایی بەرەی کوردستانی عێراق. لە لایەن کەسانی چەکدارەوە رۆژی ١٤ی حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٣ نزیک بە ماڵەکەی لە دهۆک تیربارانکرا. کەس پاشان بەم تۆمەتە نەگیرا.

• تەحسین عەلی نایف: لە دایکبووی دهۆک، ساڵی ١٩٥٦، خاوەن ژن و شەش منداڵ، دادپرسی پەسادەری شاری زاخۆ بوو. هەروەها لێپرسراو بوو لە دەرکردنی فەرمانی گرتن و خستنە ژێر کرداری یاسایی چەند کەسێک لە ناوچەی بادینان کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا خەریکی بازرگانی مخدرات بن. وا باسە تکای بەرەڵاکردنی هەندێک لەو تۆمەتبارانەی پەرج داوەتەوە. رۆژی ١٧ی تەموز/یۆلیۆی ١٩٩٣ لە ماڵی خۆی لە زاخۆ و بە ئامادە بوونی ژن و منداڵەکانی، لە لایەن چەند کەسێکی چەکدارەوە تیرباران کرا. کەسێکی گومان لێکراو کە سەر بە «ی.ن.ک» بوو بۆ ماوەیەکی کەم گیرا، بەڵام پاشان بەرەڵاکرا (بڕوانە خوارەوە).

• سۆران عوسمان حەمە سالح، لە دایکبووی سلێمانی، سەربە حیزبی شیوعی عێراقی و ئەندامی کۆمیتەی شار بوو. لە لایەن کەسانی چەکدارەوە رۆژی ٢٢ی تەموز/یۆلیۆی ١٩٩٣ تیرباران کراو گوایا پێش کوشتنی ئەشکەنجە دراوە. کەس بەم تۆمەتە نەگیرا.

• قەیس محەمەد ئەحمەد (ناسراو بە ڕیناس) : لە دایکبووی هەولێر ساڵی ١٩٥٩، خاوەن ژن و دوو منداڵ. لە ساڵی ١٩٧٤ەوە چالاکی سیاسی بووە و لە نیسان/ئەپریلی ١٩٩٢دا هەڵبژێررا بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و نێررا بۆ دهۆک و بوو بە نوێنەری «ح.ز.ک» لە بادینان. رۆژی ٢٩ی تەموز/یۆلیۆی ١٩٩٣ لە بنکەی «ح.ز.ک» لە دهۆک و بە ئامادە بوونی ژنەکەی تیربارانکرا لەلایەن هێزی «پ.د.ک» کە گەمارۆی بنکەکەیان دابوو. وا باسە لە هەمان رۆژدا هێرشی هاوچەشن کراوەتە سەر

بنکەکانی «ح.ز.ک» لە نزیک زاخۆ و سومەیلەوە. پاش کوشتنەکە چەند ئەندامێکی «پ.د.ک» گیران (بڕوانە خوارەوە).

• مەلا عەبدولڕەحمان قادر یونس، لە دایکبووی هەولێر ساڵی ١٩٣٣، سەرۆکی یەکێتی عولەمای ئایینی بوو. ڕۆژی ٥ی ئاب/ئۆگوستسی ١٩٩٣، کاتێک لە بارەگای یەکێتی عولەمای ئایینی دەردەچوو، تیربارانکرا. دوو کەس بە سواری تاکسی لە پشتەوە بۆی چوون و بەچەکێک کە ئامێری بێدەنگی پێوەبوو، لە نزیکەوە تیربارانیان کرد. گوایا چەند کەسێک بۆ پرسکاری بانگکرابوون لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە کە لەسەر ڕووداوەکە لێکۆڵینەوەیەکی سازدابوو، بەڵام تا ئەمڕۆ کەس بەم تاوانە تۆمەتبار نەکراوە. مەلا عەبدولڕەحمان گەرچی سەر بە «پ.د.ک» نەبوو، بەڵام لێیان نزیکبووە. گوایا لە ووتارەکانیدا ڕەخنەگر بووە لە جۆری لێکدانەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی و بەکارهێنانی ئاین بۆ مەبەستی سیاسی.

• نەزیر عومەر عەلی (ناسراو بە ئارام) : لە ساڵی ١٩٦٤ لە سومەیل (پارێزگای دهۆک) لە دایکبووە، سەڵت بوو. ئەندامێکی سەرکردەی ڕەوتی کۆمۆنیست و «ح.ک.ک.ع» بوو (بڕوانە بەشی یەکەم)، یارمەتی دەرهێنانی ڕۆژنامەی «بۆپێشەوە»ی «ح.ک.ک.ع» دەکرد. دەمڕاستێکی «یەکێتی بێکارانی کوردستان» بوو. ڕۆژی ٢٨ی ئاب/ئۆگوستسی ١٩٩٣، دیاربوو بۆ بینینی برادەرەکانی، لە ماڵەوە لە سومێل دەردەچوو، بەڵام هەرگیز نەگەڕایەوە. دوای سێ ڕۆژ، لاشەکەی لە دەروبەری سومێل دۆزرایەوە: گوایا گوللە لەسەر سنگی درابوو، لەشیشی سووتێنرابوو. هیچ تۆمەتبارێک دوای ئەمە نەگیرا، خێزانەکەی «پ.د.ک»ی بەوە تاوانبارکرد کە بەرێگای ئەندامانی کە سەر بە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆکن کوشتوویانە. بە پێی خێزانی و هەڤاڵەکانی، نەزیر عومەر عەلی دوو مانگ پێش مردنی، بەلای کەمەوە دووجار لەلایەن دەستەکاری ئاسایش بانگکراوە، گوایا هەوڵیان داوە فشاری بخەنە سەر بۆ ئەوەی واز لە چالاکیەکانی بێنێت و دەست لە پەیوەندایەتی سیاسی خۆی هەڵگرێت.


• عەلی عەبدولا بۆسکانی : لە دایکبووی سلێمانی ساڵی ١٩٣٣، خاوەن خێزان و منداڵ. بازرگانێکی دەوڵەمەندو سەر بە حیزبی شیوعی عێراق بوو، گەرچی واباس بوو کە پێش مردنی بە ماوەیەک ئەو ڕێکخراوەی بەجێ هێشتبوو. ڕۆژی ٢٩ی ئاب/ئۆگوستسی١٩٩٣ لە شەقامێکی قەڵەبالغی ناو سلێمانی لە لایەن کەسانی چەکدارەوە تیربارانکرا. کەس بەم تۆمەتە نەگیرا. (بڕوانە خوارەوە).

• ئادەم زرار عوسمان، لە دایکبووی گوندێکی نزیک هەولێر، ساڵی ١٩٧٣. سەڵت. خوێندکاری دراساتی پیشەسازی بوو و گوایا سەر بە «ب.ئ.ک.ع» بووە. لەلایەن چوار کەسی چەکدارەوە ڕۆژی ١٢ی شوبات/فبرایەری ١٩٩٤، لە قەڵەبالغی بازاردا فڕێنراوە.



ئادەم زرار عوسمان

پاش پێنج رۆژ لاشەکەی لەسەر شەقامێکی هەولێر دۆزرایەوە. جێگای چەند گوللەیەکی پێوە بوو و قوڵی راستی نیمچە براوەبوو. ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نەیتوانی ئەو راپۆرتانە ساخبکاتەوە کە گوایا هێزەکانی «ی.ن.ک» ئەم کارەیان ئەنجامداوە.



محەمەد رەحیم عەبدوللا (خاڵە حاجی)

• محەمەد رەحیم عەبدولا (ناسراو بە خاڵە حاجی)، لە دایکبووی سلێمانی ساڵی ١٩٤٧ و خاوەنی خێزان و نۆ منداڵ. پێشتر ئەندامی «پ.د.ک» بووە، لە ساڵی ١٩٧٩دا چۆتە ریزی «ح.س.ک» و لە ئایاری/مایۆی ١٩٨١دا بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێررا. کاتێک کە «ح.س.ک» لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩٣دا دامەزرایەوە (بروانە بەشی یەکەم) بە سەرکردایەتی محەمەد حاجی مەحمود، خاڵە حاجی لەگەڵیان مایەوە. رۆژی ١١ی ئازاری/مارسی ١٩٩٤ لە سلێمانی لەلایەن کەسانی چەکدارەوە تیربارانکراو پاش چەند سەعاتێک لە خەستەخانە گیانی دەرچوو. کەس بەم تاوانە نەگیرا.

• فوئاد عەبدولرەحمان چەلەبی، ئەندامێکی بالای «برایەتی موسڵمانان» بوو، کە گرووهێکە لە ژێرناوی «یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان»دا چالاکە. رۆژی ٦ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری

١٩٩٤ لە هەولێر تیربارانکرا.

• مەلا عەبدولرەحمان عەبدولقادر، جێگری سەرۆکی یەکێتی عولەمای ئایینی و خەتیب مزگەوتی «عومەر بن خەتتاب» بوو لە هەولێر. رۆژی ٢٦ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەر ١٩٩٤ چەکدارێک بە تەور کەوتە گیانی و پاشان لە خەستەخانە گیانی دەرچوو.

• نوری ئسماعیل نانەکەلی، پارێزەرو کادرێکی چالاکی «ی.ن.ک»و سەرۆکی دادگەی ناوچە هەولێر و سەرۆکی دادگای باڵای کوردستان بوو لە ساڵی ١٩٩١ دا (بڕوانە بەشی سێیەم لە یەکێک لە شەقامەکانی هەولێر رۆژی ٢٧ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٤ لەگ هاوڕێیەکی تیربارانکرا.

تا ئێمڕۆ هیچ پرسینەوەیەکی بەرهەمدار لەم کوشتنانە و رووداوی تیربارانی ن نەکراوە. هەموو ئەو لێقەوماوانەی لە سەرەوە باسکران پاش دامەزراندنی ئیدارەی کورد تیربارانکراون. لە زۆر لەم حاڵەتانەدا ئەنجومەنی وەزیران کۆمیتەی بە سەرۆکایەت دادپرسی پەسادەر یاخود دادپرسی دادگا پێکهێناوە بۆ کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی بەڵگ بەاڵم هیچ یەکێک لەوانە بە ئەنجام کەسیان پێ تۆمەتبار نەکراوە.

ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەڵێک باسی پێ گەیشتووە گوایا کە ئەم کوشتنا کاری هێزە تایبەتیەکانی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»و «ب.ئ.ک.ع»ن. ووتراوە کە دەزگای ئاسایش «پ.د.ک»، ریکخستنی تایبەتی و هی «ی.ن.ک»، دەزگای زانیاری، بەشی وایان هەیە ک دەشێ بە دەستەی تیربارانکردن پێناسەبکرێن و کە ئەندامەکانیان فەرمان لە کاربەدەستان باڵای پارتیەکانیانەوە وەردەگرن. بڕوای فراوان هەیە کە ئەم کوشتنە ناداد و هەوسکارا ناشێت ئەنجام درابێت بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی سەرکردەکانی ئەو دوو پارتە ک دامودەزگای ئاسایشی و ئاگاییان بەرامبەر بە سەرکردەکان لێپرسراون. ناوی ئەو کەسانەی گوایا ئەندامی دەستەی تیربارانکردنی سەر بە «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»ن بە ریکخراوی لێبوردن ناونەتەوەیی دراون. هەندێکیان لەلایەن کاربەدەستانی هەردوو پارتەکەوە کە زانیاریان لەسە چالاکی ئاسایشی و ئاگایی یەکتر داوە. بەشێک لەو زانیاریانە بە بەڵگەنامە پشتگیریکراو کە هەریەکە لەم دوو پارتە دەڵێت لە کاتی پێکدادانەکەی ئایار/مایۆی١٩٩٤دا لە بنکەی پارتەکەی تر بەدەستیهێناوە. ئەگەرچی بە شێوەیەکی سەربەخۆ یان ڕەسمی ئەو بەڵگەنامان نەتوانراوە لەلایەن ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بسەڵمێنرێن، هەندێ لە وردە باسی ئ بەڵگەنامانە یەکتوخمن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە لەسەرچاوەی ترەوە وەرگیراون. بە هەما شێوە، ئەو بەڵگەنامانەی «ی.ن.ک» دەڵێت لە پێکدادانەکەی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣دا لە بنکەکانی «ب.ئ.ک.ع» گیراون، دیسان نەتوانرا ڕەسمییان بسەڵمێنرێت. بەاڵ هەندێک لە ناوەڕۆکیان یەکتوخم بوون لەگەڵ زانیاری سەرچاوەکانی تر. بەڵگەنامەکا

ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامیان وەک فەرد پێناسە نەکردووە لەم کوشتنانەدا، بەڵام وردەباس هەیە سەبارەت بە موراقەبە کردنی زۆری ئەو کەسانەی کە ناویان هاتووە و هەروەها ئامادەکردن بۆ کوشتن و هەوڵی کوشتن کە لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامیەوە کراوە. ئەوەبوو پاشان «ی.ن.ک» چەند بەشێکی لەو بەڵگەنامانەی لە رۆژنامەکانید بڵاوکردەوە. وەڵامی «ب.ئ.ک.ع» لەسەر ئەمە ئەوەبوو کە ئەو بەڵگەنامانە لەلایەن «ی.ن.ک»ەوە دروستکراون.

لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩٣دا ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی چاوی بە کاربەدەستانی وەزارەتەکانی دادو ناوخۆ کەوت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەو لیکۆڵینەوانەی کە لە سەر ئەو کوشتنانەی سەرەوە سازکرابوون. هەردوو وەزارەتەکە رایانگەیاند کە لیکۆڵینەوەی جیاواز سەبارەت بە کوشتنەکانی سلێمانی و دهۆک سازکراون. ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی چاوی بە سەرۆکی دادگای تاوانی دهۆک کەوت کە سەرپەرشتیکەری لیکۆڵینەوەکەی ئەو پارێزگایە بوو. وای باسکرد کە کۆمیتەیەکە هەمان دەستەلاتی دادپرسی پەسادەری هەیە، کەوا خێزانی لێقەوماوان و خەڵکی تر بانگکراون و شایەدیان تۆمار کراوە. ئەوەشی ووت کەوا دوو تۆمەتبار گلدراونەتەوە تا لێپرسینەوەی زیاتر ئەنجام دەدرێت. هەروەها بە ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی راگەیاند کە خۆی ئیتر لێپرسراوی ئەو کارە نیە، چونکە لیکۆڵینەوەکە گواستراوەتەوە بۆ هەولێر.

ئەو خێزانی لێقەوماوانەی ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی چاوی پێیان کەوتبوو، چی لە دهۆک و چی لە سلێمانی، جەختی ئەوەیان کرد کەوا بانگکرابوون بۆ شایەدی، بەڵام هەندێکیان سکاڵای ئەوەیان کرد کە کەسانێک کە گومانیان لێدەکرێت بەو کارە هەستابن، داوا نەکراون بۆ پرسکاری. ئەوەشیان ووت کە زۆر بە ئومێد نین لەوەی کە لیکۆڵینەوەکە ئەنجامێک ببەخشێت. هەندێ لەو بڕوایەدا بوون کە تاوانبارە راستەقینەکان بەرەو رووی دادپرسی ناکرێنەوە چونکە لە لایەن پارتیەکانیانەوە پارێزراون. ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی هاوبەشی ئەو بڕوایەیە.

وەزیری داد لە هەولێر بە ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی ووت لیکۆڵینەوەکان گواستراونەتەوە هەولێر بۆ ئەوەی زیاتر کاریگەر بێت، بە تایبەتی چونکە تا ئەو کاتە کارەکە بە سستی پێشکەوتووە. ئەندامێکی تری ئەنجومەنی وەزیران، بە شێوەیەکی شەخسی، بە ریکخراوی ووت کە لە دهۆک "فشار" لەسەر کۆمیتەی لیکۆڵینەوەکە هەبووە بەجۆرێک کە نەیدەتوانی پێشبکەوێت. گوایا، کۆمیتەیەکی تازە لە هەولێر پێکبێت بۆ لیکۆڵینەوە لە کوشتنەکانی دهۆک و سلێمانی و هەروەها ئەوانەی پاشان لە هەولێر رووبان داوە. بە هەرحاڵ، ئەو کۆمیتەیە پێک نەهات و ئەوەندەی ریکخراوی لیبوردنی نێونەتەوەیی ئاگادارە، لێپرسراوی لە هەموو کارەکە دراوە بە دادپرسێکی پەسادەر کە رەوتی کارکردنی، هەروەک چاوەڕوان دەکرێت، سستە.

تەنانەت هەتا لەو رووداوەی کە گوایا پیاو کوژەکان پێناسەکرابوون و گیرابوون، دەعواکە

گیروگرفتی زۆری هاتوتە پێش. قەیس محەمەد ئەحمەد (ڕیناس)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەند
«حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان»، لەبەر دەم شاهیدی بە چاو دیتودا تیربارانکرا. س
ئەندامی لقی «پ.د.ک» لە دهۆک بەوە ناویان هات کە ئەوان کۆشتوویانە. دووانیان پاش ماوەیەک
کەم گیران و گوایا سێیەمیان لە ڕووداوەکە بریندار بووبوو و نیرا بۆ خەستەخانە. ئەمەیان
ماوەی چەند مانگێک ئازاد مایەوە و تەنیا پاش فشاردان و داواکردنی «ح.ز.ک» ئینجا گیرا.
تەموز/یولیۆی ١٩٩٤دا، واتا ساڵێک پاش کوشتنەکە، دەعواکە هێشتا حەواڵەی دادگا نەکرابو
هەر سێ تۆمەتبارەکان لە دهۆکەوە گوێزرانەوە بۆ هەولێر و لە بەندیخانەی محەتتە گلدرانەوە.
ڕۆژی ٩ی تەموز/یولیۆی ١٩٩٤دا، واتا چوار ڕۆژ پێش ئەوەی کە خێزانی قەیس محەما
ئەحمەد دەبوایە بچێت وەک پیاوکوژی میردەکەی پێناسەیان بکات، تۆمەتباری سێیەم
بەندیخانە لابرا. واباسکراوە لەلایەن کەسانێکەوە براوە کە ووتوویانە نوێنەری هێزی پولیس
سەلاحەددین و ووتوویانە کە تۆمەتبار بۆ پرسکاری لەوێ داوا کراوە. پێدەچێت ئەم گواستنەوە
بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دادپرسی پەسادەری لێپرسراوی دەعواکە بووە، تەنانەت ڕێوشوێن
تۆمەتباریش ناتوانرێ بسەلێنرێ. ڕۆژی ٢٥ی تەموز/یولیۆ وەزیری ناوخۆ بە ڕێکخراوی
لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لە سێ ئەفسەر دروستبووە بۆ ئەوەی
ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و ووتی کەواڵە دۆزراوەکانی ئەو کۆمیتەیە، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی
ئاگادارەدەکرێتەوە. هەمان ڕۆژ مەسعود بارزانی بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت
ئاگاداری لە ڕووداوەکە نیە، بەڵام لێدەپرسێتەوە. لە کاتی ئەم نووسینەدا ڕێکخراوی لێبوردنی
ناونەتەوەیی هیچ زانیارییەکی بۆ نەهاتووە سەبارەت بە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە.

لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩٣دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی مەسەلەی هەندێ
لەو کوشتنانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا دیارکراون، لەگەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی باس
کردو لە مانگی شوبات/فبرایەری ١٩٩٤ هەندێ حاڵاتی تر لەگەڵ شێخ عوسمان عەبولعەزیز
سەرکردەکانی تری «ب.ئ.ک.ع» باسکران. مەسعود بارزانی ووتی «پ.د.ک» دژی تیربارانکردنی
سیاسییە. هەروەها ووتی پێشنیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی کردووە کە لەو کوشتنانە بکۆڵێتەوە
ئەگەر سەلاندی کە ئەندامی «پ.د.ک» دەستی هەبووە، ئەوا بەڕوو ڕووی دادپرس دەکرێنەوە
دانی بەوەنا کە تیربارانکردن بۆ مەبەستی سیاسی ڕوویداوە بەڵام ووتی ئەمانە زیاتر دەگەڕێنەوە
بۆ دۆژمنایەتی شەخسی. سەبارەت بە کوشتنەکانی پاریزگای دهۆک، مەسعود بارزانی ووتی
خۆی و فازیل میرانی (نوێنەری پ.د.ک لە بادینان)، ئامۆژگاری خێزانی لیقەوماوان کردووە کە
کرداری یاسایی دەست پێبکەن دژی هەر ئەندامێکی «پ.د.ک» کە بەرامبەری بەڵگەیان بە
دەستەوەیە.

ئەو دەعوایانەی لەگەڵ مەسعود بارزانی باسیان هات، بێجگە لەوەی قەیس محەمەد

ئەحمەد، بریتی بوون لە هی: فرانسیس یوسف شابۆ، رئووف کامل عەقراوی، لازار مخۆ حەننا (ئەبو ناسر)و نەزیر عومەر عەلی (ئارام). سەبارەت بە یەکەم سێ دەعوا، ریکخراو ناوی ئەو کەسانەی پێ گەیشتووە کە گوایا سەر بە لقی یەکی «پ.د.ک»ن و گومانی ئەوەیان لێدەکرێت لێپرسراو بن لە کوشتنەکان.

ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گومانی خۆی بۆ مەسعود بارزانی دەربڕی بەوەی کە خێزانەکان بتوانن بەڵگەی قایمکارانە لەسەر بەشداربوونی «پ.د.ک» بەدەستبهێنن، هەروەها سەبارەت بە نیازی خێزانەکان کە کرداری یاسایی بگرنەدەست و سەبارەت بە کاریگەرێتی لێکۆڵینەوە رەسمیەکانیش. ریکخراو ئەوەی باسکرد کەوا کوشتنەکان لە خۆیاندا بوونەتە ریگر لە خێزانی لێقەوماوەکان و شایەد و کەسانی تری ئاگادارو هەروەها ئەندامانی دەزگای دادوەری لەوەی کە هەر هەنگاوێک بنێن، ئەمەش لەبەر مەترسی ئەوەی نەوەک ئەوانیش هەمان چارەنووسیان بێتە پێش. لە هەمان کاتدا هەندێک لە خێزانەکان، «پ.د.ک»یان لەو کوشتنانە لێپرسراوکردو داوایان لە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی کردبوو کە ئەو بڕوایەیان بە سەرکردەی «پ.د.ک» بگەیەنێت. یەکێک لەوانە خێزانی نەزیر عومەر عەلی بوو. مەسعود بارزانی ووتی ئەو خۆی "تەنانەت خێزانەکەش ناناسێت"، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنی دا کە سەردانی دەوک دیسان بکاتەوە چاوی بە خێزانەکان بکەوێت. پاشان ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی زانی کەوا ئەو سەردانە ئەنجام دراوە یەکێک لەو خێزانانەی چاویانی پێکەوتبوو، خێزانی نەزیر عومەر عەلی بووە. بەڵام لەو کاتەوە کەس نەگیراوە بە تۆمەتی کوشتنی ئەو یان لێقەوماوانی ترو کەس بەرەو رووی دادپرس نەکراوەتەوە. لە شوبات/فێبرایەری ١٩٩٤دا مەسعود بارزانی بە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کەوا «پ.د.ک» بەڵگەی لا هەیە سەبارەت بە هەبوونی دەستی حکومەتی عێراقی لە کوشتنی فرانسیس یوسف شابۆداو کەوا تۆمەتبارانی ئەو کارە لە موسڵن. ریکخراو داوای ئەو بەڵگانەی کرد بەڵام بە دەستی نەکەوت. لە حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٤دا، لە بەیانیکدا لەسەر باری مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراق، ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی باسی کوشتنە سیاسیەکانی «پ.د.ک»ی کرد. بەدەرهێنانی بەیانێک و ناردنی نامەیەک بۆ سکرتێری گشتی ریکخراو، «پ.د.ک» وەڵامی ئەمەی دایەوە. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو نامەیە.

> "سەبارەت بە کوشتنی چالاکانی سیاسیی بەرهەڵستکەر، دەشێت بەڵگەی هەڵومەرجی هەبێت لەسەر ئەو کوشتنانەی کە لە ناوچەی بادینان (پارێزگای دهۆک)ی ژێر دەستەڵاتی «پ.د.ک» رووبان داوە، بەڵام لکاندنی ئەو کوشتنانە بە «پ.د.ک»ەوە، دروست نییە... ئەو جۆرە تیرۆرانانە تەنیا لە بادینان رووبان نەداوە، بەڵکو لە پارێزگا کوردییەکانی تری هەولێرو سلێمانیش. بەڵام بەتەنیا دەست راکێشان بۆ «پ.د.ک» و راستەوخۆ بەرپرسیارکردنی، حوکمێکی ناڕەوایە.

ئێمە لە ٣ تا ٥ دەعوامان پرسیوەتەوە... لەو بروایەداین کە کوشتنەکان لە بنەمایەکی دوژمنایەتی کەسیەوە رووياندەوە. ئێمە کوشتنی سیاسی و ئەوانەی بەو کارە هەڵدەستن تاوانبارەکەین و پێشوازی لە پرسینەوەی زیاتریش دەکەین لەم بوارەدا."

نێگەرانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی سەبارەت بە کوشتنی سیاسی، هەروەها خرایە بەردەم سەرکردەی «ی.ن.ک»، جەلال تاڵەبانی، لە تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩٣دا. ئەو دەعوایانەی خرانە بەرچاوی کە خرابوونە پاڵ «ی.ن.ک»، ئەوانەی عەزیز محەمەد خۆشناو و عەلی بۆسکانی بوون. جەلال تاڵەبانی ئامادەیی «ی.ن.ک»ی بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ لێکۆڵینەوە ڕەسمیەکان لەم کوشتنانەو کوشتنی تریش دەربڕی. ئەوشی باسیکرد کەوا سەبارەت بەم دوو کوشتنە، «ی.ن.ک» "لێکۆڵینەوەی خۆی" سازکردووەو هەر کەسێک لێپرسراو ببینرێت، بەڕوو ڕووی دادپرس دەکرێتەوە. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نازانێت ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەنجام درابێت. ئەگەر ئەنجامیش درابێت، ڕێکخراو لە دۆزراوەکانی ئاگادار نەکراوە. ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە لەسەر ئەم دوو کوشتنە، کەس بەڕەوڕووی دادپرس نەکراوەتەوە. لە سەرەتای ١٩٩٤دا، «ی.ن.ک» بەشێکی لە دۆکیومێنتێک بڵاو کردەوە کە ووترابوو لە پێکدادانەکەی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣دا لە بنکەکانی «ب.ئ.ک.ع» گیراون. دۆکیومێنتەکە باس لەوە دەکات کە چەند هەوڵێکی تیربارانکردنی عەلی بۆسکانی دراوە لە لایەن «ب.ئ.ک.ع». ئەمەش قسەیەک بوو کە «ب.ئ.ک.ع» ئەو کاتە بەڕەچی دایەوە.

کوشتنێکی تر کە گوایا «ی.ن.ک» دەستی تیا هەبووە حاڵەتی دادپرسی پەسادەی تەحسین عەلی نایفە کە لە زاخۆ کوژرا. ماوەیەکی کەم پاش ڕووداوەکە، ئەندامێکی «ی.ن.ک» گیرا بە گومانی ئەوەی کە دەستی تیا هەبووە. لە سەرەتاوە لای پۆلیس گلدرایەوە، بەڵام پاشتر درایە دەست وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە حوکمی ئەوەی کەسێکی سوپایی (جێگری سەرکردەی بەتالیونی دهۆک) بووەو لە بنایەی وەزارەت لە هەولێر گلدرایەوە. وەزیری کاروباری پێشمەرگە، جەبار فەرمان، لە تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩٣دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کەوا داوای پێکهێنانی دادگایەکی تایبەتی سوپایی کردووە تا موحاکەمەی تۆمەتبارەکە بکات، ئەمەش لەو بۆچوونەوە کەوا شیاونیە تۆمەتبارەکە لەلایەن دادگایەکی مەدەنیەوە موحاکەمە بکرێت، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. پاشان گازندەکرا لای وەزارەتی داد کەوا تۆمەتبار لە گرتووخانە نیە و بە سەربەستی لە ناو بارەگای وەزارەتدا دەسوڕێتەوە. وەزیری داد، لە نامەیەکدا بە بەرواری ١٠ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری١٩٩٣دا ئەمەی لەگەڵ جەبار فەرمان باسکرد. لەگەڵ ئەمەش تۆمەتبار بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێک بخرێتە پاڵ بەرەڵاکرا. «ی.ن.ک» نکوولی لەوە کرد کە دەستی هەبووبێت لە کوشتنی تەحسین

عەلی نایف، تەنانەت هەندێ کاربەدەستانی «پ.د.ک»یان بەم تاوانەوە تۆمەتبارکرد و بە نیازی ئەوەی کە دەیەوێت «ی.ن.ک» تێوە بگلێنێت لە کوشتنەکانی دەوکدا. «پ.د.ک» بەرپەرچی ئەم قسانەی دایەوە. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نەیتوانیوە زانیاری زێتر لە سەر ئەو کوشتنانەی تر کە خراونەتە پاڵ «ی.ن.ک» و لەوانە کوشتنی سۆران عوسمان حەمە سالح، بە دەست بهێنێت.

لە شوبات/فێبرایەری٤ ١٩٩١دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بۆ شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، نێگەرانی خۆی دەرخست بەرامبەر بەو کوشتنانەی خرابوونە پاڵ «ب.ئ.ک.ع»، بە تایبەتی مەسەلەی کوشتنی مستەفا عەلی بەرزنجی و مەلا عەبدولڕەحمان قادر یونس. شێخ عوسمان و کاربەدەستانی تر کە ئامادەبوون، ووتیان "ئەم کردارانە دژی ئیسلامن و لە لایەن «ب.ئ.ک.ع» نەکراون". سەبارەت بە مستەفا عەلی بەرزنجی، شێخ عوسمان ووتی کەوا ئەو بە "شێت"ی دادەنێت و کتێبەکەی "کفر"ە، بەڵام «ب.ئ.ک.ع» لێبرسراو نیە لە کوشتنی و ئەو کوشتنەی تاوانبارکردووە. لەوەش نکوولیکرد کە «ب.ئ.ک.ع» لێبرسراو بێت لە کوشتنی مەلا عەبدولڕەحمان قادر یونس، هەروەها ووتی خۆی بەیانێکی دەرکردووە تاوانەکەی ڕیسواکردووە. لەوەش نکوولی کرد کە «ب.ئ.ک.ع» هەڕەشە و گوڕەشەی لە کەسانی ئاینی کردبێت.

ڕووداوەکانی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣

لە هەفتەی سێیەمی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣دا، پێکدادانی چەکدار لە نێوان هێزەکانی «ی.ن.ک» و «ب.ئ.ک.ع»، لە زەمینەیەکی لەوپێش دروستبووی پڕ ئاڵۆزی لە نێوان دوو پارتیەک، بەرپابوو. لە سەرەتاوە پێکدادانەکە هەر ناوچەی کفری (پارێزگای کەرکوک)ی گرتەوە، بەڵام خێرا تەشەنەی کرد بۆ شارو شارۆچکەکانی پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و نزیکەی دوو هەفتەی خایاند. لە کۆتایی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر، هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع» شکستێکی سوپایی گەورەیان خواردو ناچارکران بۆ جێگا ڕکێفدارەکانی خۆیان لە ناوچە سنوورییەکاندا بکشێنەوە. ووتراوە کە «ی.ن.ک»و «ب.ئ.ک.ع» هەردوو لا، زیانی زۆریان پێکەوتووە، گەرچی ژمارەی شەڕکەرانی کە کوژراون و بریندارببوون ناتوانرێ بە تەواوی بناوانبکرێ. هەروەها ووترا کە زیانی مەدەنیش زۆر بوون، بە تایبەتی پاش ئەوەی شەڕەکە بەرەو هەولێر و سلێمانی پەرەی سەند. گومان لەوە زۆر کەمە کەوا ژمارەی شەڕکەران و مەدەنییان لە ماوەی دوو هەفتەدا کوژرابن بە سەدان بووبن، تەنانەت ڕەنگە لە سنووری ٥٠٠ بووبن. چەندین ماڵ و جێگا گشتیەکان وەکو مزگەوت، لە

شارو شارۆچکەکاندا وێران کران، هۆی سەرەکی ئەمەش بەکارهێنانی چەکی قور

لە ماوەی پێکدادانەکە، پێشێلکردنی خەتەرناکی مافی مرۆڤ لە لایەن هەردو
بە سەدەها شەڕکەران و کەسانی مەدەنی بەدیلگیران، زۆربەی زۆریان لەلایەن «
هەردوو لا بەیانی گشتیان دەرکرد بۆ تاوانبارکردنی لایەکەی تر بە هەڵگیرساندن
پێشێلکردنەکان. لەو پێشێلکردنانە : ئەشکەنجەدانی گرتووەکان، کوشتنی
هەوسکارانەی دیلەکان پاش ئەوەی خۆیان دابووەدەستەوە لە هەندێ حاڵەتدا
لاشەکان. «ب.ئ.ک.ع»، «ی.ن.ک»ی بەوە تاوانبارکرد کە لە کاتی پێکدادانەکەو
گرتنی زۆری ئەندامان و لایەنگیران یان گومانلێکراوی «ب.ئ.ک.ع»وە هەستاو
ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاگادارببێت، تەنیا پارتیەکی سیاسی تر لە
عێراق کە لە پێکدادانەکەدا بەشدار بووبێت، «پارتی کۆمۆنیستی کوردستان» بۆ
هێزەکانییان شان بە شانی «ی.ن.ک» لە ناوچەی کەلار شەڕیان کردووە.

لە ٢٣ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٣دا ڕێکخراوی لێبوردنی
ئاگانامەی بۆ سەرکردەی ی.ن.ک» و مورشیدی روحی «ب.ئ.ک.ع» نارد، نیگەرا
دەربڕی سەبارەت بەو پێشێلکردنانەی باسیان دەهات و داوای وەستاندنی کرا
وێستی بناوانی ئەو باسانە بدات و داوای وورده باسی لەسەر هەموو ئەوانەی
کردو هانی ئەوەی دا کە بدرێنە دەسەڵاتانی ئیدارەی کوردی. هەروەها ڕێکخرا
ناونەتەوەیی بۆ سەرەکوەزیر، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، نووسی و هانی ئ
ئەنجومەنی وەزیران دەست بە لێکۆڵینەوەی فرمیارەس و بەتیری و بێلایەنانە
پێشێلکردنانەی باسدەکرێن بکات و کە ئەوانەی تاوانباردەکرێن، بە گونجاندن
ناونەتەوەییەکان، بەرەوروی دادپرسی بکرێنەوە. هەروەها ڕێکخراو ئەنجومەنی
ئەوە هاندا کە دەستبەجێ هەموو گرتووەکان کە لەلای «ی.ن.ک»و «ب.ئ.ک.ع»
بخرێنە گرتووخانەکانی ژێر دەستی ئیدارەی کوردیەوە بۆ زامنکردنی ب
ئەشکەنجە و مامەڵەکردنی نابەجێ و هەروەها ئەوانەی تۆمەتبار ناکرێن بە خا
دیارکراو دەستبەجێ بەربدرێن. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هیچ
ئاگانامەکانی بەدەست نەگەیشتووە.

لە شوبات/فبرایەری١٩٩٤دا کاتی سەردانێکی کوردستانی عێرا
لێبوردنی ناونەتەوەیی چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ هەندێ لەو ژمارە کەمە
لایەنگرانی «ب.ئ.ک.ع» کە هێشتا لای «ی.ن.ک» گلدرابوونەوە (زۆربەی ئ
پێشووتر بەردرابوون)، هەروەها لەگەڵ گرتووەکانی لەوپێشی هەردووڵدا.
ئەشکەنجە و کارەندانی دەزگای چەند نەخۆشخانەیەک کە ڕاپۆرتی تشریحی

سەیردەکرا، شایەدی وەرگیرا. خێزان و دۆستانی هەندێ لە لێقەوماوەکانی کوشتنی نادادو هەوسکارانەی باسکراو و هەروەها شایەدی بەچاو- دیتوو، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نیگەرانیی خۆی لەم ڕووەوە بە نوێنەرانی «ی.ن.ک» و «ب.ئ.ک.ع»و کاربەدەستانی ئەنجومەنی وەزیران گەیاند.

زەمینەی لەوپێشی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ


ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٣ ئەندامێکی «ب.ئ.ک.ع» لە لایەن شەڕکەرانی چەکداری «ی.ن.ک»ەوە لە شاری کفری (پاریزگای کەرکوک) گیرا. ئیحسان جەبار ئیبراهیم، ئیمامی مزگەوتێکی شارەکەو مامۆستای ئینگلیزی بوو لە قوتابخانەی ناوەندی کفری، لە بنکەیەکی ناوخۆی «ی.ن.ک» بۆ دوو ڕۆژ گلدرابووەوە و پاش داواکاریی کاربەدەستانی بالای «ب.ئ.ک.ع»، بەردرا. بەپێی ئەو باسانەی بەدەست گەیشتوون دوو ڕۆژ بەرلەمە پێکدادانێک لە نێوان دوو ئەندامی «ب.ئ.ک.ع» و «ی.ن.ک» لە شارەکە ڕووی دابوو و بووبوو بە هۆی ئەوەی ئەندامەکەی «ی.ن.ک» تەقەی لێبکرێت و بریندار بێت. ڕۆژی ١٨ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر و پێش ئەوەی ئیحسان جەبار ئیبراهیم بەرەڵا بکرێت «ب.ئ.ک.ع» ڕایگەیاند کە دوو ئەندامی «ی.ن.ک»ی ڕفاندووە، وەک فشار بەکاریان دێنن بۆ مسۆگەر کردنی بەردانی ئیحسان جەبار ئیبراهیم. کەسوکاری ئەم دووانە، لە تۆڵەی ئەمەدا، پەلاماری ئۆتۆمبێلێکی «ب.ئ.ک.ع یان داو بووە هۆی مردنی چوار کەس و بریندارببوونی خەڵکی تریش.

لەو ماوەیەدا، لەلایەن کاربەدەستانی هەردوو لاوە هەوڵدرا کە ڕووداوەکە پەرە نەسێنێت. لە نێوان ١٦ و ١٩ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر کۆمیتەی دوو قۆڵی «ی.ن.ک» و «ب.ئ.ک.ع» پێکهاتن بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندی و جڵەوگرتنی پێکدادانەکە. هەردوولا لەسەر ئالۆگۆڕکردنی دیلەکانی هەردوولاو هەندێ کاری تر، گەیشتنە ڕێکەوتن. لەگەڵ ئەمەش، ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر، هەروەک باسکراوە، شەڕکەرانی «ی.ن.ک» کەمینیان، لە دەروبەری شاری کفری، بۆ شەش ئەندامی «ب.ئ.ک.ع» دانا، لەمانە چواریان کوژران. چوار ڕۆژ پاش ئەوە، لاشەی ئەندامێکی «ی.ن.ک»، ئازاد کەریم سەمین، لە شەقامێکی کفریدا دۆزرایەوە (بڕوانە خوارەوە) کە لەمیانی ئەو یازدە گرتووەی «ی.ن.ک» بوو کە لای «ب.ئ.ک.ع» لە بنکەیەکی شار گلدرابوون وکە ١٠یان لە ١٩ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەر بەرەڵاکرابوون.

رۆژی ١٩ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر لە رانیە پرسەی هیوا رانیەیی، کە یەکێک بوو لەو چوار ئەندامەکەی «ب.ئ.ک.ع» کە ١٧ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر نزیک کفری کۆژرابوون، لە شاری خۆی لە رانیە گێررا. وەک دەوترێ چەند کەسێک، لەمانە ژن و منداڵیش، بەشداربوون لە مەسیرەی ناشتنەکەدا. کاتێک بەشداربووان دەگەنە بەردەم بنکەی سەرەکیی «ی.ن.ک»، تەقە دەست پێ دەکات. پاشان «ب.ئ.ک.ع» رایگەیاند کەوا شەڕکەرانی «ی.ن.ک» کە لە بنکەکە بوون، یەکەم تەقەیان کردووەو ئەندامێکی «ب.ئ.ک.ع» یان کوشتووەو یەکێکیان بریندارکردووە. «ی.ن.ک» نکوولی لەمە کردو رایگەیاند کەوا ژمارەیەک لە شەڕکەرانی «ب.ئ.ک.ع» لە ناو خەڵکەکەدابوون و نیازیان ئاشتیخوازی نەبوو. لە دوای دەسپێکردنی تەقە، شەڕکەرانی «ب.ئ.ک.ع» پەلاماری بنکەی «ی.ن.ک»یان داو پێنج کادری «ی.ن.ک»یان کوشت (بروانە خوارەوە). بەپێی «ی.ن.ک»، ١٢ تا ١٨ کادری تریان گیران، لە کاتێکدا «ب.ئ.ک.ع» ووتی کە ٥٧ کەسیان بە دیلگرتووە.

پاش ڕووداوەکانی رانیە، بارودۆخ تەواو ئاڵۆز بوو. «ی.ن.ک» رایگەیاند کەوا رۆژی ١٩ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر، کامەران ئەحمەد، جێگری سەرکردەی یەکێک لە بەتاڵیۆنەکانیان، لەلایەن «ب.ئ.ک.ع» لە کۆیسنجق تیربارانکراوەو گوایا خۆپێشاندانێکی دژ بە «ب.ئ.ک.ع» لە هەڵەبجە بلاوەی پێکراوە، پاش ئەوەی شەڕکەرانی «ب.ئ.ک.ع» تەقەیان لە خەڵکەکە کردووە، کەسێکی مەدەنیان کوشتووەو یەکێکیش بریندارکردووە. لە ڕۆژانی پاش ئەمەدا پێکدادانی چەکدار بەرەو شارەکانی پارێزگای کەرکوک و سلێمانی و هەولێر بلاوبۆوە. هێزەکانی «ی.ن.ک»، ڕۆژی ٢١ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر هێرشیان بردە سەر بنکەکانی «ب.ئ.ک.ع» لە ڕەواندوز، شەقڵاوە، حەریر و دیانا. لەبەرامبەر ئەمەدا، هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع» پەلاماری بنکەکانی «ی.ن.ک» یان، لە قەڵادزە، حاجیاواو چوارقورنە دا، بە جۆرێکی کاتی ڕێگای هەولێر- سلێمانییان لە هەیبەت سوڵتانەوە بڕی.

ڕێکەوتنی شەڕوەستان کە لە ٢٥ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر لە نێوان هەردوو لا ئیمزاکرا، ڕیزی لێنەگیرا. پێکدادان لە هەندێک شوێن، لەوانە کۆیسنجق، هەڵەبجە، کفری و کەلار بەردەوامبوو و پەرەی سەند بۆ شارەکانی هەولێر و سلێمانیش. ڕۆژی دوایی هێزەکانی «ی.ن.ک» دەستیان بەسەر بێتواتەی بارەگای سەرەکی «ب.ئ.ک.ع»دا گرت و هەندێک لە کاربەدەستانی باڵای «ب.ئ.ک.ع» کە لەو کاتە لەو دەروبەرەدا بوون گیران. لەوانە شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بوو کە لەلایەن جەبار فەرمانەوە، وەزیری کاروباری پێشمەرگە و سەرکردەی مەیدانی هێزەکانی «ی.ن.ک» لە کاتی ئەو شەڕەدا، گیراو لەوێوە لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای تری «ب.ئ.ک.ع» بۆ سەلاحەددین نێررا و لە ژێر پارێزگاری کۆنگرەی نیشتمانی عێراقیدا مایەوە[٧٥].



بەشێک لە بارەگای «ب.ئ.ک.ع» لە بێتواتە دوای ئەوەی کەوتنە ژێردەستی «ی.ن.ک»

هیچ کەس لەوانەی لە هەردووڵا لەم شەڕانەدا گیران لە جێگای دیارو ژێر سەرەوکاریتی ئیدارەی کوردی گلنەدرانەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، گرتووەکان لەو ژوور و جێگایانەی بە کەڵک دەهاتن گلدرابوونەوە کە لە ناو بنکەو مەڵبەندی پارتەکاندا بوون. هەندێک لەو بنکانەی «ب.ئ.ک.ع» کە ە لایەن «ی.ن.ک»ەوە گیران، دووبارە بە کارهاتبوون وەک جێگای گلدانەوەی کاتی. گرتووەکانی لای «ی.ن.ک» کە لە لایەن رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییەوە چاپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، ووتیان نزیک بە کۆتایی ماوەی گرتنەکەیان رێگەی ئەوەیان درابوو خێزانەکانیان سەریان لێبدەن، بەڵام ئەوانەی لای «ب.ئ.ک.ع» بوون ووتیان رێگەی ئەمەیان نەدرابووێ. ئەو هەڵومەرجەی کە گرتووەکانی لای «ی.ن.ک»و «ب.ئ.ک.ع» تیادا گلدرابوونەوو هەروەها نەبوونی هیچ جۆرێک لە چاودێری دادوەریی لە دەعواکانیان، خستبوونیە ژێر مەترسی گەورەی پێشێلکردنەوە، گوایا ئەشکەنجە و مردن لە کاتی گلدانەوەداو کوشتنی ناداد و هەوەسکارانە زۆر بووە.

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە دەرەوەی سنووری ئەو دژکاریە چەکدارانەیەدا گیرابوون و زۆربەی ئەو گرتنانەش لەلایەن «ی.ن.ک»ەوە ئەنجام درابوون، بە تایبەتی لە دوای شکست خواردنی هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع»دا. ئەوانەی گیرابوون تیایاندا مەدەنیش هەبوو، کە گومانی ئەوەیان لێکرابوو چەکیان هەڵگرتبێت و بەشداری پێکدادانەکان بووبن، هەروەها ئەوانەش کە بە پشتگیری «ب.ئ.ک.ع» ناسرابوون.

لە شوبات/فبرایەری ۱۹۹۳دا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لیستەی ئەو گرتووانەی
لە «ی.ن.ک» وەرگرت، کە لە کاتی پێکدادان و دوابەدوایدا گلدرابوونەوە. بەپێی ئەو لیستانە
۹۰۰ کەس کە ناسرابوون یا گومانیان لێکرابوو سەر بە «ب.ئ.ک.ع» بن، لەلایەن
«ی.ن.ک»ەوە گیرابوون یان خۆیانیان دابوو بەدەستەوە، لە ماوەی ۲۱ی کانوونی
یەکەم/دیسەمبەری ۱۹۹۳ و ۱۰ی شوبات/فبرایەری ۱۹۹٤دا. لە هەندێک لە لیستەکاندا
گرتووەکان وەک شەرکەر ناویان هاتووە لە کاتێکدا لە هەندێکی تردا دیار نەکراون ئایا
شەرکەر بوون یان مەدەنی. بەشی هەرە گەورەیان، کە گوایا ٤٤٢ کەس بوون، لەوە دەچێت
کە لە ناوچەی سلێمانی و ۲٦۹یشیان لە ناوچەی هەولێر گیرابن و گلدرابنەوە. ئەوانی تر بە
جۆرەی لە لیستەکاندا دیارکرابوون، لە دەربەندیخان، کفری، کەلار و سموود گیرابوون
هەروەها لیستەکان نیشاندەدەن کە هەندێ گرتوو، پاش گرتنیان و پرسکاری لەگەڵیان،
ماوەیەکی کەم بەرەڵا کرابوون. بەڵام لەوە دەچێت زۆربەیان بۆ چەند ڕۆژ یان چەند هەفتەیەک
گلدرابنەوە، ئێنجا تاقم تاقم لە نێوان دوا هەفتەی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ۱۹۹۳
سێیەم هەفتەی شوبات/فبرایەری ۱۹۹٤دا بەرەڵاکران.

کاتێک داوای بینینی ئەوانەی کە تا شوبات/فبرایەری ۱۹۹٤ گلدرابوونەوە کرا
کاربەدەستانی «ی.ن.ک» لە سەرەتادا وایان بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە
کەس لە گرتووخانە نەماوە. بەڵام پاشان دانیان بەوە نا کە ژمارەیەکی کەم هێشتا
گیرابوون و ڕێگەی ڕێکخراویان بۆ سەردانی۲۲ لەوانە دا. پێنجیان لە بارەگای مەکتەبی



گیراوانی «ب.ئ.ک.ع» لە سلێمانی لەلایەن «ی.ن.ک» گیراوون،شوبات/ فبرایەری ۱۹۹٤

سیاسی «ی.ن.ک» لە هەولێر، سێزدەیان لە بنکەیەکی لەوپێشی «ب.ئ.ک.ع» لە سلێمانی و چواری تریش لە مەڵبەندی ٢ی «ی.ن.ک» لە دەربەندیخان گلدرابوونەوە. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هەروەها ئاگادارکرا کەوا ژمارەیەکی کەم لە گرتووەکان هێشتا لە کەلار گلدرابوونەوەتەوە ڕێگە درا بۆ بینینیان. ڕێکخراو بۆی نەکرا ڕاستی ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن «ی.ن.ک»ەوە درابوون ساخبکاتەوە، هەرچەند ئاشکرابوو کە زۆربەی گرتووەکان بەڕەڵاکرابوون. کەسوکارو دۆستانی هەندێ لەو گرتوانەی کە ووترابوو بەردراون، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت لە سەروشوێنیان ئاگادارنین. لەوەش بەوڵاوە، لە چەند حاڵەتدا، کەسانێک کە ل لایەن «ی.ن.ک»ەوە گیرابوون و گلدرابوونەوە و پاشان بە مردوویی دۆزرابوونەوە ناویان لەو لیستانەدا نەبوو کە «ی.ن.ک» بەرچاوی خستبوو.

دەستکەوتنی ووردەباس سەبارەت بە شەڕکەرو ئەندامانی «ی.ن.ک» کە لەلای «ب.ئ.ک.ع» گلدرابوونەوە، بڕێک زەحمەتتر بوو. لەو بەیاننامەی کە لە کاتی دژکاریەکەدا بڵاوێاندەکردنەوە، «ب.ئ.ک.ع» کەم باسی ژمارەی ئەوانەیان دەکرد کە لە لایان گیرابوون و یاخود بەردرابوون. لە بەیاننیکی ڕۆژی ٢٠ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣دا، وا وتراوە کە ٧٥ کەس لە رانیە گیراوە، بەڵام بەیاننیکی تر کە دوای هەفتەیەک دەرچوو باسی ٧٥ کەس دەکات. هەروەها لە بەیاننیکی تر، هی ٧ی کانوونی دووەم/یەنایەری ١٩٩٤دا «ب.ئ.ک.ع» ڕایگەیاند کە ١٠٠ کەسیان بەرداوە، لەوانە هەندێکیان گوایا کاربەدەستانی باڵای «ی.ن.ک» بوون و ٦٥ کەسی تر کە لە رانیە گیرابوون. هەروەها ووترا کە ٢٠ گرتووی تر لە هەڵەبجە، ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەم/یەنایەر بەردراون. لە سەرەتای شوبات/ فبرایەری ١٩٩٤دا، «ب.ئ.ک.ع» بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە هەموو ئەو گرتوانە بەردراون. ئەم قسەیە لە لایەن «ی.ن.ک»ەوە سەرپێچی لێکرا پاش ئەوەی ڕایگەیاند کەوا چوار لە ئەندامانیان کە لە لای «ب.ئ.ک.ع» گلدرابوونەوە لە ناوچەکانی نزیک بە سنووری ئێران، تەنها لە هەفتەی دووەمی شوبات/فبرایەردا لە خورمال، بەردران. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بواری ئەوەی نەبوو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکات.

پاش لێکۆڵینەوەکەی لە ڕووداوەکانی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری١٩٩٣، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەیشتە سەرەنجامی ئەوەی کە پێشێلکردنی خەتەرناکی مافی مرۆڤ لە لایەن هێزەکانی هەردوولاوە، «ی.ن.ک» و «ب.ئ.ک.ع»، کراوە. نەتوانرا لەو هەموو پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤ بکۆڵرێتەوە کە باسیان هاتووە. ئەوانەی کە زانیاری لە سەریان بەدەستهاتبوو، بە ژمارە زۆر لەوە زیاترن کە بتوانین لێرە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لێیان بدوێین. ئەمانە بریتین لە شایەتی ئەشکەنجەکردن کە گرتووی لەوپێش کە لای هەردوولا گلدرابوونەوە داویانە، لە هەندێ لەو حاڵەتانەدا بەڵگەی پزیشکی ڕاگرێش بەدەستهاتووە. ئەم

راپۆرتە تیشکی سەرنج دەخاتە سەر یەک لایەنی نیگەرانی : کوشتنی نادادو هەوەسکارانەی شەڕکەران پاش ئەوەی خۆیان داوە بەدەستەوەو هەروەها ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری دژکاری چەکداریدا گیراون.

کوشتنی نادادو هەوەسکارانە لەلایەن هێزەکانی «ي.ن.ک»ەوە

ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ناوو وردەباسی دەربارەی ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانەی بەدەست گەیشت کە ووترابوو بە شێوەیەکی هەوەسکارانەو بەڵگەنەگر لەلایەن هێزەکانی «ی.ن.ک»ەوە لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣و کانوونی دووەم/یانایەری ١٩٩٤دا کوژراون. لێقەوماوەکان بڕیتین لەو شەڕکەرانەی کە پاش خۆبەدەستەوەدان کوژراون، هەروەها کەسانی دەستنیشانکراو کە لە دەرەوەی سنووری دژکاریە چەکدارەکە گیراون و پاشان کوژراون و شەڕکەرانی بڕیندار کە گوایا دابڕاوبوون لە تیمارکردن، لە خەستەخانە دەرهێنراون و کوژراون. واباس دەکرێت کە لە هەندێ حاڵەتدا لاشەی لێقەوماوەکان لەتەتکراون. زۆری ئەم تۆمەتانە نەتوانرا بە ڕاست بگێڕدرێت، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا زانیاری بە دەستهاتوو، بە تۆندی دەست بۆ کوشتنی نادادو هەوەسکارانە دردێژ دەکەن. ئەو زانیاریەش بڕیتین لە شایەدی کەسانێک کە بە چاوی خۆیان دیویانەو جۆری شایەدی ترو بەڵگەی تەشریحی.

لە ڕووداوێکدا، گوایا هەژدە شەڕکەری «ب.ئ.ک.ع»، پاش ئەوەی لە کفری ڕۆژی ٢٨ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر، خۆیان دابوو بە دەستەوە، هەوەسکارانە کوژران. بە پێی زانیاری بەدەستهاتوو، ئەمانە بەشێک بوون لە ژمارەیەکی زۆرتری شەڕکەران کە دەستیانکردبوو لە بنکەکانیان بکشێنەوە، دوابەدوای ئەوەی هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع» دوو ڕۆژ پێشتر شکستیان خواردبوو لە بێتواتە. گوایا ئەو ١٨ شەڕکەرە، هێزەکانی «ی.ن.ک» بە شوێنیان کەوتبوون و ئینجا خۆیان دابوو بەدەستەوە. ڕۆژی دوایی، دانیشتوانی کفری لاشەکانیان دۆزینەوە. «ی.ن.ک» وای بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ڕاگەیاند کە ئەو ١٨کەسە لە شەڕدا کوژران(٧٦)، بەڵام ژمارەیەک لە خەڵکی کفری کە ووتیان چاویان بە لاشەکان کەوتبوو، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە جێگەی بڕینەکانیان وای نیشان دەدا کە زۆر لە نزیکەوە گوللەیان پێوەنرابێت، ئەمەش دەست ڕاکێشەرە بۆ ئەوەی کە لێقەوماوەکان پاش خۆ بەدەستەوەدان کوژرابن. وێنەی گیراوی هەندێ لە لاشەکان پشتگیری ئەو قسەیە دەکەن. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە تێبینی پاتۆلۆژیستی شەرعی کە ئەو وێنانەی ئازمایشکردووە :

سەبارەت بە حاڵەتی کامەران زەرایانی کە یەکێکە لە لێقەوماوان :

"دیمانەی برینەکان دەست راکێشەرن بۆ ئەوەی کە برینەکە هی گوللەیە کە زۆر لە نزیکەوە تەقێنرابێت، کە شانەکانی لای چەپی سەر، هەموو لێکپچڕاون. کاتێک چەکێک زۆر نزیکی پێست دەخرێتەوە یاخود پێوەی دەنووسێت و دەتەقێنرێت، ئەو غازەی دەردەچێت بە جۆرێکی زۆر سووزرەت و نائاسا شانەکان دەپچڕێنێت و لە شێوەی ئەستێرەدا لێوی برینەکە نیشان دەدات، واتا بە پێچەوانە لەگەڵ چەکێک کە لە دوورەوە بتەقێت کە کونێکی خشت لە ئاستی برینەکە نیشان دەدات..."

سەبارەت بە حالەتی یەکێک لە ١٨ لیقەوماوەکان :

"دەربارەی تێکدانی دەموچاو و ئەو برینە گەورەیەی کە بە لای ڕاستی ملەوە دیارە، نیشاندەری جێگوللەیەکن کە ڕەنگە بەشی سەرەوەی بربڕەی پشت و



کامەران زەرایی، شەڕکەرێکی «ب.ئ.ک.ع»، لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣ لە کفری، دوای خۆبەدەستدانەوە، کوژرا.



شەڕکەریکی «ب.ئ.ک.ع»، دوای خۆبەدەستدانەوە لە کفری، لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣ کوژرا.

چەناگەی خوارەوەو ئیسکی ناوەوەی دەموچاو و بنکەی کەلە سەری ورد کردبێت. جیگوللەکە زۆر گەورەیە، ئەمەش وا دەگەیەنێت کە چەکەکە نووسا بێت بە پێستەوەو لە شیوەی گۆشەیەکی وەستاو لە سەر پێست نەبووبێت، بەڵکوو بە شەفتوولی بووەو ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی برینەکە بەشی سەرەوەی بگرێتەوە... ئەمەش بۆی هەیە کە برینەکە زۆر لە نزیکەوەو بە چەکێکی ئاگرین ئەنجام درابێت ..."

ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەی هەروەها ناوی ١١ شەرکەری سەر بە مەڵبەندی دووی «ی.ن.ک» پیدرابوو کە ووترابوو لێپرسراون لە کوشتنی ئەو ١٨ کەسە.

لە رووداوێکی تردا، پاش ئەوەی «ی.ن.ک» بارەگای «ب.ئ.ک.ع» لە بێتواتە گرت[٧٧]، گوایا هەشت شەرکەری «ب.ئ.ک.ع» پاش ئەوەی خۆیان دابوو بەدەستەوە، کوژران. هەروەها ووترابوو کە ٩ شەرکەری «ب.ئ.ک.ع» کاتێک خەریکبوون دەربازبن، لەلایەن هێزەکانی «ی.ن.ک»ەوە لە شاخەکانی ماکۆک نزیک بێتواتە، کەمێنیان بۆ دانرابووە. گوایا هێزەکانی «ی.ن.ک» چەکیانکردوون و بەستوویانەتەوە کوشتوویانن. یەکێک لەو نۆ کەسە حەسەن بابەکر ئەحمەد کە رزگار ببوو، چوار لە سەرکردە سوپاییەکانی «ی.ن.ک»ی دەستنیشانکرد کە لە کاتی کوشتنەکەدا ئامادە بوون. لە شایەدیەکەدا دەڵێت :

"بردیانین بۆ لای [ناو هەڵگیراوە]، داوای کرد کە دەستمان لە پشتەوە ببەستن، ئینجا پێی ووتین : ئێوە بەشداری شەڕکانی چوارقورنەتان کردووە ئێمەش ئیعدامتان دەکەین... بە شەرکەڕکانی خۆی ووت بلاوەبکەن و دوورکەونەوە و نزیکەی ٢٠ کەسیکی لایەنگری خۆی هیشتەوە... ئەوانەش ئێمەیان بردە جێگایەک کە نزیکەی ١٠٠ مەتر لە جادە سەرەکیەکە دوور بوو. لەپر پێشمەرگەکانیان بە چەکی جۆراوجۆر کەوتنە دەستڕێژ لێمان و ئێمە هەموو کەوتینە زەوی. وایان زانی هەموومان مردووین ... من دەمزانی بە گوللەیەک لێ دراوم [بەڵام] نەمردم..."

خێزانی دوو لەوانەی کوژرابوون، مەلا شەریف حەسەن مستەفا و نەبی مینا حەسەن، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە کاتێک چوون تەرمەکان وەربگرنەوە، مەچەکیان جێگای بەستنەوەی پێوە دیاربوو و پەنجەی شایەدی دەستی ڕاستی هەردووکیان قرتابوون. هەروەها ووتیان لاشەی نەبی مینا حەسەن جێ برینی چەقۆی پێوەبوو و قۆڵی ڕاستی بڕابووەوە. لە شوبات/فبرایەری ١٩٩٤دا وەزیری کاروباری پێشمەرگە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە هێزەکانی «ی.ن.ک» کەسیان لە شەرکەرانی «ب.ئ.ک.ع» کەمین نەکردووە، بەڵکو هێزەکەیان بەرەو ناوچەی بازیان چووە تا مورشیدی ڕوحی «ب.ئ.ک.ع» بهێنن. لە ڕێگا تووشی نۆ شەرکەری «ب.ئ.ک.ع» هاتوون و شەڕ دەستپێکردووەو چەند پێشمەرگەیەکی «ی.ن.ک» بریندار بوون و نۆ کەسەکە کوژراون. هەروەها ووتی خۆی لە کاتی شەڕەکەدا ئامادە نەبووە، بەڵام گوێی لە تەقە بووەو کاتێک گەیشتوتە جێگای ڕووداو، شەرکەرەکانی «ب.ئ.ک.ع» کوژرابوون.



نەبی مینا حەسەن

هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هەندێ زانیاری و ناوی گەلێک ئەندامان و لایەنگرانی تری «ب.ئ.ک.ع» بەدەست گەیشتووە کە گوایا لەلایەن «ی.ن.ک»ەوە پاش گرتنیان و لە دەرەوەی سنووری دژکاری چەکداردا کوژراون. نەتوانرا زۆر لەم حاڵەتانە لێیان بکۆڵرێتەوە تا هەڵومەرجی کوشتنەکان ساخبکرێنەوە. ئەوەی خوارەوە دوو نمونەی ئەو حاڵەتانەن :



ئەحمەد ئەسعەد ئیسماعیل

• ئەحمەد ئەسعەد ئیسماعیل، لە دایکبووی هەولێری ساڵی١٩٧٢ و خاوەنی ستۆدیۆی تۆمارکردن بوو. ڕۆژی ٢٤ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر لەگەڵ ژاواکەی و برادەرێکی دەگیرێت پاش ئەوەی شەرکەرانی «ی.ن.ک» دەوری ماڵی خوشکەکەی دەدەن لە گەڕەکی زانیاری لە هەولێر. کەسوکاری لە مەڵبەندی سێی «ی.ن.ک» لێیدەپرسنەوە، بەڵام هیچ زانیارییەکیان بەدەست نایەت. سێ ڕۆژ پاش ئەمە، دوو لە گرتووەکان بەردران بەڵام سەروشوێنی ئەحمەد ئەسعەد ئیسماعیل بە نەزانراوی مایەوە. وا دیاربوو کە هەرسێکیان برابوون بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی «ی.ن.ک» لە شار بەڵام ئەو لێیان جیاکرابووەوە. لەوە دەچێت «ی.ن.ک» بە کەسوکارییانی ووتبێت کەوا ئەحمەد ئەسعەد ئیسماعیل لە نەخۆشخانەی جمهوریەیە، پاشان ووتوویانە نەخۆشخانەی ڕزگاری و ئێنجا مەڵبەندی سێ و دوای ئەوە مەکتەبی سیاسی. سەروشوێنی هەر وونبوو هەتا ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەم/یەنایەری ١٩٩٤، کاتێک کە لاشەکەی لە شەقامەکانی هەولێر دۆزرایەوە. بە گوێرەی قسەی دوو شایەت، لاشەی لیقەوماو جێی پێنج گوللەی پێوەبووە و قۆڵی چەپی برابوو. ئەوەشیان ووت کەوا دیمانەی سکی لیقەوماو وای دەردەخست کە بە شتێکی یەکجار قورس تێکشکێنرابێت. لیقەوماو لە هیچ یەکێک لە لیستەی گرتووەکانی «ب.ئ.ک.ع» کە لە ناوچەی هەولێر گیرابوون و درابوو بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە لایەن «ی.ن.ک» و «ب.ئ.ک.ع» ناوی نەبوو.



بێستون عەبدولڕەحمان عەبدولا

• بێستون عەبدولڕەحمان عەبدولا، لە دایک بووی کۆیسنجق ساڵی ١٩٧١، خوێندکاری بەشی جوگرافیا بوو لە زانکۆی سەلاحەددین. ڕۆژی ٢٦ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر ماڵی خۆی لە هەولێر بەجێدەهێڵێت و خۆی دەشارێتەوە، پاش ئەوەی پێی ووترابوو کەوا هێزەکانی «ی.ن.ک» نیازی گرتنی ئەوانەیان هەیە کە لەو ماڵە دەژین. ڕۆژی دوایی لەگەڵ یازدە کەسی تردا بەرەو کۆیسنجق دەڕۆن، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە شارەکە تووشی مەفرەزەیەکی «ی.ن.ک» دێن. گوایا شەش کەسیان ڕایانکردبوو و شەشی تر کە یەکێکیان بێستوون

عەبدولرەحمان عەبدولا بوو، گیران. بەپێی ئەو باسانەی بە دەست گەیشتوون، چاوپان بەستبوونەوە ئینجا ریزکرابوون و دەستریژیان لێکرابوو. گوایا هیچ کەسیان چەکی پێ نەبووە. وا باسە کە لاشەی بیستوون عەبدولرەحمان عەبدولا دوو گوللەی پێوە بووە، یەکێکیان بە چاوپەوە ئەوی تر بە زگیەوە.

ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هەروەها زانیاری پێ گەیشتووە کە گوایا هەندێ شەرکەرانی «ب.ئ.ک.ع» لەلایەن هێزی «ی.ن.ک»وە هەوسکارانە کوژراون پاش ئەوەی لە نەخۆشخانە دەرهێنراون. ناوی چەند کەسێک کە گوایا لێقەوماون، لە هەولێر بە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی درا، بەڵام بواری لێکۆڵینەوەی ئەو حاڵەتانە و حالاتی تر نەبوو. لەگەڵ ئەوەش کەسانێکی زۆر لە پاریزگاکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک شایەدیان دا کەوا بە گشتی شەرکەرانی بریندار «ب.ئ.ک.ع» بەنهێنی و لە مااڵن تیمارکراون نەک لە نەخۆشخانەکان، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەوەک بکوژرێن یان بگیرێن. لە ئەنجامدا، گوایا هەندێکیان لەبەر نەبوونی تیمارکردنی پێویست، مردوون. لە حاڵاتی تردا ووتراوە کەوا هێزەکانی «ی.ن.ک» دەستیان بەسەر نەخۆشخانەکاندا گرتووەو نەیانهێشتووە بریندارەکانیان بۆ ببرێت. بۆ وێنە، دوو کارمەندی نەخۆشخانەی کەلار بە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە هێزەکانی «ی.ن.ک» لە دەرەوەی نەخۆشخانەکە و لەسەربان بۆ چەند رۆژێک دانران تا رێگا لەوە بگرن کە بریندارانی «ب.ئ.ک.ع» ببرێن بۆ نەخۆشخانەکە.

کوشتنی نادادو هەوسکارانە لەلایەن هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع»

باسهاتووە کە «ب.ئ.ک.ع»یش لە کاتی پێکدادانەکەی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣دا بە کوشتنی نادادو هەوسکارانە هەستاوە. لاشەی ئازاد کەریم سەمین (بروانە سەرچاوە)، ئەندامێکی «ی.ن.ک»، کە هەتا ١٩ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر لای «ب.ئ.ک.ع» گلدرابووەوە، دوای دوو رۆژ لە شەقامەکانی کفری دۆزرایەوە. گوایا، بەتوندی تا مردن لێدراوەو لاشەکەی لە پارچەیەک قوماش بێچراوەو لەسەری نووسراوە " لا اله الا الله". «ب.ئ.ک.ع» نکوولی لە کوشتنەکە کرد.

شایەدی بەچاو دیتوو و هەروەها زانیاری تر کە لە سەر رووداوەکانی رانیەی رۆژی ١٩ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر (بڕوانە سەرچاوە) بە دەست هاتوون، وا نیشان دەدەن کە ئەو پێنج کادرەی «ی.ن.ک» ئەو رۆژە مردن، لەلایەن شەرکەرانی «ب.ئ.ک.ع»، لە دەرەوەی سنووری دژکاری چەکداری سەرکات، کوژراون. کاربەدەستانی «ب.ئ.ک.ع» بە ریکخراوی

لیبوردنی ناونەتەوەییان ووت ئەوانە لە ئەنجامی ئالوگۆری تەقەی هەردوولا مردوون. پێنج لیقەوماوەکە ئەمانەن: محەمەد سوڵتان و عەلی مام قادر و سەلمان فەخری و بەختیار محەمەد مەجید و مستەفا حەسەن. ووتراوە کە یەکەم کەس کوژرا محەمەد سوڵتان بوو کە لە بنکەکە هاتبووە دەرێ بۆ ئەوەی بارەکە هێمن بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەش ئەو شایەتانەی کە ڕێکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی بەدەستی هێناون پشتگیری ئەو بەیانانە نییە کە «ی.ن.ک» پاشان دەریکردن و پێی «ب.ئ.ک.ع» تاوانبارەکا بەوەی کە لە سەرەتاوە ڕازی نەبوون کە تەرمەکان بدەنەوە خێزانەکانیان، هەروەها بەوەی کە تەرمەکانیان بە شەقامەکانی ڕانیەدا ڕاکێشاوە ڕایانگەیاندووە کە ئەو پێنج کەسە "گوناهکار"ن، لەبەر ئەوە نابێت لە قەبرستانی ئیسلامیدا بنێژرێن.

وا باس هاتووە کە شەش شەرکەری «ی.ن.ک» پاش ئەوەی خۆیان داوە بەدەستەوە لەلایەن هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع»ەوە لە خورمال (پارێزگای سلێمانی) لە هەفتەی سێیەمی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر کوژراون. بە گوێرەی ئەو باسانەی بە دەست گەیشتوون، ئەمانە لە بینای کۆمیتەی «ی.ن.ک»ی شارەکە دیلکراون و گلدراونەتەوە گوایا یەکێکیان بریندار بووە ئەو شەش کەسە، کە ووترابوو ڕۆژی ٢٥ یان ٢٦ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەر لە ناوچەی هەورامان (نزیک بە سنووری ئێران) کوژراون، ئەمانەن : ئەبوبەکر مەجید، سەرۆکی کۆمیتەی خورمال و بەختیار ئەحمەدو کەمال ئەحمەد حەمەدەمین و شێروان محیەددین ئەحمەد، صاحب جەعفەر محەمەدو جەلال بابەلە مەعروف. کەسی حەوتەم کە لەگەڵیان گیرابوو و گلدرابووەوە دوایی کوژرابوو، فەیروز ڕەحمان حەمە سەعیدە کە پێشمەرگەیەکی «پ.د.ک» بوو. وا باسدەکرێت کە هەر حەوت کەسەکە گوێچکەیان برابوو. ڕێکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی نەیتوانی ئەم باسانە ساخبکاتەوە گەرچی فیلمێکی لەلایەن «ی.ن.ک»ەوە پێگەیشتبوو کە ژمارەیەک لاشە نیشان دەدات و دیارە کە لەتەکراون. لیقەوماوەکان، کە پێناسە نەکران، وا ووترا کە شەرکەری «ی.ن.ک» بن، کە لەلایەن هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع»ەوە کوژرابن. ئەم قسانە لە لایەن «ب.ئ.ک.ع» بەڕەچ دراونەوە.


لە ڕووداوێکی تردا، حەوت شەرکەری «ی.ن.ک» لە لایەن هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع» دەگیرێن، دوای ئەوەی هێرشیان دەبەنە سەر لە گوندی سوسەکان (ناوچەی پارێزگای سلێمانی) لە شەوی ٢٨ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەردا. گوایا دە شەرکەری تری «ی.ن.ک» کە لەگەڵیان بوون، هەڵدێن. پێنج لەوانەی کە گیران ئەمانە بوون : شەریف عەلی بەکر (١٦ ساڵ)، لاوران ڕەحمان وەلووخان (١٧ ساڵ)، مستەفا ئەحمەد، عەبدولڕەحمان عەبدولقادر، محەمەدو حوسێن عەلی حەمە. یەکێک لەو دوو گرتووانەی کە ڕزگاربوون، عومەر حاجی حوسێن بە ڕێکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی ووت :



نازاد کەریم سەمین



شەرکەریکی «ی.ن.ک» لە کانونی یەکەم/دیسەمبەری ۱۹۹۳ کوژرا (گونی راستی براوە)



لاوران رەحمان وەلوخان
(١٧ ساڵ)



شەریف عەلی بەکر
(١٦ ساڵ)

"کاتێک کە تەقەمەنیمان لێ بڕا، لە گردەکە دورەیان داین و گیراین. ئینجا چاویان بەستینەوە و لە پشتەوە دەستیان بەستین و بردیانینە ژوورەوە ... پێنج لە دیلەکانیان کوشت".

خێزانی یەکێک لە لیقەوماوەکان، شەریف عەلی بەکر، بە ڕێکخراوی لیبور ناونەتەوەیی ووت کەوا دەست و قاچی جێگەی گوللەی پێوەبوو و هەروەها برینی حەربەی مل و پشتیەوە هەبوو. واباس کرا کە دەموچاویشی تێک درابوو. ڕۆژی ٣٠ی کانو یەکەم/دیسەمبەر تەرمەکەی لە خەستەخانەی سلێمانی تەشریح کرا کە ئەمەش وای گە کەوا لەو برینانەی بە دەرەوەی لاشەکەوە دیاربوون، بریێنک وەک جێگەی چەقۆ بە کە سەریەوە هەیە و دەموچاویشی تێکدراوە.. خێزانی لیقەوماویکی تریش عەبدولرەح عەبدولقادر محەمەد، شایەدی دا کە لاشەکە جێ گوللە و برینی حەربەی لە دەموچاو و ر پێوەبووە.

عومەر حاجی حسێن شایەدی دا کە پاش ئەوەی پێنج لیقەوماوەکە کوژران، خۆ ئەوەی لەگەڵی گیرابوو، عەبدولا حاجی عومەر، بەیانی دوای ئەو ڕۆژە بران بۆ ناوچ سنوور لە ناو خاکی ئێراندا (لە ناوچەی پاوە). ووتی کە گەیشتن، چاوبەست و دە بەستکران و بەدەست و قۆنداخی تفەنگ کەوتنە لێدانیان و هەرهشەی ئیعدامیان لێکردن. دیارە بەردانیان بە ئاڵوگۆڕکردن بووە لەگەڵ نۆ گرتووی «ب.ئ.ک.ع» کە لە لای «ی.ن بوون.

رووداوەکانی ئایار/مایۆی ١٩٩٤

لە ١ی ئایار/مایۆی ١٩٩٤دا پێکدادانی سەربازی فراوان لە کوردستانی عێراق لە نێوان هێزە سوپاییەکانی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»و «ب.ئ.ک.ع» بەرپابوو. ئەم پێکدادانە بە چڕی لە هەموو مانگەکەدا بەردەوام بوو، گەرچی لە حوزەیران/یۆنیۆ و تەموز/یۆلیۆدا پێکدادان بڕەوی هەبوو بەڵام ئەو بەردەوامیەیان نەبوو. لە مانگی ئاب/ئۆگوستسدا دیسان شەڕ هەڵگیرسایەوە تا کۆتایی مانگەکە و ئەوەبوو بڕیاری شەڕوەستانێک درا و ڕەچاوی پێوەکرا.

لە ماوەی ئەو دژکارییەو تەنانەت دوابەدواشیدا، پێشێلکردنی فراوانی مافی مرۆڤ لە لایەن هەموو لایەنەکانەوە ڕووداو سەدان دیل گیران. چەندین شەڕکەر کوژراون پاش ئەوەی خۆیان بەدەستەوەداوە، هی تریش ئەشکەنجەدراون کاتێک کە گلدراونەتەوە. کەسانی مەدەنی کە تێکەڵ بە پێکدادانەکەوە نەبووە بە جۆرێکی بەڵگەنەگر گیراون لە سەر بنچینەی لایەنگیری سیاسییان و لە جێگای گلدانەوەی نادیار دانراون و ئەشکەنجەدراون. پێکدادانەکە بووە هۆی سەرهۆژێرکردنی ژیانی سەدان مەدەنی بێتاوان کە ناچارکران مالی خۆیان بەجێ بهێڵن و یان هەڵبێن. گەڵێ کەسی - مەدەنی و شەڕکەر- زیاتر لەبەر بەکارهێنانی توپی قورس و چەکی ترەوە لە شارە گەورەکاندا مردن. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نەیتوانی ژمارەی پشت پێ بەستراوی بەرکەوتووەکان بە دەست بهێنێت، گەرچی وا دەزانرێت کە لە نێوان ٦٠٠ و ٢٠٠٠ کەس کوژرابن.

لە ١ی حوزەیران/یۆنیۆ ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، بە ئاشکرا، داوای لە سەرۆکی پارتە سیاسیە پێوەندیارەکانی ئەم دژکاریە کرد کە "لە کوشتنی هەوسکارانە و لەتەکردنی ئەو دیلانەی لەلایان گلدەرێنەوە لە فراندن و کوشتن و ئەشکەنجەدانی کەسانی مەدەنی بەبیانووی پێوەندی سیاسیانەوە، دەستهەڵبگرن". ڕێکخراو هەندێ ووردەباس و ناوی ٥١ ئەندامی «پ.د.ک» بۆ هاتبوو کە گوایا پاش گرتنیان لە هەشت جێگا لە نێوان ٢ تا ٢٣ی ئایار/مایۆ، لە لایەن «ی.ن.ک» ئیعدامکراوون، هەروەها ٤٩ ئەندامی «ی.ن.ک» کە گوایا «پ.د.ک» ئیعدامی کردوون پاش ئەوەی لە ڕۆژانی٤ تا ٢٨ی ئایار/مایۆدا لە پێنج جێگا گیرابوون. لە یەکێک لە ڕووداوەکانی دوایدا وا باس هاتووە کە هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع» شان بە شانی «پ.د.ک» هەندێک کوشتاریان کردبێت. گوایا لیقەوماوان، پێش کوشتن ئەشکەنجە درابن، یان پاشان لاشەکانیان لەتەتکرابن. دیسان وا باسکراوە کە ژمارەیەک لە مەدەنیش بوونەتە قوربانی گرتنی هەوسکارانەو ئەشکەنجە یان کوشتنی هەوسکارانە.

لە ماوەی کە پێکدادانەکە پچڕپچڕانە بەردەوامبوو، نە لە «ی.ن.ک»و نە لە «ب.ئ.ک.ع»ەوە هیچ وەڵامێک بەدەست نەگەیشتن. بەڵام «پ.د.ک» لە رۆژی ٣ی حوزەیران/یونیۆی ١٩٩٤دا، وەک وەڵام بۆ بەیانەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، بەیانێکی ڕۆژنامەیی دەرکردو نامەیەکی نارد بۆ سکرتێری گشتی ڕێکخراو. نامەکە دەڵێت :

"ئەو ئیدیعایانەی «ی.ن.ک» کە لە بەیانەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دووبارە بوونەتەوە، کە «پ.د.ک» ٤٩ ئەندامی «ی.ن.ک» کوشتووە، بە هیچ شێوەیەک ڕاست نین. ئێمە زۆر بەتوندی نکوڵی لە کوشتنی دیلی «ی.ن.ک» لەلایەن هێزەکانمانەوە لە نێوان ٤و ٢٨ی ئایار/مایو و یاخود لە کاتی ڕووداوە دڵتەزێن و خۆ ڕووخێنەرەکانی ئەم دواییەدا، دەکەین. ئەو ئیدیعایانە دروستکراوی تەواوی «ی.ن.ک»ن و گەیەنراون بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی تەنیا بە مەبەستی پارسەنگ دانەوەی کوشتنی ٥١ ئەندامی «پ.د.ک»ی بەدیلگیراو. هەندێ باس و ناوی لێقەوماوەکانی ئێمە پێش ناردنیان بۆ ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بڵاوکرانەوە. «ی.ن.ک» ناوی ئەو حاڵەتانەی ئیدیعای دەکات نەخستوتە بەرچاو و بڵاویانی نەکردوتەوە. لە شەستەکانەوە، سیاسەتی ئێمە ئەوە بووە کە ڕەچاوی باوەڕنامەکانی جنێف بین سەبارەت بە مامەڵەکردنی دیلی شەڕو مەدەنییان."

لە ڕاستیدا «ی.ن.ک» ناوی ٣٩ ئەندامی خۆی دابوو بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی کە گوایا پاش گرتنیان کوژراون. ناوی ١٠ کەسی تر لە سەرچاوەی تر لە کوردستانی عێراق بەدەست گەیشتوون. «پ.د.ک» لە نامەیەکدا دەڵێت کە هەرچەندە "سەرپێچی هەندێ لەو ووتانە دەداتەوە کە دژیان ووتراوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشوازی دەکات لە گرنگی دانی ڕێکخراو بە کێشەکە". وە هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بانگدەکات تا "دەستەیەکی ڕاستی دۆزینەوە بنێرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکەو هەروەها لە هەموو ئەو پێشێلکردنانەی [لە بەیانەکەیدا] خرابوونە بەرچاو".

ڕێکخراو لە تەموز/یۆلیۆی ١٩٩٤دا سەردانی ناوچەکەی بۆ سێ هەفتە کرد تا لە ژمارەیەک پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بکۆڵێتەوە کە لە ١ی ئایار/مایووە باس دەکران. لە کاتی سەردانەکەدا، هیچ یەکێک لە کاربەدەستە باڵاکانی «ی.ن.ک» کە ڕێکخراو چاوی پێیان کەوت، خۆی لەو ئیدیعایانەی کە لە بەیانەکەی ١ی حوزەیران/یونیۆی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییدا باسیان هاتبوو، نەدا. دەربارەی حاڵاتی دیارکراو کە لە ماوەی سەردانەکەدا خرانە بەرچاویان، وەڵامیان دایەوە. ئەمە لە خوارەوە باسکراوە. هەرچی کاربەدەستانی «ب.ئ.ک.ع» بوو بەتوندی بەرپەرچی ئەو ئیدیعایانەی دایەوە

سەبارەت بە پیشیلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن هێزەکانی خۆیانەوە، بە تایبەتی کوشتنی دیل کە بە قسەی خۆیان "دژی ریساکانی ئیسلامە کە بزووتنەوە ملکەچە بۆیان." ووتیان نیاز هەیە بەیانیک دەربکەن بۆ رەددانەوەی ئەو ئیدیعایانەی کە لە لایەن ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی دژ بە «ب.ئ.ک.ع» کراوەو ریکخراویش بەلێنیدا بڵاویانبکاتەوە لە هەر راپۆرتیکدا کە لەسەر کوردستانی عیراق دەریبهێنێ. تا کاتی ئەم نووسینە ئەو بەیانە نەگەیشتووە.

زەمینەی لەوپێشی پیشیلکردنی مافی مرۆڤ

لێرەدا هەوڵی ئەوە نەدراوە بە شێوەیەکی تیرۆپر بەدوای زنجیرەی رووداوەکانی ١ی ئایار/مایۆ و مانگەکانی پاشتر بکەوین، دیسان نیاز ساخکردنەوەی ئەوەش نیە کە ئایا لێپرسراویی هەڵگیرساندن و دریژەپێدانی دژکاریەکە دەکەوێتە کوێ. ریکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی سەرەنجی خوی زیاتر ئاراستەی دۆزینەوەی راستی کرد سەبارەت بەو پیشیلکردنانەی مافی مرۆڤ کە دەکەوێتە سنووری ماندااکەیەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی پیشیلکەران و فشاردان لەسەر سەرکردایەتی کوردی تا تۆمەتباران بەرەوڕووی دادپرسی بکاتەوە.




بنایەی لقی ١١ی «پ.د.ک» لە رانیە دوای ئەوەی کەوتە ژێردەستی «ی.ن.ک» لە ئایار/مایۆی ١٩٩٤

مەسەلەی ئەو ناکۆکیە لەسەر پارچە زەوییەک رووبدا، کە ئاگری پێکدادانی رۆژی ١ی ئایار/مایۆی نایەوە لە قەڵادزە. ئەمەش پەیوەندی بە سەرکردەیەکی سوپایی «پ.د.ک» هەبوو، عەلی حەسۆ میرخان، کە داوای خاوەندارێتی پارچە زەوییەکی لە گەرمەک کرد. لەو رۆژەدا عەلی حەسۆ میرخان لەگەڵ ٢٠ پێشمەرگەدا دەگاتە ناوچەکەو دوای سەرنەکەوتنی هەوڵدانی کاربەدەستانی ناوچەکە بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی ئاشتیانە بۆ ئەو کێشەیە، تەقە دەست پێدەکات و هەتا رۆژی دوایی بەردەوام دەبێت. دوو لە سەرکردە سوپاییەکانی «ی.ن.ک» لە دوو رووداوی جیای ئەو پێکدادانەدا دەکوژرێن، هێزشی هێزەکانی «ی.ن.ک» بۆ سەر بنکەی «پ.د.ک» لە ناوچەکەدا دەبێتە هۆی کوشتنی عەلی حەسۆ میرخان و یەکێک لە گروهەکەی، لە ئەنجامی ئالوگۆرکردنی تەقەدا، لە کاتێکدا ١٩ پێشمەرگەی تری «پ.د.ک» بە دیل دەگیرێن. گوایا کە هەموویان ئیعدام کراون (بڕوانە خوارەوە). پێکدادانەکە رۆژی ٢ی ئایار/مایو پەردەسێنێت و دەگاتە شاری رانیە، ئەو جێگایەی کە هێزی «ی.ن.ک»ی لێوە نێررابوو بۆ قەڵادزە. هێزەکانی «ی.ن.ک» توانیان دەستبگرن بەسەر لقی یانزەی «پ.د.ک» لە رانیەو ژمارەیەک لە کاربەدەستانی «پ.د.ک» و شەڕکەرەکانیان بە دیلگیران. گوایا دووان لەمانە پاش گرتنیان ئیعدام کراون (بڕوانە خوارەوە).


تا ئێوارەی ئەو رۆژە ئاڵوگۆزی دەگاتە جێگا سەنگەربەستەکانی هەردوولا لە سلێمانی و دهۆک. لە شاری سلێمانی هێزەکانی «ی.ن.ک» دەستیان بە سەر لقی چواری «پ.د.ک»و هەندێ بارەگای تردا گرت و پاشان ٩٠ ئەندامی (پ.دک)شیان گرت. لەمانە ١٤ کاربەدەستی باڵای «پ.د.ک» بوون کە یەکێکیان قادر قادر بوو، جێگری وەزیری کاروباری پێشمەرگە. هەروەها هێزەکانی «پ.د.ک» دەستیان بەسەر بنکەکانی «ی.ن.ک» لە دهۆک و زاخۆ و عمادیە گرت و ئەوانەی لێبوون گیران. لە کۆتایی هەفتەی یەکەمی مانگی ئایار/مایۆدا پێکدادانی چەکدار پەرەی سەندو گەیشتە چەند شارێک لەوانە دەربەندیخان، چەمچەمال، هەڵەبجە، خورماڵ، بیارە، کفری، کەلار، سەلاحەددین و عەقرە. راپۆرتی زۆر هەبوو لەسەر کوشتنی دیل لە هەردووڵاوە، لەوانە رۆژی ٥ی ئایار/مایۆ شەش شەڕکەری «ی.ن.ک» دەکوژرێن گوایا پاش ئەوەی لە سەلاحەددین لەلایەن هێزی «پ.د.ک»وە دەگیرێن، هەروەها ١٦ گرتووی «پ.د.ک» کە گوایا لەلایەن هێزی «ی.ن.ک»وە لە هەڵەبجە دەکوژرێن. سێ گرتووی تری «ی.ن.ک»، ووترابوو لەلایەن هێزەکانی «پ.د.ک»وە لە ناوچەی عەقرە رۆژی ٧ی ئایار/مایۆ کوژراون و بەڵای کەمەوە هەشتی تریش پاش گرتنیان لەلایەن هێزی هاوبەشی «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع»دا لە خورماڵ رۆژی ٤ی ئایار/مایۆ(بڕوانە خوارەوە).

لە هەفتەی دووەمی ئایار/مایزدا لە جێگای تریش پێکدادانی چەکدار بەرپابوو. هێزەکانی «پ.د.ک» کۆنترۆلی بنکەکانی «ی.ن.ک»یان کەوتە دەست لە دیانا، خەلیفان و حەریر لە کاتێکدا هێزەکانی «ی.ن.ک» لە سەید سادق، هەورامان، پێنجوێن و هەڵەبجە لەگەڵ هێزی شان بە شانی «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع» بە شەڕ هاتن. هەروەها هێزەکانی «ی.ن.ک» و (ب.ئ.ک.ع) لە تەوێڵەو بیارە و خورماڵ لەگەڵ یەک بەشەڕهاتن. ڕۆژی ١٧ی ئایار/مایۆ پێکدادانی چەکدار لە ناوچەی حاجی ئۆمەران و ڕۆژی دوایی لە کۆیسنجەق بەرپابوون. گوایە چوار شەڕکەری «ی.ن.ک» لەلایەن هێزە هاوبەشەکانی «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع»و حزبوللای کوردی شۆڕشگێر لە نزیک حاجی ئۆمەران بە دیلگیران و گوایا لە ١٧ی ئایار/مایۆ کۆژراون، لە کاتێکدا پێنج ئەندامی «پ.د.ک» لەلایەن هێزەکانی «ی.ن.ک» لە کۆیسنجەق گیران و گوایە لە ١٧ی ئایار/مایۆ کۆژراون (بڕوانە خوارەوە). ڕۆژی ٢٩ی ئایار/مایۆ پێکدادانی چەکدار پەرەی سەند و گەیشتە شاری هەولێر و نزیکەی ٣ ڕۆژ بەردەوام بوو. ئەگەرچی شارەکە هەتا ئەو کاتە شەڕی گەورەی نەدیتبوو، هێزەکانی «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» لەوێ ئامادەییان هەبوو، ژمارەیەک لە بینا گشتیەکانیان گرتبوو. ڕۆژی ٣ی ئایار/مایۆ هێزەکانی «ی.ن.ک» بینای ئەنجومەنی نیشتمانی گرت، ئەو پاسەوانانەی لەوێ بوون دەرکران و هێزی «ی.ن.ک» لە دەورو لە سەربانی بیناکە دانران. هەروەها کۆنترۆلی نەخۆشخانەکانی لە دایکبوون و جمهوریەشیان کەوتە دەست، لە کاتێکدا هێزی «پ.د.ک» خۆی لە نەخۆشخانەی ڕزگاری قایم کرد. بێجگە لەمە بینای گشتی تریش داگیرکران.



بنایەی کۆمیتەی «ی.ن.ک» لە سەلاحەددین دوای ئەوەی کەوتە ژێردەستی «پ.د.ک» لە ئایار/مایۆی ١٩٩٤

لە هەفتەی دووەمی ئایار/مایۆدا لە جێگای تریش پێکدادانی چەکدار بەرپابوو. هێزەکانی «پ.د.ک» کۆنترۆڵی بنکەکانی «ی.ن.ک»یان کەوتە دەست لە دیانا، خەلیفان و حەریر لە کاتێکدا هێزەکانی «ی.ن.ک» لە سەید سادق، هەورامان، پێنجوێن و هەڵەبجە لەگەڵ هێزی شان بە شانی «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع» بە شەڕ هاتن. هەروەها هێزەکانی «ی.ن.ک» و (ب.ئ.ک.ع) لە تەوێڵەو بیارە و خورماڵ لەگەڵ یەک بەشەڕهاتن. رۆژی ١٧ی ئایار/مایۆ پێکدادانی چەکدار لە ناوچەی حاجی ئۆمەران و رۆژی دوایی لە کۆیسنجەق بەرپابوون. گوایە چوار شەڕکەری «ی.ن.ک» لەلایەن هێزە هاوبەشەکانی «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع»و حزبوللای کوردی شۆڕشگێر لە نزیک حاجی ئۆمەران بە دیلگیران و گوایا لە ١٧ی ئایار/مایۆ کوژراون، لە کاتێکدا پێنج ئەندامی «پ.د.ک» لەلایەن هێزەکانی «ی.ن.ک» لە کۆیسنجەق گیران و گوایە لە ١٧ی ئایار/مایۆ کوژراون (بڕوانە خوارەوە). رۆژی ٢٩ی ئایار/مایۆ پێکدادانی چەکدار پەرەی سەند و گەیشتە شاری هەولێر و نزیکەی ٣ رۆژ بەردەوام بوو. ئەگەرچی شارەکە هەتا ئەو کاتە شەڕی گەورەی نەدیتبوو، هێزەکانی «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» لەوێ ئامادەییان هەبوو، ژمارەیەک لە بینا گشتیەکانیان گرتبوو. رۆژی ٣ی ئایار/مایۆ هێزەکانی «ی.ن.ک» بینای ئەنجومەنی نیشتمانی گرت، ئەو پاسەوانانەی لەوێ بوون دەرکران و هێزی «ی.ن.ک» لە دەورو لە سەربانی بیناکە دانران. هەروەها کۆنترۆڵی نەخۆشخانەکانی لە دایکبوون و جمهوریەشیان کەوتە دەست، لە کاتێکدا هێزی «پ.د.ک» خۆی لە نەخۆشخانەی رزگاری قایم کرد. بێجگە لەمە بینای گشتی تریش داگیرکران.



بنایەی کۆمیتەی «ی.ن.ک» لە سەلاحەددین دوای ئەوەی کەوتە ژێردەستی «پ.د.ک» لە ئایار/مایۆی ١٩٩٤

لە ماوەی دژکاریەکەدا، دەوری سەرەکی بۆ گفتوگۆکردن لەلایەن «کونگرەی نیشتمانی عیراقی»ەوە بینرا، کە لیژنەسراو بوو بۆ چەند جارێک کاربەدەستانی باڵای «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» و «ب.ئ.ک.ع» لە دەورەی مێزی گفتگودا کۆبکاتەوە. لە ژێر سایەی ئەودا چەند رێکەوتنێک لەسەر کشانەوەی هێزەکان، پیادەکردنی رێکەوتنی شەروەستان و ئاڵوگۆڕی دیل بە دەست هاتن. ئەم رێکەوتنانە زوو زوو دەشکێنران، بەڵام «کونگرەی نیشتمانی عیراقی» هەندێ جار توانی تێنی ئاڵوزیەکە کەم بکاتەوە بەوە رێگری زیاتر پەرەسەندنی دژکاریەکە بێت. بە رەزامەندی هەموو لایەنەکان، «کونگرەی نیشتمانی عیراقی» لیژنەسراوی ئەوەی گرتە ئەستۆ کە هێزی بێلایەنی ژێر کونترۆڵی خۆی لە جێگا ستراتیژەکان و ئەو سەیتەرانەی کە پێشتر لە دەست «ی.ن.ک» یان «پ.د.ک» بوون، دابمەزرێنێت.

یەکێک لە رێکەوتنە سەرەتاییەکان کە لەلایەن «کونگرەی نیشتمانی عیراقی» ڕۆژی ٨ی ئایار/مایو گفتوگۆی لێکرا، پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ئاڵوگۆری دیلەکان بوو، کە لە رێگایەوە زۆر لە دیلەکان پاشان ئاڵوگۆرکران. کۆمیتەکە تا رادەیەک دەستبەستەبوو بەوەی کە دەستەلاتی چەسپاندنی بریاری نەبوو، ناچار بوو پشت بە هاوکاری لایەنە دژکارەکان ببەستێت بۆ سەردانی گرتووەکان و دابین کردنی بەردانیان. ژمارەیەک لە گرتووەکان پاشان بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە لە ئەندامانی کۆمیتەکە شاردرابوونەوە یان تەسلیم نەکرابوون بەو شێوەیەی بڕیاردرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەو بروایەدایە کە کۆششی «کونگرەی نیشتمانی عیراقی» گرنکبوو، بە تایبەتی لە پێناسەکردنی ناوو سەروشوێنی گەلێک لە گرتووەکانداو رەنگە کاریگەرێش بوو بێت لە ڕێگرتن لە کوشتنی هەوسکارانەی تر لە گەرمەی پێکدادانەکاندا. هەروەها نوێنەرانی کۆمیتەی ناونەتەوەیی خاچی سوور کە لە کوردستانی عیراقدا بوون، بواری سەردانی گرتووەکانیان پێدرا.

تەقەلای یەکجار زۆریش بۆ ناوبژیکردن لەلایەن ئەو پارتە سیاسیانەی کوردستانی عیراقەوە کە بێلایەن مابوونەوە، درا. لە پێش هەمووانەوە «حیزبی کۆمونیستی کوردستان» و «حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان» و «بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری» بوون کە هێزەکانیشیان لە ڕووی تەوەو یارمەتیدەربوون. بۆ وێنە، لە هەوڵیر هێزە هاوبەشەکانی «ح.ک.ک»و «ح.ز.ک» لە بەندیخانەی محەتتە دانرابوون تا نەهێڵن گرتووان هەڵبێن. لە سەرەتاوە، زۆربەی زۆری دەستەکاری پۆلیس و ئاسایش کە سەر بە «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» بوون، هێزەکانی خۆیان وەک شەڕکەر خستە پاڵ پارتەکانیان. لە سلێمانی بنکەکانی «ح.ک.ک» وەک "زەمینەی بێلایەن" بەکاردەهات بۆ ئاڵوگۆری

دیلەکان. بەهۆی دژکاریەکەوە هەردوو دەزگای ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانی لە کارکەوتبوون. ئەنجومەنی نیشتمانی لە نیوان ٣ی ئایار/مایو و ٢ی تەموز/یولیو، هیچ دانیشتنیکی نەگرت.

لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی گەلێک جار خەڵکی مەدەنی دژی ئەو دژکاریەی نیوان پارتیەکان خۆپیشاندانیان کردووەو داوای کۆتایی هێنانی دەستبەجێی شەڕیان کردووە. لە یەکێک لەو خۆپیشاندانانەدا رۆژی ٧ی ئایار/مایو دوو کەسی مەدەنی (خالید خەلیل حەمەئەمین و حەمید حەسەن) کوژران و هەندێک بریندارببوون کاتێک تەقە بە ناو خەڵکەکەدا کرا. لێپرسراوی ئەم کارە لەسەر هیچ لایەک ساخ نەبوتەوە. «پ.د.ک» «ی.ن.ک»ی بەمە تاوانبارکرد، کاتێک «ی.ن.ک» ووتی کە خۆپیشاندانەکە "لە ئۆتومبیلێکی نەناسراوەوە تەقەی لێکراوە". لە نیوان ٢٤و ٢٧ی ئایار/مایو، زیاتر لە ٢٠٠ ئافرەت لە سلێمانی تا هەولێر بە پێ رۆیشتن و داوای ڕاگرتنی شەڕیان کرد. لە هەردوو شارەکە، لە لایەن کارزانانەوە کۆمیتەی داخوازیکاری ئاشتی پێکهاتن.

پێکدادانی چەکداری لە مانگی حوزەیران/یونیو و تەموز/یولیودا بە پچڕاوی هەر بەردەوامبوو لە هەندێک جێگا، ئەگەرچی بە شێوەیەکی تەسکتربوو و زووتر ڕادەگیرا. بەڵام پێوەندی نیوان دوو پارتەکە بە ئاڵوزی مایەوە گرتنی زۆری ئەندامانی ناسراو و گومانلێکراوی هەر پارتەک لەلایەن ئەوەی ترەوە بەردەوامبوو و گەلێک لەوانە لە کاتی گلدانەوەدا، ئەشکەنجەدران. خەڵکی مەدەنی بێچەک لە سلێمانی رۆژی ١٣ی حوزەیران/یونیو بەشداری مەسیرەی تەرم ناشتنیان دەکرد کوژران کاتێک هێزی «ی.ن.ک» تەقەی بە ناو خەڵکەکەدا کرد (بروانە خوارەوە).

رۆژی ١٢ی ئاب/ئۆگوستس لە قەڵادزە و رۆژی دوایی لە شەقڵاوە پێکدادانی چەکدار دیسان بەرپابووە. شاری قەڵادزە کە لەو کاتەدا لە ژێردەستی «ی.ن.ک»دا بوو، کەوتە بەر توپبارانی قورس لە ناوچەکانی ژێر دەستی «پ.د.ک» و «ب.ئ.ک.ع»ەوە. زۆربەی بەرکەوتووەکان مەدەنی بوون. گەرمەی ئەم پێکدادانە لە نیوان ڕۆژانی ٢٣ و ٢٦ی ئاب/ئۆگوستس بوو کە توپی قورس لە لایەن هەردولاوە بەکارهات. بەپێی سەرچاوەکانی «کونگرەی نیشتمانی عیراقی»، نزیکەی ٦٠٠ کەس لە مەدەنی و شەرکەر لەو سێ رۆژی شەڕەدا کوژراون. هەروەها پێکدادانی تووندوتیژ لە عەربەت و سەیدسادق و هەڵەبجە لە نیوان ٢٦و ٢٨ی ئاب/ئۆگوستس بە بەشداربوونی هەرسێ لاوە بەرپابوو. بەپێی ئەو زانیارییانەی بەدستەوە گەیشتوون، هێزەکانی هاوبەشی «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع» کە پەلاماری شوێنەکانی «ی.ن.ک»یان دەدا لە دەوروبەری هەڵەبجە، توانیان گەمارۆی ژمارەیەکی زۆری شەرکەرانی «ی.ن.ک» بدەن لە لای دەریاچەی دەربەندیخان

و لە رێگا سەرەکیەکان دابببڕێن. لەگەڵ ئەمدا گەلێک لەوانە خۆیان دابەدەست هێزەکانی «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع»، هەندێکی تریان هەوڵی راکردنیاندا بە مەلەکردن، گوایا سەرەنجام خنکاون.

ڕۆژی ٢٩ی ئاب/ئۆگوستس مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە دانیشتنێکی تایبەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیدا ئامادەبوون و لەوێ بەڵێنی ڕێزگرتنیان دا لەو ڕێکەوتنامانەی کە پێشتر پارتەکانیان لەسەری ڕێککەوتبوون. ٤٨ سەعات کەمتر پاش ئەمە، لەسەروی هەولێرەوە پێکدادان تازەبووەوە، گوایا بە دەستپێشکەری هێزەکانی «ی.ن.ک» بووە.

لە نێوان ئایار/مایۆ و ئاب/ئۆگوستسی١٩٩٤، ڕێژەی ئەو پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤ زۆر لەوە زیاتر بوون کە لێرەدا بە تەواوی باسیان لێبکرێت. لەبەر ئەوە ئەم ڕاپۆرتە تیشکی سەرەنجی خۆی ئاراستەی دوو بوار دەکات کە نیگەرانیان دروست کردووە: ئەشکەنجەو مامەڵە کردنی نابەجێی گرتووەکان و کوشتنی نادادو هەوەسکارانەی شەڕکەران پاش خۆبەدەستەوەدان. چەند نموونەیەک لە حاڵاتی ئەشکەنجەدان خرانە بەرچاو لەوانە وەرگیراون کە بەڵگەی پزیشکیان لەسەر بەدەست ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی کەتووەو دۆزراوەکانیش لەلایەن بۆچوونی پسپۆری عەدلی پشتیوانیان لێکراوە. حاڵەتەکانی کوشتنی نادادو هەوەسکارانەی دیلی بێچەک کە لە خوارەوە باسیان هاتووە، لەو ڕووداوە سەرەکیەکان وەرگیراون کە گوایا لە کاتی دژکارییەکە ڕوویانداوە. لەم حاڵەتانەدا ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بەڵگەی پزیشکیی عەدلی خۆی بەدەست نەهێناوەو پێشی نەدراوە، وە هەروەها ڕێکخراو نەیتوانی لاشەی لیقەوماوەکان ئازمایشت بکات لە کاتی سەردانی بۆ کوردستانی عێراق لە تەموز/یولیۆی ١٩٩٤دا. ئەم باسەی خوارەوە لە شایەتی ئەو کەسانە کە بە چاوی خۆیان دیویانە، لە گرتووەکانی لەوپێش، کەسوکاری لیقەوماوان، کاربەدەستی پارتەکان و خەلکی تر وەرگیراون. هەموو حاڵەتەکان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل و بێلایەن لە ئاستێکی بەرزدا هەیە. سەرکردەو نوێنەرانی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» و «ب.ئ.ک.ع» کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەم ڕووەوە نیگەرانی خۆی لە لایان پیشان داوە، نکوولییان لەوە کردوە کە هێزەکانیان دیلی بێچەکیان کوشتبێت. تەنیا جەلال تاڵەبانی بۆ ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دانی بەمە نا کە هێزەکانی «ی.ن.ک» ئەو جۆرە تاوانەیان لە دوو ڕووداودا لە ڕانیەو کۆیسنجەق کردووە (بڕوانە خوارەوە).

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن هێزەکانی «ی.ن.ک»

أ ـ ئەشکەنجەو مامەلەکردنی نابەجێی گرتووان

ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لای «ی.ن.ک» گلدرابوونەوە، لە شەڕکەران و مەدەنی، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە ئەشکەنجە دراون یاخود دووچاری مامەلەی نابەجێ هاتوون کاتێک کە گلدرابوونەوە. زۆربەی ئەمانە ئەندامانی ناسراو یاخود گومانلێکراو یا لایەنگرانی «پ.د.ک» بوون. لە پازدە حاڵەتەدا، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بەڵگەی پتەوی بەدەستهێنا بۆ پشتگیری ئیدیعای ئەشکەنجەدان: چاوپێکەوتن لەگەڵ هەشت لێقەوماو کراو ئازمایشت دران و وێنەیان لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییە وەگیرا کە هێشتا جێشوێنی ئەشکەنجەکەیان پێوە دیاربوو. سەیرکردنی ئەو وێنانە لەلایەن پاتۆلۆژیستی دادوەرییەوە ئەو سەرەنجامەی گەیاند کە زامەکانی لە حاڵەتی ئەو ١٥ کەسەدا هەن یەکتوخمن لەگەڵ ئیدیعای لێقەوماوەکان. ئەمانەی خوارەوە چوار نموونەی ئەو حاڵەتانەن :

• حاجی تەقیەددین محەمەدەمین، لە دایکبووی عەقرە (پارێزگای دهۆک) ساڵی ١٩٥١، خاوەن ژن و هەشت منداڵ و کادری «پ.د.ک»ە. ڕۆژی ٢٨ی حوزەیران/یونیۆی ١٩٩٤ لە هەولێر لەلایەن چەند ئەندامێکی چەکداری «ی.ن.ک» دەگیرێت، کاتێک کە لە عەقرەوە دەردەچێت بۆ هەولێر بۆ گەیاندنی پۆستەی «پ.د.ک». چەکدارەکان بە ناو بانگی دەکەن و داوای لێدەکەن لەگەڵیان سواری ئۆتۆمبیل بێت :

> "کە پرسیم بۆچی؟ وەڵامیان نەدامەوە، بەڵکو کەوتنە لێدانی سنگ و دەموچاوم بە تفەنگ. توند چاوبەستیان کردم و زۆریان لێکردم کە لە ناو لانکروزەکەدا رابکشێم. دەستیشم بەسترابوون. جوێنیان پێدام و ئیستیفزازیان دەکرم و دەربارەی کوشتنی کەسێکی سەر بە «ی.ن.ک» پرسیاریان لێکردم. تێمگەیاندن کە من کارم بەسەر ئەوەوە نەبووەو کە وازم لە «پ.د.ک» هێناوە. ووتیان ئێمە بڕوات پێدەکەین ئەگەر جێو بە مەسعود بارزانی بدەیت. برام بۆ جێگایەکی ژێر کۆنترۆڵی «ی.ن.ک» و لەبەر ئەوەی هێشتا چاوبەستە بووم نەمزانی جێگاکە کوێیە. کە رازی نەبووم قسە بە «پ.د.ک» بڵێم یەکێکیان ووتی : ئا سوندەکە بێنە، وامزانی بە سوندەکە لێم دەدەن، بەڵام بۆ بەستنەوەی قاچم بە لاندکروزەکە بەکاری هێنا. بە زەویدا

رایاندەکێشام و دەیووت جوێن بدە. کە بە قسەم نەکرد، لە لای پشتی سەرم لێیدام، خوێن لە گوێچکەی چەپ و لووتم هات. دیسانەوە رایانکێشام و ووتیان دەتکوژین. پاش نزیکەی ٣ سەعات دوای ئەوە بەردرام، دوای ئەوەی خەڵکی تر لەسەرم هاتنە قسە بەردرام..."

• جەلیل حەمەد سوور عومەر : لە دایکبووی سلێمانی ساڵی ١٩٦٨، خاوەن ژن و منداڵێک و دەرچووی ئامۆژگای تەکنەلۆژیاو پاڵەوانی لەوەپێشی ملاکەمە بوو. لە سلێمانی رۆژی ٢٦ی حوزەیران/یونیۆی ١٩٩٤ لەلایەن سێ کەسی چەکداری «ی.ن.ک»ەوە گیرا :

"لەبەرچاوی خەڵک چاوبەستکرام و دەست و قاچیان بەستم و پاڵیان پێوە نام بۆ ناو ئۆتۆمبیلەکەیان... بردیانم بۆ بەکرەجۆ. شەش حەوتێکیان بە چەک و کەبڵ لێیاندەدام و پاشان خرامە ژوورێکی تەنیاییەوە. دوای سەعات و نیوێک دیسان ئەشکەنجە درام، نەیان دەهێشت هیچ بڵێم و لە هەموو لەشمیان دا. دوو جار کارەبایان لە زمانم دا، ئینجا شەش حەوت جار سەرمیان بە دیوار دادا تا لە هۆش خۆم چووم. کاتێک چاوم کردەوە، لە ژوورەکەم بووم. ووتیان وەرە ریزی ئیمەو جنێو بە بارزانی بدە ئینجا بەرت دەدەین... پاش ئەوەی ژنەکەم پارەی پێیاندا، بەرەڵاکرام. لە سەعات نۆ و نیوی بەیانیەوە هەتا چواری پاش نیوەڕۆ گیرام. ئەگەر شەو بمامایەوە، ئیعدامیان دەکردم، چونکە خۆیان پێیان ووتم ..."

• عەلی مەهدی سالح : لە دایکبووی خانەقین ساڵی ١٩٤٤، خاوەن ژن و ١٠ منداڵ، سایەق و کۆنە پێشمەرگەی «پ.د.ک»بوو. رۆژی ٤ی حوزەیران/یونیۆی ١٩٩٤ لە سەیتەرمیەکی «ی.ن.ک» لە سەید سادق (پارێزگای سلێمانی) گیرا، کاتێک سواری کۆستەرێک ببوو بچێت بۆ هەڵەبجە:

"لە سەید سادق لای سەیتەرمەکە وەستاین. کراسێکی زەردم لە بەردابوو، پێیان ووتم تۆ سەر بە «پ.د.ک»ی. هەرچی پیاو لە کۆستەرمەکەدا هەبوو بردیانین و ئافرەتەکانیان جێهێشت. بردیانین بۆ مەڵبەندی نۆی شارەزوور. کە چوویینە ژوورەوە چاوبەستیان کردین و لێپرسراوی مەڵبەندەکە پێمانی ووت دابنیشین ... من بە کەبڵ و دارو سۆندە لێمدرا. پێش لێدانەکە پێیان ووتم تۆ سەر بە «پ.د.ک» یت، منیش ووتم لەوەپێش بووم ... ووتیان تۆ سەربە «پ.د.ک»یت، منیش لە سەرەتاوە نەمووت... بەڵام پاشان ووتم ... پاش سێ چوار رۆژ گواستراموەو بۆ عەربەت بۆ بنکەیەک کە لەوەپێش هی

«پ.د.ک» بوو، ئەمان کردبوویان بە بەندینخانە ... لەوێ لەگەڵ خەڵکی تر دانرام. لە دوو ژووری گەورەدا نزیکەی پەنجا تا حەفتا زیندانی لێ بوو، زۆربەیان لە «پ.د.ک» و هەندێک لە «بزوتنەوە [ی ئیسلامی]» بوون. چاوم بەوانە نەدەکەوت کە ئەشکەنجە دەدران، بەڵام کە دەگەڕانەوە ژوورەکە پاش ئەشکەنجە دەیانمبینی. کوڕێکی گەنجی ١٥ یان ١٦ ساڵەی تیابوو، دەستی چەپی لە لێدانەوە دوو جار شکابوو. ناردیان بۆ لای پزیشک و دەستی لە گەچ گیرا. کە گەڕایەوە خستیانە ژوورێکی تر، خەڵکی چەمچەماڵ بوو... لە کۆمیتەی ئالوگۆڕی دیلەکانەوە رۆژی ١٢ی حوزەیران/یۆنیۆ لە بنکەی حیزبی شیوعی لە سلێمانی بەرەڵاکرام...."

• داراغایی (ناوی تەواوی هەڵگیراوە): کاسبکارو لە دایکبووی سلێمانی، ساڵی ١٩٦٠. رۆژی ١٢ی تەموز/یولیۆی ١٩٩٤ لە عەینکاوە، شەش کەسی چەکدار لێی نزیک دەبنەوە و بە زۆر دەیبەنە ماڵێک. ووتی پێتەکانی «ی.ن.ک» لەسەر کلاشینکۆفەکانیان دیاربوون. پاش ئەوەی چەند کاغەزێکیان لا گرت، پێدەچوو سەربە «پ.د.ک» بێ، ئەشکەنجەدرا، بە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت :



داراغایی (ناوی تەواوی هەڵگیراوە) لە تەموز/یولیۆی ١٩٩٤ لەلایەن «ی.ن.ک» ئەشکەنجەدراوە.

"... دەستیکرد بە لێدانم و پێشمەرگەکانی تریش بە قۆنداخەی کلاشینکۆفەکانیان لێیاندەدام. بە شەق و بۆکس زۆریان لێدام...لەو کاتەی لێیان دەدام دوو وێنەی گەورەم بە دیوارەکەوە بینی، یەکێکیان وێنەی شەهید ئارام بوو ئەوی تریان هی عەلی عەسکەری بوو(٧٨). ئەو کاتە زانیم لە دەست «ی.ن.ک»م. گوێم لێبوو ئەو کەسەی پرسکاری لەگەڵ دەکردم بانگی ئەوانی تری کرد کە سوندەکە بهێنن... لە نیوەدا سوندەکەی نووشتاندەوەو دەستی کرد بە لێدانم. کەوتمە قوژبنێک، لەوێشدا بەردەوام لێیدام... لە باخچەکەش هەر بە سوندە لێیدام. کاتی لێدانەکە ئارەقی دەخواردەوەو پاش هەموو پەرداخێک، دووبارە لێدانم دەخوارد... پێم وایە بوتڵونێوێکی خواردبێتەوە... لە باخچەکە تا سەعات چوارو پێنجی بەیانی لێیدام... لە نیوە شەودا هەستم کرد کە دراوسێکان گوێیان لە هاوارمە، بەڵام کەس بە دەنگمەوە نەهات. خانوەکە لە ناوچەیەکی سەکەنیدابوو نزیک نەتەوە یەکگرتووەکان. کاتێک لە لێدان ماندوو دەبوو قسەی سووکی پێ دەووتم...."

دیارە خەڵکی دەوروبەر لە عەینکاوە گوێیان لە هاواری بوو بوو و ئەمەیان گەیاندبوو بە یەکێک لە کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەویش بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەیاند. هەتا ئەمانە ڕوویاندا ئەو بەرەڵا کرابوو، لە خەستەخانەی ڕزگاری تیماردەکرا. پاش چەند ڕۆژێک ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرد و وێنەی زامەکانی گرت. تێبینی پاتۆلۆژیستی دادوەری ئەوەبوو کە "...زامەکان نوێن و لێدانەکە زۆر توند بووە، بۆتە هۆی خوێن تێزانی شانەکان و هەروەها دیمانەی ئەوەش نیشان دەدەن کە لێدانی زۆر توند بە ئامێری پانی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە..."

ب - کوشتنی نادادو هەوەسکارانە

• قەلادزە، ٢ی ئایار/مایۆ: واباسبوو کە ١٩ شەڕکەری «پ.د.ک» پاش ئەوەی گیراون ڕۆژی ٢ی ئایار/مایۆ لەلایەن هێزەکانی «ی.ن.ک»، کوژراون. وەک لەوەپێش باسکرا، پێکدادان لە نێوان هێزەکانی سەربە «ی.ن.ک» و هێزەکانی سەربە «پ.د.ک» بەسەرکردایەتی عەلی حەسۆ میرخان بەرپابوو پاش ئەوەی نەتوانرا کێشەی زەویەکە چارەسەربکرێت. بەگوێرەی ئەو باسانەی کە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی گەیشتوون، هێزەکانی «ی.ن.ک» پەلاماری بینای لێژنەی ناوچەی «پ.د.ک»یان لە شارەکە دا کە عەلی

حەسۆ میرخان و پێشمەرگەکانی تر پەنایان بۆ بردبوو. پاش پەلامارەکە، هێزەکانی «پ.د.ک» کشانەوە جێگایەکی دەرەوەی شار، ناسراو بە گردی حوسنی. لەوێ شەڕ دەستی پێکرد و دوو شەڕکەری «پ.د.ک»، یەکێکیان عەلی حەسۆ میرخان، کۆژران و ١٩ی تریان گیران و بەپێی ئەو شایەدانەی بە چاوی خۆیان دیتبوویان، ئەوانە برانەوە بۆ قەڵادزە و لە بینای کۆمیتەی «ی.ن.ک» گلدرانەوە(٧٩). کابرایەکی ٢٤ ساڵەی خەڵکی رانیە شایەدی دا، ووتی :

"ئەو ئێوارەیە پێنج لە گرتووەکانیان هێنایە دەرەوە بە ئۆتۆمبیل بردیانن بۆ گردی حوسنی و لەوێ ئیعدامیان کردن، ئینجا پێنجی تر و پاشان ئەوانەی تر بە کۆمەڵ کۆمەڵ. کات نزیک ٧ی ئێوارە بوو. من کوشتنەکانم بە چاو نەدی بەڵام خەڵکی ناو شارەکە گوێیان لە تەقەکان بوو کە دەکران. لاشەکان لەلایەن خەڵکی ناوچەکە هێنرانەوە بۆ قەڵادزە. هەندێکیان دەستیان بڕابوو و هەندێک چاویان دەرهێنرابوون...لاشەی عەلی حەسۆ میرخان سووتێنرابوو و بە شەقامەکانی قەڵادزە رایانکێشا..."


وا باسە لاشەکان براون بۆ رانیە و لەوێوە بۆ مێرگەسوور بۆ ناشتنیان. پێشمەرگەیەکی «پ.د.ک» شایەدی دا ووتی خۆی بەشداری ناشتنە بووە و بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی راگەیاند :



حەمەد عەبدولا سالح

"دەموچاوو سنگی عەلی حەسۆ میرخان سووتابووو ددانی هەمووی دەرهێنرابوون ... جێ نیشانەی گوریس بە ملیەوە دیار بوو ... هەروەها زامی تر بە پشت و سمتیەوە هەبوون کە نیشاندەری ئەوەن کە بە زەویدا راکێشرابێت ... لاشەکانی ئەمیر و حەمەد عەبدولا [دوو برا لە کۆژراوەکان] پارچەپارچەکرابوون. بۆ ناشتنیان خۆم لە ناو کیسەی نایلۆنم داناون و ناشتووەتە. زگی خورشید ئەحمەد [یەکێک لە کۆژراوەکان] هەڵدڕابوو و دەستو قاچی بڕابوون... بەڵام لێی جیانەببوونەوە. ئەمیر محیەددین لەشکریانی (یەکێک لە لیقەوماوان)، بریتی گوللەیەک بە پشتیەوە بوو دەموچاوی شێویندرابوو و چاویان دەرهێنابوو ..."

• رانیە، ٢ی ئایار/مایۆ : لەم رۆژەدا هێزەکانی «ی.ن.ک» پەلاماری بنکەکانی «پ.د.ک» یاندا، کە بریتی بوون لە خانووبەرەی لقی یانزەو ناوچەی «پ.د.ک» لە شار، دەستیان بەسەرداگرت. لەوانەی لە لق گیران و بە ماوەیەکی کەم پاش ئەوە کۆژران، ئەحمەد سالح بەگ، لێپرسراوی ناوچەی «پ.د.ک» لە رانیە و پێشمەرگە ئازاد محەمەد قادر بوون. وابا سە کە هەردووکیان بە پێش چاوی خەڵکەکەوە بە گوللە کۆژراون. یەکێک لە شایەدەکان، خوێندکارێکی ١٨ ساڵەی رانیە بوو بە ریکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت :



ئەحمەد سالح بەگ

"لەبەردەمی لقدا وەستابووم. بەرهەڵستیەکی ئەوتۆ نەبوو و لە ماوەی چەند دەقیقەیەک هێزەکان[ی «ی.ن.ک»] توانیان بچنە ناو بیناکەوە. پاش ١٠ دەقیقەیەکی تر ئەحمەد سالح بەگ و ئازاد [محەمەد قادر]یان هێنایە دەرەوە. ئازاد تەنها پێشمەرگە بوو و جلی زەردی لەبەردابوو. دوانیان [ناویان هەڵگیراوە] کە خەڵکی رانیە بوون، هەر لەبەر دەرگاکەدا بە گوللە کوشتیان. ئەحمەد سالح بەگ بردرا بۆ مالی [لێپرسراوی مەڵبەندی ٨ی «ی.ن.ک»] کە بەرامبەر بە لقە. پاش پێنج دەقیقە لە ماڵەکە هێنرایە دەرەوەو برایە پشت ماڵەکە. کەسێکی زۆر وەستابوون. بە قۆنداخەی تفەنگەکانیان لێیاندا... دوایی بە گوللە کوشتیان. خەڵکەکە دەترسان و هەندێک دەگریان. تەنانەت هەندێ کەسی سەر بە «ی.ن.ک»یش دژ بەمە بوون.... سێ کەس بە چەکەکانیان لێیان دابوو ئەویش کەوتبووە چالاوێکی ئاوی پیسەوە لەسەر زەوی، هاواری دەکرد مەمکوژن... چیتان لێم دەوێ...؟ "

لاشەکانیان هەر لەوێ مانەوە تا خێزانەکانیان بردیانن. لە تەموز/یولیۆی ١٩٩٤دا کاربەدەستانی «ی.ن.ک» لە رانیە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کەوا لقی ١١ی «پ.د.ک» لە لایەن هێزی «ی.ن.ک»ەوە پەلامار نەدراوە، بەڵکو خەڵکی ناوچەو شارەکە بوون، لەوانە پشتگرو دۆست و کەسوکاری سەرکردەیەکی سوپایی «ی.ن.ک» کە زووتر لەو ڕۆژەدا لە قەڵادزە کوژرابوو. کاربەدەستان نکوولییان لەوە کرد کە هیچ ئەندامێکی «پ.د.ک» پاش گرتن کوژرابێت. بەڵام جەلال تاڵەبانی دانی بەوەنا کەوا لێقەوماوەکان کە لەو هەلومەرجەدا مردبوون هێزەکانی «ی.ن.ک» لە مردنیان لێپرسراون.

• کۆیسنجەق، ١٨و ١٩ی ئایار/مایۆ : ڕۆژی ١٨ی ئایار/مایۆ پێکدادانی چەکدار لە شاری کۆیسنجەق بەرپابوو. هێزەکانی «ی.ن.ک» هێرشیان بردو بینای ناوچەی «پ.د.ک»یان گرتەدەست. نزیکەی ٥٠ تا ٦٠ ئەندامی «پ.د.ک»، زۆربەیان پێشمەرگە بوون، لە ناوچە هاتنە دەرەوەو خۆیان دا بەدەست «ی.ن.ک»ەوە. بەڵام یەکێکیان جەمال حەمە سالح لە ژوورەوە مایەوە چونکە بریندار بووبوو. هەندێک لە ئەندامانی «پ.د.ک» کە پاشان خۆیان دا بەدەستەوە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناو نەتەوەییان ووت کەوا لە کاربەدەستانی «ی.ن.ک» پارابوونەوە کە جەمال حەمە سالح بەربدەن. یەکێک لەمانە کە کاربەدەستی ناوچە بوو ووتی :

"من چووم بە دەنگ جەمالەوەو داوام لە لێپرسراوی کۆمیتەی «ی.ن.ک» کرد کە بەرێبدەن لە بەر ئەوەی بریندارە، ووتی باشە، بەڵام دە دەقیقەیەک دواتر گوێمان لە دەنگی تەقە بوو. پاشان «ی.ن.ک» تەرمەکەیان برد بۆ مزگەوتی جومعە."


خێزانی جەمال حەمە سالح بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کەوا ئەو ڕۆژە جەمال چووبوو بۆ کۆیسنجەق و تووشی شەڕەکە هاتبوو، پەنای بردبووە ناوچە پاش ئەوەی بریندار بووبوو، گوایا پێش خۆبەدەستەوەدانەکە، لەلایەن پزیشکی «پ.د.ک»، تیمارکراوە. پزیشکەکە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت :

"کاتێک جەمال گەیشتە ناوچە، من تیمارمکرد. لە ران و ئەندامی جنسی زامدار بووبوو و دوو پەنجەی نەمابوون. نەیدەتوانی قاچی بجوولێنێت "

ڕۆژی دوای ئەوە، پێنج گرتووی تری «پ.د.ک» لەلایەن «ی.ن.ک»ەوە کوژران. ئەمانەش : شێروان عەبدولڕەحمان کەریم، حەوێز حەسەن ڕیشە، هەڵگورد عوسمان (ناسراو بە مام یەحیا) و دوو براکەی کارۆخ و ئاسۆس. هەر پێنجیان لە ئەندامانی «پ.د.ک» بوون، کاتێک کە ناوچە گیرا خۆیان دابوو بەدەست هێزەکانی «ی.ن.ک»ەوە.

بۆ شەوێک لە کۆبسنجەق مانەوە و رۆژی ١٩ی ئایار/مایۆ سواری کۆستەرێک کران لەگەڵ ١٥ پاسەوانی «ی.ن.ک»، گوایا بەنیازی گواستنەوەیان بۆ گرتووخانەیەکی سلێمانی. لە رێگای کۆبسنجەق - سلێمانی نزیک هەبیبەت سوڵتان، لەلایەن پاسەوانەکانەوە هەر پێنجیان کوژران و لاشەکانیان لە قەراخ جادەکە بەجێهێنرا. بۆ ئێوارە هێزەکانی «ی.ن.ک» لە گردێکی نزیک بەو شوێنە لە چاڵێکدا ناشتیانن. پاشان خێزانەکانیان دۆزیانەوە و بردیانن بۆ کۆبسنجەق بۆ ناشتن. برایەکی شێروان عەبدولرەحمان کەریم شایەدی بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دا ووتی :

"پاش گرتنیان، شێروان و حەوێز بردران بۆ کۆمیتەی «ی.ن.ک»و سێیانەکەی تر لە جێگایەکی تر گدرانەوە. پاشان زانیمان کە شێروان لەلایەن [کاربەدەستێکی باڵای «ی.ن.ک» کە لێرە ناوی هەڵگیراوە] هەرەشەی کوشتنی لێکرابوو. پاش ئەوەی دەزانێت دەیکوژن، شێروان داوای بینینی کورە بچکۆلەکەی دەکات [کە تەمەنی سێ ساڵە]، بە ناوی ئەوەی شێروان داوای بینینی کورەکەی کردووە، دەچن کورەکە لە ژنەکەی شێروان داوادەکەن و دەیبەن و بۆ ٢٤ سەعات ناێدەنەوە بە دایکی، هەتا شێروان ئێعدام دەکرێت. پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە [١٩ی ئایار/مایۆ]، هەندێ کەس پێیان ووتین کەوا قەوڵە ئێعدام بکرێن ... سواری ئۆتۆمبیل بووم و چووم بۆ سەلاحەددین. لەوێ قسەم لەگەڵ سامی عەبدولرەحمان کرد، ئەویش بە ئەحمەد چەلەبی و کاک مەسعودی ووت، هەردووکیان بە تەلەفۆن لەگەڵ کۆسرەت قسەیان کرد(٨٠). کۆسرەت بەڵێنی دا کە ئێعدام ناکرێن. ڕۆژی دوایی سەعات چوارو نیوی پاش نیوەڕۆ کە گەیشتمە کۆیە و چووموە ماڵەوە، پێم ووترا کە ئێعدام کراون... خەڵکەکە گوێیان لە تەقە بوو بوو کە لە بەری هەبیبەت سوڵتانەوە دەهات... دەستەیەکی ئاگرکۆژاندنەوە ئەو ئێوارەیە لە کۆیە چووبوون ئاگرێک کە لە دەغڵێک کەوتبووەوە، بیکۆژێننەوە. لەوێ لە قەراخ جادەکە تەرمەکانیان بینیبوو بەڵام نەیانوێرابوو دەستیان



هەڵگورد عوسمان (مام یەحیا)

لێبدەن. ئەو شەوە چەند پێشمەرگەیەکی «ی.ن.ک» تەرمەکانیان لابرد. بەیانی رۆژی دوایی ئێمە چووین بۆ ئەو جێگایەی ئیعدامەکەی لێکرابوو... خوێن لە زەوییەوە دیاربوو... من قەڵەمەکەی شێروانم دۆزییەوە پێڵاوەکانیم ناسیەوە کە لەێ بەجێمابوون. پاشان پێمان ووترا کە تەرمەکان نزیک بەو جێگایە نێژراون. چووین و تەرمەکانمان دۆزیەوە. بە بەتانیەک داپۆشرابوون. تەرمەکانمان بردەوە بۆ مزگەوتێک لە کۆیە و جلەکانمان داکەندن. هەریەکەیان بەلایەن کەمەوە ٣٠ برینی گوللەی پێوەبوو... هەندێکیان جێ نیشانەی گوریس بە مەچەکیانەوە دیاربوو، هەندێکیان هێشتا دەستیان بەستراباوونەوە."

خزمێکی نزیکی هەڵگورد عوسمان و دوو براکەی، بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت :

"پاش ئەوەی ناوچە گیرا، «ی.ن.ک» بە مام یەحیای ووت کە دەتوانێت بچێتەوە مال... بەڵام پاشان لای ئێوارە هاتن بۆ بینینی و داوایان لێکرد بچێتە ریزی «ی.ن.ک» یاخود توشی دیلی دەبێت لە سلێمانی. ئەویش وەڵامی دایەوە کە ئامادەیە بچێت بۆ سلێمانی، ئێنجا ئاسۆسیان هێناو پێیان ووت لەگەڵ براکەت دەبێ بچن بۆ سلێمانی... ئێنجا کارۆخیان هێنا کە پێشتر ئەندامی «ی.ن.ک» بوو. داوایان لێ کرد بچێتەوە ریزیان بەڵام ووتی دەیەوێت لەگەڵ براکانی بروات. هەرسێکیان بێچەک بوون... پاشان لاشەکانیانم بینی لە نزیکەوە تەقەیان لێکرابوو و هەریەکەیان نزیکەی ٣٠ تا ٤٠ برینی گوللە بە سەرو سینگەوە بوو. مێشکیان لە سەریان پژابوو..."

رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، ناوی ٣ کاربەدەستی باڵای «ی.ن.ک» ی پێگەیشتووە کە گوایا لە رۆژانی ١٨و ١٩ی ئایار/مایۆدا لە کۆیسنجەق بوون و ئامادە بوون کاتێک پێنج گرتووەکە سواری کۆستەرەکە کراون. وا باسە کە بڕیاری ئیعدام کردنی ئەوانە لەلایەن یەکێک یان زاتر لەم کاربەدەستانەوە دراوە، کە دوانیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی «ی.ن.ک»ن. بەڵام کاربەدەستانی «ی.ن.ک» دەڵێن ئەو پێنج گرتووانە چەکداربوون بە نارنجۆک و لە کاتەدا کۆڕاون کە وێستوویانە هەڵمەت بەرنە سەر پاسەوانەکان لە ناو کۆستەرەکەدا. کاربەدەستێکی «ی.ن.ک» لە کۆیسنجەق بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کەوا پاش رووداوەکە "لە ترسی زیاتر ئاڵۆزبوونی رەوشەکە"، بڕیارێک وەرگیرا کە تەرمەکان نەنێرنەوە بۆ شار. کاربەدەستەکە ووتی کە بڕیاردرا لاشەکان لە جێگایەکی تر بنێژرێن، تا بارمەکە ئارام دەبێتەوە. ووتی ئەو خۆی

جێگای ناشتنەکەیانی هەڵبژاردووەو چاڵەکەی نیشانی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دا. پاشان جەلال تاڵەبانی بۆ ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی دانی بەمە نا کە کاتێ گرتووەکان کوژراون بێچەک بوونە.

• هەڵەبجە، ٤ و ٥ی ئایار/مایۆ : وا باس بوو کە ١١ کەس گیران و هەوسکارانە کوژراون لە ڕۆژی ٥ی ئایار/مایۆ، کەمێک پاش ئەوەی کە هێزی «ی.ن.ک» چووەناو هەڵەبجە. ووترا کە زۆربەی لێقەوماوەکان ئەندامی گومانلێکراو یان لایەنگرانی «پ.د.ک» بوون و یەک دوانێکیش هی «ب.ئ. ک.ع». گوایا لێقەوماوەکان لە ماڵەوە یان لە شەقامەکانی هەڵەبجەدا لەلایەن پێشمەرگە و هێزی لیوای تایبەتی «ی.ن.ک»، ڕۆژی ٤ یان ٥ی ئایار/مایۆ گیراون. لە ڕۆژانی دواییدا تەرمەکانیان دۆزراوەتەوە : لە جێگای جیاجیا دەوروبەری شارەکە فڕێ درابوون. خێزانەکانیان وایان گەیاند کە دیمانەی لاشەکان لەوەی دەکرد کە پێش کوشتن خۆیێ زۆریان لێدەرهێنرابێت و کەوا ئەمەش لە نەخۆشخانەی (حلبجه الشهیده) ئەنجام دراوە. بەڵام توانا نەبوو ئەم قسەیە بساخبکرێتەوە. یانزە کەسەکەی کوژران، کە دوویان منداڵ بوون، ئەمانەی خوارەوەن :



فەریق تۆفیق عەلی
(تەمەن ١٢ ساڵ)

• فەریق تۆفیق عەلی: لە هەڵەبجە لە ٦ی حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٨٢ لە دایکبووە. ڕۆژی ٦ی ئایار/مایۆ لاشەکەی نزیک گوندی حەسەناوا دۆزرایەوە.

• کەیکاوس محەمەد ڕەمەزان: جوتیارێکی لە دایکبووی هەڵەبجەی ساڵی ١٩٥٧، خاوەن ژن و چوار منداڵ. لاشەکەی ڕۆژی ٦ی ئایار/مایۆ لە کێڵگەیەکدا لە دەوروبەری هەڵەبجە دۆزرایەوە.

• کەمال عەبدوللا نادر: لە دایکبووی گوندی نژڵە لە ناوچەی هەڵەبجە، ساڵی ١٩٦٩، خاوەن ژن و چوار منداڵ. لاشەکەی نزیک کامپی (مجمع) زەمەقێی نیشتەجێکردنەوە لە ٥ی ئایار/مایۆدا دۆزرایەوە.

• سۆران مەعروف عەبدولڕەحمان: خوێندکارو لە دایکبووی هەڵەبجە ساڵی ١٩٧٠. ڕۆژی ٦ی ئایار/مایۆ لاشەکەی نزیک بەکراوا دۆزرایەوە.

• فەیسەل غەفور محەمەد و نەوزاد غەفور محەمەد: دوو برا، لە دایکبووی هەڵەبجە ساڵی ١٩٧٣و ١٩٧٧. ڕۆژی ٧ی ئایار/مایۆ لاشەکانیان نزیک گوندی زەمەقێ لە کێڵگەیەکدا دۆزرانەوە.

• فوئاد جەمیل : خوێندکار لە قوتابخانەی ناوەندی، خەڵکی هەڵەبجە و تەمەن ١٥ ساڵ. لاشەکەی ڕۆژی ٧ی ئایار/مایۆ لە کێڵگەیەکدا دۆزرایەوە.

• باقی قادر رەشید: لە دایکبووی هەڵەبجە سالی ١٩٦٣، خاوەن ژن و چوار منداڵ. هەفتەی دووەمی مانگی ئایار/مایۆ لاشەکەی نزیک کامپی زەمەقێنی نیشتەجێکردنەوە دۆزرایەوە.
• ناتیق عیزەت عەبدولکەریم : خوێندکارو لە دایکبووی هەڵەبجە سالی ١٩٧١. لەگەڵ ٣ برای گیراو بردران بۆ مەڵبەندی «ی.ن.ک» لە شار. لەیێ ناتیق عیزەت عەبدولکەریم لەوانی تر جیاکرایەوەو پاش چەند رۆژێک لاشەکەی نزیک کامپی زەمەقێنی نیشتەجێکردنەوە دۆزرایەوە.
• سدیق تەقی عەبدولرەحمان : لە دایکبووی هەڵەبجە سالی ١٩٦٨. لاشەکەی رۆژی ٦ی ئایار/مایۆ نزیک بەکراوا دۆزرایەوە.
• سەیفەددین ئەحمەد محەمەد : لە دایکبووی هەڵەبجە، سالی ١٩٥٤. پاش گرتنی بەچەند رۆژێک، لە دەروبەری هەڵەبجە لاشەکەی دۆزرایەوە.

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن «پ.د.ک»ەو «ب.ئ.ک.ع»

آ. ئەشکەنجەو مامەلەکردنی نابەجێی گرتووان

هەندێک لە گرتووەکانی لەوپێشی «ی.ن.ک» کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لە تەموز/یۆلیۆی ١٩٩٤دا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن، ڕایانگەیاند کە ئەشکەنجە دراون یاخود بە جۆری تر مامەلەی نابەجێ کراون کاتێک لای «پ.د.ک» یان لای «ب.ئ.ک.ع» گلدرابوونەوە. بەڵام تەنیا چەند حاڵەتێک هەبوو کە هێشتا بەڵگەی دیاری لەشیان پێوەبوو کە پشتگیری ئەو باسانەیان دەکرد کە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا خرانە بەرچاو. ڕێکخراو بەڵگەی فۆتۆگرافی بەدەست هێناوە بۆ پشتگیریکردن لە باسەکانی ئەشکەنجە لە ١٢ حاڵەتدا، کە تییاندا جێ برینە دیارەکانی سەرلەشی لێقەوماو یەکتوخمبوون لەگەڵ ئەو باسانەی کە کرابوون. ئەمانەی خوارەوە نموونەی چوار لەو حاڵەتەن :

• قادر حاجی کەریم : شەڕکەرێکی «ی.ن.ک»ە خەڵکی سلێمانیە، لەگەڵ شەڕکەرانی تردا لەلایەن هێزی هاوبەشی «پ.د.ک» و «ب.ئ.ک.ع»، ڕۆژی ٦ی حوزەیران/یونیۆ لە خورماڵ گیرابوو. ووتی کە کاتی گرتنیان هەندێ لە ئەندامانی «پ.د.ک» خەریک بوون بیانکوژن بەڵام شەڕکەرێکی «ب.ئ.ک.ع» نەیهێشتبوو :

"دوای ئەوەی کە ئەشکەنج درام، لەبەر تینی لێدانەکە، هێزم لێبڕا، ئینجا بۆ خورماڵ گواستمیانەوە، دیسان لەوێش ئەشکەنجەی زۆردرام هەتا ئێوارە.



قادر حاجی کەریم، لەلایەن هێزەکانی «پ.د.ک» و «ب.ئ.ک.ع» لە تەموز/یولیۆی ١٩٩٤دا، ئەشکەنجەدرا دوای ئەوەی بەدیلگیرا.

شەوی ١١ی حوزەیران/یۆنیو، بردمیانە دەرەوەی گرتووخانەکە، پاش ئەوەی دووشەویی تیابووم و لە ماوەیەدا توندی ئەشکەنجەدرانم کەمتر بوو. یەکەم کەس بووم کە بانگکرام بۆ دەرەوەی گرتووخانەکە. پێم نەووترا کە ئەشکەنجە دەدرێم، بەڵام ووتیان ئیعدامت دەکەین. داوایانکرد کە پێش ئەوەی ئیعدام بکرێم زانیارییان پێ بدەم."

عەدنان عەبدولقادر : هونەرمەندو لە دایکبووی کەلار ساڵی ١٩٧١. لەلایەن چەکدارانی «پ.د.ک» لە هۆڵی میدیا لە هەولێر رۆژی ١٣ی حوزەیران/یۆنیۆ بۆ چەند سەعاتێک گیرا. شایەدی داو ووتی :

"چووم بۆ هۆڵەکە تا پرسیار دەربارەی هەندێ شت بکەم بەڵام لەوێ بێجگە لە مەفرەزەیەکی «پ.د.ک» کەسم نەدی ... تەنیابووم کاتی کە گرتمیان... داوایان کرد کارتی ناسنامەیان پیشان بدەم. منیش پێم دان. کاتێک خەریک بووم بڕۆم بانگیان کردمەوە لەشمیان پشکنی و کارتی ناسنامەی مەڵبەندی ٢ی «ی.ن.ک»یان لام دۆزیەوە ... نەمدەزانی ئەوانەی منیان گرت کێبوون. بڕوا ناکرێت کە لە چ حاڵێکدا بووم. لە تۆندوتیژی بەولاوە بیر لە هیچی تر ناکەنەوە. ١٢ چەکدار بوون و هەموو جۆرێکی ئەشکەنجەیان لەگەڵم

بەکارهێنانا، دەست و کەپڵ و هەرشتێکی تریان بەدەست بکەوتایە بە کاریان دەهێناو هیچیشیان لێم نەدەویست، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەبوو کارتی ناسنامەی «ی.ن.ک»یان پێم گرتبوو، کەوا من سەر بە لایەنەکەی ترم ... پاش ئەوەی گیرام بردمیان بۆ لقی ٢ی «پ.د.ک» ئینجا بۆ [بەندیخانەی تر نزیک] زانکۆی سەلاحەددین ..."

• جەواد تاهیر: لە ماڵی خۆیان لە هەڵەبجە رۆژی ١٤ی حوزەیران/یۆنیۆ لەلایەن چەکدارانی «ب.ئ.ک.ع» گیرا، بەم چەشنە شایەدی داو ووتی :

"پێمان ووت کە دەیانەوێ بۆ پێنج دەقیقە قسەم لەگەڵ بکەن و پاش ئەوە وازم لێدەهێنن. بەڵام بۆ دوو رۆژ گێلیاندامەوە ئەشکەنجەی زۆرو توند درام. پشتێنێکی سوپاییان بەکارهێناو بە شەق و بە قۆنداخەی تفەنگەکانیان لێمیاندا... هۆی گرتنەکەم ئەوەبوو کە خزمو کەسوکارم هەبوو، وەک مامەکەم، کە لەگەڵ «ی.ن.ک» بوون و لەسەر ئەوە لێیان دام. من خۆم لەگەڵ «ی.ن.ک» نەبووم. "

• بەرهەم کەمال شازەمان: نایب زابتی پۆلیسی سەرچنار (سلێمانی) بوو. لە مەڵبەندێکی تەندروستی رۆژی ٦ی حوزەیران/یونیۆ لە هەولێر چەکدارانی «پ.د.ک» نزیکی دەبنەوە، شایەدی داو ووتی :

"چەند چەکدارێکی «پ.د.ک» بوون، ئاڵایەکی زەردو وێنەیەکی مەسعود بارزانیان پێ بوو. داوای ناسنامەیان لێکردم منیش ناسنامەی پۆلیسم دانێ وپستیان ناسنامەی ئەندامەتیەکەم ببینن، منیش ووتم نیمە. لەشم گەران و ناسنامەی «ی.ن.ک» و چەکەکەمیان دۆزیەوە. بردمیان بۆ لقی دوو ... لەوێ زۆریان لێدام و ئۆتۆمبیلەکەشمیان برد..."

ب - کوشتنی ناداد و هەوەسکارانە

• خورمال، ٤ی ئایار/مایۆ : پێکدادانی چەکدار لە خورمال و دەوروبەری، رۆژی ٤ی ئایار/مایۆ بەرپابوو لە نێوان هێزەکانی «ی.ن.ک»و هێزی هاوبەشی «ب.ئ.ک.ع» و «پ.د.ک». بەپێی ئەو باسانەی گەیشتوون، پێکدادانەکە چەند سەعاتێکی خایاندو بووە ئەنجامی کوشتنی ژمارەیەک شەڕکەری «ی.ن.ک» و گرتنی هەندێکی تر.

ئەوانەی بە دیلگیران بوونە دوو تاقم. یەکەمیان گوایا تووشی هێرشی چەکدار هاتبوون لە کۆمیتەی «ی.ن.ک» لە خورمال و ناچاربوون بکشێنەوە دەرەوەی شار و لەوێ لەلایەن هێزی «ب.ئ.ک.ع» گیرابوون. لەمانە دووان لە تەموز/یۆلیۆی ١٩٩٤دا

شایەدیان دا کە پاش ئەوەی گیران «ب.ئ.ک.ع» دووانی لە گرتووەکان کوشت. یەکێکیان کە ئەندامی کۆمیتەی «ی.ن.ک» بوو لە هەورامان، لە شایەدیەکەیدا ووتی :

"پاش چوار سەعات شەڕ، ئێمە لە خورماڵ کشاینەوە بەرەو گوندی تەکیە. بەرلەوەی بگەینە ئەوێ، کەوتینە کەمینەوە کە لە لایەن ئیسلامیەکانەوە دانرابوو. ئێمە ٢٥ پێشمەرگە بووین... پێمانیان ووت کە هیچمان لێناکەن. لەبەر ئەوەی ئێمە بڵاو ببوینەوە، یەکێک لە پێشمەرگەکانمان لە رووباری زاڵەدا خۆی حەشاردابوو، گورج هەستاو دەستی بەرزکردەوە کە خۆی بدات بەدەستەوە، بەڵام یەکسەر کوشتیان. ناوی عەلی بوو و بە تەمەن ٢٣ یان ٢٤ ساڵ دەبوو. ئێمەیان برد بۆ یەکێک لە بنکەکانیان لە گوندی یالانچێ، پێش ئەوەی بگەینە ئەوێ پێشمەرگەیەکی تری ئێمەیان کوشت کە ناوی عومەر بوو و لە شەردا بریندار کرابوو. لە پشتی ئۆتومبیلەکەدا بوو و چەند جارێک هاواری کرد کە ئازاری هەیە. قاچی بریندار کرابوو."

بە پێی باسەکانی ئەمانە، گرتووەکان ئینجا لە یالانچێوە بران بۆ بنکەیەکی «ب.ئ.ک.ع» لە وشکەناو، لەوێ لە ئەشکەوتێکدا بۆ ٤٤ رۆژ گلدرانەوە. کەس ئەشکەنجە نەدرا، بەڵام هەموو ووتیان بۆ ماوەی ١٠ رۆژی یەکەم هەموو چاوبەست کرابوون و ئینجا لە ئەشکەوتەکە دەریان هێنان بۆ ئەوەی هەندێ کاریان پێ بکەن. لەو ماوەیەدا گوایا ٣ لە گرتووەکان ئیعدام کران. پێشمەرگەیەکی ٣١ ساڵەی خەڵکی خورماڵ کە لەگەڵ ئەوانەدا لە ئەشکەوتەکەدا گیرابوو، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت :

"پاش گەیشتنمان بە هەفتەیەک بۆ ئەو شوێنە، فەلاح ئیسماعیل و عامر عەزیز غوڵامیان برد کە هەردووکیان خەڵکی گەرمیان بوون. کات دەوری ٢ی بەیانی بوو. بە ناو بانگیان کردن و لە ئەشکەوتەکە دەریان هێنان. پاش ئەوە ئیتر لێمان نەبیستنەوە. پاش چەند رۆژێکی تر بە هەمان شێوە جەلیل رەمەزان سەعیدیان برد کە بۆ ماوەیەکی زۆر پێشمەرگە بوو، کات سەعات نزیک ٨ی ئێوارە بوو... پاشان هەرسێ لاشەکە لە دەروبەری یالانچێ کە گوندێکی نزیک خورماڵە، دۆزرانەوە."

٢٠ لەو گرتووانەی مابوونەوە لە ١٦ی حوزەیران/یۆنیۆدا، لە ئاڵوگۆڕی دیلەکاندا، بەرەڵاکران، ئەمەش «کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی» ئەنجامیدا. هەندێکیان بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە ١٠ رۆژێک پێش بەردانیان، کاربەدەستانی «ب.ئ.ک.ع» پێیان ووتبوون کە نوێنەرانی کۆمیتەی ناونەتەوەیی خاچی سوور دێن بۆ بینینیان، پاش ئەوە هەڵومەرجی گلدانەوەیان باشتربوو. گوایا داوایان لێکرابوو کە بڵێن لە ژێر


چادردان نەک لە ئەشکەوتدا. کاتێک نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندەوەیی خاچی سوور رۆژی ١٤ی حوزەیران/یونیۆ گەیشتبوون گرتووەکانیان نەبینیبوو چونکە پێیان ووترابوو بەرەڵاکراون.

تاقمی دووەمی شەڕکەرانی «ی.ن.ک» کە رۆژی ٤ی ئایار/مایۆ پاش شەڕێک لە دەوروبەری قەڵای خورماڵ گیرابوو، خۆیان دابوو بەدەست هێزەکانی «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع». یەکێکیان پێشمەرگەیەکی ٤٠ ساڵەی خەڵکی پێنجوین بوو، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناوەندەوەیی ووت :

"پاش ئەوەی تەقەمەنیمان پێ نەما، خۆمان دابەدەستەوە، ئەوان کە هاتن زۆر خراپ مامەڵەیان کردین. هەر بە پێش چاوی خۆمانەوە ٣ کەسیان بە گوللە کوشت: برام کەریم محەمەد ڕەمەزان، ٢٤ ساڵ، ئامۆزام مەحمود محەمەد کەریم، ٢٥ یان ٢٧ ساڵ و خزمێکم جەمال فەرەج تەمەن ٣٠ ساڵ بوو. هەر سێکیان چەککرابوون. ئێمە هەموومان ١٨ کەس بووین، پاش ئێعدام کردنی سێ کەسەکە ١٥مان ماینەوە. کردیانین بە دوو تاقم. ئێمە ٩ کەس بووین کەوتینە لای «پ.د.ک» و شەشەکەی تر کەوتنە لای ئیسلامیەکان، ئەمە هەمووی لە قەڵاکە ڕوویدا. ٩ کەسەکەی تاقمی ئێمە لە قەڵاکە براینە دەرەوە. پاشان پێشمەرگەکانی «پ.د.ک» بە ئێمەیان ووت کە ئیسلامیەکان دەستی شەش دیلەکەی تریان بەستبوو، بە بلۆک لێیان دەدان و ئێنجا ئێعدامیان کردن ..."

بەپێی قسەی گرتوویەکی تری «ی.ن.ک» کە پێشمەرگەیەکی ٢٧ ساڵی خەڵکی پێنجوین بوو، یەکەم ٣ کەس کە ئێعدام کران لەلایەن هێزەکانی «ب.ئ.ک.ع» بوون. بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناوەندەوەییان ووت کە «ب.ئ.ک.ع» وێستی هەموویان ئێعدام بکات، بەڵام سەرکردەی هێزەکانی «پ.د.ک» لە خورماڵ نەیهێشت. تا ئەو کاتەی بەرەڵاکران، گرتووەکان لە چەند جێگایەک لە بنکەکانی «پ.د.ک» گلدرابوونەوە، ئەو جێگایانە بیارە، دارێمارو کەرەجاڵ بوون.

• سەلاحەددین، ٥ی ئایار/مایۆ: پاش ئەوەی هێزی «پ.د.ک» پەلاماری کۆمیتەی «ی.ن.ک»ی دا لە سەلاحەددین ڕۆژی ٥ی ئایار/مایۆ، پێکدادان بەرپابوو و چەند سەعاتێکی خایاند و هێزی «پ.د.ک» کۆنترۆڵی کۆمیتەی گرتە دەست و هەندێ لە شەڕکەرانی «ی.ن.ک»ی گرت. پاشان «ی.ن.ک» ناوی ٦ لە شەڕکەرەکانی خۆی بڵاوکردەوە کە گوایا ئەمانە پاش ئەوەی خۆیان بەدەستەوە داوە، کوژراون. چەند پێشمەرگەیەکی «ی.ن.ک» کە لەوکاتەدا لە کۆمیتەکە بوون بە ڕێکخراوی لێبوردنی



فەرحان مستەفا حەمەد

ناونەتەوەییان ووت کە «پ.د.ک» دەستپێشکەربووە لە پێکدانەکەدا، سەرەرای ئەوەی کە کاربەدەستانی باڵای پارتەکە گفتی ئەوەیان دابوو کە پەلاماری کۆمیتە نادرێت. ووتیان ٢٩ پێشمەرگەی «ی.ن.ک» لە ناو کۆمیتەدا بوون و بەرگرییان لە خۆیان کردووە بەرامبەر بە هێزێکی گەورەی «پ.د.ک». بەپێی باسەکانیان، لە پێکدانەکەدا پێنج لە شەرکەرانیان کوژران و حەوتی تر پاش خۆبەدەستەوەدان کوژران (لەوانە پێنج بریندار بوون) و ١٧ی کە مابوو گیران و گدرانەوە. ئەو پێنجەی کە بریندار بوون و گوایا کوژران، ئەمانە بوون : رزگار وەسمان خدر، خدر رەحمان، موخلیس غەفور حوسێن، ئەحمەد قادر مەحمودو هیوا سلێمان عەبدولا. دووانی تر، موحسین محەمەد مەولود و فەرحان مستەفا حەمەد، گوایا براون بۆ حەوشەی کۆمیتەو لەوێ بە دارتەلێکەوە بەستراون و بە گوللە کوژراون. یەکێک لەو پێشمەرگانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، ووتی کە خۆی کوشتنەکانی نەدیوە، بەڵام کە ئەوەی دیبوو کە دووانەکە خۆیان دابوو بەدەستەوەو پاش چەند دەقیقەیەک گوێی لە دەنگی تەقە بووبوو.

بێجگە لە شەرکەرانی «ی.ن.ک»، خوێندکارێکی قوتابخانەی ئامادەییش کە تەمەنی نزیکەی پازدە ساڵ بوو، لەو رووداوەدا کوژرابوو ناوی بەهزاد محەمەد محەمەد بوو. باوکی بە رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کەوا ئەو پاش نیوەڕۆیە کە شەرەکە کۆتایی هات، چوو بۆ کۆمیتە، لاشەی کوڕەکەی دی کە بە گوللە دابێژرابوو. پێشمەرگان ووتیان گوایا بەهزاد محەمەد محەمەد پاش گرتن کوژراوە لەگەڵ ئەو ٧ شەرکەرەی لە سەرەوە باسکراون. باوکی کوڕەکە ووتی خۆی و خەڵکی تر پێنج لاشەیان کۆکردەوە، لەوانە ئەو دووانەش کە بە تەلەکەوە بەستراببوونەوە، بردبوویان بۆ مزگەوتی مەلا هەمزە.

کاربەدەستانی «پ.د.ک» ئەم قسانەیان رەدکردەوە، ووتیان هەموو کوشتنەکان کاتی ئاڵوگۆڕی گوللە روویانداوە. ئەوەشیان ووت کە پەلاماردانی کۆمیتە بەبێ هۆ نەبووە، تەنانەت ووتیان وەکو وەڵامدانەوە بۆ هاوێشتنی نارنجۆکێک بەسەر کۆمەڵێک لە چەکدارەکانیان، پەلامارەکە دراوە. رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نەیتوانی سەربەخۆیانە قسەکانی چ هی «ی.ن.ک» چ هی «پ.د.ک» سەبارەت بە رووداوەکان ساخبکاتەوە.

• بەردەرەش و عەقرە ، ٧ی ئایار/مایۆ : گوایا ٣ شەرکەری «ی.ن.ک» کوژراون پاش ئەوەی لە ئەنجامی پێکدادانی چەکداریدا لە عەقرە، رۆژانی ٥ و ٦ی ئایار/مایۆ گیران. ئەمانە رەفعەت عەبدولا (ناسراو بە ڕێباز)، کە سەرکردەیەکی سوپایی بوو و دوو پێشمەرگە، سەلام سالح و فەرهاد حەمەدەمین بوون. هێزەکانی «پ.د.ک» رۆژی ٦ی ئایار/مایۆ مەڵبەندی «ی.ن.ک»ی لە عەقرە داگیرکردو ژمارەیەک کاربەدەست و پێشمەرگە گیران. سێ شەرکەری یەکێتی کە لە پێکدادانەکە بەشداربوون بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەییان ووت کە ڕێباز و چەند کەسێکی تر لە گرتن دەرباز بوون و خۆیان گەیاندە گەردەسێل، کە ناوچەیەکە عەشیرەتی هەرکی سەربە «ی.ن.ک» تیادا نیشتەجێیە. لەوێ پێشمەرگەی تری «ی.ن.ک» لەگەڵیان پێکهاتن و چوون بۆ گوندە نزیکەکەی مام داودە. رۆژی دوایی ویستیان بچن بۆ هەولێر. یەکێکیان، پێشمەرگەیەکی ٤٤ ساڵی خەڵکی هەولێر، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت :



رەفعەت عەبدولا (ڕێباز)

"هەموومان بیست و هەشت کەس بووین... شەش کەسمان نارد بۆ گوندێکی تر تا ڕێنمایمان بکەن. هەر کە ڕۆیشتن، پاش ماوەیەکی کەم گیرابوون... ئێمە لە ناو دەغڵ خۆمان بڵاوکردەوە نەماندەزانی کە گەمارۆ دراوین. من و ٧ کەسی تر لە ڕێبازو ئەوانی تر پچڕاین. ئێنجا تەقە لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد. ئێمە گیراین... ئێمەیان برد بۆ گوندی دەڵەرێ لەسەر ڕووبارەکە، بەرامبەر گوندی ئیفراز. زۆربەی پێشمەرگەکان[ی «پ.د.ک»] لەوێ سەر بە عەشایەر بوون. ئێمە ترسمان لێ نیشت ... وامان دەزانی دەیانەوێ بمانکوژن... من دەمویست بە زووترین کات بمانبەن بۆ لقی «پ.د.ک» چونکە لەوێ کاربەدەست هەبوون دەمانتوانی قسەیان لەگەڵ بکەین ... پاش کەمێک ڕێبازو ئیسماعیلی برامیان هێنا. گیرابوون، ڕێباز قاچی بریندار بووبوو ... نزیک سەعات ١٠ و ١١ی بەیانی ڕۆژی دوایی، واتا ٧ی ئایار/مایۆ، چەند چەکدارێک هاتن و ووتیان کە ڕێباز دەبەن بۆ تیمارکردن... من ووتم نەء دەیبەن بیکوژن. ووتم ئێمە لەگەڵی دێین. پاڵیان

بە منەوە ناو ڕێبازیان بە ڕاکێشان برد و پێیان لە بڕینەکەی دەنا، سواری ئۆتۆمبێلیان کرد... لە جێگایەک کە ٢٠٠ مەتر لە ئێمەوە دووربوو ئیعدام کرا..."

ئەو هەڵو مەرجەی کە دوو گرتووەکەی تری «ی.ن.ک» واتا سەلام سالح و فەرهاد حەمەدەمینی تیا کوژران، لای ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاشکرا نیە. ئەمانە لە دەڵەڕێ گیران و لەگەڵ ٦ کەسی تر کە لە گوندی دارەتوو گلدرابوونەوە، برانەوە بۆ عەقرە. پاش پێنج ڕۆژ، بەهۆی ئاڵوگۆڕی دیل کە «کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی» ڕێکیخستبوو، بەردران. کاربەدەستانی «پ.د.ک» نکوولیان لەوەکرد کە ڕێباز پاش گرتن لەلایەن هێزی ئەوانەوە کوژرابێت. ووتیان کە لە گرتندا بەرهەڵستی کردووەو لە ئاڵوگۆڕی تەقەدا کوژراوە. بەڵام، دیاربوو نەیانهێشتبوو لاشەکەی بدەنەوە بە خێزانەکەی کە بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت ڕێگایان نەدرایێ لاشەکەی ببینن. ڕێبازو سەلام سالح و فەرهاد حەمەدەمین لە دەوروبەری شاری عەقرە نێژراون.

• حاجی ئۆمەران. ١٧ی ئایار/مایۆ : حەسەن کۆیستانی، کە کاربەدەستێکی باڵای «ی.ن.ک»و لێپرسراوی مەڵبەندی ٤ بوو، گوایا پاش گرتنی لە حاجی ئۆمەران، ڕۆژی ١٧ی ئایار/مایۆ کوژراوە. «ی.ن.ک» ڕایگەیاند کە خۆی و ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیدا بوون بەرکەمینی هێزی هاوبەشی «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع» و حیزبوڵای کوردی شۆڕشگێڕ کەوتبوون. گوایا، ئەو بریندار کراوەو گیراوەو ئینجا ئیعدام کراوە. «ی.ن.ک» هەروەها ڕایگەیاند کە حەسەن کۆیستانی پاشان لاشەکەی لەتلەتکراوەو بە فۆتۆگرافی و فیلم وێنەی گیراوەو ئینجا لە جێی کوشتنەکەی نێژراوە.



حەسەن کۆیستانی

سەرکردەیەکی سوپایی «ی.ن.ک» کە لەوانە بوو کەمینکرابوون، بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە حەسەن کۆیستانی لە لایەن مەکتەبی سیاسی «ی.ن.ک» داوای لێکرابوو بچێت بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران بۆ چەسپاندنی کۆنترۆڵی «ی.ن.ک». لەسەر ڕێگای حاجی ئۆمەران - چۆمان، لەلایەن «پ.د.ک»و «ب.ئ.ک.ع» و حیزبوڵای کوردی شۆڕشگێڕ و ژمارەیەک لە پاسدارانی ئێرانی کەمینکرا. سەرکردە سوپاییەکە شایەدی دا کە حەسەن کۆیستانی و چوار مەدەنی و ٢٤ پێشمەرگەی لەگەڵ بوون و ئەمانە پاش

سووکە شەڕێک ژێرکەوتوون. ووتی ٣ لەمانە لە کاتی شەڕەکەدا کوژراون و هەشتیان رایانکردووەو چواریان گیراون و ئێنجا کوژراون و ئەوانی تر بە دیلگیراون. ئەوانەی گوایا پاش گرتن کوژراون، بێجگە لە حەسەن کوێستانی ئەمانەن : مەحمود ئەحمەد عەبدولای برای حەسەن کوێستانی، یوسف ئیبراهیم خدری ئامۆزای و مینا ئەحمەد ئیسماعیل. گوایا حەسەن کوێستانی دەستی بریندارکرابوو پێش ئەوەیی بگیرێت.

کاربەدەستانی «پ.د.ک» نکوولیان لەوەکرد کە حەسەن کوێستانی و ئەوانی تر پاش گرتن کوژرابن، ئەوەیان ووت کە لە شەڕێکی لای خواروووی حاجی ئۆمەران کوژراون. لەلایەکی ترەوە عەبدولقادر برایەتی، سەرکردەیەکی سوپایی بالای «ب.ئ.ک.ع» بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ووت کە هێزی حیزبولای کوردی شۆڕشگێڕ لێپرسراون لە کوشتنی حەسەن کوێستانی لە کەمینەکەدا. ووتی وێنەو ڤیدیۆ لای «ب.ئ.ک.ع» هەیە کە لاشەکەی بە پاڵ ئۆتۆمبیلەکەیەوە نیشان دەدا و جێی بڕینی گوللەی زۆری پێوەیە. بەڵێنی دا کە وێنەی فوتۆگراف و ڤیدیۆکە بدات بەلام ئەمە نەکرا. لاشەکەی حەسەن کوێستانی نەدرایەوە بە خێزانەکەی و گوایا لە ناوچەی حاجی ئۆمەران نێژراوە. ڕێکخراویی لێبوردنی ناونەتەوەیی نەیتوانی بەڵگەی زیاتری سەڵمێنەر لەسەر ڕووداوەکە بەدەستبهێنێت.

سەرەنجام و پێشنیارەکان

بۆ ئەوەی لە پاشەرۆژ رێنەدرێت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، دەبێت هەنگاوی کاریگەر بنرێت بۆ لەناوبردنی هۆکارەکانیان. لێپرسراوی سەرەکی بەکردار دەکەوێتە ئەستۆی ئەنجومەنی وەزیران و سەرکردەی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق.

لەم راپۆرتەدا، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ویستوویەتی هەندێک لەو پێکهاتەو سیاسەت و کردارانە بخاتە ڕوو کە بنەمای پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤن لە ناوچەکەدا. دوو کاریگەری سەرەکی زۆر ڕوون هەن : یەکەم ئەو بێباکیەیە (سزادان) کە بۆ چەکداران و هێزە تایبەتەکانی پارتە سیاسیەکان دەڵوێت، کە بۆتە هۆی ئەوەی پێشێلکەران بەرەو ڕووی دادپرسی نەکرێنەوەو بنکەندکردنی دەسەڵاتی دادپرسی و ڕێزنەگرتن لە سەربەخۆیی ئەو دەسەڵاتە لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە. پارتە سیاسیە سەرەکیەکانی کوردستانی عێراق، نەک تەنیا پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان لەلایەن هێزەکانیانەوە فەرامۆشکردووە، بەڵکو هانیان داوە وەک داردەستێک بۆ چارەسەرکردنی جیاوازیی سیاسی نێوانیان. بە ڕێگەدان بە بەکارهێنانی شێوازی نایاسایانە، گەردەلوولی توندوتیژی (عنف) سیاسی کە لە سااڵێک زیاترە بۆتە خەسڵەتی ناوچەکەو پەرەی پێدراوە.

سەرکردایەتی کوردی سەرنەکەوت لە زامنکردنی ئەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و هێزە تایبەتیەکان، جا ئەوانەی کە بە ناوی ئەنجومەنی وەزیران یاخود تاکە پارتە سیاسیەکانەوە چاالکن، لە سنووری دەسەڵاتی یاسادا کاربکەن. ئەو هێزانە بەردەوامن لە گرتنی هەوسکارانەو ئەشکەنجەدانی گرتووان و کوشتنی خەڵکی مەدەنی. شەڕکەران و خەڵکی تریان کوشتووە پاش ئەوەی کە ئەوانە گیراون یان خۆیان داوە بەدەستەوە یاخود پاش ئەوەی کە شەڕکەران بە هۆی بڕینەکانیان، لە کارکەوتوون. ئەم جۆرە کردارانە ئەتککردنی یاسای مرۆڤایەتی ناونەتەوەیین، بە تایبەتی بەو جۆرەی لە بەندی ٣ی بڕوانامەی جنێڤی ساڵی ١٩٤٩دا دارێژراوە. لەگەڵ زەقی لێپرسراوی ئەو هێزانە لە

پێشێلکردنی فراوانی مافی مرۆڤ، تاکە کەسێک بەرهەرووی دادپرسی نەکراوەتەوە. سەرنەکەوتن لە پیادەکردنی پاراستنی کاریگەری مافی مرۆڤ و جڵەوگرتنەوەی دیاردەی سزانەدان و کۆنترۆلکردنی هێزەکانی ژێر رکێفیان، هەموو ئەمانە پرسیاری جدی دەخەنە بەرچاو سەبارەت بە ئیرادەی سیاسی سەرکردایەتی کوردی، لەوەی کە بیانوێت کۆتایی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بهێنن.

هەموو لێقەوماوانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کەسوکاریان و کۆمەڵ بەگشتی بەرژەوەندیەکی ژیانییان هەیە بۆ گەیشتن بە راستی، سەبارەت بە پێشێلکردنەکانی رابردوو و رووبەکردنەوەی رەوشی تاوانە چارەسەرنەکراوەکانی مافی مرۆڤ. لەوەش بەوڵاوە، بەرەو رووکردنەوەی پێشێلکەران بۆ دادپرسی نەوەک تەنیا گرنگی هەیە بۆ حاڵەتە فەردییەکان، بەڵکو پەیامێکی ئاشکرا دەگەیەنێت کە چاو چیتر لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ناپۆشرێت و کەسانی لێپرسراو بەرپرسیاردەکرێن. بۆ سەرکەوتن لە شکاندنی بازنەی تووندوتیژی خۆکردو دامەزرانی دامودەزگای کە دروستکرابێت لە سەر ریزگرتن و پاراستنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ، سەرکردایەتی کوردی پێویستی بە گرتنی رێبازێکی نوێ هەیە.

دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لە کوردستانی عێراق ئەوەیان راگەیاند کە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵیان بەشێکی نەپچڕاوە لە دەوڵەتی عێراق. دەستیان گرت بەسەر پێکهاتەکانی دەوڵەت، کە دادگاکان بەشێکن لێیان و بە رادەیەکی زۆر بەردەوامبوون لە پیادەکردنی یاسای عێراقی ئارا. بۆ بەردەوامبوون لە ئەنجامدانی ئەرکی دەوڵەت، رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی لەو بڕوایە دایە کە ئەمانە ئیلتیزامیان هەیە بەرامبەر بە مەرجەکانی بڕوانامە ناونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، بە تایبەتی «پ.ن.م.م.س» کە عێراق ئیمزای کردوون و پێویستە ملکەچ بن بۆ ستانداردی ناونەتەوەیی تری مافی مرۆڤیش. دەسەڵاتی کوردی چی بە راگەیاندن و چی لە رووی یاسادەرکردن لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە، چەندجار خۆیان بەستووە بە ریزگرتن لەو ستانداردی مافی مرۆڤانە کە لە «بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ»و پەیمان و مەرجە ناونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا هاتوون. ئەو ستانداردانە رێگرن لە کەمبایەخدان بە ماف و گەرانتیە بنچینەییەکان، لەوانە مافی ژیان و رێنەدان بە ئەشکەنجە، هەتا ئەگەر لە حاڵاتی تەنگاوێشدا بێت. بۆ پیادەکردنی ئەم رێسایانە خۆبەستنەوەیەکی ئاشکرا و بێووچان بە پاراستنی مافی مرۆڤەوە لە پلەی هەرەبەرزی دەسەڵاتی سیاسیدا پێویستە و هەروەها لێکۆڵینەوەی دەمودەست و کاریگەر، و لە کاتی پێشێلکردندا سزای پێویست بدرێت، شان بە شانی راهێنانی بە جەخت و کۆنترۆلکردنی هێزی چەکدار و ئاسایش.

رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و سەرکردەی پارتە سیاسیەکان. ئەگەر پیادەبکرێن، ئەوا ئەو هەنگاوانە یارمەتیدەر

دەبن لە کەمکردنەوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا و پێشاندەری خۆبەستنێکی راستەقینە دەبن بە بڕەودانی ستانداردە ناونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و پیادەکردنی کاریگەرییان.

پێشنیار بۆ ئەنجومەنی وەزیران

١ - سازکردنی لێکۆڵینەوەی دەم و دەست و تەواو و بێلایەنانە لەو رووداوانەی باسیان هاتووە سەبارەت بە کوشتنی ناداد و هەوسکارانە و ئەشکەنجەدان و شێوەی تری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کە لە لایەن کاربەدەستانی ئیدارەی کوردی یاخود پارتە سیاسیەکان، کراون (ئەوانەی لەم راپۆرتەش باسیان هاتووە، ئەمانیش دەگرێتەوە). ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێت لەلایەن دەزگایەکەوە بێت کە سەربەخۆبێت لەوانەی دەتوانێ لێپرسراوی پێشێلکردنەکانن و دەبێت دەسەلات و سەرچاوەی پێویست هەبێت کە بتوانێت ئەم کارە ئەنجامبدات. ئەو لێکۆڵینەوانە دەبێت سەلێنەری هەمان بنەڕەت بن کە لە لێکۆڵینەوەی ئیعدامکردنی دەرەوەی سنووری دادپرسیدا کە لەلایەن دەوڵەتانەوە ئەنجام دەدرێ و پیادەدەکرێن. شێواز و دۆزراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە دەبێت ئاشکرابکرێن.

٢ - هەوڵی تایبەتی دان بۆ پاراستنی سەلامەتی کەسوکار، شایەد، پارێزەر و خەڵکی تر کە یارمەتیدەرن لە لێکۆڵینەوەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا.

٣ - بەرەووکردنەوەی دادپرسی دەستەی کاری چەسپێنەری یاساو ئەندامانی هێزی پارتە سیاسیەکانی لێپرسراون لە کوشتنی ناداد و هەوسکارانەو ئەشکەنجە و پێشێلکردنی تری مافی مرۆڤ. هەموو لێکۆڵینەوەو موحاکەمەیەک دەبێت لەبەردەم دادگا تاوانیە ئاساکاندا بکرێن و ببینرێن و بەپێی بنەڕەتەکانی ناونەتەوەیی بۆ موحاکەمەی دروست بن. نابێت هیچ شێوەیەکی لێبوردن و یان کاری هاوجۆر هەبێت کە رێگا لە دەرخستنی راستی و بەرپرسیاریی دوایی بەرامبەر یاسا، بگرێت.

٤ - هەنگاوانان بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکان زنجیرەی لێپرسراوی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا دیاربکات، هەرکەسێک گومانلێکراو بێ کە بە فەرماندان یان بەکردار مافی مرۆڤی پێشێلکردووە یان دایپۆشیوە، دەبێت بەرەو رووی دادپرسی بکرێتەوە.

٥ - بەبێ چەندو چۆن، کوشتنی نادادو هەوسکارانەو ئەشکەنجە دەبێت قەدەغە بکرێن و ئەمە زامنبکرێت کە ئەم جۆرە پێشێلکردنانە وەک خەتای تاوانی دەناسرێن و سزا دەدرێن بە حوکمێک کە هاوشان بێت لەگەڵ تاوانەکە. هەروەها ئەو حوکمانە دەبێت یەکتوخم بن

لەگەڵ بنەڕەتەکانی ناونەتەوەیی و سزای کوشتن و جۆری تری سزای ستەمکار و نامرۆڤانەو سوککەر، بخەنە لاوە.

٦ ـ وەرگرتنی هەنگاوی کاریگەر بۆ مسۆگەر کردنی ئەوەی کە قەدەغەکردنی کوشتنی نادادو هەوەسکارانە لە ڕاهێنانی دەستەکارانی پێوەندیاردا ڕەنگبداتەوە، واتا دەستەکاری لێپرسراو لە گرتن و گلدانەوەی گرتووان و هەروەها هەموو ئەوانەی دەستەلاتدراون بە بەکارهێنانی هێزی کوشندەو هەروەها لەو ڕاسبواردانەدا کە بۆیان دەردەچێت. ئەم دەستەکارانە دەبێت ڕاسپێرراوبن کە مافی ئەوەیان هەیە، تەنانەت ئەرکی ئەوەیان لە سەرە، کە ئەو فەرمانانە ڕەتبکەنەوە کە داوای بەشداریان لێدەکەن لە کوشتنی هەوەسکارانەداو کە فەرمان لە سەرکردەیەکی گەورە یاخود دەسەلاتێکی ڕەسمییەوە نابێت ببێتە بیانووی بەشداربوون لەو جۆرە کوشتنانەدا.

٧ – دامەزراندنی ڕێنوێنی ڕوون سەبارەت بە بەکارهێنانی هێزی کوشندە لە لایەن پۆلیس و هەروەها هێزەکانی چەکدارو ئاسایشەوە، کە ئەرکی پیادەکردنی یاسایان لەسەرە، ئەمەش بەپێی ڕێسا بنچینەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر بەکارهێنانی هێزو چەکی تەقاندن لە لایەن کاربەدەستانی پیادەکاری یاساوە و هەروەها کۆدی کرداری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاربەدەستانی پیادەکاری یاساو هەنگاوی کاریگەرنان بۆ پیادەکردنی ئەم ڕێنوێنیانە.

٨ – هەنگاوی کاریگەرنان بۆ زامنکردنی هاوکاری دەستەکاری پیادەکاری یاسا لەگەڵ لێکۆڵینەوەکان و هەروەها زامنکردنی ئەوەی کە ئەندامانی دەزگای دادپرسی کە لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەکەن، پاراستن و سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

٩ ـ دانی تەعویزی هەقوەسێن بە لیقەوماوانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و خێزانیان.

١٠ ـ زامنکردنی ئەوەی کە هەموو گرتووەکان تەنها لە جێگای ڕەسمی دیار گلدراونەتەوە و زانیاری ڕاست لە بارەی گرتن و گلدانەوە سەروشوێنی هەموو کەسێکەوە بەبێ زەحمەت بە کەسوکارو پارێزەر و پزیشک و دادگەکان بدرێت.

١١ ـ زامنکردنی ئەوەی کە هەموو گرتوویەک بەبێ دواخستن، پاش گرتنی، دەبردرێتە بەر دادگە. ئەمەش بەپێی یاسای عێراقی داواکار ببرێتە بەردەم دەسەلاتی دادپرسی، و کەسوکارو پارێزەرو پزیشک بواری سەردانیان هەبێت. هەروەها، هەنگاونان بۆ ئەوەی ڕێگابدرێت کە بەشێوەیەکی ڕێکو پێک و سەربەخۆیانە سەردانی پشکنینی بۆ هەموو جێگاکانی گرتن و گلدانەوە، بکرێن.

١٢ ـ زامنکردنی ئەوەی کە هەموو گرتوویەک مافی ڕوخساری یاسایی گرتنی هەیە کە لەلایەن

دادپرسێکەوە بریاری لێ بدرێت و بەرەڵابکرێت ئەگەر ئەو گرتنە نایاسایی بوو.

١٣ - هەموو هەنگاوێک وەربگیرێت بۆ زامنکردنی ئەوەی کە هەر ووتەیەک بە زەبری ئەشکەنجە یا جۆری تری مامەڵەی نابەجێ وەرگیرابێت، وەک بەڵگە لە ڕێکاری دادپرسیدا قبوڵنەکرێت.

١٤ - سازدانی تۆماری ناوخۆی مەرکەزیی ڕەسمی سەبارەت بە هەموو گرتووان بە پێی ڕێرەوە ناونەتەوەییەکان، وەک ڕێرەوی ژمارە ٧ی ستانداردی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مامەڵە کردنی دیل و ڕیسای ٢١ی کۆمەڵە ڕیساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پاراستنی کەسانی ژێر هەر جۆرێکی گرتن یاخود زیندانیکردنی و هەروەها تازەکردنەوەو پیاچوونەوەیان بە ڕێکوبێکی و بە شێوەیەک کە بە ئاسانی لە کاتی داواکردن بەدەست کەسوکارو کاربەدەستانی وەزارەتی دادپرسەکان و پارێزەرو و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، بهێنرێن.

١٥ - زامنکردنی ئەوەی کە ئەندامانی دەزگای دادپرسی و بەرگران لە مافی مرۆڤ، پارێزگاری تەواوی یاساییان هەبێ تا بتوانن ئەرکی گرنگی سەرشانیان ئەنجام بدەن. هەر حاڵەتێکی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دژی ئەمانە بکرێت، دەبێت سەرومر لێبکۆڵرێتەوەو تۆمەتباران بەرەووی دادپرسی بکرێن.

١٦ - کەمکردنەوەی هەموو سزای کوشتنەکانی کە تا ئێستا دراون بە حوکمی کەمتر لەوانە ئەو سزای کوشتنانەی کە دادگا تایبەتیەکان داویانن. هەروەها دوور کەوتنەوە لە سەپاندنی سزای کوشتن (ئیعدام) بەپێی یاسای ئاراو هەروەها دوورکەوتنەوە لە دانانی یاسای تازەی کە مەودای ئەم جۆری سزایە زیاد بکات.

پێشنیار بۆ پارتە سیاسیە کوردیەکان

١ - کۆتایی هێنانی دەم و دەست بە کوشتنی شەرکەران، پاش ئەوەی دەگیرێن یان خۆیان دەدەن بەدەستەوە، لە لایەن هێزەکانی ژێر دەستەڵاتی پارتە سیاسیەکانەوەو هەروەها هەر جۆرە کوشتنێکی تری ناداد. ڕوون و ئاشکرا کردنەوەی ئەوەی کەوا هەرتاکە کەسێک کە یاسای مرۆڤایەتی ناونەتەوەیی ئەتەکردبێت، بەرەو ڕووی دادپرسی دەکرێتەوەو دەخرێتە بەردەم دادگای لیهاتوو و بێلایەن و سەربەخۆ، بەو جۆرەی کە ستانداردی ناونەتەوەیی دادواکارە.

٢ - هەنگاونانی دەستبەجێ بۆ لابردنی ئەندامانی هێزەکانی پارتە سیاسیەکان کە دەزانرێت یاخود گومان هەیە کە تێوەگلاوی کوشتنی ناداد و هەوسکارانە و ئەشکەنجە یان جۆری

تری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بووبن، ئەمەش لە هەر پلەیەکی دەسەڵاتدا بێت وەهروەها لابردنیان لە هەموو ئەو کارانەی کە پێوەندکاریان دەکات لەگەڵ گرتووەکان یان کەسانێک کە مەترسی پێشێلکردنیان لە سەرە، هەتا کاتێک کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی مافی مرۆڤ بە دەست دێن.

٣ - هەڵوەشانەوەی "دەستەی تیربارانکردن"و ئەو هێزانەی کە لە دەرەوەی زنجیرەی سەرکردەیی پارتە سیاسیەکان کاردەکەن، بەڵام کە بە رەزامەندی و زانیاری ئەوان چالاکن. ڕوون و ئاشکراکردنەوەی ئەوەی کە ئەندامانی ئەم گرووهانە، ئەوانەی بە کوشتنی ناداد و هەوسکارانە هەستابن، بەرەووی دادپرسی دەکرێنەوە.

٤ - زامنکردنی ئەوەی کە کەسانی کە لە کاتی دژکاریی چەکداریدا دەگیرێن مامەڵەی مرۆڤانە بکرێن و بپارێزرێن لە ئەشکەنجەو ئیعدام، بەپێی یاسای مرۆڤایەتی ناونەتەوەیی، لەوانە بەندی ئاسایی"ی بڕوانامەی جنێڤی ١٩٤٩.

٥ - کۆتایی هێنانی دەمودەست بە هەموو جۆرێکی ئەشکەنجەو مامەڵەو سزای تری ستەمکار و نامرۆڤانەو سووکەر لەلایەن هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتە سیاسیەکانەوە.

٦ - باشتر کردنی ڕەوشی پاراستن لە ئەشکەنجەو کوشتن، گواستنەوەی هەموو تاوانباران و تۆمەتبارانی سیاسی کە تا ئێستا گلدراون لای پارتە سیاسیەکان، بۆ سەرەوکارێتی دادگاکانی ئیدارەی کوردی، بە مەبەستی ئەنجامدانی بڕیاری دادوەرانە لە دارەتی یاساییان. ئەگەر دادگاکان بڕیاری گلدانەوەیان دان، ئەوا دەبێت تەنیا لە بەندینخانەی دیاری ڕەسمیدا و لە ژێر سەرەوکارێتی ئەنجومەنی وەزیراندا گلبدرێنەوە.

٧ - بۆ زیاتر پاراستنی گرتووان، داخستنی هەموو ئەو بەندینخانەو جێگای گلدانەوەی لەسەرەوکارێتی پارتە سیاسیەکاندان و زامنکردنی ئەوەی کە کەس بەنهێنی گلنەدراوەتەوە.

٨ - دەستبەجێ هەنگاونان بۆ بنبەستکردنی هەڕەشەو ترساندن کە لە بەرگرانی مافی مرۆڤ و پارێزەرو ئەندامانی دەزگای دادوەری دەکرێن و کۆتایی هێنان بەهەموو دەستێوەردانێکی سیاسی لە بەڕێوەبردنی دادپرسیدا. ڕوون و ئاشکرا کردنەوەی هەموو ئەو ڕووداوانەی پەیوەندییان بە کوشتنی ناداد و هەوسکارانەی پارێزەر و ئەندامانی دەزگای دادوەری هەیە، لەمانە ئەوانەش کە لەم ڕاپۆرتەدا باسیان هاتووە، بەشێوەیەکی گورج و تەواو و بێلایەنانە لێکۆڵینەوەیان لێبکرێت و تۆمەتباران بەرەووی دادپرسی بکرێنەوە.

٩ – زامنکردنی ئەوەی کە هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتە سیاسیەکان بە تەواوی هاوکار دەبن لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و لەوانە ئەو پێشێلکردنانەش کە لەم ڕاپۆرتەدا باسیان هاتووە.

پەراوێز

١- بروانە راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی : *"بنیسەروشوێنبوون" و کوشتنی سیاسی و گرفتی مافی مرۆڤ لە ساڵەکانی ١٩٩٠دا، نامیلکەی کار، بەشی یەکەم : عێراق : جیهان گۆڕی دادمخات*، لە شوبات/فبرایەری ١٩٩٤ دەرچووە، ژمارە : ACT 33-01-94

٢- دیلی وێژدانی وەک لە یاسای بنچینەیی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەوەییدا پێناسەکراوە ئەو کەسانەن کە دووچاری دیلی، گرتن و شێوەی تری دەستبەستەی لەشی دەبن لە ئەنجامی ئەوەی هۆشیارانە هەڵگری بڕوایەکی سیاسی، ئایینی یان بڕوای ترن یاخود بە هۆی نەژادی ئێتنی، جنس، ڕەنگ یاخود زمانەوە توشیان دێت، بە مەرجێک کە لایەنگیریی تووندوتیژییان نەکردبێت.

٣- هەروەها تێبینی «کۆمیتەی ناونەتەوەیی خاچی سووری» لەسەر بەندی ٣ کە پیادەکردنی ناوەرۆکی ئەو بەندە ڕوونەکاتەوە لەسەر هەموو لایەنەکانی دژکارییەکی ناوخۆیی چەکدار، کە گرووهی بەرهەڵستکاری چەکداریش بەشێکن لەوانە، هیچ جۆرە ڕەواییەک بەو گرووهانە نادات.

٤- بروانە راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، *عێراق : پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕاپەڕینەکەوە*، لە تەموز/یولیۆی ١٩٩٢ دەرچووە. ژمارە : AI INDEX MDE 14-05-91

٥- ڕۆژی ١٨ی نیسان/ئەپرلی ١٩٩١ بیرخەرەوەیەکی لەیەککەیشتنی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق ئیمزاکرا کە بنەمای چالاکیە مرۆڤۆیستەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی لە عێراق قەوارەدا.

٦- لە چاپی ئینگلیزیەکەی ئەم ڕاپۆرت، لە کۆیدا پێویست بێت، ناوی دەزگا جۆراوجۆرو پارتە سیاسیەکان لە پێشەوە بە ئینگلیزی و دوایی بە کوردی ئینجا بە عەرەبی نووسراون.

٧- پاش ئاب/ئۆگستسی ١٩٩٣دا، پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو «پ.د.ک.ی» بووە ناوی ڕەسمی ئەم پارتیە. بەڵام لە سەرانسەری ئەم ڕاپۆرتەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان «پ.د.ک» بەکارهاتووە، هەرچەندە کە ئەو لە بەیانەکانیدا بە کوردی و بە عەرەبی ناوە ڕەسمییەکەی، واتا پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو، بەکاردێنێت.

٨- «یەکێتی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام» لە درەنگانی ساڵی ١٩٧١دا دامەزراو ئەرکی سەرەکی بڕەوپێدانی هۆشیاری ئایینی بوو. ئەمبوو پاش شکستەکەی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری کوردی لە ١٩٧٥دا تێکچوو، بەڵام شەش مانگ پاش ڕاپەڕینەکەی ئازار/مارسی١٩٩١ دامەزرایەوە. پشتگیری «پ.د.ک»و «ی.ن.ک»ی هەیە، بەڵام زۆر لەو زانا ئایینانەی لەگەڵی پێوەندیارن، بەهەڵوێستی دژ بە «ب.ئ.ک.ع» ناسراون.

٩- "کوردستانی گەورە" ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە کورد تیا نیشتەجێن لە عێراق، ئێران، سوریا، تورکیاو یەکێتی سۆڤیەتی لەوپێش.

١٠- لەمانە سورچی و خۆشناو و برادۆستی.

١١- یاسای هەڵبژاردنی «ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان»و هەروەها یاسای هەڵبژاردنی

"رابەری بزووتنەوەی زرگاریخوازی کورد" هەردووکیان لەلایەن «بەرەی کوردستانی عێراقی»ەوە لە نیسان/ئەپریلیی ١٩٩٢دا دەرچوون.

١٢- گرووهی یاسای مافی مرۆڤی ناونەتەوەیی، *دەنگدان بێسنوور: راپۆرتێک لەسەر هەڵبژاردنەکەی ئایار/مایۆی ١٩٩٢ لە کوردستانی عێراق*، واشنگتۆن دی، سی، تەموز/یوڵیۆی ١٩٩٢.

International Human Rights Law Group, "Ballots without Borders : A Report on the May 1992 Elections in Iraqi Kurdistan", Washington D.C., July 1992.

١٣- یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق (ژمارە ٣، ساڵی ١٩٩٢) بە فەرمانی تەشریعی ژمارە ١٥ لە ١٩٩٢/٩/١٦دا دەرچوو و لە رۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ٢ی تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩٢ دا بڵاوکرایەوە.

١٤- لە ئاب/ئۆگستسی١٩٩٣وە وەزارەتی داد سپێررراوە بە «پ.د.ک»، واتا لەو کاتەوە کە پارتی یەکگرتنی کوردستان خۆی هەڵوەشاندو چووە ناو «پ.د.ک»ەوە.

١٥- "راگەیاندنی بانگێشتی یەکێتی فیدرالی" کە بە فەرمانی تەشریعی ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە ٢٢، لە ١٩٩٢/١٠/٤دا دەرچوو و لە رۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ٣ی تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩٢دا بڵاوکرایەوە.

١٦- فەرمانی تەشریعی ژمارە ٤١ی رۆژی ٥ی تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩٣، لە رۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ١٥، ٦ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٣ بڵاوکرایەوە.

١٧- فەرمانی تەشریعی ژمارە ٢٤ی رۆژی ٢٥ی نیسان/ئەپریلی ١٩٩٣، لە رۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ١١، ٢٠ی نیسان/ئەپریلیی ١٩٩٣ بڵاوکرایەوە.

١٨- فەرمانی تەشریعی ژمارە ٤٤ی ٣١ی تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩٣، لە رۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ١٥، ٦ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری١٩٩٣ بڵاوکرایەوە.

١٩- فەرمانی تەشریعی ژمارە ٤٢ی رۆژی ١٨ تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری١٩٩٣، لە رۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ١٥، ٦ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٣ بڵاوکرایەوە.

٢٠- ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ئاگادارە کە ڕێکەوتنی نێوان «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» بەدەست هاتووە لەسەر ئەوەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرەکوەزیر هەردووکیان بەجۆرێکی سەردەمی هاوبەشن لە بەڕێوەبردنی ر"ابەر"دا، بەڵام لەبەر بایستی پرۆتۆکۆڵ دەبێت یەکەمیان زۆربەی کارە گشتیەکان ئەنجام بدات. هەروەها دەسەڵاتی پەسندکردن یاخود کەمکردنەوەی سزای کوشتنیش دەگرێتەوە.(بڕوانە بەشی٤).

٢١- یاسای هەڵبژاردنی "رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد" بەئەنجام لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا لیدوانی لەسەرنەکراو تەنیا هەر ئەوەبوو وەک یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ وەرگیرا کاتێک کە ئەنجومەنی نیشتمانی پێکهات.

٢٢- یاسای دەستەی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەفەرمانی تەشریعی ژمارە ٤٨ی

رۆژی ٢٢ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣ دەرچوو و لە رۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ١٥، لە ٢٢ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٣ بلاوکرایەوە.

٢٣- بەڕێوەبەرێتی گشتی ئاسایش، ناسراو بە «ئاسایش» (بڕوانە بەشی ٢)

٢٤- لەمانە مەبەست لە «حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق»و «حیزبی سۆشیالیستی کوردستان - عێراق» (بە سەرکردایەتی محەمەد حاجی مەحمود)ە. محەمەد ڕەحیم عەبدولا، یەکێک لە کادری سەرکردایەتی ئەم پارتە کە لە ئازار/مارسی ١٩٩٤ تیرباران‌کرا (بڕوانە بەشی ٥)، لە شوبات/فبرایەری ١٩٩٤دا بە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی ڕایگەیاند کە داوانامەی «ح.س.ک» بۆ تۆمارکردن وەک پارتێکی سیاسی، لە لایەن مەسعود بارزانییەوە ڤیتۆ کرابوو.

٢٥- لقی کەرکووکی «ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان» کە بنکەی لە دەربەندیخانە، لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٢دا دەستی بەکارکرد.

٢٦- کۆدی سزایی، یاسا ژمارە ١١١ی ١٩٦٩یە بەجۆری دەستکاریکراوی، کۆدی ڕێکاری تاوانی، یاسا ژمارە ٢٣ی ١٩٧١یە بەجۆری دەستکارکراوی.

٢٧- فەرمانی تەشریعی ژمارە ١٩ی ڕۆژی ١ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٩٢، لە ڕۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ٤، لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٢ بلاوکرایەوە.

٢٨- فەرمانی تەشریعی ژمارە ٣ی ڕۆژی ٢٩ی تەموز/یولیۆی ١٩٩٢، لە ڕۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ١، لە ١٥ی ئەیلول/سەبتەمبەری ١٩٩٢ بلاوکرایەوە.

٢٩- بەندی ٥ لە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٩٣ کە لە فەرمانی تەشریعی ژمارە ١٨ی ڕۆژی ١٧ی ئازار/مارسی ١٩٩٣ دەرچووەو لە ڕۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ١٠، لە ١٢ی نیسان/ئەپریلی ١٩٩٣ بلاوکراوەتەوە.

٣٠- بەگوێرەی سەرچاوەکانی «پ.د.ک»، ژمارەی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو لە هیچ کاتێکدا نەگەیشتوتە ٣٥٠٠٠. ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی هەروەها ئاگادارکراوە کەوا ژمارەیەک کە بڕیاری لەسەر درابوو ٣٦٠٠٠ بوو، بەڵام لە ڕاستیدا کۆی هێزەکە هیچ کاتێک لە ٢٨٠٠٠ یا ٢٩٠٠٠ زیاتر نەبووەو لەمانە «پ.د.ک» و «ی.ن.ک» هەریەکەی بە ١٢٠٠٠ شەڕکەر بەشداربوون و ئەوێتری لە لایەن پارتە بچووکەکانەوە دابینکراوە.

٣١- فەرمانی تەشریعی ژمارە ٢١ی ڕۆژی ١٥ی ئازار/مارسی ١٩٩٣، لە ڕۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ١٠، لە نیسان/ئەپریلی١٩٩٣ بلاوکراوەتەوە.

٣٢- فەرمانی تەشریعی ژمارە ١ی ڕۆژی ١٥ی تەموز/یولیۆی ١٩٩٢، لە ڕۆژنامەی رەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ١، لە ١٥ی ئەیلول/سەبتەمبەری ١٩٩٢ بلاوکراوەتەوە.

٣٣- «ئاسایش» هێزی رەسمی ئاسایشی ناوخۆی کوردستانی عێراقە و لەمەودوا بەو جۆرە ناوی دێت.

٣٤- بەندخانەی پۆلیس لە هەولێر زیاتر بە بەندیخانەی «محەتتە» ناسراوە.

٣٥- کەریم سنجاری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی «پ.د.ک»ە. تا کۆتایی نیسان/ئەپریلی ١٩٩٤

وەک بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش مایەوە، ئینجا غازی زێباری کە پێشتر نوێنەری «پ.د.ک» بوو لە سوریا، جێگرتەوە.

٣٦- لەگەڵ ئەمەشدا بەڕێوەبەرێتیەکی تر هەیە کاروباری نیشتەجێی، پەساپۆرت و هاتوچۆ ئەنجام دەدات.

٣٧- دیارە لەبەر نەبوونی توانا، هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکان ئەو بەشەانەیان دانەمەزراندووە.

٣٨- لەو کاتەدا کفری و هەندێ لە شارە نزیکەکانی تر لە ژێر کۆنترۆلی حکومەتی عێراقدا بوون.

٣٩- نوری ئیسماعیل نانەکەلی لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٤دا کۆژرا (بروانە بەشی پێنجەم).

٤٠- ڕێککخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نەیتوانی دەقی بڕیاری «بەرەی کوردستانی عێراق» کە ئەو دادگایەی پێ دامەزرا، بەدەستبهێنێت کە رەنگە ئەو دەقە سنووری دەسەلاتی ئەو دادگایەی دیارکردبێت.

٤١- ئەو بڕیارە تایبەتیەی کە دەسەلاتی دامەزراندنی ئەو دادگایەی دا، وەک «دادگای تایبەتی شۆڕش» ئاماژەی بۆ دەکات، لە کاتێکدا بڕیارەکەی کە هەڵیوەشاندەوە لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٢دا، بە «دادگای باڵای شۆڕش» ناوی دێنێت.

٤٢- بەهەرحاڵ، بەندی ١٤ (٣)ی «پ.ن.م.م.س» لە دادگا داواکارە کە لە دەعوای تاوانیدا، ئەگەر تۆمەتبار پارێزەری نەبوو، دەبێت ڕاوێژکاری یاسایی بۆ بگیرێت.

٤٣- فەرمانی تەشریعی ژمارە ٣٥ی ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٢، لە ڕۆژنامەی ڕەسمی، «پەرلەمان»، ژمارە ٦، لە نیوەی دووەمی کانوونی یەکەم/دەسەمبەری ١٩٩٢دا باڵاوکراوەتەوە.

٤٤- هەروەها مەرجەکانی بەندی ٣ لەو دەعوایانەدا لە کێشەی خاوەنێتی زەوی پیادەدەکرێن.

٤٥- فەرمانی ژمارە ٢.٣/٣/٢ لە لایەن وەزارەتی دادوە لە ٢٤ی تەموز/یولیۆی ١٩٩٣دا دەرچووە. کۆمیتە سێ کەسیەکە بریتی بوو لە دادپرسێکی پەسادەر و دوو پەساداری دادوەر.

٤٦- لە سەرچاوەی نارەسمیەوە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی نیمچە لیستەیەکی بەدەست کەوتووە کە ناوی ٧٠ تۆمەتباری تێایە کە لە ماوەی ئایار/مایۆی ١٩٩١ تا ئازار/مارسی ١٩٩٢دا گیران و بە خەتای جۆراوجۆر لەلایەن دادگا تایبەتیەکانەوە تاوانبارکران بەپێی کۆدی سزایی عێراقی. لەمانە ئەو خەتایانە بوون کە دژ بە ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەت دەکرێن (بەندی ١٥٧، ١٥٨، ١٦٤و ١٦٧)و خەتای تاوانیی ئاسا وەک دزی (بەندی ٤٤٣ و ٤٤٤)و کاری جنسی زۆرەملانە (بەندی ٣٩٣)و کوشتنی بەنیاز (بەندی ٤٠٥ و ٤٠٦). سزای زندانیکردن کە لە دادگاکانەوە دەردەچێت لە دوو ساڵەوەیە تا موئەبەد. لە مەیانی ئەمانە ٣٥یان بۆ کوشتن تۆمەتبارکراون و چواریان بەپێی بەندی ٤٠٦ بە سزای کوشتن حوکم دراون.

٤٧- لە داگاکانی تر : «دادگای بەدکاری» (محاکم الحنح) و «دادگای دارەتی کەسی» .

٤٨- ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی بەوە ئاشنایە کە لە دەعوای تاوانیی ئاسادا، نەریتی

ڕەچاوکراو لە دادگا تاوانبەکاندا ئەوەیە کە ئەو ماوەیەی تۆمەتبارى تیا گلدەدرێتەوە پاش شەش مانگەکە، لە ٩٠ ڕۆژ تێپەڕ ناکات.

٤٩- مەعروف ڕەئوف خدر لە ئاب/ئۆگستسی ١٩٩٢دا کرا بە وەزیرى دادو لەو جێگەیەدا مایەوە هەتا لە نیسان/ئەپریلیی ١٩٩٣دا، قادر عەزیز محەمەد جەبارى چووە جێگەکەى.

٥٠- «پەرلەمان» لە لایەن ئەنجومەنى نیشتمانیەوەو بە شێوەى مانگانە یان نیو مانگانە بە هەردوو زمانى کوردى و عەرەبى دەردەچێت. ژمارەى ١ ڕۆژى ١٥ى ئەیلول/سەبتەمبەرى ١٩٩٢ دەرچوو.

٥١- فەرمانى تەشریعى ژمارە ٣٨ى ڕۆژى ٢١ى تشرینى دووەم/نۆڤەمبەرى ١٩٩٢.

٥٢- لە ژمارە ١ى ڕۆژى ١٥ى ئەیلول/سەبتەمبەرى ١٩٩٢دا بڵاوکراوەوە.

٥٣- ئەم فەرمانە تەشریعیە لە ڕۆژنامەى ڕەسمى بڵاوکراوەو ڕێکخراوى لێبوردنى ناونەتەوەیى بوارى ئەوەى نەبوو ئازمایشى بکات.

٥٤- فەرمانى تەشریعى ٤٤ى ڕۆژى ٢٨ى کانوونى یەکەم/دیسەمبەرى ١٩٩٢، لە ڕۆژنامەى ڕەسمى، «پەرلەمان»، ژمارە ٧ى کانوونى دووەم/ینایەرى ١٩٩٣بڵاوکراوەتەوە.

٥٥- شەش جۆرەکەى ترى دادگا مەدەنیەکان ئەمانەن: دادگاى دارەتى کەسى، دادگاى کار، دادگاى پەسادان، دادگاى سەرەتا، دادگاى بەدکارى (محاکم الجنح)و دادگاى هەرزەکاران.

٥٦- وەرگێر، بۆ ئەوانەى کوردى نازانن، ئامادەدەکرێن.

٥٧- پاش ڕووداوەکانى ئایار/مایۆى ١٩٩٤، دادگاى بەسەرکردنەوەى کەرکوک گواستراوەتەوە بۆ شارى سلێمانى.

٥٨- «ئەنجومەنى دادوەرى» جێى «ئەنجومەنى دادپرسى» گرتەوە، کە پێش کشانەوەى حکومەتى عێراق لە ناوچەکە هەبوو و بە سەرۆکایەتى وەزیرى دادبوو.

٥٩- ڕێکخراوى لێبوردنى ناونەتەوەیى ئاگادارە، تا تەموز/یۆلیۆى ١٩٩٤ دوو دەعوا حەوالەى کۆمیتەى کاروبارى دادپرسەکان کرابوو، بەڵام تا کاتى ئەم نووسینە هیچ باسێک دەربارەیان بە دەست نەکەوتووە.

٦٠- بەندى ٤(٤)ى یاساى وەزارەتى کاروبارى پێشمەرگە.

٦١- ئەگەرچى تا تشرینى یەکەم/ئۆکتۆبەرى ١٩٩٢ هێزى ئاسایش بە ڕەسمى پێکنەهاتبوو، لە چەند مانگێک لەوەپێش وەکو هێزێکى ئاسایشى دەستى بە کارکردبوو. ئەم هێزە لە سەرەتادا لێپرسراو وو بەرامبەر بە «بەرەى کوردستانى عێراق» و لە پاش تەموز/یۆلیۆیى ١٩٩٢ بەرامبەر بە وەزیرى ناوخۆ.

٦٢- ڕەئووف کامل عەقراوى لە ئایار/مایۆى١٩٩٣دا تیربارانکرا (بڕوانە بەشى پێنجەم).

٦٣- گرتووەکان ئەمانە بوون: ڕەئووف کامل عەقراوى، عامر عەرەب شێخۆ، عەبدولڕەحمان سالح، عەبدولحەکیم ئەحمەد بابان، سامى عەلى عەزیز، سەعید عەزیز مەحمود، سەیفەددین عەلى، محەمەدەمین عوسمان، کەمال قادر جەمیل (کوردى سوریا)، تەیبات عەبدولا سلێمان، پەیمان سلێمان حەمید، دەلال خەزەل ئەدینا، و لەیلا عەلى موسا (ئەم دوانەى دوایى کوردى تورکیان).

٦٤. بۆ ئەم ناوە بڕوانە بەندی ١٥ی «ڕێکەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجە»و هەروەها «ڕێنماییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دەوری دەسەڵاتی ئیدعای گشتی». (ڕێنمایی ١٦).

٦٥. بڕوانە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لیبوردنی ناونەتەوەیی، *سزای کوشتن لە عێراق : لایەنە یاساییەکان*، ئایار/مایۆ ١٩٨٧، ژمارە : AI INDEX MDE 14-03-87.

٦٦. ئەمانە بڕیتین لە : ئەو خەتایانەی بۆ "مەلامەتی سووک و خۆپەرست" دەکرێن، خەتای زیانبەخش بە ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەت، کوشتنی بەنیاز و هەوڵی کوشتنی بەنیاز، هەوڵی کوشتنی سەرۆک کۆمار، تاوانی تیرۆریستانە، خەتای چەوتڕۆ وەک دزیو پارەکێشانەوە، ساختە، متمانەشکاندن، تەڵەکەبازی، بەرتیل و شالاوی بیشەرمانە.

٦٧. «یاسای پاراستنی بێگانە و کارمەندانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان» لە کوردستانی عێراق ، بەپێی فەرمانی تەشریعی ژمارە ٢٠ی تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩٢ دەرچووە، لە ژمارە ٥ی ڕۆژنامەی ڕەسمی، «پەرلەمان» لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٢دا بڵاوکراوەتەوە.

٦٨. «یاسای سزای دڕوستکردن و بەکارهێنانی کەرەسەی تەقاندنەوە» بە فەرمانی تەشریعی ژمارە ١ی ١٤ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٢ دەرچووەو لە ژمارە ٥ی ڕۆژنامەی ڕەسمی، «پەرلەمان» لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٢دا بڵاوکراوەتەوە.

٦٩. بەڵام پەلامارەدانی بێگانە هەر بەردەوامبوو و لەوانەی پەلامارەیان درابوو : ستیوارت کامیرۆن، ئوسترالی و نوێنەری CAREی ئوستورالی بوو، لە ٧ی کانوونی دووەم/یەنایەری ١٩٩٣دا کوژرا، قینسنت پۆلیت بە جنسیە بەلجیکی و سەرپەرشتیکەری Handicap International بوو، لە ٢٢ی ئازار/مارسی ١٩٩٣دا کوژرا، لیسی شمیدت بە جنسیە ئەڵمانی و پەیامنێری Agence France Presse بوو لە ٣ی نیسان/ئەپریلی ١٩٩٤دا کوژرا. لەم سێ حاڵەتەدا دەسەڵاتە کوردییەکان ئەوانەیان ناوناس کرد کە گوایا ئەم کارانەیان کردووەو ووترا کە سەر بە ئیستخباراتی عێراقین.

٧٠. پێنج لەو دیلانەی لەلایەن دادگای تاوانیی سلێمانی و دهۆکەوە سزای کوشتن دران لە بەندیخانەو لە کاتی جیاوازدا ڕایانکرد. لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٤دا و پاش ئەوەی پێکدادان لە نێوان هێزەکانی «پ.د.ک»و «ی.ن.ک» دەستی پێکرد، دەرگای بەندیخانەی مەحەتتە لە هەولێر گوایا شکێنراو دیلەکان هەڵهاتن. نەزانرا کە ئایا ئەوانەیان تیابوو کە لە دادگای تاوانیی هەولێرەوە سزای کوشتنیان درابوون.

٧١. لەو ژمارە خەملێنراوەی ١٤٠٠ شەرکەری «پ.د.ک»و خێزانەکانیان کە لەو کاتەدا گیرابوون، زیاتر لە ٢٠٠یان لە بەندیخانەی ئاسایش لە هەولێر بۆ چەند مانگێک گلدرانەوە پاشان بەردران.

٧٢. پەیامی ڕوێتەر، ٨ی تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ١٩٩١.

٧٣. لەو کاتەدا ڕەسوڵ مامەند سەرکردەی «ح.س.ک» بوو.

٧٤. «فیدیراسیۆنی کرێکاران لە کوردستان» لە چەند هەڤاڵبەندیەک پێکهاتووە کە نوێنەری کرێکارانی بیناو قوماش و چیمەنتۆو هەروەها کرێکارانی گوزارەی تایبەت و بێکاران دەکەن.

٧٥ـ «کۆنگرەی نیشتمانی عیراق»، کە کۆبەندی زۆربەی پارتە بەرهەڵستە سەرەکیە کوردی و عەرەبیەکانی عیراقە، لە حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩٢دا لە ڤیەننا دامەزرا. لە کاتی کۆنگرە فراوانەکەی لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٩٢ لە سەلاحەددین، هەندێ گرووهی بەرهەڵستکاری تر چوونە ریزی و ناوی گۆڕا بە «کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی یەکگرتوو». ئەنجومەنێکی سێ ئەندامی سەرۆکایەتی دەکات: سەید محەمەد بحر العلوم (نوێنەری بەرهەڵستکاری شیعی)، ژەنەرال حەسەن نەقیب (نوێنەری بەرهەڵستکارنی سوننی)و مەسعود بارزانی (نوێنەری بەرهەڵستکاری کورد). سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری ٣٠ ئەندامیەکەی ئەحمەد چەلەبیە.

٧٦ـ ١٨ کەسەکەی کۆڕان ئەمانەن : نازم محەمەد تۆفیق، جەلال عەلی قادر، شێرزاد عەلی قادر، هاشم محەمەد کاکەمەند، ئیبراهیم محەمەد کاکەمەند، نەوزاد محەمەد خان، لوقمان محەمەد ئەمین، سەباح جاسم حەسەن، عومەر فازیل، حەسەن رەفعەت حوسێن، محەمەد رەحیم، سامان مەجید، گۆران حەیدەر رۆستەم، عەباس مەحمود، عەدنان حەکیم تاهیر، عادل عوسمان رەسول، ئەیوب چەمچەماڵی و کامەران زەرایانی.

٧٧ـ حەوت لە هەشت کەسەکە پێناسەکران : مەلا شەریف حوسێن مستەفا، مەلا وریا کەرکوکی، نەبی مینا حەسەن، ئەحمەد بابەکر ئەحمەد، دانا محەمەد، عەلی حوسێن و بارزان کۆیی (پێدەچێت کە تەرمی ئەمەی دوایی نەدۆزرابێتەوە).

٧٨ـ شاسوار جەلال (ناسراو بە ئارام) کەسێتیەکی ناسراوی ناو «ی.ن.ک» بوو، لەلایەن بەکرێگیراوانی کوردی سەربە حکومەتی عێراقیەوە لە ساڵی ١٩٧٧دا کۆژرا. عەلی عەسکەری سەرکردەیەکی سوپایی گەورەی «ی.ن.ک» بوو، لەلایەن «پ.د.ک»ەوە لە ساڵی ١٩٧٨دا ئیعدامکرا.

٧٩ـ لەمانە : حەمەد عەبدولا سالح، ئەمیر عەبدولا سالح، خانۆ مەجید وەلی، ئەمیر محیەددین لەشکریانی و فەخری حەمەد ئیبراهیم خان.

٨٠ـ سامی عەبدولرەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی «پ.د.ک»و ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی «کۆنگرەی نیستمانی عیراقی»و مەسعود بارزانی سەرۆکی «پ.د.ک»و کۆسرەت رەسول عەلی سەرەکوەزیر.

پاشکۆ

حوکمی ئیعدام که له کوردستانی عیراق له ئازار/مارسی ۱۹۹۲ تا ئاب/ئۆگستسی ۱۹۹٤دا دەرچووە

دادگا تاوانییەکانی سلێمانی

زنجیرە	ناوی گیراو	تاوان / یاسای سەپێنراو	بڕواری حوکم	زانیاری تر
۱.	کامەران حوسێن ڕەسوڵ	کوشتنی نیازکار مادە ٤.٦ لە یاسای سزایی	۱۹۹۲/۳/۱۵	حوکمەکە خۆڕاگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
۲.	سەعید سالار مەجید+	وەکو سەرەوە	۱۹۹۲/۷/۲	حوکمەکە خۆڕاگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
۳.	عادل عارف عەلی+	وەکو سەرەوە	۱۹۹۲/۷/۲	حوکمەکە خۆڕاگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
٤.	محەمەد عەبدولقادر عەلی+	وەکو سەرەوە	۱۹۹۲/۷/۲	حوکمەکە خۆڕاگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
٥.	موعتەسیم محەمەدەمین	وەکو سەرەوە	۱۹۹۳/۲/۷	حوکمەکە خۆڕاگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
٦.	ڕزگار حەمە سالح*	وەکو سەرەوە	۱۹۹۳/۲/۷	حوکمەکە خۆڕاگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
۷.	یوسف حوسێن عەرەب	وەکو سەرەوە	۱۹۹۳/۷/۱۹	حوکمەکەی کرا بە حوکمی موئەبەد

٨.	ئاکۆ کەریم ئەحمەد	وەکو سەرەوە	١٩٩٤/٦/٨	حوکمەکەی کرا بە حوکمی موئەببەد
٩.	کەیوان حەمە رەشید	وەکو سەرەوە	١٩٩٤/٦/٨	حوکمەکەی کرا بە حوکمی موئەببەد
١٠.	هەڵگورد فەزلەددین	وەکو سەرەوە	١٩٩٤/٦/٨	حوکمەکەی کرا بە حوکمی موئەببەد
١١.	محەمەد تەوفیق رەشید	وەکو سەرەوە	١٩٩٤/٤/٢٨	حوکمەکە خۆراگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
١٢.	رزگار عەزیز ئەحمەد	وەکو سەرەوە	١٩٩٤/٤/٢٨	حوکمەکە خۆراگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
١٣.	غەفار فەرحان سولتان	وەکو سەرەوە	١٩٩٤/٦/٢٣	حوکمەکە لە دادگای تەمیز لە پیاچوونەوەدایە
١٤.	زەکی سەعید عەباس	کوشتنی نیازکار یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٩٢	١٩٩٤/٨/١١	حوکمەکە لە دادگای تەمیز لە پیاچوونەوەدایە
١٥.	ئیسماعیل حەمە مستەفا عەزیز	وەکو سەرەوە	١٩٩٤/٨/١١	حوکمەکە لە دادگای تەمیز لە پیاچوونەوەدایە

دادگا تاوانییەکانی هەولێر

زنجیرە	ناوی گیراو	تاوان / یاسای سەپێنراو	بڕواری حوکم	زانیاری تر
١.	سلێمان حەمە عەبدولا سلێمان	کوشتنی نیازکار ماددە ٤٠٦ لە یاسای سزایی	١٩٩٢/٥/١٨	حوکمەکە خۆڕاگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
٢.	ئازاد برایم ئەحمەد رەسول	وەکو سەرەوە	١٩٩٢/٥/١٨	یەکەم جار بە موئەبەد حوکمدرا، دوایی، لەلایەن دادگای تەمیز، کرا بە ئیعدام و جارێکی تر دەعواکەی بۆ دادگای تاوانی نێررا تا حوکمێکی تر دەربکات. دادگای تاوانی بە ئیعدام حوکمی داو دادگای تەمیز قبوڵیکرد.
٣.	بەرزاع عەبدەلا کازم	وەکو سەرەوە	١٩٩٢/١٢/١٦	تا ١٩٩٣/٣/١٠حوکمەکەی خۆڕاگر ماو لە ١٩٩٣/٥/١٢ پەسندکرا. لە ١٩٩٣/٦/١٦ ئیعدام کرا.
٤.	هەمزە لەتیف رەسول	وەکو سەرەوە	١٩٩٢/١٢/١٦	تا ١٩٩٣/٣/١٤حوکمەکەی خۆڕاگر ماو لە ١٩٩٣/٥/١ پەسندکرا. لە ١٩٩٣/٦/١٦ ئیعدام کرا.

٥.	سەدرەددین پیرداود سامە	وەکو سەرەوە	١٩٩٢/١٢/١٩	تا ١٩٩٣/٢/١٦ حوکمەکەی خۆراگر ماو لە ١٩٩٣/٤/٤ پەسندکرا. لە ١٩٩٤/٤/٢٠ ئیعدام کرا.
٦.	دلشاد نەبی رەسول	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/٦/١٣	حوکمەکە لە دادگای تەمیز لە پیاچوونەوەدایە
٧.	خەلیل مستەفا ئیبراهیم	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/٧/١٢	حوکمەکە لە دادگای تەمیز لە پیاچوونەوەدایە
٨.	عەلی حوسێن ئیسماعیل	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/٧/١٢	حوکمەکە لە دادگای تەمیز لە پیاچوونەوەدایە
٩.	زاهیر بەهرام پیرداود	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/١٠/٥	حوکمەکە لە دادگای تەمیز لە پیاچوونەوەدایە
١٠.	ئەردەلان سەعید عەولا	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/١٠/٥	حوکمەکە لە دادگای تەمیز لە پیاچوونەوەدایە
١١.	بلال قادر صالح	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/١٢/٤	حوکمەکە خۆراگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
١٢.	رەحیم عەلی رەسول	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/١٢/٩	حوکمەکە خۆراگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە

١٣.	عەزیمە رەحمان مەولود (ئافرەت)	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/٢١/٩	حوکمەکە خۆراگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
١٤.	دارا باپیر قادر	لاهەبوونی یا دروستکردنی یا بەکارهێنانی تەقەمەنی. یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٩٢	١٩٩٤/٩/١٤	حوکمەکە لە دادگای تەمیز لە پیاچوونەوەدایە

دادگا تاوانییەکانی دهۆک

زنجیرە	ناوی گیراو	تاوان / یاسای سەپێنراو	بڕواری حوکم	زانیاری تر
١.	حەمید حەسەن عەلی	کوشتنی نیازکار ماده ٤٠٦ له یاسای سزایی	١٩٩٢/٩/٢٣	حوکمەکەی خۆراگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
٢.	ئەحمەد عەباس ئەشکەح*	وەکو سەرەوە	١٩٩٢/١٠/١٨	حوکمی غیابی بۆ دەرچوو، خۆراگر ماوەتەوە چاوەڕوانی پەسندکردنە
٣.	ڕەمەزان میخایل ڕەمەزان*	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/١١/٨	حوکمی غیابی بۆ دەرچووبوو. پاشان دادگای تەمیز حوکمەکەی هەڵوەشاندەوە دەعواکەی بۆ دادگای تاوانی ڕەوانەکرد تا حوکمێکی تر دەربکات
٤.	مەسعود خەلیل مستەفا*	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/١١/٨	حوکمی غیابی بۆ دەرچووبوو. پاشان دادگای تەمیز حوکمەکەی هەڵوەشاندەوە دەعواکەی بۆ دادگای تاوانی ڕەوانەکرد تا حوکمێکی تر دەربکات
٥.	ئیسماعیل محەمەد ئیسماعیل*	وەکو سەرەوە	١٩٩٣/١١/٨	حوکمی غیابی بۆ دەرچووبوو. پاشان دادگای تەمیز حوکمەکەی هەڵوەشاندەوە دەعواکەی بۆ دادگای تاوانی ڕەوانەکرد تا حوکمێکی تر دەربکات

+ دوو حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەرچوو لەبەر کردنی زیاتر لە تاوانێکی کوشتن

* لە بەندیخانە هەڵاتووەو هێشتا بە ئازادی ماوەتەوە

له تشرینی یەکەم/ئۆکتوبەری ۱۹۹۲، حکوومەت مانگ دوای راپەرینە جەماوەرییەکە له عیراق، هێزەکانی حکومەت له زۆربەی پارێزگاکانی باکووری وولات کشانەوە. لەو کاتەوە، ناوچەکە له ژێر رکێفی هێزەکانی بەرهەڵستکاری کوردی مایەوە.

لەو گەشانەوەیەی دوابەدوای ئەنجامبوون له چوونسانەوەو ستەمکاری کە حکومەتی عیراق بۆ ساڵەهای سال دەیکرد، هەڵبژاردنی پەرلەمانی سازکراو ئیدارەیەکی کوردی پێکهات. هەموو سەروکانی پارتە سیاسییەکانی کوردی بەڵێنی پتەوکردنی ڕێزگرتن له مافی مرۆڤیان دا. بەڵام بەڵێنەکەیان شکاند.

له ماوەی سی سال، پێشێلکردنی فراوان و خەتەرناکی مافی مرۆڤ ڕوویدا، له کاتێکدا ناکۆکی کەوتە نێوان پارتە سیاسیە سەرەکییەکانی کە جڵیوی دەستەڵاتیان له کوردستانی عیراقدا بەدەستەو پێکدادانی سەربازی بەرپابوو. گومانلێکراوان بە دوژمنی سیاسی گیران، کە له مەیانیان لەوانەیە زندانی بیروباوەڕیش هەبن. گرتووان ئەشکەنجەدران و مامەڵەی نابەجێکران. ئێعدامکردنی دەستبەجێ دوای "محاکەمەی" سەرپێی و ناداد ئەنجامدران. کوشتنی هاوسکارانەی دێڵی بێچەک و تیربارانکردنی چالاکانی سیاسی و کارمەندانی دادپرسی و هی تر، له ناوچەکەدا ڕوویدا.

لەم ڕاپۆرتەدا، ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی باڵگەی ئەو ڕووداوانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەستنیشان دەکات و باس لەوە دەکات کە چۆن ئەوانەی بەم کارانە هەڵساون له سزادان ڕزگاریانبووە. لەلایەکی ترەوە، سەرکردە سیاسییەکان له دانپێنان بە فراوانی و خەتەرناکی ئەم پێشێلکردنانەو له چەسپاندنی دەستەڵات بەسەر هێزەکانیان و له هێنانی پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ بۆ بەردەم دادپرسی، لادەدەن. هیچ کەسێک هەرگیز بەرهەرووی دادپرسی نەکراوەتەوە بۆ بەرپرسیارکردنی بە هەر تاوانێک لەو تاوانانەی کە ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی تۆماری کردوون.

